# فەرهەنگی بژوێن

## فەرهەنگێکی کشتوکاڵی کوردی - کوردیە

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی عەباس نادر قادر

هاوینی ساڵی ٢٠٢٤

# پێشەکی نووسەر

زمان هۆیەکە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان ، بەڵام هەر زمانەو شوناسنامەی نەتەوەیەکە ، مایەی مانەوەی نەتەوەکەشە. ئێمەی کورد دەبێ گرنگی بدەین بە زمانەکەمان و وشە ڕەسەن و کۆنەکان بپارێزین لە نەمان. دەبێ هەوڵ بدەین وشە کۆن و ڕەسەنەکان لێمان ون نەبێت و لەبیر خۆمان نەوەکانی داهاتوومان نەچنەوە، چونکە وشە کۆنەکانی زمان ، دەرخستەیەکە بۆ پێشکەوتنی زمانەکە لە سەردەمی خۆی.

زمان لە پێشکەوتن و گۆڕان دایە، بەڵام کۆکردنەوە و نووسینەوەو چاپکردنی وشە کۆن و ڕەسەنەکانی زمان بە واتا جوانەکانیانەوە، نیشانەی زیندوێتی ئەو زمانەیە لە قۆناغی خۆی.

فەرهەنگ بۆیە باشە تا زمان بەرەو لێک تێگەیشتن و یەکگرتوویی هەموو هەرێمە لێکدابڕاو و بنزارەکوردیەکان ببات، چونکە فەرهەنگ هۆکارێکی هەرە گرنگی زمانی ستاندارتە.

زمانی کوردی سەدان ساڵە ، سەرکوتکراوە و توێنراوەتەوە شێوێندراوە و ڕێگای گەشەکردنی لێ گیراوە، هەوڵ دراوە بەسووک تەماشا بکریت، بۆیە شێوە زار و بنزاری زۆرە، تەنانەت یەک ڕێنووسی تایبەت بەخۆمان نییە. بۆیە ئەرکە زمانمان بپارێزین وشە ڕەسەن و پاراوەکانی بهێڵینەوە و برەویش بەزمان بدەین، پێویستیشە فەرهەنگی وشەکانمان تایبەتمەندی پیشەیی هەبێت هەتا لەناو نەچن.

کوردستان لە دێر زەمانەوە بەهۆی بە پیتی خاکەکەی و سروشتی گونجاوی ئاو و هەواکەی ، دارستان و ڕووەکی خۆڕسکی زۆر لێ هەبووەو مرۆڤی کۆنی وڵاتی کوردەواریش کەسی بە تواناو لێهاتوو بوونە ، هەر زوو لەگەڵ بەرەبەیانی ژیانی مرۆڤی ئاقڵ توانیویانە ئەو ڕووەک و درەختانە بناسن کە بۆ خواردن دەشێن و دووبارە بیانچێننەوە و سوودیان لێ وەربگرن و کەرەستەو ئامرازیش بۆ چاندنەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان دروست بکەن ، وەک لە گوندی چەرمۆی نزیک چەمچەماڵ دۆزرایەوە، کە دەرکەوت نزیکەی دەهەزار ساڵ پێش ئێستا لە کوردستان کاری کشتوکاڵی کراوە و مرۆڤەکانی نیشتەجێی گوندی چەرمۆ گەنم و دانەوێڵەیان ناسیوە و چاندوویانە و خواردوویانە ، بەڵگەش ئەو ئامرازە کشتوکاڵیە بەردانەیە کە دۆزراوەنەتەوە، ئەو دەنکە دانەوێڵە بەبەردبووانە و ئێسک و پرووسکی ئەو گیانەوەرانەی کە لەگەڵ ئێسکی مرۆڤەکان دۆزراونەتەوە. لە ئەشکەوتی شانەدەر و هەزارمێردیش دیسان ئاماژەی ئەوە هەیە ، کە ئاژەڵیان ماڵی کردووە و بەرهەمی درەختەکانی چیاکانیان خواردووە و چاندووە. بۆیە خەڵکی کوردستان لە کۆندا لە بواری کشتوکاڵی زانیاری باشیان هەبووە ، تا ئێستاش هەر وەک وڵاتێکی کشتووکاڵی دەناسرێت، ئەویش بە هۆی بوونی زەوی بە پیت و کەش و هەوای لەبار و سەرچاوەی ئاوی زۆرو دەستەی کاری بەتوانا.

پێشکەوتنی کشتوکاڵی خۆڕسکانە لە کوردستان ، وای کردووە زۆرێک لە ئامراز و کار و کردەوە کشتوکاڵییەکان لە ناوەخۆ بە زمانی شیرین و ڕەسەنی کوردی، وشە و زاراوەی بۆ دابندرێت.ئنجا دەوڵەمەندبوونی زاراوە کشتووکاڵییەکان بە گوێرەی بنزاری هەر هەرێم و ناوچەیەک ، هەر لە وشەی گەنم و بەروبوومەکانی دیکە تا دەگاتە وشەی کێڵان و چاندن و دروێنە و گێشە و خەرمان و جۆخین و گێرە و شەنەبا و ڕەوسە و لە چاڵنان و ... هتد ، هەر لە ئامرازی گاسن و هەوجاڕ و نیر و کۆپەڵان و

تادەگاتە شەغرەو جەنجەڕ و شەنە. چونکە کشتوکاڵ لە کوردستان خۆرسکانە ڕێڕەوی خۆی گرتووە،کاریگەری دەرەکی لە ڕووی وشەو زاراوەکانی پەیوەند بە کشتووکاڵەوە لەسەری زۆر کەم بووە. بەڵام لەڕووی ئاین و کارگێڕیەوە ، دەبینیین وشەی عەرەبی لەبەر کاریگەری ئاینی ئیسلام و وشە کارگێڕییەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی کوردێندراون، کەچی لە چەرخی تەکنەلۆژیا ، چونکە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لە وڵاتە ئەوڕپی و ئەمەریکی و پێشکەوتووەکانەوە بۆمان هاتوون ، زاراوەکانیشی لەگەڵ خۆی هێناوە، وەک ئەنتەرنێت و فێسبووک و کۆنتاکت و لۆد و دیلێت و فۆرم و پەیست .........

پێش ئەو فەرهەنگە کشتوکاڵییەی من ، کەسانی بەڕێزی دیکە دەستپێشخەرییان کردووەو ، وشەکشتووکاڵییەکانی لەفەرهەنگی تایبەت بەکشتووکاڵ کۆکردۆتەوە و چاپکردووە، وەک فەرهەنگی کشتووکاڵی بەڕێز مەعروف قەرەداغی کە بەدوو بەرگ چاپکراوە لە ساڵی ١٩٧٢ و فەرهەنگی خەرمانی مامۆستا حەمەسالح فەرهادی لەساڵی ١٩٩٧ و چەپکێک لەزاراوە گەلی کشتوکاڵی مامۆستا حەمەسالح فەرهادی لەساڵی ٢٠٠٧ ، جگە لەوەش لەفەرهەنگە کوردیە گشتییەکانیش وشەی کشتووکاڵیی زۆر نووسراون وەک فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و..... ، دەستیان بۆ ئەو بوارە درێژ کردووە و ، لەو ڕێچکەیە ئەسپی خۆیان تاوداوە و خزمەتیان بەزمانی کوردی کردووە، بەڵام چونکە زمانی کوردی وەک هەموو زمانە زیندووەکانی دیکەی جیهان شێوەزار و بنزاری گەلەک هەیە و ئنجا بواری کۆکردنەوە و نووسینەوەی لە هەموو پارچەکان وەک یەک لەبارنیە، بەڵام لە باشووری کوردستان بوارەکە زۆر ڕەخساوە بۆ خزمەتکردن لەو بوارە، من وەک ئەرکێکی سەرشانی خۆم چەند ساڵێ بوو ، کۆمەڵێ وشەم کۆکردبۆوە کە لە پرۆگرامی خوێندنی کشتوکاڵی پێشوو یان بەکار نەهاتوون ، یان لە جغزێکی تەسک بەکارهاتوون.

من هێ لەوەی خۆم دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵم و زیاد لە ٣٢ ساڵە لە پسپۆڕی خۆم کە خوێندنی کشتوکاڵیە وانە دەڵێمەوە و بەشداریم لە چاپکردنی پرۆگرامی کشتوکاڵی کردووە، چ لە گۆڕینی پرۆگرام بۆ زمانی کوردی ، چ لەکۆکردنەوە و ئامادەکردنی پرۆگرامەکان ، کە لەلایەن بەشی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی کراوە.بۆیە هەستم زیاتر بە هەڵەو کەم و کورتییەکانی ناو خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی کردووە. بەهیوام لە پرۆگرامی خوێندنی کشتوکاڵی ئەمجارە ، هەڵەو کەم و کورتی لە ڕووی وشە و زاراوە کشتوکاڵییەکان ، نەبێت یان کەم بێت.

١-لەو فەرهەنگەدا سوودم لە زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی پێش خۆم وەرگرتووە، جگە لە سەرچاوەی دیکەی پەرتووکی کوردی کە باسی کاری کشتوکاڵی کردووە، وەک لە ڕۆمانەکان و ژیاننامەی کەسەکان و بابەتە کەلتووری و فۆلکلۆرییەکان ، هەروەها سوودم لە نووسینەکانی پەیج و گروپ و ئەکاونتی سۆشیال میدیاکان وەرگرتووە، هێ لەوەی لەسەر هەندێ وشە چاوپێکەوتنم لەگەڵ جووتیاران کردووە، هەوڵم داوە سوود لە وشەی زۆربەی زاراوەکان وەربگرم ، کە بە نووسین بەردەستم کەوتوون.

٢-لەو فەرهەنگەدا گرنگیم بە وشە کوردییەکانی بواری بەرهەمهێنانی ڕووەکی و گیانەوەری داوە، چونکە کشتوکاڵ دوو بەشی سەرەکییە ، ڕووەکی و گیانەوەری ، ئینجا لق و پۆی دیکەشی لێ دەبێتەوە، وەک ئامێرەکان و زانستی خاك و کەش و هەوا و پیشەسازی ڕووەکی و گیانەوەری ......هتد.
٣-لەو فەرهەنگەدا وشە ڕەسەنە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵیی کلاسیکیشم گرنگ پێداوە. وەک جۆتیاری و سەپانی و ئامێرە کۆنەکانی کشتوکاڵی.
٤-لەو فەرهەنگە سەرەتا وشە کشتووکاڵییە کوردییەکانم ڕیزبەندکردووە بەگوێرەی ئەلف و بێی کوردی ، ئنجا ناوی ڕووەکەکانم نووسیوە لە داورودرەختی بەبەرەوە دەستم پێکردووە، تا درەختی جوانی و دەوەن و خۆهەڵواسەر و پەرژین و گوڵی جوانی و بەرسێبەر و ڕووەکی بژار (گیای زیئان بەخش)و ئنجا نەخۆشییەکانی ڕووەک و مێرووەکان و ئاژەڵەکانیش بە سوود بەخش و زیان بەخشەوە ، بەماڵێ و کێویەوە، ئنجا نەخۆشیەکانی ئاژەڵم لە کۆتایی نووسیوە.
٥-ناوی فەرهەنگەکەشم ناونا (بژوێن)واتە شوێنێك گیای زۆر و زەوەند و چڕبێت و بەئاوبێت، لەوەڕگایەک گیای زۆر بێت.
بە هیوام توانیبێتم کەلێنەک لە پەرتووکخانەی کوردی لەبواری وشەی کوردی ڕەسەن و فەرهەنگی کشتوکاڵیەوە پڕبکەمەوە ، لە ئایندەشدا سوود بگەیەنم بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی کشتوکاڵی لە رووی مانای وشەوەو زاراوەکانەوە.

**وشه** **مانا و لێکدانەوە**

---

## ئا

**ئابدار:** ئاودار ، تەڕوبڕ.
**ئابنووس:** درەختێکە لە هیند و دوورگەی مۆریس ، دارەکەی ڕەش و سەخت و قورس گران بەهایە.
**ئاتەشی:** ڕەنگ گوڵەباغی رەنگ سووری تێر.
**ئاجاڕ:** پنچك ، ڕەگ و بنی گیا.
**ئاخ:** خاک ، خۆڵ
**ئاخوڕ:** ئافر،دیوارێکی نیو مەتر بەرزدەبێ ناوەندی دیوارەکە چاڵ دەکرێ ، ئالیکی ئاژەڵی تێ دەکرێ بۆ ئەوەی ئاژەڵ تێی بخوات.
**ئاخەلێوە:** خاکەلێوە، یەکەم مانگی بەهار، هەرمێ پشکووان.
**ئادان:** زەوییەکی بەپیت و بەرەکەت.
**ئادۆدە:** بژارکردن و تەربیش،
**ئاران:** دەشتایی بچووک ، زەوییەک گرد و تەپۆڵکەی زۆر گەورە نەبێت. گەرمەسێری کۆچەران.
**ئارد:** وردەو هاڕاوەی دانەوێڵە وەک هی گەنم و جۆو برنج ......
**ئاردەدار:** وردەی دار، کاتێ دار بە مشار دەبڕدرێتەوە، هوردەکەی کۆدەکرێتەوە، لەژێ پەلەوەر و ئاژەڵ رادەخرێت ، بۆ خاوێنی و گەرمی.
**ئارمووش:** ئاوریشم .
**ئاروبۆر:** شووتی پێ نەگەیوو.
**ئاری نۆک** : لەتکە نۆک ،نۆکێ وردکراو ، نۆکی لەتکراو.
**ئاریندار**:نیمچە کاریتە، ئەو دارەی لەشێوە نە شەقڵەیە و نە کاریتەی تەواویشە. واتە باریکترە لە کاریتە.
**ئارەمووک**: گامێشێ نەزۆک.
**ئارەوانە**: حوشتری مێینە .
**ئاژەڵ**: گیانەوەری وەک مەڕ و ماڵات و چێڵ ... ....
**ئاژەڵداری**: کەسێک پیشەی بەخێوکردنی ئاژەڵ بێ.

**ئاش:** کارگەی وردکردنی گەنم و دانەوێڵەی دیکە ، بۆ ئەوەی ببێتە هاڕاوەی ئارد، کە بریتییە لەگەڕانی دوو بەرداش بە هۆی ئاوەوە، کە تۆپ و پەڕەکە دەسووڕێنێتەوە دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ ورد دەکات و دەیکاتە ئارد، بەو دواییە ئاشی بە گاز و نەوتی ڕەش هەبوو.
**ئاشاخە:** میوەی کۆن و گەیو و ڕزیو.
**ئاشیانە:** هێلانە، لانەی گیانەوەران.
**ئاشێگە:** زەوی سەخت و ڕەقەن ،کە بۆ کاری کشتوکاڵی ببێت.
**ئاغەر:** کۆتەڵ، کۆمەڵە بەردێکی هەڵچنراو.
**ئاغەڵ:** هۆڵی مەڕێ، خانووێک مەڕ و ماڵاستی تێدا بەخێو بکرێت، جێگای حەوانەوەی ئاژەڵ لە زستان دا.
ئاغەڵان : هەواری مەڕداران. جێی هەواران.
**ئاڤار:** پێستەی خۆشکراوی ئاژەڵ.
**ئاڤزیم:** کوێرەکانی، کانییەک لەبەهار ئاوی هەبێت و لە هاوین وشک بکات.
**ئاڤشیلە:** ئاوی بەرسیلە ، شەربەتی بەرسیلە.
**ئاڤگیر:** ئاوگیر،هەرکەو، زندۆڵ ، ئاواندۆڵ، قۆرت و قوڵکەبەرد کە ئاوی تێدا کۆبێتەوە.
**ئاڤۆر:** نێرییە کێوی.
**ئاڤرەگیرە:** دەستەچیلە، بریتییە لە قامکێک یان زیاتر لە قەسەل یان چیلکەی وشک تا ئاگری پێ دابگیرسێندرێت و ببردرێت لەشوینەکی دیکە ئاگری پێ بکرێتەوە.
**ئالاخ:** بژار، ئەو گیا بێکەڵک و زیانبەخشانەی لەناو کێڵگە شینبوونە.
**ئالاستن:** لێسینەوەی بێچوو لەلایەن دایکییەوە لە کاتی زاین.
**ئالیک:** خۆراکی ئاژەڵ ، تێکەڵکردنی کاو جۆ بدرێت بە مەڕ و ماڵات و رەشەوڵاغ.
**ئالەت** : بیبەری تیژ ، دەلووجە، دەنکی بیبەری ڕەش کە توونە.
**ئاموور:** هەوجاڕ:هێش: داری نێوان نیر و دەندە .
**ئامەد:** ساڵی هات ، ئەوساڵەی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر بێت.
**ئاهووری:** خەرتەلە
**ئاوبارە:** جۆگەیەکە لەداری کۆڵراو،یان تەنەکە و پلێت ، یان تەبارەی گڵین ، بۆ گواستنەوەی ئاوی ئاودێری لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ شوێنێکی ترەوە.
ئاوبار: شوێنی تەنکاو لە ڕووبار.
**ئاوبەرە:** بەوکۆمەڵە مێش هەنگوینە دەگوترێ لە کاتی شانە بەستن بە هێنانی ئاو بۆ ناو پوورە.
**ئاوبەند:** کۆمەڵە بەردێک دەخرێتە پێش جۆگەیەک بۆ ئەوەی ئاوەکە هیچی تر نەڕواتە خوارەوەو پەنگ بخواتەوە.
**ئاوپەڕە:** ئاژەڵی ئاوی.

**ئاوجۆ**: ئاوی جۆ، بیرە ، خواردنەوەیەکە لە جۆو ئاو دروستدەکرێ.
**ئاوچنین**: ئاوگرتن لە میوەی تەڕ.
**ئاوخواز**: ئاوکێش،ئاوخۆر، ڕووەکێک زۆر ئاو بدرێت، فێرە ئاوی زۆر دەبێ و رەگی سەر رووکاری زەوی دەبێت، هەردەمێک زەویەکەی وشک بێ سیس دەبێ لەبەر ئەوەی نازاو بووە.
**ئاوخۆرە**: مووڕەگی ڕووەک کە ئاو و شیداری هەڵدەمژێ.
**ئاودار**: پاراو، پڕئاو، زەوییەک ئاوی زۆر بێ و شێدار بێ.
**ئاوچۆڕگە**: شوێنێک ئاوی بە چۆڕە چۆڕ لێ بێتە خوارێ.
**ئاودان**: پێدانی ئاو بە زەوی و ڕووەک بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەگەشە و بەرهەم .
**ئاودان بە دڵۆپاندن**: ڕێگایەکی ئاودانە ، ئاو لەسەرچاوەی سەرەکی بەهۆی بۆڕی یان سۆندە دەبرێت بۆ هێڵی چاندنی درەختەکان لە نزیک هەر درەختێک کونێکی بچووک لەسۆندەکە یان بۆڕییەکە دەکریت بۆ ئەوەی بەنەرمی رەگی درەختەکە ئاو بدات.
**ئاودان بەپرژاندن**: ئاودان بە ڕشاندن، جۆرێکە لەئاودان بە ڕشاندنی زەوییە چێندراوەکە بە ئاو. وەک بارانی دەستکرد دەبێ.
**ئاودان بەدێراو**: ئاودان بە جۆگە، ئەو ئاودانەیە کەزەوی چێندراو بەهۆی جۆگە ئاودەدرێت.
**ئاودان بەسیفۆن**: ڕێگایەکی ئاودانە بە گواستنەوەی ئاو لەسەرچاوەکەی بەهۆی بۆڕی یان سۆندە بۆ شوێنیکی نزم تر .
**ئاوداشکان**: ئاو بەردانەوە لەدێراوێک بۆ دێراوێکی تر، یان لە پارچە زەوییەک بۆ پارچە زەوییەکی دیکە.
**ئاودڕ**: زەوییەک ئاوی باران یان لافاو هەڵی دڕی بێ.
**ئاودڕکە**: شوێنێکە ئاو دایدڕیبێ و ئاوی تێدا مابێتەوە.( فە . خا).
**ئاودز**:درزو قەڵش بوونی شوێنەک کە ئاوی پێدا بچێتە ناو.
**ئاودێری**: ئاودەری، ئاوداشت، کاری ئاودانی زەوی چێندراو .
**ئاودەردان**: بەهەڵمێن بوونی ئاوی گەڵا.
**ئاودەل** : پۆڕی نێر.
**ئاورنگ**: ئاورینگ: ئاونگ، شەونم : خوناو، کۆبوونەوەی ئاو لەسەر زەوی و گیاو گوڵ بەبەیانیانی بەهاران لەو کاتەی کەش و هەوا شێدارە و ئاسمان سایەقەیە..
**ئاوڕێژگە**: ئەو شوێنە نزمەی ئاوی ڕۆیشتوو شوێنە نزمەی ئاو لەبەرزاییەکەوە بۆ نزمتر دەچێتە خوارەوە .
**ئاوس**: سک پڕبوونی ئاژەڵ بە بێچوو.
**ئاوسان**: پەنمان.
**ئاوشیز**: لێڵاو و قوڕاو ، لیتاو.
**ئاوشینگ**: ئاژەڵی بێچوو مردووی شیر وشک بوو ، کە دووبارە شیری دێتەوە.

**ئاوکوت:** دەرمانێکی گیراوەی سارد یان گەرمی ئاویین،مادەی ئازارشکێن یان دژە هەوکردنی تێدایە، وەک شەکری قوڕقوشم.
**ئاوگ:** شەربەت ، خۆشاوی میوە ، یان رووەک.
**ئاوگر:** بەو زەویە دەڵێن ، شێدارە و ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە.
**ئاوگرتن:** کۆبوونەوەی ئاو لەناو زەوی چێندراو، دیاردەیەکە لە ئەنجامی ئاودانی زۆر لەزەوی زەنەک ، بەمەش ئۆکسجین کەم دەبێ و رەگ بەزەحمەت هەناسە دەدات و رووەک بێ هێز دەبێت.
**ئاوگەز:** میوەیەک لە ننو باردا گوشرابێ و لایەکی وەک ڕزیوی لێ هاتبێ.
**ئاوگەلە:** مەڕو ماڵاتێک لە مێگەلی خۆی دابڕێ و بچێتە ناو مێگەلێکی دیکە.
**ئاوماڵ:**ئاوماڵك، بەو پووش و پەڵاش و داررووچکانە دەگوترێ کە ئاوی باران لەگەڵ خۆی هێنابی و لەشوێنێک کۆی کردبنەوە.
**ئاونگ:** شەونم، خوناو، خوناڤ، ئەو ئاوەی لەسەرەتای وەرزی بەهار لەشەوانی سایەقەدا، بەیانیان ، لەسەر گەڵای ڕووەک کۆدەبێتەوە.
**ئاوونگ:** تەرزێکی ترێی خۆماڵیە.
**ئاوی:** بەراو، بەو ڕووکانە دەگوترێ بەهۆی ئاودانی دەستکردەوە گەشە دەکەن و بەرهەم دێنن.
**ئاوی ڕاکێشراو**:بریتیە لەو ئاوەی ناو خاک کە لە کەلێنەکانی خاک هەیە و سەربەستە.
**ئاوی کۆتکراو** بریتیە لەو ئاوەی وەک توێژاڵێک بەهێزێکی گەورە بەگەردیلەکانی خاکەوە نووساوە، بەهیچ هێزێک جوولە ناکات.:
**ئاوی موولوولە:** بریتییە لەو ئاوەی کە لە بۆشاییەکانی خاک بەشێوەی چەندین توێژال یان چین بەگەردیلەکانی خاک وەنووساون.
**ئاوێتەکووشە:** لقێکی یەک ساڵە زیاد لە جارێك لەناو خۆڵی شێدار دەشآردرێتەوە.
**ئاویژە:** زەوی بەراو .
**ئاوەخۆرە:** رەگی سەرەکی ڕووەک.
**ئاوەڕۆ:** ڕێگای ئاوی پیس ، مەزرا
**ئاوەڕێژ** : بەشوێنێک دەگوترێ کە لایەکی بەر بیت و لایەکی نزمتر بێت تائاوی باران و زێدەی پێبیتە خوارەوە.
**ئاوەزا:** زەوییەکی نەرم وشل و شێداربێ، ئاوی بەکەمی لێ هەڵبقوڵێ.
**ئاوەزێ:** زەوی زەنەک ،زەناو، زەوییەک لە بەهاران ئاوی زۆربیتە دەر .
**ئاوەژی:** بەو ڕووەک و گیانەوەرانە دەگوترێت کە لەناو ئاو دەژین یان زۆر حەزییان بە ئاوە.
**ئاوەسەر:** زەوییەک ئاوی هەڵنەمژێ و ئاوی لەسەر بمێنێتەوە.
**ئاوەشی:** ئاودانی زۆری دار و درەخت ، داری میوە لەسەرەتا کە ئاوی زۆر بدرێ ، بەرەکەی هەڵدەوەرێ لەبەر شیی زۆر.
**ئاوشنگ:** بەو مەڕ و بزنانە دەگۆترێت کە ئەو ساڵ نەزابێت و شیر بدات.

**ئاوەكی:** تەرەبوونی مەڕ و بزن لە مێگەڵ ، جار هەیە مەڕو بزن لە ناو مێگەلی خۆی دەڕواتە مێگەلی تر.
**ئاوەڵمە:** دەڵەمە، هێلکەی بێ توێکلی رەق.
**ئاوەنیا:** زەوی کە بە ئاو لێنان نەرم کرابێتەوە،بۆ ئەوەی تۆی تێدا بچێنین، بێ چاوەڕوانکردنی بارانی پەڵە.
**ئانگۆر:** ئەنگۆر، ئەو ترێیەی بۆ زستان هەڵدەگیرێت.
**ئانگۆری:** تەرزێکی ترێیە.
**ئتکال:** تەنگەبەند،قایشێکە وەک کەژی پانە بە بن زگی گوێدرێژ و وڵاغە بەرزە دادەهات کورتانی بەرەبەری توند دەکرد.
**ئیرەق:** یەرەق، هەوجاڕ، ئەوجاڕ، هێش.
**ئیسر:** گوشینگە، ئەو شوێنەی میوەی لێ دەگوشرێت.
**ئێسترە گایلکە:** ئێسترەباڵابانی، بەو ئاژەڵە دەگوترێت کە لەئەنجامی جووتبوونی ئەسپی نێرە و ماکەر پەیدادەبێت.
**ئینجانە:** مەرکانە ، گوڵدان ، دەفرێکە ناوی چاڵە ، بۆ بەخێوکردنی گوڵ و رووەکی بەکاردێت.
**ئەبرەش:** ئاژەڵێک کەم شیر بداتە بێچووکەی ،بەژنیش دەگوترێت .
**ئەپەرە:** گیا زەرتک بەنی پێ ڕەنگ دەکرێ.
**ئەرد:** حەرد، زەوی
**ئەراک:** داری سیواک ، درەختی مسیواک ، درەختێکی بچووکە ،گەڵاکانی بەرانبەر یەکن ، گوڵی سپیە و بچووکە و بە کۆمەڵە، ، بەرەکەی ناوکدار و زەردە، بۆ کاری پزیشکی بەکاردێت، ، گەڵاکانی وەک ئالیکی حوشتر بەکاردێت.
**ئەسپین:** پواز، تەڵەزمە دارێکە دەخرێتە نێوان کەلەنی قەدی کۆڵکەدار تا ببێتە دووبەشی شکاو..
**ئەسپار:** وەرگێرانی زەوی ناو باغ بە خاکەناس یان پێمەڕە.
**ئەسپەرزە:** کەپەک ، پاقڵەی ناوک سپی (دەنک سپی).
**ئەسپەرە:** دارێکی کەمێک ئەستوورە ٢٠ سم درێژ و ٥ سم پان دەبێ ناوەراستی کون دەکرێ ، دەسکی خاکەناسی ئەخریتە ناوی تاکوو لەکاتی کارکردن پێی لەسەر دابندرێ ، خاکەناس یان پێمەڕەکە زۆرتر زەوییەکە قووڵ بکاتن.
**ئەسپەرە:** گیا زەردک ، بەهاراتی زەردەچەوە. کاخلێ.
**ئەستێر:**ئەستێرک: ئاوی پەنگاوخواردوو، بەوحەوزانە دەگوترێ کە لەبەردەم کانی ئاو دروست دەکرێن بۆ گڵدانەوەی ئاوەکە.
**ئەستێور:** دارەبەنێک کە ساڵی پێشوو بنێشتی لێ نەگیرابی.
**ئەستەویر:** قسر ، مەڕ و ماڵاتێک لەزان و ئاوس بوون بە کاتی وەستابێ.
**ئەغز:** زەوتکردن ، بردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەزۆرداری.

**ئەلتیزگاندن:** لووشکە وەشاندن لەلایەن ئاژەڵی بارەبار.
**ئەمبار:** ئەنبار. عەمبار. شوێنی داکردنی دانەوێڵە.
**ئەملک:** بەرخی ساوا.
**ئەملکن:** بەرخ کە تەمەنی لە دوو مانگ زێتر بێت.
**ئەناب:** بەو نیشانە دەگوترێت کە لەسەر ددانی بەرزە وڵاغ و گوێدرێژ دەردەکەوێت، کە نیشانەی پیریە.
**ئەناپ:** وشکە ساڵی، کەم باران بارین.
**ئەنجوور:** کاڵەکی ساواو پێنەگەیشتوو.
**ئەوازن:** بووژانەوەی دارودرەخت، گۆپکەدەرکردنی دارو درەخت.

## ب

**با:** هەوای جولاو، جۆری زۆرە .
**بابردە:** پووش و پەڵاشی باردوو.
**باپێو:** ئامێری با پێوان.
**باتسکە:** جۆرە هەنجیرێکە زوو پێ دەگات بەڵام بێ تام و پێنەگەیشتووە و زووش هەڵدەوەرێ.
**باتووش:** پرتەقاڵ
**باتینک:** خونچەی تازە پشکفتوو.
**باخ** : ئەو پارچە زەوییەی داری بەبەری زۆر لێ چێندراوە و لەگەڵ بێبەر .
**باخچە:** پارچە زەوییەکی بچووکە یان گەورەیە جۆرەها ڕووەکی لێ دەچێندرێ، ناوەندەکەی چیمەنی لێ دەڕوێندرێ و دەوروپشتی گوڵ و گوڵزاری لێ دەڕوێندرێ.
**باخەوان:** کەسێک بە دیار باخێک بێت و بیپارێزێت و ئاگاداری کارە خزمەتگوزارییەکانی بیت.
**باراش:** بەو ئەندازە دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ دەگوترێ کە دەبرێ بۆ ئاش تا بهاڕدرێت و ببێتە ئارد بۆ نانکردن.
**باران:** هاتنەخوارەوەی دڵۆپەی ئاو لە ئاسمان بۆ زەوی بەهۆی هەورەوە .
**بارانی بە لێزمە:** بارانی بە حوجەت، بارانێکی بەهێزە بۆ ماوەیەکی باش دادەباری ، هەوری ڕەش و نەوییە و بەگەواڵەیە، کەند و جۆمان پڕ ئاو دەکات.
**بارانی بە ڕێژنە:** بارانێکی بەهێزە بۆ ماوەیەکی کەم دەباری ، هەوری ڕەش و نەوی و بەگەواڵەیە.
**بارانی سەر بەکڵاوە:** بارانێکی خۆشە و دڵۆپەی گەورەیە کەدەکەوێتە سەر زەوی دڵۆپەکەی هەڵ دەپژێت و کڵاوە دروست دەکات.
**بارانی پەڵە:** بارانێکی نەرمە بۆ ماوەی نزیکە ٤٨ کاتژمێر دادەباریت ، جار جاریش دەوەستێت و هەوری بەرز و سپیی و بێ گەواڵەیە ، زیاتر لە پایز و بەهاران دادەبارێت.
**بارانپێو:** ئامرازێکە بۆ پێوانی باران بارین بەکاردێت.
**بارانی پەڵە:** بارانێک بە نم نمە بباری لەماوەی ٢-٣ رۆژ بەجۆرێک ٤٠ ملم بباری.
**باربار:** بەو ئێستر و بارگین و گوێ درێژە دەگوترێت، کە بار باردەکەن.

**باڕست:** شانی گۆلی زەوی کشتوکاڵی ، لێواری دوکانی ڕووەک چاندن.
**باڕکە:** مریشک لەسەرەتای تەمەنییەتی هێشتا بە هێلکە نەهاتووە.
**بارگیر:** بارگین، بەو ئەسپە دەگوترێت لەدوای خەساندن بۆ کاروباری بارهەڵگرتن بەکاردێت.
**بارهەنگ:** ڕەکێشە، زمانەمەڕ، ڕووەکێکی گیایی بەهارەیە، گەڵای کەمێك پانە.
**باڕۆکە:** پەلەوەری تەمەن تازە ، لە باڕکە بچووکترە و لە جووجکە گەورەترە.
**باڕێزە:** گەڵای هەڵوەریو بەهۆی باوە.
**باڕەباڕ**: دەنگی کارو بەرخ.
**باڕەکەو**: بێچووە کەوی تەمەن یەک ساڵە.
**باڕەهەوێردە**: بێچووە هەوێردە.
**بازی:** بەو مەڕانە دەگوترێت، کەرەنگی پەلەکانیان سپیە، بەشەکانی تری لەشیان ڕەنگێکی دیکەیە.
**باسووق**: خواردنێکە وەک لوقم لە دۆشاوی ترێ و نیشاستە دروست دەکرێ.
**باعە باع:** دەنگی کار و بەرخ .
**باقۆ** : ئاژەڵی وەک کار و بەرخی بچووک و گرگن ، گەشەی کەمە لەچاو تەمەنی.
**باقۆ:** یەکەم بەری هەنجیر، هەنجیر ساڵانە دوو بەری دەدات ، بەری یەکەمی(باقۆ) زۆربەی هەڵدەوەری.
**باقۆت:** نێرکە پیازی سەوز.
**باقۆڕە:** کوودەڵە، بێچووە بەراز
**باقۆڕک:** بەری قەزوانی پێنەگەیشتوو.
**باکاز:** ڕیشاڵی سلیلۆزی و شەکر و ئاوە لەناو قەدی قامیشی شەکر دەردەهیندرێ، بۆ دروستکردنی کاغەز و ڕایۆن ... بەکاردێت.
**باکۆفە:** میوەی پێنەگەیشتوو.
**باگێرەوە**: بەو درەختە بەرزانە دەگوترێت ، لەدەوری کێڵگە و پاڕک و شاردا دەچێندرێن بۆ کەمکردنەوەی هێزی با وەک سەروو و سنۆبەر و یوکالیپتۆس و زەیتوون.
**باڵاتی**: گایلکە: جۆرە ئێسترێکی بچکۆڵانەیە .
**باڵەشۆڕی**: جۆرە نەخۆشیەکە لەمریشک و پەلەوەر دەدات باڵیان شۆڕدەبێتەوە.
**باڵەفڕە**: بێچووی باڵندە کە تازە فێرە فڕین دەبێ.
**باڵەکەو**: گەنم دابێژان و خاوێنکردنەوەی بە پێوە.
**بانگوڵە**: وانگ ، پێکورەی ئەسپێ.
**بانۆک:** بەو کەسانە دەڵێن کە هاوکاری کار و بەرخ دەکەن تا دایکەکانیان بهێڵن گوانیان بمژن .
**بانۆک**: بەو ئاژەڵە دەگوترێ شیر بدات بە بێچووێک هی خۆی نەبێ.
**بانە:** بەستە ، پشت دێراو، ئەو ڕێیەی لەنێوان دوو دێراوە ، تاجووتیار بتوانێ بەسەری دابڕوات بۆ کارکردن لەسەر دێراوەکان.

**باهێر**: زەویی نەکێڵدراو (بەیار)
**باهەنجیر**: هەنجیرێکی بێ تامە پێش هەنجیری تر پێ دەگات.
**باوەر:** بەو جۆگە ئاوە دەگوترێت کە ئاوی کەم پێدا دەڕوات،بۆ ئاودانی نەمام و رووەکی گەورەش بەکاردێت.
**باوەر:** باهەڵوەر، ئەو بەرهەمەی زۆر پێگەیشتووە، با هەڵی دەوەرێنێ.
**باوێزە:** ئەو میوەیەی بە هۆی با و ڕەشەبا لە دارەکە هەڵوەراوە.
**باویلێ:** پەپوولە پایزە،پشیلۆکە، بەری گیایە خڕە و تووکدارە و سووکە ، بەهۆی باوە بە ئاسمان دا دەڕوات.
**بای پێش بارانێ:**بایەکە لە پێش بارانێ دێت و گەواڵەی لەگەڵ دایە.
**بای دارئاوسی**: بایەکە لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئادار لە خوارووی ڕۆژئاوا دێت چەند رۆژێک دەخایەنێت ، گەرم و شێدارە، چرۆی دار پێ دە پشکوێت.
**بای ڕێژنە:**هەر وەک بای هوڕەیە ، بەڵام لە زستانێ هەڵ دەکات و لاو نیو هەڵ دەکات لەلای قیبلە (خواروو) هەڵ دەکات.
**بای سەبا:** بایەکی فێنک و نەرمە، لەبەهاران بە بەیانیان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا هەڵ دەکات.
**بای شەماڵ:** بایەکی فێنکە لە هاوینان لەڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات هەڵدەکات ، جار هەیە عەسرانی هاوینانیش هەڵ دەکات جووتیار شەنەبای لەبەر دەکات.
**بای شەوێ:** بەو کزە بایە فێنکەی شەوانی هاوین دەگوترێت.
**بای گاسن فرۆشی**:بایەکە لە پایز لەڕۆژهەڵات دێت، نیشانەی کەم بارانی ساڵە،بۆیە ئەگەر ئەو بایە هەڵی بکردایە، جووتیاری زیرەک دەیزانی ئەساڵ باران کەم دەبێت ، هەبوو دەچوو گاسنەکەی دەفرۆشت.
**بای ناوبارانێ:**بەو بایە دەگوترێت کە لەگەڵ باران بارین دێت، واتە هەم بارانەو و هەم با دێت.
**بای نەسیم:** کزەبا، بایەکی بێهێزە ، جار هەیە بەیانیان هەڵ دەکات جاریش هەیە سەرەتای ئێواران هەڵ دەکات.
**بای هوڕە:** بایەکی ناساز و جاڕسکەر و گەرمە، لە ٤ ی تەمووز هەتا ٢٤ ی ئاب بەردەوام دەبێت، واتە ٥٠ ڕۆژێک ، دەکەوێتە ناو چلەی هاوینێ، لەبەری میوە بدات زیانی پێ دەگەیەنێت، ئەگەر لە مرۆڤیش بدات وڕی دەکات و دەیکەوێنێت.
**بای وادە:** لە سەرەتای مانگی ڕەشەممە دەست پێ دەکات ، هەتا پێش نەورۆزێ، لەباکووری ڕۆژئاوا دێت و بەفر دەتوێنێتەوە.
**بای وەشت:**بایەکی نەرم و سووکە لەباشووری ڕۆژهەڵات هەڵ دەکات و بارانی بەدوای خۆی دێنێت.
**بایدۆز**: پایدۆس: گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.
**بایلەر:** ئامێری بالەکردنی کزرە.

**براله**: وەچە، بێچوو، سەوزە گەشەی لاتەنیشتی کورتن لە نزیک زەوی لە گۆپکەی لاوەکی بنکەی ڕووەکی یەک لەپی وەک خورما و مۆز دەردەچن ڕەگی سەربەخۆیان هەیە ، هەرکاتێکی پێویست بگوازرێنەوە دەبنە ڕووەکێکی نوێ.
**برالەی قونار**: شیلە ، سەرەتانات.
**بڕشت:** بڕ، چەندێتی بەرهەمهێنان. هێزی بڕکردنی چینراوو خاك، پیت و بەرەکەتی ڕووەک و خاک.
**بڕك** : پنچک : بنە ڕووەك ، رووەکی ساوا کە تازە شین دەبێ، بۆرووەکی سەوزەوات بەکاردێت، وەک بڕکە تەماتەو بڕکە گندۆرە> بڕکە شفتی.
**بڕنگ**: برینگ: خووری مەڕ کە دووڕەنگە لەکاتی بەهار بەهۆی گیای زۆر قەڵەو دەبێت و خوری نوێ لەلەشی درێژ دەبێ خوریە نوێیەکە سپییە و هی کۆنەکە بۆرە .
**بڕنووت**: پێکهاتەیەک بوو لە جۆرەها وردە تووتنی ناو کارگەی جگەرە ، کەتێکەڵاوی یەک دەکران و بەئاو تەڕدەدەکران ، دوایی دەهێڵدرانەوە تا دەترشا(تەخمیر) دەبوو، ئنجا دەهاڕدرا و بۆن و ڕەنگی تایبەتی تێدەکرا و خوێی کانزایشی تێ دەکرا و لەناو قوتی دادەندرا ، خەڵك بەکاریان دەهێنا بۆنیان دەکرد بۆ خۆپاراستن لە هەڵامەت.
**بڕووش:** بڕوێش،وردەی ساوار .
**بڕێشکە:** گەنمی برژاو لەناو سێڵ ، زۆربەی جاریش تۆ گندۆرەی لەگەڵ تێکەڵ دەکرێت.
**برینگ بڕ**: جەوبڕ، بەو کەسانە دەگوترێت کە بە برینگەکانیان خوری و مووی مەڕ و بزن و کار و بەرخەکان دەبڕنەوە.
**برینگ:** بەهاران کەمەڕو کاوڕ گیای زۆر دەبوو، قەڵەو دەبوو ، لەخوارەوەی خورییەکەی زێدە دەکات، خورییە نوێیەکە رەنگی سپی تر دەبێ لەخورییە کۆنەکە ، واتە خورییەکەی دەبێتە دوو ڕەنگ.
**بزڵە:** کار ، کاریلە.
**بزمووک**: بزمک ، بلامک، پەلە دارێکی باریکە کە هەردوو سەری کونکراوە ، دەخرێطە ناو دەومی کار و بەرخ، بە پەتی باریک لە پشت ملی دەبەسترێت تا نەتوانێت گوانی دایکی بمژێت.
**بزن:**ئاژەڵێکی بەجوولەو شیردەرە ، مووی لەشی درێژە ، لەدوای تەمەنی دووساڵی تا دەمرێت پێی دەڵێن بزن.
**بژار**: ئالاخ،گژوگیای زیانبەخش ، یان ڕووەکی شینبووی نامۆ لەناو کێڵگەیەکی رووەکێکی تایبەت.
**بژاربڕ**: ئامرازێکە بژاری پێ هەڵدەکەندرێت، لە پارچە ئاسنێکی پتەوی دەم تیژ پێک دێت لەکۆتاییەکەی باریک دەبێتەوە ، دەچیتە ناو مشتوویەکی دارینی لوولەکی ، بۆ بنکۆڵ و بژارکردنی گیاو تاشین بەکاردێت.
**بژوێن**: ئادێنە، شوێنێك گیای زۆر و زەوەند و چڕبێت و بەئاوبێت، لەوەڕگایەک گیای زۆر بێت.
**بستی:** گردی بەرزی پێش بەرزایی چیا.
**بسک:** پرزە و کاکۆڵی سەر گەنمەشامی
**بسکدان**: پێگەیشتنی کاڵەک ، بەجۆرێك لەبەر پێگەیشتنەکەی لە بڕکەکەی دەبێتەوە.

**بکوژ**: قڕکەر ، لەناوبەر. مادەی ژەهراوی.
**بکێڵ**: زەوی کێڵ ، جووتیار، ئەو کەسەی زەوی دەکێڵێ چ بە گاسن ، چ بە بێڵ .
**بلووسک**: پلووسک، بەو بۆڕیە دەگوترێ کە ئاوی ئەستێڵک و حەوزی ئاوی پێدا دێتە دەرەوە.
**بن بێژینگ**: ئەو وردە گەنم جۆیانەی لەدوای لەبێژینگدان دەکەونە خوارەوە.
**بن پەلک**: بنەپەل، جاری یەکەمی لێکردنەوەی گەڵای توتن، کە ئەو گەڵایانەیە لە لای بنەوە پێ دەگەن.
**بن دروو**: دروێنە یان بڕینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی لەدەمی زەویدا .
**بن قوون**:بەو پارچە قوماشە ئەستوورەیە دەگوترێت. لەکاتی مەڕ دۆشین شوان و بێری لە بن قوونی خۆیان دادەنێن.
**بنکە**: بەشێکی گەڵایە کەوتۆتە سەر لقەکان و لاسکی گەڵای تێدا گیردەبێت. پارێزگاری لە گۆپکەی پاڵپشت دەکات.
**بن لق**:بەولقە وردو تازانە دەگوترێ کە لە بن لقی ئەستووری درەختەوە دەردەچن.
**بن هەنگڵ** : ژێر گەڵا
**بناوان**: ئەو شوێنەی ئاوی زەوی لێ دێتە دەرێ ، کانیاو.
**بنەوبارگە**: شوێنەی هەڵدانی ڕەشماڵ لەکاتی کویستان و گەرمیاندا.
**بنێشت**: شیرەیەکە لە قەدی دارەبەن (قەزوان) پەیدادەبێ، لەبەهار کوچەڵەی بۆ دەکەن تا پایز پڕ دەبێ، پێی دەڵێن بنێشتەتاڵ ، ئنجا ئەو بنێشتە تاڵە کۆدەکریتەوە و دەکوڵێندرێ و ساردەکرێتەوە ، دەنێردرێت بۆ فرۆشتن بۆ مەبەستی جوین.
**بنێشتە تاڵ** : بنێشتی نەکوڵاوی خۆشنەکراو .
**بنە**: بەو گایە دەگوترێ لەکاتی گێرەکردن دەکەوتە دیوی ناوەوە.
**بنەتۆ**: بەو ئەندازە تۆوەی دەگوترێ کەدەچێندرێ، هەروەها زەوی چاندنیش بە نیوەیی دەڵێن بە بنە تۆمان داوە.
**بنەجۆخین** : بنەخەرمان، بریتیە لەو دانەوێڵەیەی لەدوای هەڵگرتنی خەرمان لە بن جۆخیندا دەمێنتەوە.
**بنەکەو**: ئەو کەوەی ڕاوچی ڕاوی پێ دەکات.
**بنەمێو**: نەمامی مێو، شەتڵە مێو.(بنەهەنجیر ، بنە توو)
**بور**:ئەو شوێنەی زەوی کە میوەی تێدا هەڵدەگیرا و پووش و پەڵاشی بەسەر دادەرا.
**بوڕمان**: دەنکە هەناری وشککراو.
**بوغە** : جوانەگای ملە ئەستووری نەخەسێندراو.
**بووار**: شتی زۆر ڕزیو و تێکچوو، ڕزیوی ناو داری خراپ و تێکچوو.
**بووم**: خاک .
**بۆڕ**: زەوی بۆڕ، رووەکی شینبووی بەشێوەی چڕ لە پاڵ یەکدی.

**بۆران:** بارینی بارانێکی بەهێز و بە بای بەهێز.
**بۆڕاندن:** بۆڕەبۆڕ، دەنگی چێڵ و گا .
**بۆرە:**ناوە بۆ سەگ کە ڕەنگی خۆڵەمێشییە ، نە ڕەشە ، نە سپیە.
**بۆز:** ڕەنگی سپیەکی کراوەی مەیلەو شین بەو گوێدرێژە دەگوترێت رەنگی تووکی سپی مەیلەو شین بێت..
**بۆژۆ:** بۆنژۆ: بۆگە، گیای بۆنگرتوو ، کە ئاژەڵ نایخوات.
**بۆژە:** بریتیە لەو ئالیک و گیایەی لەکاتی ئالیکدانی ئاژەڵ دەمێنتەوە و دەکەوێتە ژێر پێی ئاژەڵەکان.
**بۆگەخۆر:** بەومەڕو ماڵاتانە دەگوترێت کە پووش و پەڵاشی تەڕو شێدار و بۆگەن دەخۆن.
**بۆڵ مازوو:** جۆرە ترێیەکی سپی بوو وەک ساداتی، بەلام لەو ناسکتر و مزرترە.
**بۆڵ:** هێشووی ترێ یان خورما.
**بۆڵەتەمێ:** نیشانەی پێگەیشتنی میوە. ماتەدان.
**بۆماوە:** کرداری گوستنەوەی جیناتە لەدایک و باوکەوە بۆ منداڵ، بۆ ئاژەڵ و رووەکیش هەمان شتە.
**بۆن دڕن:** بۆنی ئاوی سپێرمی تەگە کە بە خوری و لەش ولاری خۆی یان بزن دەمێنتەوە، بۆنێکی ناخۆشی هەیە.
**بۆن:** یەکێکە لەهەستەکانی زیندەوەر، لەمرۆڤ و زۆربەی ئاژەڵانی باڵا بەلووت هەستی پێ دەکرێ.
**بۆنخۆشکە:** هەر رووەکێکی گیایی بۆنی خۆش بیت پێی دەڵێن بۆنخۆشکە.
**بۆنگ:** خەفتی وردکراو لەناو ئاو دابندرێ، تا پێستەی بخەنە ناوی و پێستەکە خۆش ببێت.
**بیراز:** زەوی ڕێک و ڕاست بۆ چاندن.
**بێبەر:** زڕ، نەزۆک.
**بێ ناوك:** بێ دەنک
**بێر:** کرداری مەڕدۆشین ، ڕێزکردنی مەڕوماڵات بۆ دۆشین لەلایەن کەسێکەوە( ئافرەتەوە).
**بێری** : بێریڤان، بێریوان ، ئەو ئافرەتەی مەڕدۆشە.
**بیژۆک:** بەو دەنکە نیسک و نۆکانە دەگوترێ کە ڕەق و نەکوڵەکن، ڕەنگیشییان لە دەنکەکانی تر جودایە.
**بیژۆک:** ئاژەڵێک زووتر لە وەختی خۆی بژی و لە رووی سێکسەوە پێبگات، بەو کاوڕانە دەگوترێت کە بە بەران دێن ، نەخۆیان نەبەرخیان پەسندنیین.
**بێژینگ:** ئامرازێکی خڕە بازنەییە، لەشێوەی دەفرێکی قوڵە و گەورەیە ،لێوارەکەی دارە ، ناوەکەی وەک هێڵەگە بۆ بژاری تۆی رووەک بەکاردیت لە بەرد و خۆڵ تۆوی نامۆ.
**بێستان ڕن** : بیستان ڕن،ئەو کەسەی بەری بێستان لێ دەکاتەوە.
**بێستان:** بیستان،بوهستان، ئەو زەویەی کاڵەک و تەرۆزی بە بەهارێ لێ دەچێندرێ.
**بێڵ** : خاکەناسی دار کە گەنم و جۆیان پێ بە با دەکرد.
**بێڵ:** خاکەناس: ئامرازی هەڵکەندنی زەوی کە دەمێکی ئاسنی پان و تیژی هەیە.

**بێلوو**: ئەو جۆگەی جار جار ئاوی پێدادێت و جاریش هەیە وشک دەبێت.
**بێڵەبا**: شەنەباکردنی گەنم و جۆی درواوە بە بێڵی دار، بۆ لێک جووداکردنەوەی تۆوی گەنم و جۆ لە کوزر و قەڵت.
**بەباهات**: بۆ سەگ و پشیلە و ڕێوی دەبێت، کاتێ ئارەزووی جووتبووندەکەن و جووت دەبن.
**بەپرشت**: بەبڕ، بەبەرهەم .
**بەبەران هات**: بۆ مەڕ دەگوترێت، کاتێ ئارەزووی سێکس دەکات و جووت دەبێت.
**بەترمە**: موتربە.
**بەتەگەهات**: بۆ بزن دەبێت، کاتێک ئارەزووی سێکس دەکات و جووت دەبێت.
**بەتەڵەب**: بە فالْهاتن ، ئارەزووی جووتبوونی ئاژەڵی وەک گوێ درێژو ماین.
**بەچکە**: بێچوی تازە و بچووك.
**بەختەباران** : دووەم مانگی کوردی ، کەباران زۆر دەبارێ.
**بەدرەمە**: جۆرە مێش هەنگوینێکی کێوییە لە هی ماڵی بچوکترە، درێژ و باریکە، وریاو چاڵاکە، هەنگوینەکەی ڕەش و جێرترە، شانەی لە کونە بەردان دادەنێت. هەنگوینەکەی بە بەهاترە لە هی خۆماڵی.
**بەدەمچە**: بەری دەوەنی شەواشینکە خڕە ، دەخورێت.
**بەر**: بەرهەمی درەخت و بەروبووم.
**بەرانگر**: بەو مەڕانە دەگوترێت کە چەند جار بەبەران دێن .
**بەراو**: زەوییەک بۆ چاندنی رووەک ، پشت بەئاوی بیر و جۆگە و رووبار و کانی ببەستێ.
**بەرایی کێش**:ڕێنیشاندەر، بەو بەران و تەگانە دەگوترا کە لەپێش مێگەلی مەڕێ دەڕۆیشتن.
**بەربا**: ئەو وردە کایەی لەگەڵ شەنەبا دەڕۆیی.
**بەربار**: ئاژەڵی یەک سمی سێ ساڵە کە توانای بار هەڵگرتنی هەیە.
**بەربوارد**: بەو بەردیلەی دەگوترێت، کە ساڵێ ئاوس بوونی بواردبی (تێپەڕاندبی). ئەگەریش لەپایز بەرانی خوارد و نەشزابێ.
**بەربورە**: بەرچێن، تۆو وەشاندن بەر لە کێڵان.
**بەربەسێڵی**: سوورکردنەوەی گۆشتی بەرخ و کار، لەناو سێڵ بەدیوە قوڵەکەی بەڕۆن سووردەکرێتەوە.
**بەربەگوار**: گوارەمەڕە، بەو ئاژەڵە دەگوترێت کە گۆشتە زیادەی وەک گوارەی بە ملی وەیە.
**بەربەن**:ڕێزە گوڵینگێکە یان پەتێکە بۆ جوانی دەکرێتە ملی ئاژەڵ.
**بەرچاوگە**: بەرچاوە، پێش چاوە، قایشەکی بەڕیشووە، هەندێ جار مۆریشی پێوە دەکەن ، لەنێوچەوانی ئەسپ و ماینی دەبەستن لەسەرەوەی هەردوو چاوی هەتا مێش و مێشوولەی لەچاوی دووربکەوێتەوە.
**بەرچنە**: قەتارە، سەبەتەی ترێ.
**بەرچێڵە**: بەرغەبابە، غەبغەبە،کوتە چەرمێکە کە لە ملی گا چۆڕاوەتە خوارەوە.

**بەرچێن:** بەرچنین، چاندنی تۆوی ڕووەک پێش کێڵان.زەوییەک خەرتە نەکرابێ یەکسەر تۆی پێوەبکەی و بیکێڵی.
**بەرخ:** بێچووی مەڕ.
**بەرخۆڵە:** بەرخی ساوا.
**بەردووگ:** بریتییە لەو پارچە پێستە بێ مووەی لە پێش دووگی مەڕدایە.
**بەردیل:** شەکەمێ، بە کاوڕمێی دوای تەمەن یەک ساڵە دەگوترێت.
**بەردەبێر:** بەو بەردە دەگوترا کەشوان لەسەری دادەنیشت لەکاتی بێر کردن (مەڕ و بزن دۆشین)
**بەردەشۆر:** شووشتنی دانەوێڵە ، بەئاو بۆ ئەوەی بەرد و زیخی لێ بگیرێت.
**بەردەڵان** : زەوییەک بەردی زۆر تێداهەبێت.
**بەرزەوڵاغ:** یەک سم .ئاژەڵی وەک ئەسپ و ماین و هێستر .
**بەرسیلە:** پەسیرە، هێشووی ترێی نەگەیشتوو.
**بەرکۆت:** بریتیە لەدروێنەکردنی هەندێك لە گەنم پێش کاتی دروێنە ، چونکە چووتیار باراشی نەبوو، بۆیە هەندێکی دەدووریەوە و دەیکردە باراش.
**بەرکەڵ:** گۆلکی سێ بەهارە دیتووکە وەختی خۆ بەخۆوەگرتنی گای هاتبێ.
**بەرمە برنج** : قرشەی کوتراوی برنج، بەو برنجە دەگوترێت لەدوای گێرەکردن لەسەری .
**بەرهاوێشتن:** لەبارچوون، بەرخستن، ئاژەڵی مێ کۆرپەی ناوسکی بەمردووی و پێش وەخت فڕی بدات.
**بەڕووله:** خەیار و تەرۆزی ناسک و پێ نەگەیشتوو، وەک پەنجە باریکە.
**بەڕێوەبردن** : کارگێڕی ، بریتیە لە بەگەڕخستنی توانای کەسێک یان چەند کەسانێک بۆ ئەنجامدانی کارێک یان چەند کارێک لەسنووری دەسەلاتی فەراهەم بوو.
**بەڕێوەبردنی چاندنگە**: کارگێڕی چاندنگە، لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ڕێکخستنی توخمەکانی بەرهەمهێنان (زەوی و کار و سەرمایە و ڕێکخستن)دەکات
**بەرەجۆ**: لەکاتی برنج چاندن ، بە ٤-٥ دێراوان دەگوترێ دەستەک ، بە ٣-٥ دەستەکانیش دەگوترێ بەرەجۆ.
**بەرەمێو**: دەرەمێو: پرۆپۆلس، تلپەی هەنگوین، ئەو جەویەی هەنگ لە لە گۆپکی دار کۆی دەکاتەوەو کون و کەلەبەری خەلێفی پێ قایم دەکات.
**بەرەمەشکە:** یەکەم بەری مەشکە هەژاندن.
**بەز:** پیو، چەوارایەتی ناو گۆشت
**بەزەناو**: بەزی ناو سکی بزن ، دەخرێتە ناو پەڕۆکێك (پرێسکەیەک) و گەرم دەکرێت و ڕۆنی لێ دەتکێ ، ئەو ڕۆنە لەشوێنی قەڵێشتنی دەست و پێ دەدرێ و چاکی دەکاتەوە.
**بەژ:** وشکانی
**بەشمە:** پێستی خۆش نەکراو.

**بەفاڵ :** ئارەزووی جووتبوونی ئاژەڵی وەک حوشتر.
**بەفێ:** ئارەزووی جووتبوونی ئاژەڵی وەک تانجی .
**بەق** : کەوی نێرە.
**بەکەڵ** : ئارەزووی جووتبوونی چێڵ (مانگا)، بەکەڵهاتنی چێڵ(مانگا).
**بەل:** بەو مەڕ و بزنانە دەگوترێت کە گوێیان لوولە.
**بەلەچەک:** بەلەچک: کاڵەک لەناوەڕاستە دەکرا دوو لەت و لەبەر هەتاو وشک دەکراوە و زستان بەئاو تەڕدەکراو دەخورا.
**بەلەسە:** ئاژەڵی یاخی
**بەڵەك** : مەڕی دوو ڕەنگ ، ڕەش و سپی پێکەوە.
**بەن:** خوری و مووی ڕێسراوی ئاژەڵ.
**بەناشوانە:** ڕووەکێکی گیایی بۆنخۆشە، دەکرێتە ناو ماست و دۆو تۆراغ.
**بەنگ:** تریاک ، حەشیش، گەڵای رووەکی شادانە وشک دەکرێتەوە و ورد دەکرێت و دەکێشرێت.
**بەهارات:**گیاوگوڵی بۆنخۆش کە ورد دەکرێ یان دەهاڕدرێ و لەچێشت دەکرێ. وەک تۆوی بیبەر.
**بەهاربەند:** ئەو تەویلەی لە دوای زستان بەرزەولاغی تێ بەخێو دەکەن. سەری دانەپۆشراوە.
**بەهاروو:** تەرزیکی گەنمە لە بەهار دەچێندرێ ، لەپایز پێ دەگات ، نانی باشی لێ دێت .
**بەیار:** جاڕ، زەوی کشتوکاڵی نەچێندراو کە لە ماوەی یەک ساڵ کەمتر نەبێ .
**بەیاربڕ:**بەو خاکە دەگوترێ پێشتر بەیار بووە و یەک گاسنی لێ دەدرێت(دەکێڵدرێت).

## پ

**پاپڵ:** لقی باریکی درەخت، لقی ناسک، پەلی یەک ساڵەی لای خوارووی درەخت.
**پاپەژ:** زەوی بەرز و نزم و ناهەموار.
**پاتك:** چەپکێ لە گەڵا توتن .
**پاچ:** قەزمە: قازمە،ئامرازێکی ئاسنی دووسەرە ، سەرێکی تیژ و باریکە ، سەرەکەی دیکە تیژ و پانە دەسکێکی داری پێوەیە کەلەناوەڕاستی ئاسنەکەیە، زەوی سەخت و رەقی پێ هەڵدەکەندرێت.
**پاچ:** وەک تەپشوو وایە ، سەری کوڵە ، بۆ پاچە کوڵە و بەردی دیوار ڕێکخستن بەکاردیت.
**پاچڵ:** کونێر: سەرەتانات، لقی شینبووی لای خوارووی درەخت.
**پاچێزە:** گووی هەنگ کە لەنزیک کانی بەجێ دەمێنێ سەرێکی خڕە و سەرێکی باریکە.
**پاچەك** : تەپاڵە ، سەرگین ، ڕیخی وشکبوو(هە. بۆ)
**پاچەکوڵە:** تەربیش ، شلکردنەوەی خاک بۆ باشکردنی هەواگۆڕکێ.
**پاراو:** تێراو.
**پاردە:** نالچە، شوێنی خۆمەڵاس دانی راوچی. پەرژینی دەوری باخ، غەری دەوری مردووان.
**پارزوونگ:**پاڵێو، ئەو ئامرازەی شلەی پێ دەپاڵێورێ، وەک پارزوونگی شیر ، هی چا....
**پارژین:** بەو جۆگە دەڵێن کە لەدەوری ڕەشماڵیان لێ دەدا بۆ ئەوەی ئاوی باران نەیەتە ناو ڕەشماڵ.

**پارکۆڵە:** بێچووی دووساڵەی گیانداری کێوی وەک گورگ و ورچ و بەراز.(فەرهەنگی هەرمان)
**پاروێنک:** پارگین،جۆگەیەکە لەدەوری ڕەشماڵ و نەمامگە لێ دەدرێت بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ژوورەوە.
**پارۆنە:** مریشک و مراوی دووساڵە (هە. ب)
**پارین:** پارگوێر، مێنگین، گۆلکی پار،نۆیین ، پارونە.
**پاسبارە:** دەستەندوو، جێ دەستی جوتیار کە هەوجاری پێ دەگری.
**پاسگە:** پازگە: چاڵێکە خاوەن بێستان لەناو بێستان لێی دەدات ، بەشەو خۆی لەناو دەشارێتەوە، بۆ پارێزگاری لە دزی و لە ئاژەڵ.
**پاش بەران:** بەو مەڕە دەگوترێت لە ساڵێکدا دووجار بەبەران بێت.
**پاش بەرە:** دوابەرە، دوابێچووی ئاژەڵ.دوامنداڵ.
**پاش تەگە:** بەو بزنە دەگوترێت ، لە ساڵێکدا دووجار بەتەگە بێت.
**پاش ئاخوڕ:** ئەو پاشماوەیەی لە ئاخوڕ دەمێنێتەوە دوای ئەوەی ئاژەڵ ئالیکەکەی لێ دەخوات و ئەوەی دەکەوێتە سەر زەویش.
**پاشاوکردن:** ئاو لێگرتنەوە لە نەمامی چێنراوی تووتن دوو ڕۆژ لە دوای چاندن.
**پاقلاخ:**پاقڵوخ، سمی مەڕ و بزن.
**پاقلێر:** گوێزی پاککراوە لە توێکڵی سەوزەوە .
**پاکوڕە:** پێکوڕە، کوللەی باڵ نەگرتوو بەس بە پێ دەتوانێ بڕوات.
**پاکۆ:** مەڵۆ ،باوەشە گیای نەبەستراو
**پاکۆدان:** ڕنینەوەی گیا بەدەست- درووێنەکردن.
**پاڵاخ:** دڕک و داڵ - گەڵای هەڵوەریو.
**پاڵاغە:** گامێشی مێینەی تەمەنی لە نێوان ١-٢ ساڵ بێت.
**پاڵانیی** : وڵاغی بارەبار، وڵاغ و گوێ درێژێ کاتی ئەوەی هاتبێ کورتان لەسەر پشتی دابندرێت و بارهەڵگرتنی پێ بکرێ..
**پاڵانە:** تیسکە خوری پشتی بەران .
**پاڵاوتن:** لە پارزوونگدان،خاوێنکردنەوەی شلەمەنییەک بەهۆی قوماش.
**پاڵاوتە:** ڤایرۆس
**پاڵە:** کارکەر ، مێشهەنگوینی کارەکەر، سەپان ، درووێنەکەر.
**پامالە:** جۆرە ئامرازێکە وەکو چەپەر گوریسی لێ دەبەسترێ ئاژەڵ رایدەکێشێ بەسەر زەوی کێڵراودابۆ ئەوەی کەستەک و گڵمتی زەوی ورد بکات و تۆویش بکات بەژێر خاک و بیشارتەوە.
**پامۆزە:**پامێزە: ١- گوی مێش هەنگوین ، سەرێکی خڕە و سەرێکی باریکە ٢- ئاوی وشکبووەوەی ناو گەڵی تەگە لەکاتی پەڕین ٣- خوری و مووی بن دەست و پێی مەڕوماڵات.
**پانکە:** جۆرێك لە بەری داری مازووە.
**پانکە:** گۆڕایی قەد چیا ، ڕاستایی قەد چیا.

**پانكە:** بەشە گەورە و كارای گەڵایە، كە كرداری ڕۆشنەپێكهاتن و هەناسەدان و بەهەڵمبوونی تێدا ڕوودەدات.
**پانەدێراو**: دێراوی پان و گەورە بۆ شووتی و گندۆرە و كوولەكە.
پانێر: گوێرەكە (گۆلكی)نێرەی دووساڵە.
**پاوان:** لەوەڕگا.
**پایزەجۆت:** پایزەجووت ، پایزە تۆو،تۆكردنی زەوی وەرد لە كاتی پایز.
**پایناو:** قوناو: زەوییەكی چێندراو بەبەروبوومی سەوزە ئاوێكی زۆر درابێ و نازاو ببێ و ئاو تێیدا وەستابێ.
**پربار:** درەختێک بەری زۆربێت، دانەوێڵەیەک دەنکی قەڵەوی گرتبێ .
**پرپۆڵە:** ئالیكی ورد ، دەنكۆڵەیی .
**پرزە**:پاشماوەی ئالیک كە لەئاخوڕی ئاژەڵ دەمێنتەوە.
**پرژێنەر**: ڕشێنەر، ئامرازێكە بۆ ئاو پرژاندن بەسەر رووەک و زەوی دا بەكار دێت.
**پرماندن**: پرمە پرم، دەنگی تەگە و نێریە لە كاتی پەڕین.
**پرۆپكە:** لووتكە ، پۆپەی ڕووەک .
**پزدان** : پسدان: منداڵدانی ئاژەڵی وەک مانگا و گوێدرێژ و ماین.
**پژ:** برژانگی گوڵە گەنم و جۆ و برنج.
**پشتاو:** دێمەكار، ئەو زەوییەی بۆ چاندنی رووەک پشت بە ئاوی باران دەبەستێ.
**پشتدان:** ڕاوەستانی مێیەی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆ نێرەكەی بۆ جووت بوون.
**پشتەك:** هێشتنەوەی خوورییە لەسەر پشتی بەرخ لەكاتی بڕینەوە.تاكوو گەرما زۆر كاری تێ نەكات.
**پشتیر**. پشتێر: تەویلەی وڵاغ .
**پشتەك** : پشت و لێواری گۆل (دوكانی ڕووەک چاندن).
**پشتەک** : هێشتنەوەی هەندێک خوری ؛لەسەر پشتی مەڕ و بەرخ و بەران لەكاتی بڕینەوە.
**پشقڵ**: قشپل، پاشەڕۆی مەڕ و بزن و مامز و كەروێشک....
**پشكوتن**: گۆپكەكردن.خونچەكردن، گەشانەوەی رووەک.
**پشكۆژ** : خونچە، شكۆفەی گوڵ .
**پشكۆژە:** گۆپكەی تازە دەرچوو.
**پشیلۆكە:** پەپوولەپایزە،بەری ڕووەكێكە خڕە و سووكە با لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ و ئەو شوێن و شوێنی پێ دەكات.
**پفكە:** پۆرگ ،زیپكە .
**پڵاوساوار:** خواردنێكی كۆنی كوردەواریە ڕۆن و هەڕشتە و ساوار دەكوڵێندران و پاش كوڵان دەخورا.
**پلوورە:** شانەی مێش هەنگویین. كوورەی هەنگ.

**پلیت:** نەوار، شریتی ، وەک گەڵای شریتی.
**پلیکانە** : سەکۆ ،بریتیە لەبەرزکردنەوەی دیوارێکی نزم لە خۆڵ یان بەرد بۆ ئەوەی ببێ بە کۆسپ بۆ بەرگری لە ڕاماڵینی خاك .
**پلەی ترشێتی خاك** : پلەی کارلێکی خاك ، PH.
**پنج:** بەرەگی گیاوگۆڵ دەگوترێت کەرەگییان **قوڵ** نییە.
**پنجاڕ:** ئەو ڕووەکانەی بەکەڵک خواردن دێن.
**پنجکردن :** رووەکی گیایی کەتازە گەشەی کردووە، لەسەرزەوی چەند لق و پۆپ بکات.
**پنچک :** بەرەگی رووەکە بەتەمەنەکانی وەک کەبەر و خڕنووک دەگوترێت، کەڕەگییان **قوڵە**
**پندڕ:** سەرەتای پێگەیشتنی ترێ، هەندێ هێشوو پێگەیشتوون ، هەندێ باش پێنەگەیشتبن. (خۆشناوەتی)
**پوچ:** بەری رووەکی بێ کاکڵ ، بەری تۆوێك هیچی تێدانەبێت ، بەتاڵ بێت.
**پوواز:** سنگێک جا چ دار بێ یان ئاسن بەقەدی داردا دەکوترێ تا شەق بی.
**پووت:** وشکە گیای هەڵچنراو بۆ ئالیکی زستانە.
**پووش و پەڵاش:** گیای وشکبوو ، بەتایبەتی هی گەنم و جۆ .
**پووشپەڕ:** مانگێکی کوردیە ، دەکەوێتە دوای خەرمانان و پێش گەلاوێژ.
**پووشکە:** چیلکە ، قەدی زەرد و وشکبووی گەنم و جۆ بە بچووکی. کە لە کێش سووکە.
**پووشگە:** ئەو شوێنەیە ڕووەکی سروشتی بە وشکی لێ دەپارێزرێت.
**پووشەڵان:** شوێنێک پووشی زۆر بێت.
**پۆپ:** لووتکە، ترۆپک.
**پۆپیتە:** پۆپنە: گۆشتێکی سووری بێ تووکە،لەسەر سەری مریشک و کەڵەشێردایە، بڵند و نەوییە.
**پۆت:** کزرە، گیای وشکراو بۆ ئالیکی زستان.
**پۆخ** : پۆخە: پشکۆی دار و درەخت، گۆپکەی نەپشکووتوو.
**پۆخین:** بریتییە لە برژاندنی تۆوی گەنم و نۆک پێکەوە دوایی هاڕینی بەدەستاڕ، ئەو ئاردەی دروست دەبوو دەخورا.
**پۆرگ** : ئەندامی نێرینەی گوڵ، سپۆڕدانە سپۆڕی نێرینەی تێدایە، دوایی دەگۆڕێت بۆ دەنکەهەڵاڵە.
**پۆرگ:** زیپکە، پفکە، قینچکە،بەرگی خونچەی گوڵ.
**پۆشەر:** ئەو رووەکانەی زەوی پاوان دادەپۆشن.
**پۆقژە:** گۆپکە.
**پۆل:** تەرز.
**پێ بژاردن:** قەرەبووی زیان یان هەڵە.
**پیاز: سەلک،**هەڵئاوساوی ژێر زەویین ،قەدی خەپلەیین لەناو زەوی گەشە دەکەن،خۆراکی تێدا کۆدەکرێتەوە، لەناو خاکدا گەشە دەکات، بۆ زۆرکردنیش بەکاردێت.
**پیازەخووگانە:** پیازی دەشتێ،پیازە مشکانە.

**پیتمۆس:** ناوەندێکی بەخێوکردنی رووەکە ،لە پاشماوەی رووەکی ئاوی و هەندێ گیایی گیای دەریایی دروست دەبێت، رەنگەکەی قاوەییەو لە کێش دا سووکە.
**پیتێن**: بریتیە لە کرداری پیتاندنی هێلکۆکە لەلایەن گەمیتی نێرەوە، تۆو دروست دەبێت.
**پێخور:** ئەو خواردنەی لەگەڵ نانی دەخورا لەلایەن شوان جۆتیار و سەپانەوە لەکاتی کارکردن وە ماست و پەنیر و قەسپ و خورما.
**پێخوست:** بەو قەسەڵ و پووش و پەڵاشەی دەگوترێ لەناو پەرێزێ لەپایزان بەهۆی باران تەڕدەبێ، ئاژەڵ نایخوات.
**پێخوست:** بەو قەسەڵ و پووش و پەڵاشانە دەگوترێت لە مانگی پایز لەناو پەرێزێ بە هۆی باران بارین تەڕ دەبن. ئاژەڵ حەز بەخواردنی ناکات.
**پیرخەنی** : خواردنێکی کوردەواری کۆنە لە وردەساواری بن بێژینگی دروست دەکرێ، وەک شلەساوار لێ دەدندرێت.
**پیرۆک:** پیرەلۆک: داری رزیو.
**پیرەکەو**: کەوێك تەمەنی لە ٥ ساڵ زیاتر بێ.
**پیرەمەڕ**: تا شەش زگان (ساڵان) مەڕ بە گەنج دادەندرێت ، دوای ئەوە ئەگەر مەڕیکە ددانی بکەوێت بە پیرە مەڕ دادەندرێت.
**پیشەقان**: ئامرازێکە بۆ هەڵکەندنی رووەکی بچووکی ژێر زەوی وەک کەنگر و کاردی و پیفۆک ، بۆ خۆی دارێکی درێژی یەک مەتری شیوە خڕە دەمێکی ئاسنی پێوە دەبەسترێ بۆ هەڵکەندنی رووەکی ژێر زەوی.
**پیک بڕە**: کرمێکە لە گەنم دەدات و قەفی گەنم دەخوات و دەیشکێنێتەوە.
**پیک**: قەدی لوولەیی ناو بۆشی رووەک .
**پێکۆرە**: بەکرداری لابردنی خۆڵ دەگوترێ لەلایەن پەلەوەی وەک مریشک کاتێ بۆ دان و تۆو دەگەڕێ لەناو زەوی.
**پێکۆڵ:** رووەکێکی خۆڕسکە بەزەویدا دادەکشێ، بەرێکی دڕکداری هەیە لە پێ و لەش دادەچێ.
**پیلەوار**: داری ئەستوور و وشکبوو.
**پێمەڕە:** بێڵ ، ئاسنێکی دەم تیژە و شێوەی لە سێگۆشە دەچێ، دەسکە دارێکی درێژی مەتر و نیوی پێوەیە ، دارێکی ٢٥ سم ناو کون کەدارە درێژەکەی بەناو دادەچێت پێی دەڵێن ئەسپەرەی پێوەیە.
**پیوپا**: قۆناغێکی گەشەی ژیانی مێرووە دەکەوێتە نێوان کرمۆکە و مێرووی تەواو.
**پێورە:** دوا بەرزی رووەکی وێنە پێی دەڵێن پێورە، کەچیتر بەرزنابێتەوە.
**پێوەندکردن**: موتربەی پەلی( قەلەمی).
**پەپکە**: خەپڵە
**پەپکەمێو**: خەپڵەمێو، ئەستوورکی هەنگوین.

**پەپکەی جی فی سێڤن:** پەپکەیەکی خڕە و بەقەدەر دینارێکی ئاسن دەبێ بەڵام پڕیەتی لە بیتمۆس، کە لەناو ئاو دەندرێ ، هەڵدەئاوسێ و گەورەدەبێت، تۆی دەگمەنی لەناو دەچێندرێ.
**پەترمە:** موتربە .
**پەڕ:** تووکی باڵی باڵندە و پەلەوەر.
**پەڕەی گوڵ:**پەڕی ڕەنگاو ڕەنگن بەبازنەی دووەمی دەورەی نێرەک و مێیەکی گوڵ دادەندرێت.
**پەراغ:**کێڵگەیەک کە گیاو پووشی زۆربێت، لەوەڕگایەکی باش بێت.
**پەڕپەڕۆك:** پەپوولە
**پەرژین:** دیواری باخچە بە رووەک یان بەتەل .
**پەرشت:** گەنمێکی رەنگ سوور بوو وەک برنج لەناو قەپێلک بوو، دەهاڕدرا وەک ساوار و دەکرا چێشت.
**پەڕك** : زڕە دار ، داری بێ بەر.
**پەڕکۆڕ**: جۆرە هەڵۆیەکی ڕەشە و بن باڵی سپییە.
**پەرواز**: چوارچێوەی دارینیین بۆ راگیرکردنی مێوی هەنگ بەکاردێن.
**پەرۆشە:** پەڵۆشە، بنکە رووەکێکی ئەستوور و درێژ و قژقژاویە، لەزەوی دەردەهێندێ ، ئاگری پێ دەکرێتەوە.
**پەرێز:** ئەو زەوییەیە کە گەنم و جۆی دروابێتەوە ، تەنها قەسەڵەکەی مابێت.
**پەرێزە:** رەنگبوونی رووەک بە رەنگی کا.
**پەڕین**: چاککردن ، بریتیە لە کرداری گواستنەوەی دەنکە هەلاڵە لە پۆڕگەوە بۆ کۆسپی رووەک. یان پەڕینی ئاژەڵی نێر بۆ سەر ئاژەڵی مێ.
**پەڕەمووچە**: ڕیشوو : پەڕی پەلەوەر وەک مریشک و کۆتر و.....
**پەڕەوازە**: پەڕوباڵ دەرکردن بۆ باڵەفڕە.
**پەژمووردە:**پەژمردە، سیس و ژاکاو و لەگەشە وەستاو.
**پەستاو**:ئاوی دانەوێڵەی کوڵاو.
**پەسیرە**: بەرسیلە ، هاڵە، ترێی پێ نەگەیشتوو.
**پەل** : قەلەم، سنگی رووەک ، لقی بچووکی داری بڕاو کە بۆ چاندن بشێ.
**پەل لە ڕەگدان**: جۆرە موتربەیەکە کە قەلەم لەسەر رەگ لێ دەدرێ.
**پەل لە قەددان**: جۆرە موتربەیەکە کە قەلەم لەسەر قەدی ڕووەک دادەندرێت.
**پەلک:** گەڵای دار
**پەلکۆکە**: گەڵاچکۆکە، گەڵای بچووک.
**پەللێدان**: موتربەی بەقەلەم ، پێوەندکردن.
**پەلوەچکردن**: چرۆدەرکردن ، گۆپکەکردن،
**پەڵە**: بەڵەک، بوونی گەڵای رووەک ، نەخۆشییە.

**پەنجەوانە:** دەستکێش (بۆ کاری هەنگەوانی)
**پەنجەی مریەم:** چەنگی مریەم ، بخوری کوردەواری.
**پەنگاو:** ئاوێک لەشوێنێک قەتیس مابێ واتە کۆ ببێتەوە ، پەنگی خواردبێتەوە و گەڕابێتەوە.
**پەنیر:** بەرهەمێکی شیریە ، شیر تێکەڵ دەکرا لەشیلکەی وشکی گۆلک و دەنکە مێخەک و دەنکەک شەب و دوودەنک گەنم و تۆی گندۆرە و توێکڵەکی پرتەقال ، بۆماوەی سێ ڕۆژ لە ناو ئاوەکی شیرتێن دەکرا، دوایی بۆماوەی دوو سەعاتێک سەری شیرەکە دادەپۆشرا و دوایی خوێی تێ دەکراو دەکوڵێندرا و دەبووە گڵمت ، ئنجا ئەو گڵمتانە لەناو جۆڕکی قوماشی خام دەکرا و دەگووشرا تا خڕ دەبوو و دەبووە سەلکو پێییان دەگوت سەلکە پەنیر و دەخورا.
**پەنیرە:** بریتیە لە توند و ڕەقبوونی شیری ناو دەنکی گەنم و جۆ .
**پەیکوڵ:** خڕنووک
**پەین:** کوود.
**پەینکردن:** پەین پێدان بە ڕووەك ، پترکردنی توخمە کیمیاییە گرنگ و پێویستییەکانبەڕی پێویست بەشیوەی گونجاو، بۆ ڕووەک لەخاک .
**پەینی سەوز:** سەوزەپەین : بریتیە لەو گیاوگۆڵەسەوزانەی کەلەسەرزەوین و لەگەڵ کێڵان تێکەڵ بەزەوی دەکرێن بۆ ئەوەی شی ببنەوە لەناو خاک و رووەکی سەرەکی دوایی سوودی لێ ببینی.
**پەینی کیمیای:** کوودی کیمیایی،کە بە پلەی یەکەم لە نایترۆجین و فسفۆڕ و پۆتاسیۆم پێک دێت، لەگەڵ توخمەکانی تری پێویست بەپلەی کەمتر. بەخەوی دادەکرێت بۆ گەشەی رووەک.
**پەینی کیمیایی سادە:**ئەو پەینانەن تەنها یەک توخمە خۆراکی گەورەیان تێدایە وەک یۆریا
**پەینی کیمیایی ئاوێتە:** ئەو پەینانەن دوو توخم یان زیاتر لە توخمە گەورەکانی تێدایە.
**پەینی ئاژەڵی :** پاشەڕۆی ئاژەڵ وەک قشپڵ ریخ و تەرس و جیقنە هارراوەی ئێسک و خوێنی وشککراوە. بەڕێژەی جودا لەگەڵ خۆڵ تێکەڵ دەکرێ و رووەکی لەناو دەچێندرێ و بەخێو دەکرێ.
**پەینی ئەندامی** :پەینی ئۆرگانی ، گشت مادەیەک دەگرێتەوەکەسەرچاوەکەی ئۆرگانی بێت وەک پاشیڕۆ و پاشماوەی گیانلەبەرو ڕووەك.

## ت

**تاج:** بەو شوێنەی قەد دەگوترێت،کە ٥٠-١٠٠سم بەرزترە ، لەچاو خواروو و سەرووی خۆی ئەستوورترە.لەکاتی قەدی درەختی بەتەمەن بەدەردەکەوێت.
**تافتا:** ئامێرێکی وەک بێژینگە بەس بچووکترە و کونەکانی زۆر وردن بۆ لەبێژینگدانی ئارد بەکاردێت.
**تاڤال:** گەڵای دارخورما.
**تاقان:** زەوییەک بەرزایی و نزمایی تێدابێت ، زوورگێکی نزم .
**تاقران:** زەوییەک ڕاست و تەخت بێت.
**تاقلە:** باتسکە، هەنجیری پێنەگەیوو.
**تاڵ:** جۆرە تامێکی خواردنە پێچەوانەی شیرینە.

**تامان:** تەیمان ، پەرژین، دیوار دروستکردن بە قامیش و رووەکی دڕکاوی بەدەوری باغ ، بۆ ئەوەی گیانەوەر نەچێتە ژوورەوە.
**تامووسک:** داموسک، داوی کلکی ئاژەڵی یەک سم وەک ماین و ئەسپ و ئێستر و گوێ درێژ.
**تانۆك:** غەری لەدار دروستکراو بۆ مەڕ تێکردنێ .
**تخوب:** تخوم ، سنووری زەوی.
**تڕخێنە:** خواردنێکی کۆنی کوردەواریە، گەنم و سلق و دۆ تێکەڵ دەکرا و دەکوڵێندرا و دوای ساردبوونەوە دەخوردرا.
**ترش:** جۆرە تامێکی خواردنە .
**ترش:** سماق، بەری داری سماقە.
**تروندی :** تەرە، پەڕیدە ، سرک، باڵندە و ئاژەڵی کە بۆ مرۆڤ دەستەمۆ نەبن.
**ترۆپکە کووشە:** سەری لقی یەک ساڵە لەناو خۆڵێ شێدار دەشآردرێتەوە.
**ترۆم:** جۆر ، تەرز .
**ترێی مارانە** : رەزرەزۆک، ترێی ورچ.
**ترەک:** ترەکی: زانی سەگ و پشیلە : بێچووبوونی ئاژەلی وەک سەگ و پشیلە.
**تسقل:** جۆرە بەرێکی مازووە.
**تڵپ:** سلپات، توێکڵی تەماتە و ترێ و میوەی گوشراو، کەدەخورێ هەرس نابێ، چونکە سلیلۆزییە.
**تلیاک:** تریاک، شیراوگەیەکە لە بەری گیای خەشخاش دەردەهێندرێ ، بەڵام کێشانی زۆر خراپ و زیانبەخشە .
**تلیمار:** توول ، شوولک کە لقی داری باریکن بۆ سەبەتە بەکاردێت.
**تەڕاس** : درەختێک لق و چڵی زۆربێ ، لەتەنیشتی بڕوێ.واتە شیلە یانە سەرەتان.
**تەڕاش** : دەوەنی چڕ و پڕ ، **قنچکە داری گەورە و بەباوش** .
**توخم** : رەگەز ، نەوە ، لە تۆوی پەیدابوو (توخمەسەگ).
**توخمە دەگمەنەکان:** توخمە بچووکەکان، وەک (ئاسن و مەنگەنیز و کلۆر و بۆرۆن) ، بەڵام ڕووەک بەبڕێکی زۆر کەمی لەو توخمانەی پێویستە ، بەڵام بۆ گەشە گرنگن.
**توخمە سەرەکیەکان:** هەر سێ توخمی(کاربۆن و ئۆکسجین و هایدرۆجین) دەگرێتەوە کە لە هەواو و ئاودا ڕووەک بەدەستی دەکەوێت
**توخمە گەورەکان:** توخمە بنچینەکانی گەشەی ڕووەك ، هەر سێ توخمی (نایترۆجین و فسفۆر و پۆتاسیۆم) دەگرێتەوە. کە زۆر پێویستن بۆ گەشیی ڕووەك. کە ڕووەک زیاتر لەخاک بەدەستی دەکەوێت.
**توخمەزۆربوون:** ناسەوزەزۆربوون، زۆربوونێکە بەهۆی تۆوی رووەکە دەبێت، کەکۆرپەلەی زیندوویان تێدایە.

**توخمەلاوەکییەکان**:چوار توخمن (کالسیۆم و مەگنسیۆم و گۆگرد و سۆدیۆم) ڕووەک بە بڕێکی باش پێویستییەتی ، بەڵام بە بڕێکی باش لەناو خاکدا هەن ،یان لە گەڵ توخمە گەورەکان دەدرێنە خاک.
**توز**: موتربە.
**تووتک**: گوجیلە، تووتکە سەگ، توولە سەگ. بێچووە سەگ.
**تووتنەوان**: کەسێک کاری تووتن چاندن بکات.
**توورە**: پەل ، لقی درەخت.
**توورەگە**: توورەکە، کیس ، بۆ تێکردنی خۆڵ بۆ چاندنی تۆو قەڵەم.
**توورەلەم**: گوڵەگەنم و جۆ هێشتا لە قەدی نەهاتبیتە دەرێ، دەڵێن گەنمەکە هێشتا نێرنەبووە.
**تووز**: چووز، وەچ ، لق.
**تووزەلە**: کەنگری پێ نەگەیوو.
**تووشەرە**: داری توو بەر لەوەی گەورە ببی و تووبگرێ ،واتە بەگەنجی بەرێک دەگری لەتوو بچووکترە پێی دەڵێن تووشەرە.
**تووک**: پەڕی نەرم و بچووکی پەلەوەر.
**تووک**: تیسک: مووی کورت: وەک دەڵێن تووکی کەر و سەگ و پشیلەو بەراز و مریشکو پەلەوەری دیکە.
**تووکەحەرامە**: تووکە مردارە: ئەو تووکەی بەبێچووی باڵندەوە وەدەبی، کاتی لەهێلکە دێتە دەر، دوایی فڕێی دەدات و تووکی ڕاستەقینەو هەمیشەیی لێدێت.وەک لە چۆلەکە.
**توول** : لقی ناسکی باریک زیاتر بۆ رووەکی خۆهەڵواسەر دەگوترێت.
**توولکێش**: کووشەکردن.
**توولە**: بێچووی ئاژەڵ کەشێوەی باریک بێت زیاتر بۆ سەگ و مار بەکار دێت (توولە سەگ ، توولەمار). سەگی باڵاکورت و باریک.
**توولەمێو**: لاسکی مێوی ناسک و تازە گەشەکردوو ، کە شیوەی باریکە و لوول خواردووە، خۆی بەشت دەبەستێتەوە.
**توونێلی نایلۆنی**: توونێلی پلاستیکی، وەک خانووی نایلۆنیە ، بەڵام بچووکترە و زەوییەکەی بۆ چاڵ دەکرێت ، سەرەکەی بە بەتەلی ئاسنی نیوە بازنەیی تەل ڕێز دەکرێت و بە نایلۆن دادەپۆشرێت. زیاتر بۆچاندنی تۆوی سەوزەوات بەکاردێت.
**توێژ**: ئەو بەرگە تەنکەی سەر شانەکانی ڕووەک.
**توێژ**: ئەو چینەی شیر لەکاتی کوڵان پەیدادەبێ، یان لەچینی سەرەوەی ماست کۆدەبێتەوە.
**توێشک**: تۆشک
**توێك**: نیان
**توێکڵ**: توێژاڵ ، گەفر، قەپێلک،چینی دەرەوەی قەدی رووەک کە ئەستوور و پتەوە.
**تۆپ**: چەپک (تۆپە گوڵ ، چەپکەگوڵ).

**تۆپین:** مردنی ئاژەڵی وەک سەگ و کەر و ئەسپ و بارەبەری تر ،ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت.
**تۆخم:** جەرەزات: تۆوی رووەکی برژاو کەبۆخواردن بەکاردێت.
**تۆدەر:** تۆوەشێن.
**تۆڕ:** داوێکە بۆ ماسی و پەلەوەرگرتن بەکاردێت.
**تۆراخ:** تۆراغ، ماست یان دۆیەک لەناو کیسە توووند ببێ و ئاوی نەما بێت. دۆی خەست.
**تۆفک:** تۆ، وەک بەری گوڵەبەڕۆژە و کوولەکە کە دەخورێن.
**تۆفل:** توێکل
**تۆقڵە:** گۆپکە ، چرۆ.
**تۆڵکەو روون:** خواردنێکی کۆنی کوردەواریە تۆڵکەیان لەناو رۆن دەکرد و دەیانکوڵاند و دوایی دەیانخوارد، هەروەها تۆڵکە بەساواریش لێدەندرا ، تۆڵکەی ورد لەسەر سێڵێ دەبرژێندرا .
**تۆم**:تۆماو، تۆوی گیانەوەر کە دەبێتە هۆی وەچەخستنەوە پاش یەکگرتنی لەگەڵ هێلکەی ئاژەڵی مێ.
**تۆو**:بەشێکە لە رووەک کە لەگوڵ پەیدابێت و کۆرپەلەی زیندووی تێدایە و رووەک پێی زۆردەبێت.
**تی تی:** وشەیەکە بۆ بانگکردنی مریشک و پەلەوەرە.
**تێشوو:** خواردنی هەڵگیراو بۆ کاتی پێویست، وەک ئەو خۆراکەی لەناو تۆوی رووەکە لە کاتی چەکەرەکردن کۆرپەلە سوودی لێ وەردەگری.
**تێکەڵەپەڕین:** پەڕینی نێوان دوو گوڵی نێر و مێی دوو درەخت یان هی دوو لق.
**تەبارە:** گەنم و جۆی پێگەیشتوو لە ناو کێڵگە، کە نەدوورابێتەوە.
**تەبەش:** مەڕی دەم و چاو ڕەش ی نێوچەوان سپی.
**تەپاڵە:** سەرگین ، تەپکەریخ .شیاکەی وشکبوو.
**تەپشوو**: تەوشی، ئامرازێکە بۆ هەڵکەندنی خۆڵ و دار لێکردن و وردکردن ، سەرێکی ئاسن پان و **تیژ** دەسکێکی داری پێوەیە ،لە قەبارەی چکوچێکی گەورەیە.
**تەپکە** :تەپاڵە،ریخی وشکبوو،تەپکە ریخ،پاشماوەی چێل کە وشک دەبێتەوەو هەڵدەگیرێ بۆ سووتان
**تەپکە:** جۆرێکە لەداودانانەوە بۆ گرتنی نێچیری باڵندە، چاڵێکی بچووک لێ دەدەرێ، بەردێکی پان بەهۆی دارێکەوە بەلاری لەسەر چاڵەکە بەنیمچەوەستاوی جێگیر دەکرێ،داوێکی باریک و درێژ لەدارەکە دەبەسترێ، سەرێکی لەلای ڕاوچیەکە دەبێت، تۆزێ گەنم دەخرێتە چاڵەکە تا باڵندەی وەک سووسکە و کەو بێن بیخۆن ،کاتێ باڵندەکە چووە ناو چاڵەکە بۆ خواردنی دانەکە ، راوچیەکە داوەکە ڕادەکێشی و بەردەکە دەکەوێتە سەر کونی چاڵەکە و سوێسکەکە دەگیرێت.داوەکە.
**تەپڵەسەر:** تۆقەسەر.
**تەپەدۆر** وەک سندوقی دارە ، بەڵام ناوەکەی خانە خانەی بچووکە پڕ دەکرێن لە پیتمۆس بۆ چاندنی تۆوی رووەک بەکاردێت ، لەناو خانووەکانی چاندن.
تەخت: کۆتایی سەرەوەی لقی گوڵ هەڵگرەو هەڵدەئاوسێت.
**تەڕادانێ:** غارغارێنی ئەسپ و ماین و گوێ درێژ : پێشبڕکێ.

**تەرازن:** مێرگی زۆر ئاودار.
**تەڕاش:** دەوەن: پنچکە داری لق و پۆپ زۆری باڵا نچووک.
**تەراف:** کونار، لقی وردو بێبەری دارمێو.
**تەڕاوز:**تەڕاوس، چاندنی دانەوێڵەی وەک گەنم و جوا دوای باران بارینێکی باش.
**تەربیش:** پاچەکۆڵە ، شلکردنەوەی خاکی دەوروپشتی ڕووەک .
**تەرت:** دارستانی دەستکرد.
**تەرز:** پۆل ، جۆری رووەک.
**تەرز:** توول ، شاک، ئەو بەشەی رووەک کە خۆ بە شتێک هەڵدەواسێ، وەک تەرزی مێو و لاولاو،...
**تەرزە:** تەزرە، بارینی باران بەشێوەی دەنکۆڵەی خڕ و بەستوو .
**تەرس:** پاشەڕۆی وڵاغ وەک ئەسپ و ماین و ئێستر.
**تەرسەقول:** قەرسەقول: پاشەڕۆی گوێ درێژ.
**تەڕك:** لق و چڵی یەک ساڵەی ناسک و تەڕ. شوولکەدار.
**تەڕکردنەوە:** دوای نەورۆزی یان ١٥ رۆژ دوای بەهارێ مەڕ دەبردرێتە لەوەڕگا تاگیای سەوز بخوات، ئەو کاتە مەڕ لە زانێ دەبتەوە ، مەگەر تاک تاک نەبێت.
**تەڕلان:** تەوار، بازی مێیە.
**تەرووەندە:** نۆبەرەی گوڵ و میوە.
**تەرە:** باڵندەو ئاژەلی دوور لە هێلانەو بێشەی خۆی ، باڵندەی ئاوارە، لەشووێنی خۆی دوورکەوتوو.
**تەڕە:** میوەی بە ئاو و تەڕ
**تەڕەبار:** باری میوەی بێستان.
**تەرەبوون** : سرک ، توروندی. ئاژەڵێکی کێوی ماڵی نەبێ و مرۆڤ ببینێ و دووربکەوێتەوە لێی.
**تەڕەپیاز:** پیازی تەڕ بەگەڵا و لاسکەوە.
**تەڕەحەلوا:** خواردنێکی کۆنی کوردەواریە لە ئارد و رۆن و شەکر و خوێ و ئاو دروست دەکرا ، دەکوڵێندرا و دوای ژنی تازە منداڵ بوو دەیانخوارد، تا شیری زۆر بێت.
**تەڕەساز:** خواردنێکە وەک تورشیات ژن لەماڵەوە دەیانکرد، لە گەنمەکوتاو و شێلم سەلک و گەڵاکەی ورد دەکراو هەویر و خوێشی پێدا دەکرا ٥-٦ رۆژێک پێکەوە بەتێکەڵاوی دەیانهێشتەوە ، دوایی وەک تورشیات دەیانخوارد لەگەڵ چێشت.
**تەڕەکار:** تەڕاوز، کێڵان و چاندنی زەوی پاش باران بارین.
**تەڕەکاڵ:** تەڕەفرۆش، میوە فرۆش.
**تەڕەکاڵ:** تەڕەکێش، دوای بارینی بارانی پەڵەی پایز بە ١٥-٢٠ رۆژ زەوییەکە دەکێڵدرێت، تا گژوگیای زیان بەخش لەناوببرێت.
**تەڕەماست:** کەرە ، سەرتوێژی ماست.
**تەڕەوار:** میوەی تەڕ و تازە.

**تەزرەکوت:** دانەوێڵەیەک تەرزە بیکوتی و بیکەوێنی و زیانی پێبگەیەنێ.
**تەس:** وشەیەکە بۆ وەستان و کشانەوەی ئاژەڵی بارەبەری وەک گوێ درێژ بەکاردێت.
**تەڵاش:** تەلەزگی تەنکی دار، توێژاڵی تەنکی درەخت.
**تەلبەند:** پەرژینێک لە تەل دروست کرابێت.
**تەڵە:** ئامرازێکە بۆ گرتنی ئاژەڵی کێوی گەورە بەکاردێت.
**تەلەسمە:** کرمی نۆک .
**تەمۆخ:** پارچە بەردی لم نیشتوو.
**تەنکاو:** زەوییەک ئاوی بەتەنکی لێ بووەستێ.
**تەنککردن:** سووککردن ، کەمکردن ، کرداری هەڵکێشانی ئەو نەمامانەی کە زیاد لە دانەیەک لەیەک چاڵ شین بوونە ، تەنها یەک دانە دەهێڵدرێتەوە.
**تەنگەنەفەسی:** هەناسەتەنگی.
**تەوار:** بازی مێیە.
**تەور:** تەپشوو، ئامرازێکە یەک دەوە بۆ بڕینی قەدی دار بەکاردێت.
**تەورداس:** هەر تەورە بەڵام دەمەکەی کەمێک چەماوەیە لەشێوەی داس، بۆ بڕینی قەدی رووەک بەکاردێت ، بۆ گۆشت وردکردنیش.
**تەوسکە:** تەویسکە، بەری هەنجیری کیوی زۆر بچووکە بەس شیرینە
**تەوقەتە:** تاوقەت، پارچە زەوییەک کە شینا وەردکراوە.
**تەویلە:** شوێنی بەخێوکردن و حەوانەوەی گوێ درێژ و وڵاغ.

## ج

**جاڕ:** پەرێز، زەوی نەکێڵدراو، شوێنی ڕووەکێکی تایبەت وەک (نێرگزەجاڕ)
**جاڕو جڕ:** جاڕەوجاڕ: زەوییەک دووساڵ لەسەر یەک بکرێ بەگەنم.
**جاف:** ڕووەکێکی ئاوییە گوڵێکی وەنەوشەیی دەگری.
**جدەو:** جەدەو، جدەوبوون: ئەستووربوون و بریندارbوونی پشت و شانی وڵاخ لەبەر کورتان و زین و باری گران. لێی پیس بێت و چاک نەبێتەوە. ( فە . خا)
**جریت بازی:** ئەسپ سواری ، غارغارێن بە ئەسپ.
**جریوە:** دەنگی مەل .
**جگ:**ئەو پارچە ئێسقانەیە دەکەوێتە نێوان ئێسکی رەفیزی قاچی پشتەوەی ئاژەڵی وەک گا و چێڵ و گورگ و سەگ (هی گورگ پێشتر منداڵ یارییان پێ دەکرد پێیان دەگوت جگانێ)
**جمکە:** دووانە .
**جنجڕۆک:** نینۆکە درێژەکانی سەگ و پشیلە و باڵندەی وەک باز.

**جەلەب:** مێگەلی مەڕوماڵاتە بۆ فرۆشتن ئامادەکراوە. هەموو جۆرە مەڕو بزنەکی تێدایە قەڵەو ولاواز ، گەورە و گچکە.
**جەوبڕ:** بەو کەسە دەگوترا بە مقەسێك () خوری و مووی بزنییان دەبڕیەوە . پێشی دەگوترا هەورینگ.
**جوڕە:** بازی نێرە.
**جوغرد:** شوێنی قامیشەڵانی چڕ.
**جووت:** جۆت، زەوی کێڵان.
**جووتیار:** جۆتیار، جووتێر، کەسێک زەوی بکێڵێت، بەڵام ئێستا بەو کەسە دەگوترێ کە کاری کشتووکاڵی دەکات.
**جۆبار:** جۆگە .
**جۆخین:** خەرمان.
**جۆتە:** لێکردنەوەی ئەو لقانەی کە لە قەدی سەرەکی تووتنەکە دەردەچێت.
**جۆزەردان:** سێهەم مانگی کوردیە، لەو مانگەدا جۆ زەرد و وشک دەبێت.
**جۆشیرە:** جۆشیلە: فەریکە جۆ ، جۆ کاتێک دەنکەکانی شیری دەکەویتە ناوی. منداڵ و تەنانەت گەورەش دەنکەکان دەخۆن.
**جۆگە:** دێراو.
**جۆم:** گۆم، پارچە زەوییەکی بچووک بەهۆی ئاوی بارانەوە هەڵدڕابێ و ئاوی تێدا کۆببێتەوە.
**جۆماڵ:** جۆماڵکردن، خاوێنکردنەوەی جۆگەی ئاو لە قوڕ و لیتە.
**جۆمیلکە:** ترێی ناو باخێکی ئاوی کەمێک لە ترێی رەز و دێمی بچوکترەدەنکی کەمترە.
**جۆمیلکە:** جۆمی بچووک ، گۆمی بچووک .
**جۆنی:** سەندۆڵ: بەردێکی گەورەیە ناوی هەڵکلۆلدراوە گەنمەی پێ دەکوترێ
**جێرە**:ڕەوسە، جۆخین یان خەرمانی دەغڵ و دان پاککراو.
**جیقڵدانە:** سیقەتۆرەی باڵندە.
**جیقنە:** ڕیقنە، پاشەڕۆی پەلەوەری وەک مریشک و قاز و مراوی و عەلەشیش و کۆتر.
**جەڕەتاو:** پاشاو، ئاوێک لە وەختی ئاودێری لەزەوی دەردەچێت.
**جەفت** : جەوت، کڵاوی سەر بەڕوو، بۆ تاڵدان و خۆشکردنی پێستەی کوندە و مەشکە بەکاردێت.
**جەفت:** جەوت، بەری داری مازووە، لووسە وەک جەفتی بەڕوو گرنج گرنج نییە.
**جەلی:** بەو پێکهاتە دەڵێن کە مادەی شل لەناو ڕەق بڵاو دەبێتەوە.
**جەلەکردن:** بەستنەوەی چەند ماین و ئەسپێك پێکەوە بەیەک .
**جەنجەڕ:** ئامرازێک بوو گەنم و جۆی درواپەی پێ ورد دەکرا.
**جەو:** مقەسی بڕینی موو و خوری مەڕ و بزن.
**جەواڵ:** وەکو گونیەیە بەڵام گەورەتربوو لە مووی بزن دروست دەکرا.

**جەوان:** بەو جووتیارانە دەگوترا کە ئیشییان لە چاندن و پەروەردە و دروێنەی برنج دەکرد، بەبراگەورەی جەوانەکانیش دەگوترا باشجەوان، واتە سەرپاڵە.
**جەوپر:** بەو کەسە دەگوترێ کە هەڵدەستی بە بڕینی موو و خوری بزن و مەڕ.
**جەوشەن:**نەخۆشییەکە لە وڵاغ دەدات قوڕگی دەهێنتەوە یەک.
**جەوی:** کەتیرە .
**جەوەندە:** کوندەی ئاو کە دەدڕی بچووک دەکریتەوە شوان لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ ئاو خواردنەوە.

## چ

**چاربیستان:** چواربیستانی،زەویی شێداری دەم رووبار، لە مانگی ئاب تۆوی شووتی و کاڵەکی لێ دەچێنن.
**چارپێ:** چوارپێ، ئاژەڵ ، وڵاغ
**چارداخ:** کەپرێکە لەناو بێستان دروست دەکرێت.
**چارەوێ:** ئاژەڵی بارەبەری وەک ماین و ئەسپ و ئێستر و گوێ درێژ.
**چان:** ئامێرێکی کۆنی کشتووکاڵی بوو جووتیاری کورد بەکاری دەهێنا بۆ گێرەکردن و کوتانی گەنم و جۆ.
**چاندنگە:**شوێنێکە بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی .
**چاندنەوە** : لێدانەوە، دووبارەچاندنەوە، چاندنەوەی ئەو چاڵانەی کە تۆیان تێدا نەڕواوە لەدوای ١٥-٢٠ رۆژ لە چاندن.
**چاو:** گۆپکەی پەتاتە.
**چاوگە:** گورزەیەک لە چیلکە داری وشک ، ئاگری پێ خۆش دەکرێت.
**چراوگ:** بریتیە لەشیرداری ناسکی دار بەڕوو، بە تەشوو سەرەکەی دەکوترێ وەک دار سیواکی لێ دێ ڕیشاڵ ڕیشاڵی دەبی لەزستا ن بۆ داگیرساندن بەکاردێت لەناو گەوڕی ئاژەڵ.
**چرگەن:** زەوییەک پڕ گژو گیا و فریز بی بەزەحمەت بکێڵدرێ.
**چرنووک:** ڕنۆکی پێی باڵندە.
**چرۆ:** گۆپکەی دار لەپێش دەرکردنی گەڵا.
**چزوو:** نووکێکی تیژە وەک لە مێش هەنگوین و زەردەواڵە و دووپشک هەیە بە گیانەوەری بەرانبەری وەدادت ، بۆ خۆپاراستنە .
**چزیلک:** بەو پارچە دوونگانە دەگوترێت،کە هەڵچزاون و چەورییان پێوە نەماوە.
**چقڵ:** دڕکی گەورەی دارودرەخت.
**چقە:** پەنجەیەکە لە پێی کەڵەشێر پەیدادەبێ، دوای تەمەنی یەک ساڵی.
**چک:** چکی کرد، وشکی کرد کانیەکە چکی کرد ، واتە هیچی تر ئاوی لێ نەهات.
**چکە چکە**: تکە تکە تکی ئاوێ، لە شاخێکی بن بۆش ئاو تک تک بێتە خوارێ.
**چڵ:** لقی ناسکی تازە دەرچوو.

**چڵمەڵە:** گوێزێک تازە ناوکی کردبێت.
**چلوورە:** سەهۆڵێکە بەزستان بە گوێسەبانەدا شۆڕ دەبیتەوە.
**چلوان:** بە چلەی گەورە و چلەی بچووکی زستان دەگوترێت، چلەی گەورە (٣٠ ڕۆژی مانگی یەکەمی زستان لەگەڵ دەڕۆژی هەوڵی مانگی دووەمی زستان) ، چلەی بچووک (٢٠ ڕۆژی دوایی مانگی دووەمی زستان)، کە ساردترین ڕۆژەکانی زستانە.
**چلەبڕ:** هاتنەوەی حاجی لەقلەق لە زستان دوای چلە بەڵام پێش وادەی هاتنەوەی خۆیەتی کەسەرەتای بەهارە.
**چنین:** ڕنین، وەک کۆکردنەوەی بەرهەمی لۆکە ، بەری درەخت.
**چواڵە:** بادەمی پێنەگەیشتوو.
**چوشتیر:** نێر یان مێی بزن تەمەنی لەنێوان ساڵێک یان دووساڵە.
**چووز:** لقی شین بوو لەسەر گۆپکەی شوێنی موتربە.
**چووزکردن:** پەیوەندکردن ، موتربەی قەڵەمی.
**چووزەرە:** چەکەرەکردنی ڕووەک.
**چۆرین:** ڕووەکێکی گیاییە لە چیاکان دەڕوێت، گوڵی جوانە.
**چۆغەڵە:** بەرگە چەڵتووک
**چیچەك:** گوڵ ، گوڵی بچووک .
**چیڕدۆ:** چڕدۆ، ئاژەڵێک لە کاتی دۆشین بەزەحمەت شیر بدات.
**چیل:** ماکەو، کەوی مێیە
**چیمەن:** مێرگێک سەوزایی دایپۆشێ، رووەکی فریز کە سەوز و نەرمە بۆ داپۆشینی زەوی بەکاردێت تا هەمیشەسەوز و جوان بێت.
**چینپۆش:** شاردنەوەی تۆوی رووەکە میوەجاتە توێکڵ بەردینییەکانی وەک خۆخ و قەیسی و ئالوبالوو زەیتوونە، لەناو لمی تەڕو لەکەش و هەوای ساردی نزیک پلەی سفری سەدی. بۆ ماوەی ٥٠-٩٠ رۆژ تا توێکڵەکەی بڕزێ و کۆرپەی ناوی شین بێت.
**چێوار:** کەسیک مەرو مالات دەکری و دەفرۆشی
**چەپک:** قامک: دەسکێک لەرووەکی دووراوە یان گوڵی لێکراوە.
چەرخووس: وەک قەرەخەرمان کەدەکرێتە قاویت ، بەڵام ئەمەیان بە گولی جۆ دەکرێت.
**چەرم:** پێستی گیان لەبەر.
**چەروان:** لەوەرگا
**چەشە:** خواردنێکە لەسەر تەڵە دادەندرێت بۆ ئەوەی نێچیر بیخوات و بەتەڵەوە ببیت.
**چەشەخۆر:** گیاندارێک چەشە بخوات و بەتەڵەوە نەبێت.
**چەغە:** وشەیەکە بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەی سەگە.
**چەقاڵە:** فەریکە بادەم.

**چەقەن** : چەقین: ڕەقەڵان، ئەو زەوییانەی بەردی زۆر تێدایە.
**چەکەرە** : تۆو کە تازە سەردەردێنی و شین دەبێ.
**چەلاو**: ئاوی گۆشت، گۆشتاو.
**چەڵتووك** : برنج بە توێکڵەوە، کە هێشتا لەناو قەپێڵکی دەرنەهێندرابێ و نە کوترابێ.
**چەمووش**: گوێ درێژ و وڵاغی لاسار و سەرکێش، وڵاغێک نەهێڵێت مرۆڤ لێی نزیک بێتەوە.
چەمەن زار: سەوزایی ، مێرغوزار شوێنێ کە گیاو سەوزایی هەبێت.
**چەندێتی:** ژمارەی شتەکە وەک ژمارەی تۆوەکە یان ژمارەی بەرەکە....
**چەوتەک** : کوشەکردن ، شاردنەوەی لقێکی ڕووەک لەناو خاکی شێدار بۆ ئەوەی ڕەگ دەربکات.
**چەولنگ**:چەولک، بەو شووێنە دەگوترێ چەو و لمی لێیە، هەمیشي ڕووەکی وەک قامیشی لێ شین دەبێت.

## ح

**حالۆری**: بەو بەران و تەگەیە دەگوترێ کە لەوەرزی جووتبوون هەر لەناو مێگەلی خۆیان نا ، بەڵکوو دەچنە ناو مێگەلی دیکە و ئارەزووی جووتبوون دەکەن.
**حاویە:**خاکی ئاوگر، ئەو زەوییانەی لەدەم رووبارەکانن ، هەم نەرمن ، هەم شێدار و بەئاون.
**حۆلە:** پشقلی حوشتر.
**حیلە:** دەنگی ئەسپ و ماین.
**حەبی:**لۆکەی شیکراوە.
**حەپسە:** مەڕی دەم و چاو ڕەش.
**حەپین** : حەپە حەپ: دەنگی سەگە کاتێ دەیەوێت پڕ بداتە مرۆڤ .
**حەچە**: هەچە، وشەیەکە بۆ لێخوڕینی گوێ درێژ بەکار دێت.
**حەمدانی**: مەڕی گوێ پان و درێژ.

## خ

**خاپەرۆک:** پاشماوە خراپەکەی هەرشتێک، کە خراپ و ورد و بێ کەڵک بن.
**خاپەرۆک:** گەڵا زەرد و ورد و بێ کەڵکەکانی تووتن لەدوای لێکردنەوەی دەمێننەوە و دەکەونە سەرزەوی.
**خاتینۆک:** ترێی کشمیش.
**خار**: دڕك
**خارو خەس:** دڕک و داڵ ، دڕک و گیای وشک.
خاسەکەو: کەوی نەخشینی گەردەن بەخاڵ و میل. کە دەنگیان خۆشە و لەڕەوەزان دەژین.
**خاکاو**: تێکردنی ئاو لەناو دێراو و دوکان پێش چاندن بۆ زانینی ئاستی دێراو و دوکانەکە.
**خاکی تفت**: ئەو جۆرە خاکە ڕێژەی خوێیە کانزاییەکانی وەک کاربۆناتی کالسیۆمی تێدا زۆرە.

**خاکی تێکەڵاو**: تێکەڵەخاک، هەرسێ جۆرە دەنکۆڵەی خاکی تێدایە، قورس ق لیتەیی و زیخ.
خاکی زیخی :تیرەی دەنکۆڵەکانی لەنێوان ٢-٢٠و٠ ملمە، سێیەکی خاکەکە زیخە ئەوی دیکەی قوڕ و لیتەیە.
**خاکی سووک**: خاکی لم ، ئەو خاکەیە کە دەنکۆڵەکانی زۆر وردە، لمی دەو ڕووبارە.
**خاکی سوێر**: ڕێژەی خوێیەکانی تێدا زۆرە و بەکەڵکی چاندنی هەموو ڕووەکێك نایەت.کارلێکەکەی تفتە.
**خاکی قورس** : خاکی قوڕینی,تیرەی دەنکۆڵەکانی لەهەموو جۆرەکانی دیکەی خاک بچووکترە لە ٢ ٠٠و٠ کەمترە ، ڕێژەی دەنکۆڵەکانی لە نیوەی کەمترە.
**خاکی لیتە**: ڕێژەی دەنکۆڵەکانی مام ناوەندە٢٠و٠- ٢٠٠و٠ملمە
**خاکەلێوە** : مانگی نەورۆز یەکەم مانگی کوردی
**خاکەناز** : خاکەناس: ئاسنێکی دەم پانی مەیلەو بازنەییە داریکی مەترونیوی تێدەخرێت و کاری هەڵکەندنی زەوی نەرمانی پێ دەکرێت.
**خامووغ**:یەکەمین ئاودانی زەوی چێندراو.
**خان:** شوێنی ڕاگرتن و تێدا حەوانەوەی وڵاخی کاروانچییان.
**خانووی شووشەبەند:** خانووی شێوە لاکێشەیی یان چوارگۆشەیین،پەیکەرێکی وەک خانووە بە شووشە هەموو لاکانی دەگیرێت، بۆ بەخێوکردنی ئەو رووەکانە بەکاردێن کە لەگەڵ ژینگەی دەرەوە ناگونجێن.
**خانووی نایلۆنی** : خانووی پلاستیکی، وەک خانووی شووشە وایە بەڵام لە جیاتی شووشە بەنایلۆن دادەپۆشرێت.
**خانەخوێ:** ئەو زیندەوەرە یان ڕووەکەی زیندەوەرێک یان رووەکێکی تر وەک مشەخۆر خۆراکی لێ وەردەگرێ ، یان لەسەری دەژی.بەوەی چزووی تێ دەنێ و دەبێتە هاوبەش لەخۆراک و ئاو.
**ختە**: وشەیەکە بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەی پشیلەیە.
**خرت:** گیسکە نێری دوو ساڵە، کاوڕە نێری دووساڵ.
**خرتە:خرتە و پرتە،** کێڵانی زەوی بۆ یەکەمجار لەو ساڵ و یەکسەر تۆ بدرێت پێش باران بارین.
خرتەکەو : کەوی تەمەن سێ ساڵە.
**خرچە**: جۆرە کاڵەکێکی نەگەیووە. بەروبوومی کاڵ و نەگەییو.
**خرس:** زڕ، بێ بەر، بەرازی نێر(یەکانە).
**خرەندۆڵ**: ژەك ، فرۆ، فرچك.
**خلانە:** بەو چاڵە دەڵێن کە میوەی مزرەمەنی وەک پرتەقاڵ و لیمۆی ترشی تێ هەڵدەگیرێ و بە پووش سەری دادەپۆشرێ.
**خڵتان**: گیا ددان
**خلۆرک:** تەزرەی ورد.
**خلیسکە**: خلیچکە، فیسقەی پیاز ، پیازیلە.

**خوڕگە:** ئەو شوێنەی ئاوی بە خوڕ تێدا بڕوات.
**خورما:** بەری داری خورمایە ، زۆر تەرزی هەیە و دەخورێ.
**خوری :** ئەو خوریەی لەساڵی سێهەم بەدواوە لەمەڕی دەبڕێتەوە
**خوری:** پەشم، تووکی درێژی مەڕ و بەران .
**خولی کشتوکاڵی:** جێگۆڕکێ لەچاندنی بەروبوومەکان لە زەوییەک ، بۆ ئەوەی زەوییەکە بەهێزی خۆی بمێنێ.
**خوناو:** شەونم ، ئاونگ، پەیدابوونی دڵۆپی ئاو لەسەربەیانی زوو لەوەرزی بەهار.
**خونچە:** شکۆفە، گۆپکەی گوڵی .
**خووسار:** خووس، زوقم
**خووسان:** هێشتنەوەی تۆو لەناو ئاو بۆ ماوەی چەند کاتژێرێک تا تۆوەکە نەرم ببێتەوە و زوو چەکەرەبکات.
**خووساندن:** کرداری جیاکردنەوەی ڕیشاڵی نیانی کەتانە لە قەدی رووەک ، پاش دانانی قەدەکان لە ناو ئاو.
**خووسک:** حەزو ویست و ئارەزووی مرۆڤ و گیانەوەر. سروشتی مرۆڤ و گیانەوەر.
**خۆربردن:** هەتاوبردن ، گڕەبردن ، خۆرەنگاز.
**خۆڕسک** :سروشتی ، رووەکێک بێ کاری مرۆڤ شین ببێ.
**خۆرەتاو:** هەتاو
**خۆرەر:** خواردن ، ئالیکی ئاژەڵ.
**خۆشاو:** شەربەت: ئاوی مێوژ و هەر میوەیەکی دیکە .
**خۆشخۆر:** بەو ڕووەکانە دەگوترێت کەلەکاتی لەوەڕ بەدەمی ئاژەڵ خۆشە.
**خۆشە:** گوڵە گەنم .
**خۆشەچین:** ئەو کەسەی لە دوای درەو بە دوای گوڵەگەنمی بەجێماو دەگەڕێ.
**خۆڵ:** خاک
**خۆیە پەڕین:** پەڕین خۆیی، ئەو پەڕینەیە کە دەنکە هەڵاڵەی پۆرگی گوڵێک بچێتە ناو کۆسپی هەمان گوڵ بۆ پیتاندنی هێلکۆکەی هەمان گوڵ .
**خۆڵەمێش:** مشکی، پاشماوەی سووتانی دار و قەسەڵ قشپل و ڕیخ ...
**خێسك** : (خێوسك) ئەوشوێنەی مەڕ و ماڵاتی لێ خوێ دەدرا..
**خێگۆلکە:** کوودەڵە، بەچکەبەراز.
**خێلۆک:** جۆرە چاندنێکی گەنم و جۆیە ، کەساڵی پێشوو لەبەر شکانەوەی بەهۆی تەزرە ، یان لەبەر کورتەباڵایی تۆوەکەی نەدووراوەتەوە، لەشوێنی خۆی لەزەوییەکە بڵاوبۆتەوە، کێڵانەکی هاوینێی بۆ دەکرێ بۆ شاردنەوەی تۆوەکان لەدەست باڵندە، پایزی داهاتوو ، دووبارە دەکێڵدرێتەوە ، بێ ئەوەی تۆوی پێوە بکرێ، چونکە تۆی پارساڵ لە زەویەکە ماوە، لەگەڵ یەکەم باران شین دەبێتەوە.

**خەپر**: وەرد، زەوی دووجار کێڵدراو.
**خەپراندن** : زەوی ئامادەکراو بۆ چاندن ، زەوی پاککراو و کێڵدراو بۆ چاندن.
**خەرپونگ** : زڕە پوونگ . خەرمان لۆغە: بەو دانەوێڵە دەگوترێ لەسەر خەرمان بدرێتە مرۆڤی هەژار و نەبوون.
**خەرمان:** جۆخین، باخلە، شوێنی کۆکردنەوەی گەنم و جۆی دووراوە
**خەرمانان:** مانگی یەکەمی هاوینە لە ٢١-٦ هەتا ٢٠-٧
**خەرمەگەز:** مێشەکەرانە.
**خەڕەک**: دەرهێنانی تۆو لە ڕیشاڵی لۆکە، دەزگایەکە پەروانەیەکی پێوەیە ، بادەدرێ و بۆ ڕستنی خوری و لۆکە.
**خەلاڵ:** خورمای نەگەیوو.
**خەڵف**: لقی یەک ساڵەی درەخت.
**خەڵووز**: ڕەژوو
**خەلیف:** پلوورەی هەنگ، ماڵی هەنگ.
**خەڵەف**: توێکڵی دار.
**خەنەتیلکە:** خەنەگورگە، خەنەبەردیلە، کڕێژەبەرد ، قەوزەبەرد، بەو چینە قەوزە دەگوترێت کە لاشەی بەردەکانی شاخ دادەپۆشێت، کە ئاوی بەسەر دادەڕوات، کاتێ ئاو یان شێداری لەسەر بەردەشاخاوییەکان زۆرە ڕەنگی سەوز دەبێت، ئەگەر وشک بوو ڕەنگی قاوەیی و بۆر دەبێت.
**خەوار**: خەواڵوو: گیانداریێک زۆر بنوێ
**خەیار** : ئاروو

## د

**دابارین:** باران بارین
**دابیرە:** بەشی بنکەیی قەسەبەیە .
**دابیرەی بەری**: بریتییە لەقەسەبەی کورتکراوە، ژمارەیەک گۆپکەی هەیە.
**دابیرەی جێگەگرەوە**: بریتییە لەدابیرەیەکی کورت ،دوو گۆپکەی پێوەیە.لەنزیک شوێنی پێوەنووسانی باڵەکان بەقەدەوە.
**دابیرەی نوێبوونەوە:** قەسەبەیەکی کورتکراوەی ٢-٣ گۆپکەیە
**دابەستی**: دابەستە، بەو ئاژەڵانە بەتایبەت (نێرەکان) دەگوترێت کە خاوەنی بەخێویان دەکات بۆ ئەوەی قەڵەوبن و بیانفرۆشێت بۆ سەربڕین ،زیاتر بەهاوینان لەماڵەوە بەخێودەکرێت لە پایز دەفرۆشرێت بۆ کوشتنەوە.
**داپاچین** : بڕینەوەی لق و قەدی دار .
**داچاندن**: داچێن، تۆ وەشاندن بە زەوی، چاندنی ڕووەک.

**داچۆڕان:** هاتنە خوارەوەی ئاو لەشوێنێکی بەرزەوە بۆ نزم  بە هێواشی ، هاتنە خوارەوەی ئاو لەناو کیسەی تۆراخ .
**داخکردن**: سووتانی پێست ، سووتانی گوێچکەی ئاژەڵ بۆ ناسینەوە
**داخوران:** لێبوونەوەی وردەی شتێک وەک داخورانی ئاسن یان بەردێکی شاخ
**دادۆشین:** دۆشینی گوانی ئاژەڵ بە توندی بۆ دەرهێنانی هەموو شیرەکە لەگوان.
**دار: درەخت**، ڕووەکی دارینی قەد ئەستووری تەمەندار و باڵا بەرزن.
**دارستان**:جەنگەڵ، لێڕەوار،ئەوشوێنەی زۆرترین داری گەورە و بەتەمەنی تێدابێت و جۆرەها روەک و ئاژەڵ و پەلەوەری تێدا بژیت.
**دارک:** دارینی ، قەدی دارینی ، قەدی ڕەقی ڕووەک.
**دارک:** ئەو شانە بۆڕیانەی ئاو لەنێوان شانەکانی رووەک دەگوازێتەوە.
**دارکەر**: کەسێک دار ببڕێتەوە لەدارستانەکان.
**داڕنیین:** لێکردنەوەی گەڵای تووتن.
**داری یەک لەپ:** داری هەمیشە سەوزن زۆرتر لەناوچەی کەمەرەیی و نیمچەکەمەرەیی دەڕوێن، موتربە ناکرێن ، وەک دارخورما ، دار واشنتۆنیا ، دار گوێزی هیندی سایکس....
**دارئاوس:** حاڵەتی ئەوەی دار شکۆفە دەردەکەن ، لەسەرەتای بەهارێ.
**دارین:** بەداروبار،پڕ لە دارو درەخت.
**دارینەپەل:** قەلەمی دارکی ، قەلەمی تەختەیی.
**دارەلۆسە:** دارەبەستە ، بەو سێ چوار دارە دەگوترا کە ئاژەڵی لاق شکاو نەخۆشیان لەسەر دادەنا و دەیانگواستەوە بۆ شوێنی مەبەست ، وەک دارەبازە ی مردوو وایە بەڵام لێواری نییە.
**داس:** ئامرازێکە پێشتر بۆ دروێنەی دانەوێڵەی گەنم و جۆ و برنج بەکار دەهات.
**داسی:** برژانگی گوڵی گەنم و جۆ.
**داشت:** مەڕو بزنی مام ناوەند لەباشییە واتە نەخراپە و نەباشە.
**داشۆڕگە**: داچۆڕگە، ئەو ڕێڕەو سیستەمەی ئاوی سەرزەوی پێدا دەڕواتە ناو زەوی.
**داماڵین**:لێکردنەوەی پێستی ئاژەڵە، برینداربوونی توێژی سەرەوەی پێستە.
**داموسک:** تامووسکە، مووی یاڵ یان کلکی ئاژەڵی یەک سم.
**داناو:** دوا ئاو کە دەدرێت بەبەرووبوومی کشتووکاڵی تا بەرەکەی قەڵەوبێت.
**داندۆك:** خواردنێکە  لە بڕوێشی گەنم و دۆ یان ماست دروست دەکرێ لەشێوەی کفتە وشک دەکرێتەوە، بەزستانێ دەردەهێندرێ و لەناو ئاو نەرم دەکرێتەوە ، بە چای دەخورێ.
**دانکە:** دانوو: خوریکە ، ئاوڵە ، نەخۆشیکە لەدەم و چاوی پەڕەول و ئاژەلی وەک مەڕ و بزن دەدات. ئەگەر لەچاوی بدات کوێری دەکات، ئەگەر لە دڵی بدات دەیکوژێت.
**دانەخۆرە:** دەنکێك لەگەنم یان جۆ بە تەڵە و فاقەوە دەکرێت بۆ گرتنی نێچیر.
**دانەوێڵە:** هەموو جۆرە دانە وشکەیەکە وەک گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و برنج و پاقلە و لۆبیا.....

**داو:** تەڵە بۆ گرتنی نێچیر بەس بەداوی بەن دروست دەکرێت.
**داوگە:** شوێنی دانانەوەی داو.
**داولێدان:** پێوەکردنی گەڵای تووتن بەداو، گەڵاکانیش لە بەرهەتاو هەڵبخرێن.
**داوێر:** دانانی داوە دەزووە بەسەر شینایی بەشێوەیەکی تۆڕداری بەربڵاو لەسەر توورو سلق و کەرەوز ... کە تازە چەکەرەیان کردووە ، بۆ ئەوەی باڵندە لێی دووربکەوێتەوە و نەیخوات.
**داوەر:** داهۆڵ، داوەڵ:داوەر، پەیکەر، دارێکە لەشێوەی خاچ لەناو زەوی بێستان دادەندرێ، جلو بەگی مرۆڤی پێوە دەئاڵێنن وەک شێوەی مرۆڤ بی ، تا باڵندە و گیانەوەری لێ بڕەوێتەوە.
**داوەسێن:** وڵاخدار ، کەردار ، خەربەندە.
**درزبردن:** قەڵێشتن.
**درز:** قەڵێشتن.
**درشت:** گەورە، دەنکی ئەو دانەوێڵانەی قەبارەیان گەورەیە وەک گەنمی درشت کەدەکرێتە ساوارو گەنمەکوتراو.
**درم:** پەتای بڵاوبۆوە، ئەو نەخۆشییەی بەهۆی هەوا بڵاودەبێتەوە.
**دڕک:** چقڵ ،ستری.
**دڕن:** بۆن دڕن: بۆنی تەگەی پەڕیو، کە ئاوی نێرینەی بەلاق و لەتەری دەنووسێ و بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ.
**دڕندە:** نێچیرخۆر، بەو گیاندارە چوارپێ و گۆشتخۆرانە دەگوترێ، کە زیان بەخشن وەک شێر و گورگ و پڵنگ و کەمتیار و .....
**دڕووگە:** بەو زەویانە دەگوترێت نزیک ماڵانن و ئاوی باران دڕیویەتی.
**دروێنە:**بڕینەوە، کۆکردنەوەی بەرهەمی چێندراو، وشەی دروێنە بۆ بڕینەوەی گەنم و جۆ و برنج دێت.
**درەخت:** دار ، ڕووەکی سەوزی قەد ڕیشاڵی پتەو و بەرز ، جا چ بەرداربێ یان بێ بەر.
**درەنگچێن:** تۆوێک لەدوای وەختی خۆی بچێندرێ، بەدرەنگەوە بچیندرێ.
**دژاو:** بەو ئاژەڵە دەڵێن بەیەك بێن ئاو نەخواتەوە ، بەڵکو قومێك ئاو لەکۆلێ دەخواتەوە و دووردەکەوێتەوە، جارێکی دیکە دێتەوە بۆ خواردنەوە ، بەوجۆرە چەندجارێك ئاو دەخواتەوە.
**دوک:** دوکەک، خەڕەک، ئامێری پەمۆ ڕستن.
**دوکان:** نەخشەی پارچە زەوێیەکی کێڵدراوە بە لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی لێواری (باڕستی) هەیە.سەوزەو رووەکی دانەوێڵەی تیدا دەچێندریت.
**دووانە:** جمک، دوو بێچوو بەسکێک ببن.
**دووبارە چاندنەوە:** دووبارە ڕواندنەوە ،کرداری چاندنەوەی تۆو لەو چاڵانەی کە رووەکە سەرەکییەکەی تێدا چەکەرەی نەکردووە لەپاش ١٠-١٥ رۆژ لە چاندن.
**دووباڵەکان** : ئەومێروانەی دووباڵی تەنکیان هەیە وەک مێشی ناو ماڵ.

**دووبێره:** لە مانگی نیسان دووجار مەڕو ماڵات بەرۆژ لە بێر دەدرێت.
**دوودانە:**بەو جۆرە گەنمە دەگوترێت کە لەدوو تەرز گەنم تێکەڵاوە، دەکرا ساوار و گەنمە کوتراو.
**دوودەو:** قازمە : قوڵینگ ، پاچ.
**دووڕەگ:** دوونەژاد، رووەکێک دەپیتێندرێ بەڕووەکێکی دیکە، لەکۆتایی ڕووەکێک پەیدادەبێ سیفاتی هەردوو تەرزیی تێدایە .
**دووسم** : بەو ئاژەڵانە دەگوترێکە بن پێیەرکانی سمی دوو فاقییە واتە دووبەشە وەک مەڕ و بزن و مامز و ڕەشەوڵاغ و بەراز و ئاژەڵی کێوی.
**دووقك:** پاشماوەی خەرمان.
**دووک:** لقی وردی قەدی درەخت.
**دمكانە:** دووکانە، داربەڕوو و مازووی بەتەمەن لە قەدەکەیان لقێک دەردەکەن ، بەرێک دەردەکات وردە و رەنگی زەردە، بۆ دەرمانی میللی بەکار دێت. بۆ لێکردنەوەی مووی پێست بەکاردەهات.
**دووگ:** دوونگ، ئەو کۆمەڵە چەوریە نەرمەی لە دواوەی مەڕو بەرخ هەیە.
**دووگاسنە:** زەوی دووجار کێڵدراو.
**دووگی حوشتر:** کۆپارە.
**دوولەپ:** دوو بەش تۆوی دوولەپی وەک رووەکە پاقلەییەکان.
**دۆ:** دۆو خواردنەوەیەکە لەماست و ئاو دروست دەکرێت ، کاتی خۆی بەهەژاندنی =ماست لەناو مەشکە دروس دەکرا.
**دۆبڕ:** فرۆشتنی مێگەلە مەڕ بە گەورە و گچکەوە ، خاوەن مەڕوماڵات هیچ بۆ خۆی ناهێلتەوە واتە خۆی دۆبڕاو دەکات.
**دۆبە:** هەنگوێنی پاڵێوراو.
**دۆتۆراخ:** بەو دۆیە دەگوترێت کە دەکرێتە ناو توورەگەوەو خەست دەبێت.
**دۆدانە:** پارچە گۆزەیەک دۆی تێ دەکرا.
**دۆریخە:** جۆگەی ئاو لەناو دوکانەکانی برنج و سەوزەوات. ئاودانی دێراو بەشێوەی پێچاوپێچ ، لەیەکەم دێراو تا دوا دێراو تێر ئاوبکرێت.
**دۆشاو:** ئاوی کوڵاوی ترێ و خورما.
**دۆشاوی رۆیاڵ:** خۆراکی شاهانە.
**دۆشین:** دەرهێنانی شیر لە گوانی ئاژەڵی مێی وەک مەڕ و بزن و چێڵ
**دۆغرەمە:** خواردنێکە لە ماست و ئاروو تێکەڵ بکرێن
**دۆغەوا:** دۆکۆڵیو،خواردنێکی کوردەواریە کفتەیە هێلکەی تێدایە و شلەکەی ماستە یان دۆیە، نێرکە پیازیشی تێ دەککرێت.
**دۆینە:** خواردنێکە لە دۆو بڕووێسی گەنم دروست دەکرێت.
**دێ:** دەیدیک، دەیز، گەڵای بەڕوو مازووی داپاچراو، لەناو پەلی دار، بۆ مەبەستی ئالیکی زستان.

**دێبەر:** بەو باخانە دەگوترێت دەکەونە بەر دەم دێهات.
**دیبەک:** دیبەگ: ئەو بەردەی بەکاردێت بۆ برنج کوتان.
**دێراو:** جۆگەی ئاو کە ڕووەکی تێدا دەچێنرێت.
**دێرۆغە:** چەند دێراوێکە ، کاتێ دێراوی یەکەم پڕ دەبێت، ئاودێر دەرچەیەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی دێراوی دووەم پڕ بێت ، بەم شێوەیە دێراو بە دێراو پڕ ئاو دەکرێن.
**دیرەگ:** نیرگە، بەو دارە ئەستوورە گەورە ۲-۳ م درێژە دەگوترا کە بۆ پرد دادەندرا.
**دێزە:** جۆرە رەنگێکە وەک خۆڵەمێشییە . خاڵی وردی سپی تێدایە بەتایبەتی لە یەکسمی وەک گوێدرێژ ئەو رەنگە هەیە، کەری دێزە.بەو کەرەش دەگوترێت حەز لە زیانی خاوەنی بکات.
**دیسە:** مەرەکێوی.
**دێبەر:** کێڵگە، بەردێ ، کێڵگەی نزیک دێهات.
**دێڵە:** مێیەی سەگ و گورگ و ڕێوی و چەقەڵ .
**دێڵەبەبا:** مێیەی سەگ کاتێ ئارەزووی جووتبوونی هەڵدەستێ.
**دێمزار:** دێمەکار: زەوییەک پشت بە ئاوی باران ببەستێ بۆ شین بوونی دەخڵو دان.
**دێمی:** ئەو ڕووەکەی بۆ سەوزبوون و گەشەکردن ،پشت بە ئاوی باران دەبەستی.
دێهات : گوند
**دەراو:** جێگەی پەڕینەوە لە ئاو، جێگای ئاوخواردنەوەی مەڕومالاًت، شوێنێک کە ئاوی گوندی لێ دەردەچێت.
**دەردە پەتا:** دەردی زۆر بڵاون و زیانییان زۆرە .
**دەردە تایبەتمەند:**ئەو دەردەی تووشی بەشێک لە زیندەوەرەکە دەبێت، واتە نەخۆشیەک تەنها تووشی گەڵا دەبێت.
**دەردە غەوارەکان:** دەردەنامۆکان ، ئەو دەردانەن پەیوەست نیین بە ناوچەکە، لە ئەنجامی هۆکارێکی دەرەکییەوە پەیدادەبێت.
**دەردە گشتی:** ئەو دەردەیە تووشی هەموو لەش و بەشی زیندەوەرەکە دەبێت، وەک نەخۆشییەک تووشی گەڵا و قەد و ڕەگی ڕووەک دەبێت.
**دەردە ناپەتا:** ئەو دەردانەن بە نارێکی بڵاودەبنەوە.
**دەردەخۆوڵاتییەکان:** دەردە نیشتەجێبووەکان، ئەو دەردانەی پەیوەستن بە ناوچە و شوێنێک ، نامۆ نیین.
**دەزوولە:** بەو بەشەی گوڵ دەگوترێت ، کەلە قەدۆکە دەردەچێت،و پۆرگ هەڵدەگرێت.
**دەستاڕ:** دوودانە بەردی خڕو لەسەر یەکن ،هی سەرەوە دەسکێکی هەیە لەسەر هی خوارەوە دەسووڕێت گەنم دەهاڕێ بۆ بوون بە ساوار.
**دەستکەنە:**دەست هەڵقەنە،هەڵکەندنی گیا و گەنم و جۆو نیسک و نۆک بەدەستی چونکە باڵایان کورتە ئامرازی دروێنە ناتوانێ بیدروێتەوە. وشکەڕنی موو و خوری پێستی ئاژەڵ .

**دەستەدوو**: دارێکە سەرێکی لەدواوەی هەوجاردا توند دەکرێت سەرەکەی دیکەی وەک داری گۆپاڵ دەسکێکی دەبی جووتیار لەکاتی جووتکردن دەستی پێوە دەگرێت.
**دەستەڕنە**:کاتێ باران کەم دەباری و گەنم و جۆ باڵای کورت دەبێ و ناگاتە دەمی دەڕاسە،جووتیار ناچار دەبوو، بە هەرەوەزی ، بەدەست دەیان ڕنی و دەغلەکەیان کۆ دەکردەوە.
**دەستەک**:بریتییە لە ٤-٥ دێراوی سەر یەک .
**دەسک:** چەپک ، گورزە. دەسکە گوڵ.
**دەسکەنە**: دەستکەنە ،هەڵکەندنی گیاو گۆڵ و نیسک و نۆک لە بنەوە ، بەدەست ، هەروەها رووتاندنەوەی مووی پێستی ئاژەڵە بەدەست.
دەشت: شوێنی تەخت و رووتەن
**دەغڵ و دان**: دانەوێڵە
**دەقۆر**: مەڕێك خوریکەی لەنێوان کورک و خوری دابی ، بزنێك ، مووەکەی لەنێوان مەرەز و موودابێ.
**دەڵەک** : ئاژەڵێکی کێویە ، پێستەی بەنرخە بۆنی فسی زۆر ناخۆشە.
**دەڵەمە:** هێلکەی نیوە برژاو
**دەمەترەک:** گوێزی دەم کەمکۆڵ کراوە.
**دەندووک** : دەنووک ، دەمی باڵندەیە لە دوو دانە ئێسکی رەق پێک دێت خواردنی پێ دەخوات.
دەندەرۆشک: سی سی، تۆوی کەنگر.
**دەنک** : تۆو ، دەنکی گەنم و جۆ ...
**دەنکۆڵە:** تۆوی بچووک
**دەنکۆڵەیی** : گژنیژەیی
**دەوار:** ڕەشماڵ
**دەواکردن:** هەڵئاوسانی سک ، سک پەنمان.
**دەوەن**، درەختی بچووک کە بەرزیەکەی لە ٣ مەتر زیاتر نەبێت، لەنزیک قەدی سەرەکی چەند قەدێکی دەبێت. وەک گوڵەباخ و گوڵەقاوە و مورتک و ژاڵە.

## ڕ

**ڕاتۆن**: کۆلکەی قامیشی شەکر، قامیش لەدوای بڕینەوەی کۆلکەی رەگەکەی لەناو خاک دەمێنتەوە توانای دووبارە گەشەکردنی هەیە.
**رازقی**: جۆرە ترێیەکی سپییە ، تامی کەمیک تفتە.
**ڕامالّینی خاک**: گواستنەوە دەنکۆڵەکانی خاك بەشێوەیەکی میکانیکی لەشوێنی دروستبوونی بۆ شوێنێکی تر چ بە هۆکاری سروشتی یان مرۆیی.
**ڕانکە:** هێشتنەوەی مووی لارانی بزن لە کاتی بڕینەوەی بەهار، هەتا دڕک و داڵ زیان بە گوانی نەگەیەنێت.

**ڕاو:** شکار ، نێچیرگرتن.
**ڕاوک:** هەنگوین دەرهێن، فەراز
**ڕاوکە:** ڕامکە، دانانەوەی هێلکە لە بن مریشک بۆ ئەوەی هێلکە بکات.بە هێلکەکەش دەگوترێت هێلکەی ڕاوکە.
**ڕاوگە:** شوێنی ڕاوکردن.
**ڕاوەرە:** جۆرە هەنجیرێکە زوو پێ دەگات.
**ڕایزۆم:** قەدی باریکی ئاسۆییە لەسەرزەوی و ژێر زەویە، گرێ و نێوانەگرێی هەیە ، لەهەرشوێنێکی شێداربێ گرێکان رەگ دەردەکەن ، وەک لە چیمەن .
**ڕستن:** بادانی خوری و موو ڕیشاڵی لۆکە و بەروبوومی دیکە بە تەشی یان خەرەک.
**ڕسکا** : ڕوا، شینبوو ، گەشەی کرد.
**ڕسەر:** مەڕی سەر و مل سوور.
**ڕشانەوە:** سەرەتای گرتنی هێشووی ترێ .
**ڕشك:** گەرای ئەسپێ.
**ڕم** : داری باریك و درێژ کە گوێزی پێ دەتەکێنی.
**ڕنک:** لاسکی کەنگرە وەک ڕێواس خاوێندەکرێتەوە و دەخورێ .
**ڕنین:** لێکردنەوەی بەروبوومی درەختی میوەجات ، وەک رنینی هەرمی و هەنجیر و ترێ...
**ڕنەک:** ڕنینی تووکی وڵاغەبەرزە لەبەهاران.
**ڕوا:** سەوزبوو ، شینبوو.
**رواندن:** چاندن .
**ڕووبەرە کەنتۆرییەکان:** ئەو ڕووبەرە زەوییانەن کە لێواریان کەنتۆریە، لەگەڵ هێڵە ئاسۆییە درێژبووەکان درێژ دەبنەوە، لەسەر پانایییە لێژەکانن، ناهێڵن ئاو بڕوات.
**ڕووپۆش:** دەمامک.
**ڕووتەن:** زەوییەک هیچ گیاو ڕووەکی تێدا شین نەبێ.
**ڕوونگ:** ئەو خوریەی لەجاری دووەم لەبڕینەوەی مەڕ بەدەست دەکەوت، تیسکییان کورتە و وەك جاری یەکەم باش نییە
**ڕووەکناس:**ڕووەکزان، ئەو کەسەیە گرنگی بە ڕووەک دەدات .
**ڕووەک:**شیناوەر، کۆمەڵە بوونەوەرێکی زیندوون ، وەک درەخت و دەوەن و گیا و سەرخەس ....، لە کونیلەی گەڵاکانەوە هەناسەدەدەن ، بەهۆی تیشکی خۆرەوە ، خواردن دروست دەکەن.
**ڕووەکزانی** :ئەو زانستەیە کە گرنگی بە رووەک دەدات .
**ڕووەکخۆر:** ئەو کەسەی یان هەر ئاژەڵێک کە پێداویستی خۆراکی لەسەر ڕووەک بێت.

**ڕووەکی بەرسێبەر:** ئەو ڕووەکانەن ، زێدی ڕاستەقینەیان زیاتر بۆ ناوچەی کەمەرەیی دەگەڕێتەوە، لە شوێنی سێبەر و شێدار گەشەدەکەن و ڕووناکی زۆریان ناوێت، وەک رووەکی قەفەزەی سینگ ،رووەکی گوێ فیل و مەتات.....

**ڕووەکی پەرژین:** ڕووەکی دەوەنین بۆ شووراکردنی باخچە و حەوشە بەکاردێن ، لق و چڵیان زۆر بەخێرایی گەشەدەکات و چڕ و پڕە. وەک مورتک و دیدۆنیا و مازووی فەڕەنگی و گوڵەباخ ....

**ڕووەکی جوانی:** ئەو ڕووەکانەن زۆرتر بۆ مەبەستی جوانی و ڕازاندنەوە لەماڵ و شوێنە گشتیەکان دەچێندرێن و بەخێو دەکرێن.

**ڕووەکی خۆهەڵواسەر:** ئەو ڕووەکانەن ناتوانن قەدەکانیان بەوەستاوی (ستوونی) ڕابگرن. وەک مێو و دۆزەخی و لاولاو.

**ڕووەکی دڕکاوی:** ئەو ڕووەکانەن گەڵاکانیان بۆتە دڕك یان باریک بۆتەوە تاکو کرداری هەڵمێن کەم ببێتەوە، قەدەکانیان سەوزەو کرداری ڕۆشنەپێکهاتن ئەنجامن دەدەن ، وەک ڕووەکی هەنجیری دڕکاوی ئەگاف ....

**ڕووەکی دەوەنی:** رووەکی دارینیین دوو قەد یان پتریان هەیە، لقی زۆر دەردەکەن ، لەدار نزمترن،وەک گوڵەقاوە ، شەنگەگوڵ ، شەواشینک، کچەباڵوێز.

**ڕووەکی سروشتی:** ڕووەکی خۆڕسک، بریتیە لە هەر ڕووەکێک چ گیایی بێت یان دەوەنی یان داری بە بێ دەست تێوەردانی مرۆڤ شین ببێت و گەشە بکات.

**ڕووەکە گیاییە بۆندارەکان:** ئەو ڕووەکە گیاییانەن کە گەڵاکانیان بۆندارن ،وەک پوونگ و رەیحان.

**ڕووەکە گیاییە جوانەکان:** ئەو رووەکە گیاییە جوانانەن کە بۆ جوانی گەڵاکانیان دەچێندرێن، وەک کەلەمی جوانی و سەنتۆریای زیوی و کۆلیۆس.

**ڕووەکە گیاییەکان:** ئەو رووەکانەن ،شانەی دارکینییان نییە ساڵانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەڕوێن و گوڵی هەمەجۆر دەگرن.

**ڕۆشنە پێکهاتن:**کرداری دروستکردنی خۆراکە لەلایەن گەڵای رووەک بەهۆی تیشکی خۆر و ئاو سەوزەپلاستید .

**ڕۆندە:** جاڕ ، زەوی نەکێڵدراو، بەیار.

**ڕۆنەکەرە:** کەرەی نەتواوە.

**ڕێپووک:** ڕێ و پیک ، رەگ

**ڕێچکە:** ڕێی بچووک و باریک ، یان رۆیشتنی مەڕوماڵات بەدوای یەک ، دەڵێن(مەڕەکان ڕێچکەی خۆیان گرت)

**ڕیخ:** سەنێر، تەپاڵە، پاشەرۆی ڕەشەوڵاخ ( گا و مانگا) .

**ڕیشاڵ:** شانەی دەزوویی .

**ڕیشاڵی پیشەسازی:** ڕیشاڵن لەمادە دروست دەکرێن وەک سلیلۆز بە ئاوریشمی دەستکرد ، وەک لەبەرهەمی پیترۆل نایلۆن و پلاستیک دروست دەکرێن.

**ڕیشالی تۆو**: تاڵ یان موون لەگەشەی خانەی دیواری تۆو پەیدادەبن ، بۆ پیشەسازی رستن و چنین بەکاردێن.
**ڕیشاڵی گەڵا**: دەزووی درێژی ڕیشاڵین لە دەماری گەڵای رووەکی وەک سیسال و سەبار دروست دەبن بۆ گوریس بەکار دێن.
**ڕیشاڵی نیان**: ڕیشاڵە دەزوون لەناوچەی نیانی قەدی هەندێک رووەک پەیدادەبن وەک لە کەتان و جوت ، ئەو ڕیشاڵە دەزووانە دوایی دەبنە گورزە ڕیشاڵ لەناو قەدی ڕووەکەکە .
**ڕیشاڵی ئاژەڵی** : ئەو ڕیشاڵانەن لە ئاژەڵ بەرهەم دێن وەک خوری لە مەڕ و موو لە بزن و ئاوریشم لە کرمی ئاوریشم .
**ڕێشمە:** جلەوی وڵاغ
**ڕیقنە** : جیقنە ، پاشەڕۆی باڵندەی وەک مریشک و عەلەشیش و کۆتر ....
**ڕەباس:** خاکاو: تێکردنی ئاو لەدێراو و دوکان لە پێش چاندنی تۆو.
**ڕەبەت:** نالچە: شوێنی خۆ مەڵاسدانی ڕاوچی بۆ گرتنی نێچیر.
**ڕەپ** : یەرەق، رەقبوونی کێری ئاژەڵی نێر.
**ڕەپکە:** گەنم و جۆی چێندراو لەناو زەوی قوم و زیخەڵان، زوو پێ دەگات باڵای کورت دەبێت و بەرهەمی کەم دەبێت.
**ڕەپکەبوون:** گرگن بوونی (کورتە باڵایبوونی) ڕووەک لە ئەنجامی کەمی خۆراک و ئاو لەسەرەتای ژیانی.
**ڕەپێتە:** دابەستی، ئاژەڵی ڕاگیراو بۆ قەڵەوکردن و سەربڕین.
**ڕەپەڵگا:** جێ لەوەڕی ئازاد، لەوەڕگایەک خاوەنی بۆ هەموو کەس وەک یەک بێت.
**ڕەچەڵەک:** بنەوەچە.
**ڕەز:** باخی میوەجات ، بەتایبەت هی ترێ.
**ڕەزبەر:** مانگێکی کوردیە لە ٢٠-١٠ بۆ ٢١-١١
ڕەژوو: خەڵووز، ڕەژی ، زوخاڵ.
ڕەشکێڵ: کێڵانی زەویەک وەردبێ و هێشتا باران لێی نەدابێت.
ڕەشگوڵ : جۆرە گەنمێکی درشت بوو ، زیاتر بۆ ساوار و گەنمە کوتاو بەکار دەهات.
ڕەشمار: ماری ڕەش
**ڕەشماڵ** : دەواری ڕەش لە مووی بزن دروست دەکرێت.
**ڕەشمیری:** جۆرە ترێیەکی کوردیە نایابە ڕەنگی ڕەشە و دەنکی گەورەیە.
**ڕەشۆکی:** تووتنی گەڵا خراپ ، یان خاپەرۆکی گەڵای تووتن کە کارگەکان نەیان دەویست ، بەڵام بەهەرزانتر لە ناوخۆ بۆ جگەرەی کوردی بەکاردەهات.
**ڕەشەبا:** جۆرە بایەکی بەهێز و تووندە
**ڕەشەمێ** : ڕەشەمە، دوا مانگی کوردیە لە ٢١-٢ دەست پێ دەکات بۆ ٢٠-٣

**ڕەشەوڵاغ** : چارپێ، چارەوێ، چارەوا، وەک مانگا و گاجووت و گامێش.
**ڕەفیسکە**: قووڵایی ژێر ئەژنۆی لاقی ئاژەڵ.
**ڕەگەپەل**: قەلەمی ڕەگی ، وەک لەسێو و هەرمێ و زەیتوون وەردەگیرێت بۆ زۆرکردن.
**ڕەگەگرۆ**: ڕەگی دەرەنەیی: گرۆی ڕەگین لەناو خاکدان. وەک لە رووەکی ئەسپراغسی زبر.
**ڕەمەکی**: لەخۆڕا . لە گۆترە
**ڕەنجبەر**: ڕێنجبەر، بەو کەسانە دەگوترا کەکاری کشتوکاڵیان دەکرد بە مانگانە یان ساڵانە بە پێی مەرجەکە شەرتەکە.
**ڕەهێڵە**: باران بارینی زۆر بەخوڕم .
**ڕەوسە**: بەو خەرمانە دەگوترێ کە دان و کای کوتراوە، ئامادەکراوە بۆ شەنکردن و لەیەک جیاکردنەوەی کاو دانەکە.
**ڕەوسە**: بەو شوێنە نزیکەی ناو ماڵان دەگوترێ کە گەنم و جۆی لێ کۆدەکرێتەوە، پێش ئەوەی لە گونیە یان لە ئەنبار بکرێت.
**ڕەوگە**: بەو هەنجیر و ترێیانە دەگوترێ کە زوو پێ دەگەن

## ز

**زاخ**: بەردێکی سپیە و تفتە بۆ زۆر شت بەکاردێت ، بەتایبەت بۆ ڕەنگکردنی بەن.
**زارە**: گەنمی نیوە هاڕدراو.
زاردێراو: ئەو سەری دێراوی ئاوتێکردن، سەرەتای دێراو، دەرگای دێراو.
**زاك و ماك**: میگەلێك کاروبەرخی لەگەڵ بێ.
**زاماڵ**: رەحمی ئاژەڵ
**زان**: نەوەبوون، ئەو زیندەوەرە مێینەی لەئەنجامی جووتبوون ، بێچووی دەبێت.
**زاوزێ**: زۆربوون، سک پڕبوون و بێچوو بوون .
**زبارە** : هەرەوەزی، ئێڵجار، بەکۆمەڵ ئیشکردنی جووتیاران لە کاتی دروێنە .
**زبر**: درشت. دڕ
**زبڵ**: پەینی ئەندامی کە لە پاشماوەی ڕزینی شتی ماڵ پەیدادەبێت ، وەک پاشماوەی خواردنی ڕووەکی و قشپل و کاغەز و قوماش ..
**زڕ**: بێ بەر
**زراوتۆقیو**: نەخۆشییەکە لە زراوی ئاژەڵ دەدات ، زراوی هەڵدەئاوسێ.
**زڕتوولە**: ئەو ئاژەڵەی لە جووتبوونی نێوان سەگ و توولەی پەیدادەبیت.
**زرک**: کاڵەکی پێ نەگەیشتوو.
**زریان** : بایەکی سازدە ساڵانە لە پایز و زستان لەباکوور بەرەو باشوور دەچێت.
**زڕەدار**: داری بێ بەر .
**زفت**: جۆرێکە لە قیڕ رەنگی بۆرە.

**زناو:** زەناو، خاکێک هەمیشە شێداربێ.ئاوی تێدا بمێنێتەوە.

**زەنگوڵ** : پارچە ئاسنێکی لەمس دروستکراوە ،شێوەی لە دەفرێکی باریکی ناو قووڵ دەچوو، لەناوەوە دوو سێ پارچە ئاسنی بچووک لە شێوەی کەلا یان گوڵەی بچووکی پێوەلکێندرابوو، کە بواری جووڵەیان هەبوو بەدەوری خۆیاندا، لەملی مەڕ و بەران و تەنانەت گوێ درێزیش دەکرا بۆ دەنگدانەوە

**زوقم** : خووس: دەنکۆڵەی وردی سپی ئاوی بەستووە بەیانیان لەسەر گوێسەبانەی خانووی بەقوڕ و لەناو زەوی کشتوکاڵی بەدەردەکەوێ، لەگەل دەرکەوتنی تیشکی رۆژ نامێنێ.

**زووچێن:** چاندنی تۆ لەپێش کاتی خۆی.

**زۆربوون:** زیادبوونی ڕووەکە لە ژمارە و جۆر ، چ بەڕێگای توخمەوە یان بەوڕێگای سەوزەزۆربوونەوە.

**زۆنگاو:** شوێنێک ئاوی تێدابێت لەبەر پیسی بەکەڵکی ئاودانی کشتوکاڵ نەیەت.

**زی:** دڕکەزی: دەوەنێکی دڕکاوییە ، وەک پەرژین لە جیاتی دیواری حەوشە و دەوری باخ دەچێندرێت.

**زێ:** ئەندامی مێینەی ئاژەڵ ، ڕووبار.

**زیچ:** بەو شیرە دەگوترێت کە لەدوای مانگا زاین ، لەمانگا وەدەگیرێت و دەبێتە فرۆ.

**زیخەڵان** : خاکێك ڕێژەی زیخی زۆربێت.

**زێد:** نیشتمان ، زێدی ڕاستەقینەی ڕووەک.

**زێراب:** ژێر زەمینەک یان کەندێک ئاوی پیسی پێدا بڕوات.

**زیلک**:لاسک، بستیک ، هەڵگری گوڵەگەنم.

**زیندان:** بەو چاڵا دەگوترا کە تووتنی تێدا هەڵدەگیرا.

**زیندەگی:** ژیوەری

**زەردەبی:** بەهێی زەرد

**زەرزایی:** جۆرێکە لەحەلوا لەئاردی کونجی و دۆشاو دروست دەکرێت.

**زەڕنەقووتە:** ساقەسۆرە، بێچووی باڵندە هێشتا تووکی لێ نەهاتبێت.

**زەمەند:** بەو شوێنە دەگوترێ کە گیاوگۆڵی تێدا بەچڕی شین ببی ، سەریان پێک کردبی.

**زەنوێر:** بەو شوێنە دەگوترێ کە خاکەکەی باش بێ و ئاوی باشیشی هەبێ بەروبوومی هاوینەی زۆربێ . لەوەڕگای باش بی.

**زەنەك** : دەقن، زەوی ئاو لێ وەستاو.

**زەوی وزار:** پارچە عەردێکە کە بە کەڵکی کشتوکاڵ بێت.

## ژ

**ژاژی** : بەرێکی شیری ئاژەڵە لەناو پێستەدا هەڵدەگیرێت بۆ زستان .

**ژاکاو:** گەچڵاو ، شەمزاو ، گوڵێک زۆر دەستی لێ درابێت یان لەناو دەستان بێت و بۆنی زۆر کرابێ ، جوانی خۆی نامێنێت.

**ژاڤین:** ئەو گوڵەی کە لەگەڵ توانەوەی بەفر سەردەردەهێنێت.
**ژێدەر:** سەرچاوە.
**ژەک** : شیرێکی خەستە لە پاش زاینی گیانداری مێینگە تا دوو سێ رۆژ لەگوانی ئاژەڵە زایەکە دێتە دەرێ، زۆر بەسوودە بۆ بێچووەکە تا بەرگری باش بێت.
**ژەم :** جەم ژەمە ئالیک.

## س

**سابات:** کەپری گەورە بۆ سێبەر دروست دەکرێ لە پێش دیوەخان.
**ساباتی دارین:** کەپری دارڕێژ، جۆرە ژینگەیەکە بۆ چاندنی ئەو رووەکانە بەکاردێت،کەحەزیان لە نیوە سێبەر و نیوە ڕۆژە، هەموو لایەکانی دارڕێژ دەکرێ ، بەمەرجێک بۆشایی نیوان دارەکان بەقەد پانی دارەکان بێت.
**ساپر**:بەو مەڕ و بزنانە دەگوترێت ، کە هەموو خوری و موویان ببڕدرێتەوە.
**سابرێن:** تەگە . نێری بزن.
**ساتۆر:** زەوی رووتاوە و گیا لێنەماو.
**سادەچاو**: ساکارەچاو
**سادەکوشە:** لقێکی یەک ساڵە یەکجار لەناو خۆڵێکی شێدار دەشآردرێتەوە.
**سارده:** برنجێک درەنگ پێبگات و ئاوی پایزی خواردبێتەوە. گەرمە بە پێچەوانەیە.
**ساردەکێڵ**: بەو زەوییە دەگوترێ کە لە کاتی سەرمای پایز  دەکێڵدرێ.
**ساردەگۆج**: بەچکەی ماڵاتێک کە درەنگ ژەکی دەدەنێ و هێزی مژینی گوانی دایکی کەمە.
**سارەبان** : سارەوان: حوشترەوان.
**ساقەسۆره:**ساقەتەسوورە، زڕناقوتە: بێچووی باڵندەی وەک چۆلەکە کە لەهێلکە هاتە دەرەوە تووکی نەبێت.
**ساوار**: گەنمی کوڵاوی هاڕدراو ، وەک دەنکۆڵەی بچووکی لێ دێت.
**سپلۆکین**: بەو بەشە هەڵوەریو لێبووەوەی دار و چیلکەی ساڵان دەگوترێت کەبە هۆی گەرما و سەرما لە توێکڵی دار دەبنەوە و  وشک دەبن و بەئاسانی ورد دەبن و ئاگر دەگرن.
**سپیکێڵ**: بەو زەویە وەردەی دەڵێن کە باران لێی دابێت.
**سپیاتی**: سپیدۆ ، شیەمەنی.
**ستوور**: چارەوێ، چوارپێی بار هەڵگری وەک ئەسپ و ئێستر.
**سجك**: بە چینی سەرەوەی دۆ دەگوترێت کە دەمێنێتەوە.
**سجووق**: دۆشاوی ترێی خەست ، تاڵە دەزووی تێ دەخرێت و گوێز و باوی تێکەڵ بەدۆشاوە خەستەکە دەکرێ .
**سڕ**: مت بوونی گیانەوری وەک مار و دووپشک لەدوای پایز تاکوو ناوەڕاستی  بەهاری
**سرك**: وشت، ئاژەلی کێوی بەئاگا و وشیار. دەستەمۆ نەبن.

**سرکە** : روبەهەنار، ئەسیدیک ئەسید . ئاوگێکی خەستە لە دۆشاوی ترێ  یان خورما دروست دەکرێت . دەکولێندرێ و دوایی دەترشێندرێ ، ئنجا هەڵدەگیردریت تاتەواو پێ دەگات

**سروت** : قەسەڵ ، قەد و گەڵای وشکی گەنم و جۆی درواوە.

**سروە:** بای فێنک و هێواش و لەسەرەخۆ.

**سستەک:** زەوی فشۆڵ و نەرم ئاو ڕانەگرێ.ئەو زەویانە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت.

**سکر:** بەربەستی  ئاو بە قوڕ و گڵ یان بەگیا.

**سلقەسۆرە:** چەوەندەر

**سم** : ئێسقنێکی رەشە و ڕەق و مردەیە لەژێر پێی ئاژەڵە ئەگەر یەک پارچە بوو پێی دەڵێن یەک سم ، ئەگەر دوو فاقە بوو پێی دەڵێن دووسم.

**سم تراش:** ئاسنێکی دەم پانی کلک درێژە دەسک دارینە سمی ئاژەڵی پێ دەتاشردرێ. لە جیاتی نینۆک کردن.

**سماق:** بەڕێکی ترشی دار سماقە. (دارترش)

**سمبل:** پێڵووی گەنم و جۆ ،  قرچغی گەنم وجۆ.

**سمرکە** : جۆرە رووەکێکی بژارە هاوینیە .رەنگی بۆرە.

**سمکۆڵ:** سم کوتانی ئەسپ بە زەوی.

**سنجێری:** جۆرە ترێیەکە کە بۆ دۆشاو پەسندە.

**سندانداری:** جۆرە نەخۆشییەکە دەیدات لە شووتی و گندۆرە.

**سندووقی دارین:** سندووقێکە لەدار درووست دەکرێ بۆ چاندنی تۆو پەلی رووەک لەناو نەمامگە بەکاردێت.

**سندۆڵ:** جۆنی ، بەردێکە ناوی چاڵە گەنمی لەناو دەکوترێ بەدەسکەجۆنی، بۆ ئەوەی ببێتە گەنمە کوتاو.

**سنگ:** پەل ، قەلەم.

**سواقدان:** سواخدان: داپۆشینی برینی ڕووەک بە مۆم(شەمێ) لەکاتی موتربەکردن و هەڵپاچین.

**سواقدان:** سواخدان: کرداری داپۆشینی دیوار و سەربانی خۆڵ بەقوڕێکی کەمێك شل بە ماڵنج ، ساڵانە لە پایز ئەنجام دەدرا.

**سواڵە(سوارە):** قامکێك گەنم یان جۆی دووراوەیە ، لەکاتی دروێنە هێشتا داینەنابێتە سەر زەوی.

**سواڵەت:** تاسولقە،پارچە شکاوەی گۆزە و جەڕە.

**سواندە:** پاساری، کێشکەی بەرماڵان کە لە بن سواندەی ماڵان دەژین.

**سول:** بڵاوبوونەوەی مادەی ڕەق لەناو مادەیەکی شل .

**سۆبلەتی:** جۆرێکە لەدار گێوژ

**سێ گاسن:**ئەو زەوییەی سێ جار کێڵانی بۆ دەکرێت.دووجار وەک وەک وەرد و جاری سێیەمیش لە پایزێ کەلەگەڵ کێڵانەکە تۆو دەدرێت.

**سیچک**: جۆرە بەرێکە لەداری مازوو پەیدادەدەبێ.
**سیچکە**:پۆخ ، خونچەی تازەی دار
**سیخوڕ**: گیانەوەرێکی کێویە پەڕی تیژی رەش و سپی بە لەشیەوە وەیە لەش/ێوەی شووژنە. گۆشتی دەخورێت.
**سیچکە**: بەرێکی دار مازووە.
**سێراب**: تێرئاو.
**سیرمە**: چەرمی چێڵ و گا وشك دەكراوە و دوایی بۆ قایش و بنچنی كڵاش و كورتانی وڵاخ و بۆ قایمکردنی نووکە شەنە بەکاردەهات.
**سیس بوون** : وشکبوونی رووەک یان گەڵا.
**سیقەتۆرە**: سیقەدانە، سیکڵدانە
**سێڵ** : ساج
**سیلاج**: سایلەج: سەوزەئالیکی ترشێندراوی هەڵگیراو.
**سێڵاو**: لافاو
**سێلک** : شەنەی دار کە سێلکی پێوەیە بۆ ئیش و کاری خەرمان بەکار دێت . قەسەڵی پێ ئاودیو دەکرێت.
**سێلەک**: شۆڕەکات، خاکێک ڕێژەی خوێی زۆر تێدا بێت.
**سێئاوی**: ڕووەک لە سەرەتای ژیانی سێ جار ئاودانی پێویست دەکرێ، دوایی ئاودانی دەوەستێندرێ تا رووەکە گەڵاکانی ملیان شۆڕدەبێتەوە ، ئنجا ئاودانی پێ دەدرێتەوە، ئەم کردارەش بۆ ئەوەیە کۆمەڵەی ڕەگی بەهێز بێت.
**سەبەتە**: قەرتاڵە، دەفرێکی گەورەیە نانی لەسەر دادەندرێ، لە توولی درێژ دروست دەکرێ.
**سەبەتەهەڵاڵە**: چاڵاییەکە لە رووی دەرەوەی جووت پەلی دواوەی هەنگە ، هەڵاڵەی تێدا کۆدەکرێتەوە.
**سەپان**: پاڵە ، وەرزێر، کەسێکە دانەوێڵەی گەنم و جۆ بۆ ئاغەیەک یان کەسێکی دەست رۆیشتوو .
**سەپک**:سەپەک، کولێرەیەکی ئەستوورە ،لە کەپەکی ئاردی درشت دروست دەکرا بۆ خواردنی سەگ دەبوو.
**سەجووق**: وەک باسووقە . لەدۆشاوی ترێ و نیشاستە پێک دێت، درێژکۆڵەیە ناوەکەی پڕدەکری لە کاڵی گوێزو بادەم .
**سەراوەرد**: نێوانی دوو پارچە زەوی.
**سەربال**: سێ شاپەڕی گەورەیە بەسەر باڵی باڵندە و پەلەوەر.
**سەرپاڵە**: سەرۆکی پاڵەو سەپانان.
**سەرپسێنکە**: بێچووی گەورەی کەروێشک کەبۆ خۆی بتوانێ گیا بخوات .
**سەرپەل**: سەرلق، بەشی سەرەوەی لقەدار.
**سەرپەڵان** : سەرپەران : سەرەتای بارینی پەڵە.

**سەرپەلک:** سەرپەل، کۆتا جاری لێکردنەوە و داڕنینی گەڵای تووتن. کە گەڵاکانی سەرەوەیە ، لە کۆتاییدا لێ دەکرێنەوە.
**سەرتا:** میوەی هەرە باش کە دەخرێتە سەر سەبەتە.
**سەرتەنەکردن:** کرداری لێکردنەوە و بڕینی ئەو لقانەی نزیک زەوی و ژێر زەوی درەختەکانی وەک مێو و سێو....
**سەرچڵ:** سەرەوەی لقی دار
**سەرچمک:** گەشترین گیای بەهار.
**سەرچن:** ڕنینی پەلکی سەرەوەی تووتن و ڕەیحان. زەردبوونی گەڵای تووتنە لە کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژ ، ناوەڕاستی مانگی ئاب.
**سەرچینە:** گۆپکە یان پەلی خاوەن دوو سێ گۆپکە کە لاکاتی موتربەکردن دەخرێتە سەر بنچینەی رووەک، بۆ کرداری موتربە.
**سەردوور:** دروێنەی بەروبوومی ڕووەکی بەبەرزی ، واتە زۆر هێشتنەوەی بەروبوومەکە.
**سەردەسە:**ئەو شوێنەی جووتیار تێیدا دەست بە جووت دەکات هەتا ئەو شوێنەی هۆی لێ دەداتەوە.
**سەرکار:** کەسێک لەلایەن ئاغا و دەوڵەمەندەکان دیاریت دەکرا بۆ وەرگرتنی باج و سەرپەرشتی ئیشەکانی ئاغا بکات.
**سەرگین:** ریخی تەواو وشککراوە.
**سەرگیندان:** خانووێکە لەناو حەوشە یان لەتەنیشت حەوشە دروست دەکرا سەرگین(تەپاڵە)ی تێدەکرا.
**سەرلق:** لقی ئەستووری سەرووی دار
**سەرەتانات:** شیلە،کونێر ، برالەقونار، خلێف ، ئەولقەی درەختە لەنزیک زەوی یان لە بن زەوی دەردەچێ.وەک لە مێو و سێو و زەیتون و هەنار .
**سەرەکەو:** کەوی تەمەن ٤-٥ساڵە
**سەرەمر:** مریشکی بەتەمەن ، چەند جارێک جووجکەی هەڵهێنابێ.
**سەرەمێکوتە:** بێچووی بۆق کاتێ لەناو ئاودایە سەرێکی وەک ماسی هەیە و کلکێکی درێژی هەیە.
**سەرەمەڕ:** مەڕێك دوو سک زابێ و لە پێشەوەی مێگەل بڕوات.
**سەرەند** : کەو، ئامرازێکی بازنەییە وەک بێژینگە بەڵام کونەکان گەورەترن بۆ لەبێژینگدانی دانەوێڵەیە.
**سەکۆ:** کورسی بە قوڕ یان چیمەنتۆ دروستکراو، کەلەناو باخچەکان دروست دەکرێن.
**سەکەت:** ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێ کە دەمرن لەناوچەی خۆشناوەتی پێیان دەڵێن سەکەت بووە، واتە تۆپیوە.
**سەگسار:** مەیموونی نێرەی قنگ سوور.
**سەگۆ:** بێچووی مانگا کە لەگۆلک بەتەمەن ترە و نێرە پێش ئەوەی ببیتە جوانە گا.
**سەگەبا:** نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدات و لە پەل و پۆی دێخێت.

**سەلک**:سەرک: ئەو بەرهەمەی رووەک لە ژێر خاکدایە، وەک سەرکە توور و سەرکە پیاز.
**سەنەك**: سنک، پەتی ملی سەگ .
**سەوڵ:** ڕووەکی پۆپیتەی کەڵەباب (کەڵەشێر) سۆراو، مەخمەڵ، قەدیفە.
**سەیناغ**: بەو زەوییە دەگوترێت کە لە ئاقاری ناو ماڵانە ، نەرم ڕاستە و ئاوی بارانیشی لێ کۆدەبێتەوە.

## ش

**شابار**: کەوی تەمەن دوو ساڵە
**شاباز**: بازی گەورە ، گەورەی باز.
**شاباڵ**: شاپەڕ: بەو سێ پەڕە گەورەی باڵدار دەگوترێت کە لەهەر لایەکی باڵی پەلەوەر هەیە.
**شابەند**: بەربەستی شاژهەنگ.
**شاپەڕ**: شاباڵ ، باڵی گەورە.
**شات**: شیلە، توڵ ، خەلفی یەکساڵە درەخت .
**شاتریان**: بێرکمی شاهەنگ ،قەفەزی شاهەنگ لێ دانان.
**شاخ:** قۆچ، دوو ئێسقانی ڕەق و درێژ و لوولدارن ، بەسەری مەڕ و بزن و گا و گامێش و بزنەکێوی و مامزەوە هەن.
**شاخسار**: بەشی سەرەوەی درەخت کەلق و پۆپ و گەڵای زۆر پێوەیە.
**شاخۆراک** : خۆراکی شاهانە، ئەو خۆراکەیە کارەکەری هەنگ دروستی دەکات، شاژهەنگ بەدرێژایی تەمەنی دەیخوات.
**شاخی هەستیار**: ئەو دوو داوە مووەن لە پێشەوەی سەری مێرووەکان هەیە، کە لە چەند گرێ دروست بووە، هەستی بۆن و بینینی تێدایە.
**شاخەوان**: بەو ئاژەڵ و مرۆڤانە دەگوترێت توانای هەبێ بەناو ڕێگای سەختی قەد شاخ دا بڕوات.
**شارا**: گێشە،کۆمەڵێك مەلۆی گەنم و جۆی دووراوە .
**شارۆخ:** تەرۆزی گەورە ، تەرۆزی چەمیلە.
**شارۆ**: بەرەڵلاکردن و ڕێگادانی باخ لەلایەن خاوەن باخەوە لە کۆتایی بەرهەم کۆکردنەوە، تا خەڵک بۆ خۆی هەر بەشێک لەبەرهەمەکە مابێت بیبات و سوودی لێ وەربگرێت.
**شارە مێش هەنگوین**: شانەهەنگ ،شوێنی بەخێوکردنی هەنگ .
**شارەزەردەواڵە** ، شوێنی ژیانی زەردەواڵە
**شارەمێرووستان:** شوێنی سەرەکی ژیانی مێرووله.
**شاژن:** گەورەی مێش هەنگوین ، مێیەیە و گەرادادەنێت و ڕێکخستنی پوورەی لە ئەستۆیە.
**شان**: بەو شوێنە دەگوترێ کە کون کونە ، هەنگ بۆ دانانی گەرا دروستی دەکات.
**شانە:** پوورەی هەنگ ، ماڵی هەنگ

**شانەچاندن:** ڕێگایەکی نوێی زۆرکردنی ڕووەکە ، بەهۆی هەر بەشێک کە لەڕووەک وەردەگیریَ پاش ئەوەی تەواو ورد دەکرێت.
**شاوێر:** رووەکێکی نیمچە دەوەنییە هاوینان شین دەبی .
**شجێر**: جۆرە مەڕێکە هەردوو لای دەم و چاوی سوورە و ناوەڕاستی سپییە.
**شجێرغەر**: جۆرە مەڕێکە ناوچەوانی سپییە.
**شخەڵ**: جێگای پڕ دەوەن.
**شفتەژێ:** بەو ئاژەڵە دەگوترێت هەموو ساڵێک بزێ ، بێچووی ببێ.
**شفرە:** دوو ددانی گەورەیە کە لەبەرازی نێرینە (یەکانە) دێتە دەرەوە بۆ سەرەوە و تیژە.
**شکارتە:** پارچە دەغڵێک شوێنی کەمتر لە عەلبە گەنمێك بۆ کەسێك چێندرابێت.
شکارتە: دانانی سەبەتە ترێ یان میوە لەسەر ڕێی ڕێبواران و لەسەر کانیان بۆ خەڵک، وەک خێر و بەرەکەت .
**شکانەوە**: قەد خستنە ناو خاك ، کرداری خستنە ناو خاکی قەد و لقی ڕووەکی وەک تەماتەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵە ڕەگی زۆر بێت.
**شکۆفە** : خونچەی گوڵ
**شڵخە**:خووێکی سرووشتی مێش هەنگوینە ،لە ئەنجامی زاوزێ و زۆربوونەوە ، کۆمەڵێک لە پوورەی بنچینە دەردەچن ماڵ جوودادەکەنەوە.
**شلکێنە**: خواردەمەنییەکی کوردەوارییە ، لەهەویری شل دروست دەکرێت هەویرەکە بە کەوچک دەکرێتە سەر سێڵەکە لەپاش برژان ،کەرە و رۆنی دەخرێتە ناوو دەخورێت،وەک کەلانەیە.
**شلۆقە:** شرۆقە، لێلاق، لێراو، بارینی باران و بەفر پێکەوە. بادینی
**شلەتێن:** شیرتێن.
**شنە:** کزەبای فێنک .
**شوالک**: توول، خەلفەی یەکساڵە درەخت. لقی داری بی بڕاوی باریک .
**شوان:** کەسێکە مەڕومالآت لەدەرەوەی ماڵ لە دەشت و دەر بەخێو بکات.
**شوانکارە:** بەو کەسە دەگوترێ مەڕ و مالآتی ئاغە یان دەوڵەمەندێك بەخێو بکات بەنیوەیی یان بەگوویرەی ڕێککەوتن.
**شوانی کوتەمەڕ:** شوانی گەلە، بەو شوانە دەگوترێت لە هەر ماڵێک ٢-٣ مەڕی کۆدەکردەوە و دەبووە شوانیان . کە نەدەگەیشتە ٤٠ سەر مەڕێك.
**شوانی مێگەڵ:** بەو شوانە دەگوترێت، زیاد لە سەد مەڕی لەبەردەست بێت بۆ لەوەڕاندن.
**شوتووربان:** حوشترەوان.
**شۆ:** شێف ئەو زەویەی یەکجار کێڵدرابێ ، ئەوێش لەکاتی چلەی زستان مانگی کانوونی دووەم.یەک گاسن لە پەرێز بدرێت.
**شۆڕاو:** شۆڕاوگە، ئاوی باران کە لەسەربان دێتە خوارەوە.

**شۆراو:** بە ئاو خاوێنکراو
**شۆڕاو:** ئاوی سوێر.
**شۆڕەزار:** شۆڕەکات،زەوییەک مادەی خوێی زۆربێت و ڕووەکی تێدا نەڕوێت.
**شۆغەر:** لای سەرەوەی قەدی دار کە تازە گەڵا دەردەکات.
**شۆک:** شتێکە وەک وردە شەکر دەبارێتە سەر گەڵای مازوو و داربەڕوو و کۆ دەکرێتەوە و دەگیرێتەوە و دەکرێتە گەزۆ.
**شۆنە:** زەوی ڕەقەن، ئەو زەوییەی ئاو هەڵنەمژێت.
**شیار:** وەرد ، زەوی کێڵدراو
**شێخەڵ:** هەڵپاچینی دارو درەخت بۆئەوەی باڵابکات. پەرتاوتنی دار و درەخت.
**شیراوگە:**پێکهاتووێک پێکهاتبێت لە بڵاوبوونەوەی مادەیەکی شل لەناو مادەیەکی دیکەی شل وەک شیر و ئاو.
**شیرباق:** ڕۆنی کونجی کە لەناو چرا دەکرا بۆ داگیرسان و ڕووناکی.
**شیردەر:** گیانەوەرێک شیر بداتە بێچووەکان و شیری بێتە گوانی.
**شیرمردە:** بێچووێک لەبەر کەم شیری لەڕو لاواز بێ.
**شیرینە:** جۆرە مێشوولەیەکی سەوزە لەگەڵای توتن دەدات.
**شێفەڵەتە:** بەری داری کفر.
**شیلاوگ:** پارچە گۆشتی لەناو ریخۆڵەی ئاژەڵدان لۆچ لۆچە، بۆ پەنیر دروسکردن بەکاردێت.
**شیلاوگە:** بەو شیلاوە دەگوترێت کە لە میوە دێتە دەرێ.
**شیلە:** شیرەی هەنگ
**شیلە:** کارتە،برالەی کونێر، شەخەڵ ، کارتە، لقی تازە گەشەندووی درەخت لەنزیک زەوی.
**شین بوون** : سەوز بوون
**شیناوەرد:** چاندنی هاوینە لەزەویی وەرد.
**شینایی:** سەوزایی
**شینبوون:** ڕووان
**شینکاتی** : سەوزایی دەرو دەشت.
**شینکە:** گژوگیای سەردەرهێنراو(هە. بۆ)
**شیو:** دۆڵ ، چەم
**شیو:** شیو، چێشت. خواردنێک لە ئێواران کاتی شیوان بخورێت.
**شێوەخوار**:شیوەخوار: لەوەڕاندنی مەڕ لە دوای ئێوارە تا ماڵنووستنان، لەوەڕاندنی مەڕوو ماڵات دوای دۆشینی ئێوارە.
**شێوەرد:** زەوی کێڵدراوی نەچێندراو.
**شەپرە:** ئیفلیج

**شەپڵەتووکە:** گورگی هەنگ ، هەنگخۆر.
**شەتاو:** قوڕاو ، لێڵاو
**شەرغەدان:** گرتنەوەی شاهەنگی دەرپەڕیو لەگەڵ پوورە هەنگی نوێی دەرچوو کەلەسەر لقی درەختەکان، کە کۆ دەبنەوە.
**شەغرە:** شەخرە، ئامرازێکی دار بوو لەشێوەی پیتی ٨ لەسەر پشتی گوێ درێژ و ئێستر دادەندرا قرشەی گەنم و جۆی درواوەی پێ دەهێنراوە سەر جۆخینێ.
**شەفەلە:** بەری رووەکی کەبەر، شێوەی لە شفتی دەچێت و بچووکە لەدەنکە قەسپێک دەچێت، رووی دەرەوەی سەوزە و ناوەوەی سوورە و کە پێ دەگات تامی شیلەی ناوی شیرینە.
**شەکرەسێو:** جۆرە سێوێکی شیرینە.
**شەکە:** بەرازی مێیەی یەک ساڵە.
**شەکەمێ:** مەڕێک تەنها یەک سک و زای کردبێ.
**شەشپەڕ:** تەرزێکی جۆیە، گوڵەکەی هەشت ڕیز دەنکی جۆی تێدایە.
**شەڵتە:** وەک ڕەشکە وابوو لەسەر پشتی گوێ درێژ دادەندرا ، کای پێ دەکێشراوە.
**شەلخە:** پوورەی مێش هەنگوین.
**شەم** : شەمێ، مۆم ، بەری مێش هەنگوینە کە شانەکانی پوورەی پێ دروست دەکات.
**شەماڵ** : بایەکی فێنکە لەلای ڕاستی قیبلە خواروو دێت.
**شەمامە:** جۆرە کاڵەکێکی بچووکە رەنگی زەردە و هێڵدارە. و بۆن خۆشە.
**شەمامەی ڕۆستەم بەگی:** جۆرە شەمامەیەکە جوان و زەرد و خەت خەتە ، لەحەیران ،وەسفی مەمکی کچان بەو شەمامەیە دەکرێ.
**شەمەترێلکە:** هەنگوینی مێش هەنگوینی چیایی.
**شەنیار:** ڕمەوان، ئەو کەسەی بەری گوێز دەتەکێنێ.
**شەنە:** ئاسنێکی ٤-٥ لکە دەسکە دارێکی ١،٥ م پێوە یە کا و قەسەڵی پێ کۆدەکرێتەوە. شەنەش هەبوو لە دار درووست دەکرا کە ٧ لک بوو زۆر لێک نزیک بوون.
**شەنەبا:** کرداری بەهەوا بڵاوکردنی تۆوی دانەوێڵەی کوتراو ، تا تۆو پووش پەڵاش و قرچکی لێک جوودابینەوە.
**شەواو:** ئەو ئاوەی بە شەو دەیدێرن . ئاودانی شەو.
**شەوبەکێو:** لەوەڕاندنی مەڕوماڵات لە شەوان و مانەوە بەو دەشت و کێوە، لە نیوەی پایز دەستی پێ دەکرد تا زستان .
**شەودێر:** ئاودان بەشەو.
**شەولەوەڕ:** ڵەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات بەشەو .
**شەونم** : خوناو، ئاورینگ . دڵۆپە ئاوی کۆبووەوەی سەر گەڵای ڕووەک لەبەیانیانی بەهاران.
**شەوین:** لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات بە شەو.

**شەوەخوار**:گیای تەڕ کە بۆ شەو لەوەڕێ دێننەوە.
**شەیتان ئاوس**:گیسکی دوو بەهارە کە سکی پڕبێ (ئاوس بێ).

## ع

**عەبرەش**: ئەبرەش، گیانەوەرێک شیری کەم بێت.
**عەرد: ئەرد**، زەوی، ئاخ .
**عەلبە**: ئەندازەیەکی پێوانە بۆ گەنم و جۆ ، یەک عەلبە ٣٢ ڕوبەیە. ڕوبەی گەنم ٩ کغم .
**عەلەشیش**: قەلەموون ، قەل، باڵندەیەکی گەورەیە گۆشتی دەخورێ ، رەنگی ڕەش یان سپی یان سوورە.
**عەمبار**: ئەمبار، شوێنی داکردنی دانەوێڵەیە.
**عەنباراو**: حەوزی ئاوی سەر داپۆشراو.
**عەنبەر** : ڕووەکێکی بۆن خۆشە
**عەنبەربۆ**: تەرزێکە لە برنجی سەدری درێژ و باریکە زۆر بۆن خۆشە.
**عەنتەر**: مەیموونی نێرەی قون سوور.
**عولە**: پاشەڕۆی حوشتر.

## غ

**غاراندن**: نەرمکردن و خۆشکردنی پێستەی ئاژەڵ بۆ تێکردنی شت و مەک ، وەک دەکرێتە هە. بۆ و مەشکە و کوندە.
**غاراو**: چەرمی خۆشکراو
**غارغارێن**: ڕاکردن
**غەزوبەز**: گۆشتی قەڵەو .گۆشتی نەرم و بەبەز.

## ف

**فاتەبۆرە**: تەرزێکە لە کاڵەک (گندۆرە)کەمێک گەورەترە.
**فاق**: تەڵەی ئاسن  یان دار بۆ باڵندە دادەندرێتەوە.
**فاکسین**:ڤاکسین، پێکوتە ،کوتاو.
**فاڵ** : ئارەزووی سێکسی ئاژەڵی  مێیە بۆ نێرە.
**فجوق کردن**: باڵگرتن و فڕینی کەو.
**فرچک**: ژەک ، بردنی بێچووی تازە بۆ گوانی ئاژەڵ تا فێرە مژینی گوانی دایکی بێت.
**فرچیل**: دانەوێڵەی نیوە کوڵاو.
**فرمێسکی بووک**: بەو ئاوە دەگوترێت کە لەکۆتایی زستان و سەرەتای بەهار بەقەدی درەختی بڕاودا دێتە خوارەوە.
**فڕندە**: باڵندە : مەل

**فڕوج:** جووجکەی مریشک تەواو گەورەبێت و هێشتا بە هێلکە نەهاتبێت.
**فرۆ:** شیری یەکەم رۆژی زان کە لە گوانی ئاژەڵی زا دەردێت و دەکوڵێندرێ و خوێی پێدادەکرێ تامی زۆر خۆشە.
**فریز:** چیمەن
**فریشک:** ژەکێکە لەناو سکی کار و بەرخ دەردەهێندرێ ،خۆش دەکرێ بۆ هەوێنی پەنیر.
**فستاق:** ترێێ بەدارەوە وشک بوو.
**فسقل:** گزگل، بەرێکی دار مازووە.
**فشۆڵ** : فشەڵ، زەوی فش .
**فێ:**گەشکە
**فیچقە:** کاتێک ئاو بە توندی لە کونێک یان دەرچەیەک بێتە دەرەوە.
**فیسقە:** سەلکی پیازی بچووک کەبۆ چاندن بەکار دێت.
**فیشقەفیشق:** دەنگی نێرەکەر کاتێ لەماکەر نزیک دەبێتەوە.
**فیشکە** : فیشقە: دەنگی مار.
**فیشکە:** فیشکاندن: دەنگی مار کاتێ خۆی بۆ دوژمنەکەی دەهاوێت.
**فیق:** ئاژەڵی لەڕ و لاواز.
**فەڕ:** بەپیت و بەرەکەت.
**فەریک:** گوڵ و بەری رووەک کە هێشتا تەواو پێنەگەیشتبی، وەک فەریکە گەنم و جۆی سەوز کەتازە شیر کەوتبێتە ناو تۆوەکان.هەروەها بە بەری قەزوانی تازەش دەگوترێ، فەریکە قەزوان ، فەریکە گێز ، فەریکە نۆک ، فەریکە سێو.
**فەرە:** بێچوو وەک فەرەقەتی ، یان فەرە کەو
**فەوارە:** نافوورە، بەرزکردن و هاتنەخوارەوەی ئاو لەبۆڕی و پێکهاتەکان لەناو باخچە کە بۆ جوانی و شێدارکردنی باخچە .

## ڤ

**ڤایرۆس:** پالاوتە

## ق

**قابۆرە:** دارێک لەبەر کۆنی لەڕ و سیس بێ.
**قاچاچ:** بێچووی گامێش، مێینەبێ، قاچاچ ئنجا پالاغە- ئنجا گامێشی مێینە.
**قات و قڕی:** نەبوونی گرانی نرخی شتومەك .
**قاتولی:** ربە هەنار.
**قاتە:** چەڵتووکی پووچەڵ ، بێ ناوک.
**قارسۆک:** گاریس، هەرزنە کیوی،رووەکێکی بژاری هاوینەیە.
**قاڕەقاڕ:** دەنگی کار وبەرخ بۆ دۆزینەوەی دایکییان.

**قاسپە** : قاسپە قاسپ: خوێندنی کەو بەدەنگ.
**قاسک:** قارسک، قەدی رووەک.
**قاش:** کووز، پارچە ، لەتی میوە.
**قاق بەقاق:** دەنگی خوێندنی کەو.
**قاقڕ:** قەراج، خاکێك ڕووەکی لێ نەڕوێت.
**قالتاس:** قلچغ ، پرزەی گەنم و جۆ، برژانگی گەنم و جۆ.
**قاڵنگ :** داریکی درێژە و سەرەکی وەک قولابە هەنار و میوەی بەرزی پێلێ دەکرێتەوە.
**قالۆرە:** بە نێرکە گیای وشکبووی وەک کەنگر و قەلۆغان و کەبەر، کەربەشەو شەکرۆکە دەگوترێت..
**قاڵەقنگ:** کاڵاقنگ، گەڵای ڕێواس.
**قامچی:** قایشێکی نەخشێندراوی هۆندراوە ، گوێ درێژ و وڵاغی پێ دەهاژووری.
**قامک:** ئەندازەی نووشتانەوەی پەنجەئەنگوستە.
**قاناو:** دێراوی باخ
**قانگدان:** دووکەڵدان
**قانگەلاشك:** قەلقەلاشک: بنە کەبەری وشکبووی بابردە.
**قاو:** پووشوو و ناوەخنی داری پیر کە ئاگر زوو دەگرێت و دەسووتێت.
**قاورمە** : گۆشتیوردکراو و سوورەکراوی هەڵگیراو
**قاوویت:**قاوت، ئاردی قەرەخەرمانی هاڕدراو.
**قاوە:** بەری درەختی قاوە ، دەکوترێت و لەگەڵ ئاو گەرم دەکرێت و دەخورێتەوە.
**قاوەڵتی** : خواردنی چێشتێک پێش نیوەڕۆ .
**قایش:** پێستی ئاژەڵ خۆشکرابی.
**قڕ:** لەناوچوونی بەکۆمەڵ بە هۆکارێک، قڕکردنی مێروو: لەناوبردنی مێروو بەهۆی دەرمان.
**قڕتاندن:** کرتاندن، هەڵپاچینی لقی درەختە ، بە مقەس ، یان بەتیغی تیژ.
**قڕتێکەوتن:** مردنی ئاژەڵە بە کۆمەڵ.
**قڕتێنەر:** ئەو ئاژەڵ و مێرووانەی بەربووم دەقرتێنن و زیانی پێدەگەیەنن. وەک مشک و جورج ...
**قرچغ:** قرچک: قلچغ ، قەڵتاس، ئەو قەپێلکەی تۆی گەنم و جۆی تێدایە لەکاتی گوڵ دا.
**قرخ:** هەڵپاچینی لووتکە و پۆپەی لقی درەخت.
**قڕش قڕش:** وشەیەکە بۆ بانگکردنی کەر و جاشک بەکاردێت.
**قڕشقڕش:** وشەیەکە بەکاردێت بۆ بانگکردنی گوێ درێژ.
**قرشە:** گەنم و جۆی درواوە لەناو جۆخین بە کۆکراوەیی، قەدو گەڵای گەنم و جۆ لەدوای دروێنە بەکۆکراوەیی، بەشێوەی بازنەی بە قۆمەت دادەندرێت.
**قرشەکوت:** دەڕاسە، کوتێنەری ئەو قرشە درواوەی لەسەر جۆخین داندراوە. یان لەناو تەبارە دەدروێتەوە، هەر لەدروێنەوە تا دەگاتە خاێنکردنەوەی گەنمەکە.

**قڕقڕە:** وەک زەنگوڵە لە ملی مەڕ دەکرا بەڵام ئاسنەکەی پلێتێکی ئەستوورتربوو،بچووکترە لەزەنگوڵ ، ئاسنێکی خڕی لەناو دابوو، دەنگی لە هی زەنگوڵ کەمتربوو.
**قڕکەر:** دەرمانی کیمیایی لەناوبەر.
**قسر:** ئاژەڵی نەزۆک . درەختی بێ بەر.
**قسڵ:** نورە ، ئاهەك، وەکوو گەچ وایە.
**قشپل:** پشقڵ ، پاشەڕۆی مەڕ و بزن و مامز .
**قشپلدان:** ئەو خانووە بچووکەی لەنزیک ماڵ یان لەحەوشە قشپلییان تێدا دادەکرد.
**قغەقغ:** دەنگی کەو.
**قلیش** : درز ، درزی خاك .
**قماو:**ئەو زەوییەی کاتێ ئاودەدرێ بێ ئەوەی سەرەوەی دیاربێ تەڕبێ،ژێرەوەی تەڕو شێدار دەبێ.
**قنچك:** تەختی گوڵ.
**قنچک:** سەر و بنکی سەوزەواتی وەک بامیە .
**قنچکە:** گۆپکە.
**قوت:** بزنی گوێ کورت و بچووک.
**قوچەک:** دانانی چەند بەردێک لەسەر یەک بۆ نیشانکردنی شوێنەک.
**قوڕاو:** ئاوێک قوڕی زۆر تێدابێ.
**قوڕباقە:** بۆق لەدوای قۆناغی سەرەمێکوتە و پێش ئەوەی ببێتە بۆقی تەواو.
**قوڕکێل:** زەوی شێدار لە کاتی کێلان گڵمتی لێ پەیدابێت.
**قوڕەبرنج:**کرداری تێکردنی ئاوێکی زۆر لەناو زەوی مەرەزەدا تا خاکەکە دەبوو بەقوڕ.
**قوڕەبەگ:** زەویەکی هەمیشە تەڕ و شێدار.
**قوڕەقوڕ:** دەنگی سەگ لەکاتێ لێدانی لەلایەن مرۆڤەوە.
**قولاخە:** قولاغە، خڕبوونەوەی ماسی لە دەوری یەک لە زستاندا.
**قولانج:** ئەندازەیەکە لەنێوان پەنجەی شایەدمان و پەنجەی گەورە بەمەرجێک تەواو بکرێتەوە.
**قولنگ:** کەرەستەیەکە بۆ بۆ زەوی رەق هەڵکەندن ، یەک دەمی ئاسنی باریک و تیژی هەیە، هەشیانە دوو سەرە، دەسکێکی داری ٣٠-٤٠سم هەیە.
**قولینە:** سەبەتەی لە شوولکەدار دروستدەکرێ بۆ هەڵگرتنی میوە ، بنی بچووکە و سەری فراوانە
**قولە:**مەڕی دەم و چاو سوور رەنگی خورییان سپییە.
**قولەمس:** بەو مەڕە دەگوترێت ، دەمو چاوی سوورە خەتی ڕەش یان زەردی تێدایە.
**قوم:** بڕ، فڕ، (قومە ئاوەکی دەخۆمەوە).
**قوم:** زیخی ورد .
**قومەڵان:** حاویە، زەوی لماوی نزیک ڕووبار و دەم ئاوەکان.
**قوناو:** بەو ئاوە دەگوترێت،کە کە لەزیادەی هەموو دێراوەکانی مەرەزە لە شوێنێک کۆ دەبۆوە.

**قونکە:** سەری بەری سەوزە و میوە ، وەک دەڵێن قونکە تەرۆزی ، قونکە پیاز.
**قونکەی دێراو:** لای دواوەی دێراو، کۆتایی دێراو.
**قونەکەو:** گەنم دابێژان و خاوێنکردنەوەی بە دانیشتنەوە.
**قووقەقووق:** دەنگی کەڵەشێر.
**قۆپەن:** کۆمەڵە گیایەکی بۆڕ و دیار و کۆبووەوە.
**قۆچ قۆچانێ:** شەڕی نێوان دوو بزن یان نێری یان دوو بەرانی قۆچداربەهۆی قۆچ لێک بدەن.
**قۆچ:** شاخی ئاژەڵی وەک مەڕ و بەران و گا.
**قۆڕە** : دەنگی مانگا ، مانگا دەقۆڕێنێ
**قۆڕەقۆڕ:** دەنگی مانگا .
**قۆزاخە:** رووپۆشێکی ئاوریشمییە کرمۆکەی پەپولەو ئاوریشم ، لەدەوی خۆیان دەیئاڵێنن و خۆیان پێ دەبەنە سوڕی متبوون.
**قۆزاخە:** شکۆفەی پەمۆ، کەلووی لۆکە.
**قۆشمە:** غاردانە و پێشبڕکێ بەهۆی گوێدرێژ و ماین و ئەسپ.
**قۆقز:** کووڕ.
**قۆنگرە:** گردبوونەوەی مەڕو بزن کاتێ لەسەرمان سەر بەیەک دەکەن.
**قۆمەت:** خۆڵ و قەسەڵ بە خڕ و بەرزی کۆنکرێتەوە.
**قیقەقیق:** دەنگی قاز کاتێ بەکۆمەڵ شتێک دەبینن.
**قەپ قەپ:** قاسپە قاسپ، دەنگی کەو لەکاتی خوێندن.
**قەپان** : تەرازوو
**قەپرغە:** کەلەکە، لاپەراسوو.
**قەپۆز:** رووخساری کەرو ئەسپ و ماین (رووی کەپوو و لچ)، ئەو بەشەی کە لەکاتی ئاو خواردنەوە دەکەوێتە ناو ئاو.
**قەپۆک:** دەنکە گەنم یان دەنکە نۆکی لاواز و پووچەڵ.
**قەپێلک:** ئەو بەرگەی دەنکی گەنمی لەناودایە.
**قەد:** بریتییە لە چەند ماکاوێك(٤-٥ دێراو پێی دەڵێن دەستەک یان قەتار، بەچەند دەستەو قەتاریش دەڵێن ،ماکاو یان بەرەجۆ ، بەچەند ماکاو یان بەرەجۆیەکیش دەڵێن قەد یان تەختە.)
**قەد:** بەشێکی ڕووەکە لەدوای ڕەگ، لق و چل و گوڵ و بەری ڕووەک هەڵدەگرێ.
**قەدەح:** گوڵی درەختی مزرەمەنی وەک گوڵی نارنج و لیمۆ و پرتەقاڵ.
**قەڕاسە:** ئەو زنجیرە درێژەیە لەملی گوێدرێژ دەکرا سەرێکی لەملی بوو سەرەکەی تر بە مێخ زنجیر دەبەستراوە بەخاک.
**قەرانگ:** ئامرازێکی وەکوو داسە بەس تیژ نییە قرشەی پێ کۆدەکرێتەوە.

**قەرسیل:** زەوی سەوزبووی نزیک ماڵان کە جۆی تێدا شینبووە و هەر سەوزە. کار و بەرخی تێدا دەلەوەڕێت.
**قەرسەقوڵ :** تەرسەقول پاشەڕۆی گوێدرێژ و ئەسپ و ماین.
**قەرۆمە:** ئەو شێنەی جووتیار پێی دەخاتە سەر بۆ هۆدانەوە.
**قەرەخەرمان** : قەلەخەرمان ، گوڵەپرووزە، ڕەشەفەریک ، گوڵە سووتووە، گەنم کاتێ شیری بەتەواوی ڕەق نەبووبێ،دەدوورێتەوە و بەقەدەوە دەکرێتە چەپک و ئاگری لێ دەدرێت،کە نیوەبرژ دەبی ، پاک دەکرێتەوە و دەخورێت وەک بڕوێش دەهاڕدرێت .
**قەزوان** : قەسقەوان، کەسکەوان ، کەزان ، کەزکان ، وەنیشک ، وەنەتاق بەری درەختی قەزوانە (دارەبەن)، دەنکی خڕ و سەوزە بەبرژاوی دەخورێت و دەنکەکەی وشک دەکرێت و دەکرێتە تەزبێح.
**قەزناغ:** قەسناخ، پێوەرێکە بۆ گەنم و دانەوێڵە بەکاردێت ، یەکسانە بە چوار ڕوبە.
**قەتارە:** ٨-١٠ خەتی زەوی کێڵدراو لەکاری تووتن پێیان دەگوت قەتارە.
**قەتارە:** سەبەتەی ترێ بە شێوەی قووچەکی.
**قەسپ:** خورمای وشک.
**قەسپۆک:** جۆرە خاکێکی ڕەقی هەڵوەشاوەی لیچە ، گڵمت گڵمتە.
**قەسەبە:** لقی پێگەیشتووی متبووی دار مێوە، تەمەنی یەکساڵە.(وشەکی عەرەبیە)
**قەسەبەی بەری:** قەسەبەی کورتکراوەیە٣-٨ گۆپکە هەڵدەگرێت.
**قەسەڵ:** سرووت ، قەد و گەڵای پاشماوەی گەنم و جۆی دووراوە کەوشک و زەردە، مەڕو ماڵات دەیخوات .
**قەف لێدان** ، گرێدانی دوو پەت .
**قەف:** گرێ ، 'گرێی قەدی ڕووەک وەک قەفی گەنم و جۆ .
**قەفوگوڵ:** بەدانەوێڵە دەگوترێ کاتی گوڵکردنی هاتبێ و هێشتا بەتەواوی نەیکردبێ.
**قەڵاچۆکردن:** لەناوبردن ، قڕکردن.
**قەڵانگ** : دارێکی درێژە ئەستووری هێندەی ناو دەست دەبێ ، سەرەکەی دوولکە بۆ خوارەوە ، وەک ژمارە ٨ ، لکی میوەی هەنار و هەنجیری پێ ڕادەکێشرێتە خوارەوە. گوێزی پێ دەتەکێندرێت.
**قەڵت:**بەو بەرگە دەگوترێت تۆوی گەنمی تێدایە .
**قەڵەم:** پەل، سنگ ، قاژ .
قەلەم: لە قەدۆکەی گوڵەوە دەردەچێت، لە ناو هێلکەدانی گوڵ پەیدادەبێت.
**قەناس:** بەو پارچە زەوییە دەگوترێ سووچەکانی وەک یەک ڕێک نەبێ.
**قەنگەلاشک:** قەلقەلاشک ، بنە کەنگری وشکی بابردەڵە.
**قەوچە:**چەنەگەی وڵاغ، بۆ مرۆڤیش بەتوانجەوە بەکاردێت، دەڵێت لە قەوچەی دەوە، واتە وەڵامێکی دەمشکێنی دەوە ، یان مستێکی لە چەنەگەی دە. .
**قەوزە:** توێژاڵێک یان بەڵخێکی سەوزە دەکەوێتە سەر ئاوی وەستاو.

**قەیار**: تاشینی زیادەی سمی ئاژەڵ بە سم تراش.
**قەیاسە**: کەژوو ، جۆرە گوریسێک بوو سێ پەنجەیەک پان بووزیاتر بۆ بن سکی ئاژەڵی چاوەرێ بەکاردەهات.
**قەیتەران**: چەمەشیاوڵە .
**قەیچی** : دویردک ، دویردە، مەقەس .
**قەیماغ** : سەرتوێژی شیری کوڵاو.
**قەیناخ**: پێنج پەنجەی لە تەنەکە و پلێت دروست کرابوو ، سەپان لە کاتی دروێنە دەیکردە دەستی بۆ خۆپاراستن لە دڕک و داڵ.

## ک

**کا**: کلۆشی وردی گەنم و جۆ، قەسەڵی وردکراوی گەنم و جۆ
**کاپۆل**: کاپۆخ، گیای ئەنجنکراو و وردکراو .
**کاتۆر**: لەوەڕگای لەوەڕ لێ نەماو.
**کاچاخ**: بێچووە گامێشی دووساڵە(دووبەهارە)
**کادان**: کادین، ئەمباری کا ، شوێنی کۆکردنەوە و پاراستنی کا لە وەرزی زستان.کادیەهەنگ: پلوورە، خەڵێف، ئەو شوێنەی کە پوورەی هەنگی تێدا دەژییت.
**کار**: بێچووی بزن ، لە رۆژی بوونیەوە تا لەشیر یان لە گوانی دایکی دەبێتەوە.
**کارتە**: بنکارتە، قەرسیل، بەو پارچە زەوییە بچووکە چێندراوەی نزیک ماڵان دەگوترێت ، کە گەنم و جۆی لێ چێندراوە، بە ساوایی و سەوزی مەڕوماڵاتی لێ دەلەوەڕێت، بەڵام دوایی گەشەی دەست پێ دەکاتەوە.
**کارتە**: شیلە ، کونێر، شەخەڵ ، ئەو لقانەی لە ژێر خاک یان سەرخاکی نزیک ڕەگی درەخت دەردەچن.
**کارتەکردن**: شیلەکردن: بڕینی ئەو لقانەی کە لەژێرەوە یان لەدەوروبەری شوێنی بڕینی قەد دەردەکەون.
**کاردڕۆژە**: دوو لەتکردنی گوێزی کەمکۆڵ بە چەقۆ.
**کارک** : بەروبوومی پێنەگیشتووی وەک گندۆرە و تەماتە وهەنجیر ، وەک دەڵێن کارکە گندۆرە .
**کارێز**: چوخمە، چەند بیرێک لە ژێر زەوی لە نزیک یەکدی لێ دەدرێن سەرچاوەکەیانی لە ژێر زەوی بەیەک دەگەیەندرێن ، لەشووێنێک سەری ئاوەکە لە زەوی دەردەهێنن ، بۆ ئاوخواردنەوە و کشتوکاڵکردن بەکاردێت.
**کارەکەری هەنگ**: پاڵەی هەنگ
**کازاختن**: کەزاختن: هەڵپاچین: هەڵپەرداوتن ، بڕینی لق و چلی درەخت.
**کاژ**: توێژ ، تفر، پێسی مار ، کراسی مار.
**کاژ**: سنۆبەر.

**کاسەگوڵ:** بازنەی دەرەوەی گوڵە و لەهەمووان زیاتر لەگوڵەوە دوورە،کەبەشیکانی دیکەی دەپارێزێت.پێش کردنەوەیان؛

**کاش؛** نەخت ، پارە بە نەختی.

**کافوور:** جۆرە کەتیرەیەکە لە داری کافوور دەردەهێندرێ.

**کاڤر:** بەرخی لەدایک دابڕاوی گیا خۆر.

**کاکڵ:** کاکڵە، ناوەخن، کاکڵەبەر.

**کاکڵە:** ناو گوێز کە بە تەواوی دەردێت.

**کاکوت:** ئامێری کاکوتان.

**کاڵا:** کەل و پەل ، شتومەک

**کالار:** تووتنی وشک و کەڵەکەکراو.

**کاڵاقنگ:** گەڵای ڕێواس.

**کاڵکەن:** میوەی بە کاڵی ڕنراو.

**کالیار:** جۆرە تەرۆزیەکە لە برکی ناکرێتەوە تا لە قەبارەدا تەواو گەورە دەبێت،تامی مزر دەبێت، تۆوی لی وەردەگیرێت.

**کاڵە:**تڕکە، کارکە، تەماتەی پێ نەگەیشتوو.

**کاڵەهێش:** زەوییەک یەکجار کێڵدرابی و تۆوشی پێوەکرابێت.

**کانی:** ئاوێك بێ هەڵکەندن ودەسەڵاتی مرۆڤ، لەخۆیەوە لە ژێرزەوی ئاوی خاوێنی لێ بێتە دەرەوە.

**کاوڕ:** بەرخ لە دوای تەمەنی شەش مانگی .ئەگەر نێربوو پێی دەڵێن کاوڕەنێر، ئەگەر مێ بوو پێی دەڵێن کاوڕەمێ.

**کاوکۆت:** کای ورد.

**کاوێژ:** جووینەوەی ئالیکی ناو سک جارێکی تر بە یەقکردنەوەی بۆ ناو دەم. دەم بە یەکدادان ، وەک بنێشت جوین ، وەک کاوێژی مەڕ و بزن و حوشترلە بەهار ، کە بەرۆژ زۆر دەخۆن ، بەشەو یەقی دەکەنەوە دیسان دەیجوونەوە تا بە ئاسانی هەرس بێت.

کرتێنەر: بەو ئاژەڵ و مێروانە دەگوترێت بە دەم خواردن دەپچڕێنێ و وردی دەکات ئینجا دەیخوات.وەک کوللـەو جۆبڕکە و مشک.

**کرتێنەری لێسەرەوە:** ئەو مێرووانەن کە ئەندامی کونکەریان دەچێتە ناو رووەک و دوایی دەیان لێستەوە، وەك کارەکەری هەنگ .

**کرتێنەری مژۆك:** ئەو مێرووانەن ئەندامی کونکەر دەخەنە ناو خانەخوێ و دوای دەیمژێت.وەک مێشوولە و کێچ و شۆکە.کرۆسك: هەرمێی کێویلە.

**کرۆک:** مادەی ڕیشاڵییە ، لە سەلکی چەوەندەری شەکر دەردەهێندرێ، وەک ئالیک دەدرێتە ئاژەڵ.

**کرۆک:** ناوەخنی قەدی ڕووەک.

**کرێ پارە:** دروێنەکەری بەپارە گیراو.

**کزر:** خاکێکی هەرمیشکەیی، نەزۆر تەڕبێت نەزۆر وشکبێت.
**کزرە:** وشکە ئالیک، ئالیکی وشککراو.
**کزکزا:** ترشانی ماست .
**کزیلک:** بۆنی چەوری و گۆشت کاتێ لەسەر ئاگر دادەندرێت.
**کژ:** وەخت : کات ، وەرزی چاندن .
**کس کس:** ئەو دوو وشەیە بۆ بە شەڕدانی سەگ دەگوترێت.
**کسکە:** بەزو دوونگ ورد دەکران پێکەوە سوور دەکرانەوە ودەخورا.
**کشت:** چاندن.
**کشتوکاڵ:** کشتوکار، چاندن و کێڵان.بایەخدان بەزەوی.
**کشمیش:** تەرزێکە لە تەرێ بێ ناوکە و زۆر شیرینە.
**کشۆك** : قەدی باریکی سەرزەوین لەشوێنی شێدار رەگ دەردەکەن وەک لە شلێک .
**کلکەمەقری:** بەو زەوییە دەگوترێ کەوتبێتە نێوان کەندێک یان دۆڵێک ، لەشێوەی کلکەمەقلی بێت ، رووبەرەکەی کەم بێتجێی ۲۰-۳۰کگم گەنم و جۆ بێت.
**کلۆش:** سروت ، قەسەڵ
**کلێنچکە:** دوائێسکی سەر قونی ئاژەڵ ، باریکایی سەر دووگی بزن.
**کوتکەهەنار:** هەناری پێ نەگەیوو.
**کوتەمێگەل:** بەو مێگەلە دەگوترێت لە ٤٠ سەر مەڕ کەمتر بێت.
**کودی:** کوولەکە.
**کورتەبنە:** گرگن ، باڵا بچووک.
**کوڕی:** وشەیەکە بۆ بانگکردنی جوانەماین و ئەپ و جاشک بەکاردێت.
**کوڕیس:** بزنی بێ قۆچ.
**کوریک:**کولیك، بە خونچە گوڵی درەخت و بڕکی تەرۆزی و خەیار و گندۆرەی دەوترێ.
**کوریک:**کولیك، گولیک، گوڵ ، وەک کوریکە نیسان ، واتە گوڵەنیسان .
**کوشتی:** ئاژەڵی بەخێوکراو و ئامادە بۆ سەربڕین.
**کوڵك:** تووک ، گەندەموو لەسەر هەندێ قەد و بەری ڕووەک هەیە.
**کوڵک:** گەندەموو.
**کولێرە مەژگە:** جۆرە نانێکە کە گوێزی وردی تێ دەکرێت.
**کولین:** شوێنەک بوو لەناو ڕیشماڵ ،بە چیغ دەیانگرت بۆ پاراستنی بەرهەمی شیر و پەنیر.
**کوندەڵان:** کەپرێکی بچووکە لەناو حەوشە دروست دەکرێ،هاوینان کوندەی ئاوێی لە بن دادەندرێ، بەهۆی سێبەرەکەی ئاوەکەی فێنک دەبێ.
**کووچ کووچ:** وشەیەکە بۆ بانگکردنی سەگ و گوجیلە دەگوترێت.

**کووچ کووچە:** بەو کەسە یان ئاژەڵە یان شتێکی مادی دەگوترێت کەبەدوای کەسێک یان ئاژەڵێکی دیکەوە بڕوات.
**کوورک:** کوێروو،خەڵووزە.
**کووری:** گیسکی قەڵەو و دابەستی.
**کووز:** بەشکردنی زەوی لەکاتی کێڵان لەلایەن جووتیارەوە کە بەئەندازەی ٣ م پان بێت، تا بزانێت ڕۆژانە چەند کووز دەکێڵێت.
**کووز:** پڵ.
**کووز:** قاش قاشی میوەی گندۆرە و شفتی.
**کووزر:** گەنم کاتێ لەناو قەپێلکی دا دەمێننەوە.
**کووشە:** کوشە، لقی ڕاکشاو، کردارێکە لقی درەخت لەناو خاکی شێدار دەشاردرێتەوە، بێ ئەوەی لەدایکی جودابکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگ دەربکات و دوایی وەک رووەکێکی سەربەخۆ پەروەردەی بکەین.پێنج شێوازی هەیە.
**کووشەی تاجی :** تاجیە کوشە، لەکۆتایی زستان قەدی سەرەکی دار هەتا نزیک زەوی دەبڕدرێتەوە ئەو لقانەی لەقەدەکە دەردەچن بەردەوام خۆڵی بەسەر دادەکرێت تا ١٥ سم ئنجا لێێ دەگەڕێین تا ڕەگ دەردەکەن.وەک لە سێو.
**کووشەی سادە:**سادەکوشە، بریتییە لە زۆرکردنی هەندێ ڕووەک بەهۆی شاردنەوەی تەنها گرێیەکی لقی ڕووەکەکە لەناو خۆڵ یان ژینگەی تەندروست بۆ زۆر بوون.وەک لە سێو و مێو...
**کووشەی هەوایی:**هەواییە کوشە،بریتیە لە لێکردنەوەی توێکڵ لە بەشێك لە قەدی ڕووەک ، ئنجا داپۆشینی بە خۆڵ یان پیتمۆسی شێدار و ئاڵاندنی نایلۆنێك لێی، تا ڕەگ دەکات و جوداکردنەوەی لە دایکی. وەک لە مەتات و قەفەزەی سینگ.
**کووشەی ئاوێتە:**ئاوێتەکوشە،بریتییە لە شاردنەوە و داپۆشینی لقێکی ڕووەک لە چەند شوێن و بە چەند جاربەلەناو خۆڵی شێدار، تا ڕیگ دەردەکات. وەک لەدارمێو و تیکۆما.
**کووشەی ترۆپک:** ترۆپکەکوشە.سەرپەلە کوشە، بریتیە لە شاردنەوەی سەری توولەکان (لقەکان)بەشێوەیەکی سروشتی کە توانای چەماندنەوەیان هەیە بۆ ناو خاک، تا ڕەگ دەردەکەن . وەک لە توودڕک .
**کۆپارە:** ئەو بەرزبووەوەی لەسەر پشتی وشترە.
**کۆپەڕە:** گەڵای رەنگاوڕەنگی گوڵ.
**کۆتان:** خاکێک سەخت بێ بۆ کێڵان.
**کۆتان:** شوێنەک بوو وەک پەناگە، زستانان لەناو ڕەشماڵ بە چیغ دروست دەکرا بۆ مەڕەزاو کاروبەرخی ساوا.
**کۆتک:** جامێک بوو لەدار دروست دەکرا بۆ دۆ خواردنەوە .
**کۆتەری:** جۆرە گندۆرەیەکە زۆر شیرینە.

**کۆتەرە:** دیواری ئەستووری دەوری هەرشتێ.
**کۆتەڵ:** سەرکۆزەرەی دانەوێڵەی بێژراو.
**کۆتەڵە:**کۆتەرە، بنکەداری ئەستووری بڕاوە.داری وشک بوو.یان قەدی داری ڕزیو.
**کۆچەڵە:** کۆجیلە،کاسەیەکە لە قوڕ دروست دەکرێ بەبەری درەختی دارەبەنەوە دەنرێ بۆ ئەوەی بنیشتە تاڵی تێدا کۆببیتەوە.
**کۆدەرە:** زەوی هەڵدڕاوی خاک نەرم کە ئاوی زستانەی پێ دادەڕوات.
**کۆڕ:** بریتییە لە کۆبوونەوە و سەربەیەککردنی مەڕو بزن لە ئەنجامی گەرمای بەتین.
**کۆراو:** کانیەک یان سەرچاوەیەکی ئاو، ئاوی کەم بێت و ماوە ماوە سەرچاوەی ئاوەکەی چک بکات.
**کۆرگوان:** بەو مەڕوبزنانە دەڵێن کە چیلکەی گوانییان باریک و ناڕێکە بەزەحمەت شیری لێ دەدۆشرێ.
**کۆرمە:**قەدی ژێر زەویین گرێ و نێوانە گرێیان هەیە ، بۆ زۆربوون بەکاردێت، وەک لە رووەکی فریزیا.
**کۆز:** شوێنی داکردنی کار و بەرخ لەناو ماڵ و حەوشە.
**کۆسپ:** ئەندامی مێینەی گوڵ. لووتکەی قەڵەمە ، لینج و کۆڵکدارە،بۆ ئەوەی دەنکە هەڵاڵەی پێوەوبەندس بێت.
**کۆل:** شوێنی ئاوخواردنەوەی ئاژەڵ.
**کۆڵک:** کۆڵکەدار: بنج و ڕیشەی داری هەڵقەندراو.
**کۆڵنج:** تووی پێ نەگەیشتوو.
**کۆڵنجە:** تووی پێ نەگەیوو
**کۆڵیت:** کولانە، خانووچکە بۆ مریشک و پەلەوەر و سەگ.
**کۆڵە:** شووتی پێ نەگەیوو
**کۆندۆ:** چێڵی نەزا ، بەڵام شیری هەبێت.
**کۆمباین:** ئامێری دروێنە ، دەڕاسە، وەک ئامێری دروێنەی قەدی بەروبوومی وەک گەنم و جۆ .
**کۆمپۆست:** جۆرە تێکەڵەیەکە لەپاشماوەی ڕووەکی وەک گەڵاو توێکڵ لەگەڵ پاشەڕۆی ئاژەڵ بۆ ماوەی زیاد لە دوومانگ لە ژینگەیەکی گەرم تا شیببێتەوە و وەک خۆڵ بەکاربهێندرێت بۆ ڕووانی ڕووەک.
**کیفك** : جۆرکێك بوو لەقوماش دروست دەکرا گوانی مەڕ و بزنی پێ دادەپۆشرا تا کارو بەرخەکان نەتوانن بیمژن.
**کێرووشکە:** بایەکی نەرم کە لە قەرسیلی گەنم و جۆ دەدات و قەد و گەڵایان دەشنێتەوە.
**کێشکە:** چۆلەکە
**کێڵان:** زەوی هەڵدڕین و شلکردنەوەی خاک ، جا چ بە بێڵ بێ یان بە گاسن.
**کێڵگە:** زەوی و زارێ کشتوکاڵی تێدا بکرێ.

**کێوماک:** تێکەڵکردنی کار وبەرخ لەگەڵ دایکیان ، مەڕوبزنەکان لەکاتی شەو بەکێو .
**کێوماڵکردن:** کۆکردنەوەی زانیاری لە رووی مەیدانەوە دەربارەی بابەتێک.
**کەپر:** سابات، چوار کۆڵەکەی دار بەشێوەی چوارگۆسە لەبەرانبەر یەک لەزەوی دادەکوترێ، سەری دارەڕا دەکرێت ،زەڵ و قامیش و حەسیری لەسە رادەخرێ بۆ سێبەر و حەسانەوە لەناو بیستان و باغ دا.
**کەپرۆکەی سەپانی:** کەپرەک بوو بە پارچەو قوماش و پەڕۆی تەنکی بێ کەڵک و بەدار دروست دەکرا بۆ کاتی نان خواردن و پشوودان لە بن سێبەرەکەی دادەنیشتن. ئەو کەپرۆکە ، شوێنەکەی دەگۆڕدرا.
**کەپەک:** سۆس،قەپێلک و توێکلێ گەنم و جۆ و برنج ، لەدوای هاڕین بوون بە ئارد ،لە بێشتن بەدەردەکەوی.
**کەترە:**مەڕ و بزنی نەخۆش و لەڕ و لاواز.
**کەتیرە:** جەوی،مادەیەکی شلەی لینجە لە درەختی وەک سنۆبەر دەردەهێندرێت.
**کەردوو:** کەتوو،کەردووکێش،خاکەنازێکی دەم پانە پەتێک بەدوو لایە خراوەتە ئەلقە، کەسێك کەردووەکە دەگرێت کەسێکی دیکە بەهۆی پەتەکانەوە کەردووەکە ڕادەکێشێت، بۆ دێراو هەڵدان و خاوێنکردنەوەی جۆگە بەکار دێت.
**کەڕکەتوو:** کەڕە ، کوڵنجە، تووی پێ نەگەیشتوو.
**کەرکەشان:**پەپکەمێوی هەنگ .
**کەرگەداس:** ئەو دارەی دەبڕێتە دەسکی داسی.
**کەڕووکوژ:** دەرمانی لەناوبەری کەڕوو.
**کەروێشکە:** جولە و شەپۆڵ کردنی گەنم و جۆی قەف و گوڵ واتە سەوز و بەرز ، بەهۆی باوە.
**کەڕی** : تووی پێ نەگەیشتوو
**کەرە:** رۆنێ لە شیری ئاژەڵ وەردەگیرێ، لەپاش ژەندنی ماست لەناو مەشکە ، رۆنەکە لە دۆیەکە جوودادەبێتەوە.
**کەڕەسیسە:** کەف و کۆڵی ماستی ترشاو.
**کەڕەکیفە:** کەڕوو.
**کەرەنگ:** جۆرە مێش هەنگوینێکە هەنگویین بەرهەم ناهێنێ.
**کەڕەنگر:** گەڵای هەڵوەریوی بەڕوو کەدەکەوێتە ژێر درەختەکە.
**کەستەك** : گڵمتەخۆڵ.کەرسەک.
**کەستەنا:** شابەڕوو
**کەشك** : جۆرە خواردنێکی کوردەواریە لە دۆی وشک دروست دەکرێت.
**کەلاک:** کەلەش، کەلەخ،جەستەی ئاژەڵی مردارەوەبووی وەک گوێ درێژ و ئەسپ و ماین ،(ئەو ئاژەڵانەی گۆشیان ناخرێ).

**کەلاو**: ڕژانی ئاو لە گۆل(دوکان) لەبەر پڕبوون.
**کەڵخواردن**: فاڵخواردن.
**کەڵدان**: چات ، کرداری سێکسکردنی نێوان ئاژەڵی نێر و مێ.
**کەلشتۆک**: هەنار و هەنجیری بەدارەوە شەق بوو.
**کەلوو**: چاڤگ، چاوگی شەشپاڵۆ لە خانەی هەنگ هەیە بۆ گەرادانان و هەنگوین
**کەلوو**: ئەو بەرگەی تۆی ڕووەکی پاقلەمەنی تێدایە.
**کەلەسمە**: جۆرە کرمێکە لە کەڵووی نۆک دەدات و دەیخوات.
**کەڵەکەبوون**: لەسەریەک کۆبوونەوە.
**کەڵەگا**: گای نەخێنراوی دوو ساڵەیە کە جووتی پێ ناکرێت ، تەنها بۆ لەکەڵدانی مانگا.
**کەمکاری**: سووککردنی لقی دارو درەخت
**کەمکۆڵ**: گوێزی توێکڵ سەوز.
**کەمۆ**: گیانەوەر و باڵندەی کێوی لە مرۆڤ نزیک بێتەوە و لە مرۆڤ نەترسێت و ڕانەکات..
**کەناری**: باڵندەیەکی بچووکی دەنگ خۆشە .
**کەنتۆری** : رووبەرە کەنتۆرییەکان ،رووبەری لێوار کەنتۆریین، لەگەڵ هێڵە ئاسۆییە درێژبووەکان درێژ دەبنەوە کە لەسەر پاناییە لێژەکان و رووە سەربەرەو خوارەکان دەبڕێت،
**کەندو**: بەو مانگایە دەگوترێت، شیری وشک نابێت ، گەر کەڵ بخوات یان نەیخوات.
**کەندوو**: ئەنبارێکی بچووک بوو ساف لە قوڕی خووسێندراو دروست دەکرا بۆ تێکردن و هەڵگرتنی ئارد لەناو ماڵ، دەرچەکی گەورەی لەسەرەوە هەبوو بۆ تێکردن ، دەرچەکی بچووک لەخوارەوە بۆ دەرهێنان.
**کەندەڵان**: زەوییەک ئاو دای دڕی بیئەو لاو ئەولای وەک دیوار بەرز ببیتەوەو ناوی قووڵ بێت.
**کەنگروڕۆن**: جۆرە خواردنێکی کوردەوارییە بەکەنگر و رۆنی دروست دەکرێت.
**کەوان**: ئامرازی شیکردنەوەی خوری و لۆکەیە بۆ کاری هەللاجی بەکاردێت، لە ژێ و دارێکی کووڕ پێک دێت.
**کەوڵکردن**: گڕواندن، لێکجوداکردنەوەی پێست و گۆشتی ئاژەڵی سەربڕاو.
**کەوی بۆغە**: بەو کەوە دەگوترێت زۆر بخوێنێت.
**کەوی تۆڕ**: کەوی ناو قەفەس
**کەوی کەنگەر**: بەو کەوە دەگوترێت کە نەخوێنێت.
**کەوی**: ماڵی ، بەگیانەوەر و باڵندەی کێوی دەگوترێت کە لەلایەن مرۆڤەوە بەخێوبکرێت بە ئاسایی.
**کەویر**: دەشتی زیخەڵانی بێ ئاو و بێ سەوزایی.

## گ:

**گابار**: کاروانێ کە چێڵ و گایان بار کردبێ.
**گاپەرچۆک**:گاپەرچینکە، لەوەڕێک گا و چێڵ حەزی لێ دەکات.

**گاتوو: شاتوو**
**گاجووت:** گایەک کە زەوی دەکێڵێ.
**گادار:** شوێنی لەوەڕی گاڕان(چێڵ و گا)
**گاڕان:** گاگەل، کۆمەڵێک چێڵ (مانگا) لە ٣٠-٤٠ زیاتریش پێکەوە بەخێو بکرێن لەلایەن کەسێکەوە ڕۆژانە ببرێنە کێو دەشت.
**گاڕەگاڕ:** دەنگی مریشک کاتێ هێلکە دەکات یان دوای هێلکە کردن.
**گاوان:** ئەو کەسەی گاڕان دەبات بۆ دەشت و کێو و لەبەیانیەوە هەتا ئێوارە.
**گدی گدی:** دەنگێکە بۆ بانگکردنی کار بەکار دێت.
**گدیش:** قرشە، کۆمەڵە مەلۆیەکی کۆکراوەی گەنم و جۆ کەلەسەر یەک داندرابن لەناو پەرێز(بادینی)
**گڕاو:** سەرچاوەی ئاوێک کە گازی زۆر بێ و گەرم بێ وەک گازی گۆگردی تێدابێ.
**گرگن:** ڕووەکی کورتەباڵا.
**گروان:** بەری دار مازووە.
**گڕوان:** دەرهێنانی لاشەی ئاژەڵ  لە دوای سەربڕین لەناوپێستەکەی.
**گڕوو:** گەڕ، گول .
**گرۆ:** قەد یان رەگی هەڵئاوساوی ژێر زەوییە چەندین گۆپکەی تێدایە ، لەقەد وەک لەڕووکی پەتاتە و کڵادیۆم و سایکلامین ، لەڕەگ وەک لە دالیا و گاگرۆ و گوڵالە سوورە و ئەسپراگسی زبر.
**گڕە:** بایەکی ناسازی گەرمە لە مەرەزە و میوە دەدات و وشکی دەکات.
**گزگل:** قسقل ، یەکێکە لەبەری دار مازوو. شێوەی خڕە ، بۆ کاری پزیشکی بەکاردێت.
**گزگل:** قوچەکی سنۆبەر، بەری سنۆبەر.
**گزمۆک:** دەم بەستەیەکە لەدەمی کار و بەرخ دەنرێ تاکو شیری دایکییان نەخۆن.
**گلک:** قاپۆری گەنمەشامی کەدەنکی تێدا نەمابێ.
**گڵوان:** بەرێکی دارمازووە بۆ کاری پێستەخۆشەکردن دەبێ.
**گڵۆت:** کەستەک، پارچە خۆڵی یەکگرتووی گەورە.
**گلێنە:** کاسەی لە قوڕ دروستکراو.
**گڵەسەر:** گڵێکی تایبەتە رەنگی مەیلەو شین و جیڕە ، یان سوورە یان زەردە، ژنان سەری پێ دەشۆن.
**گمە** : گمەگم: دەنگ و ناڵەی کۆتر
**گنجی** : کەمێڵ، بەو تیسکە خوریە وشکبووانەی مەڕ دەگوترا کە دەکەوتنە ژێر دوونگ بەهۆی میزەوە ، قشپلی پێوە دەنووسێ ، ناپەسندبوو .
**گەرمازۆ:** واتە گەرمای زۆر لەمەڕو ماڵاتەکەی داوە.
**گوار:** جووجکەی کەو
**گوارە مەڕە:** بەو گۆشتە زیادە دەگوترێ ، کە بەمل و گەردەنی هەندی مەڕ شۆڕ دەبیتەوە.
**گوان:** مەمکی ئاژەڵی مێ.

**گوجیله:** تووتکە سەگ
**گورزە:** چەپک،دەستەیەک لە شتێکی بەستراو، هەڵگرتنی قەدی ڕووەک بە پێوانەی هەردوو هەردوو قامکی دەست. گورزە قامیش.
**گورگەمێش:** بێچووی دوو ڕەگ ، لەسەگ و گورگ. سەگێک ئارەزووی خواردنی مەڕوماڵات بکات.
**گوش** : گونیە ، فەردە
**گوفک:** گوڵینک ، خونچەی گوڵ پێش پشکوتن.
**گوڵ بوون،** گوڵ لێدان: جۆرە نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدات ئەویش لەکاتی زۆر خواردنی گوڵی گەنم و جۆ
**گوڵ بەدەم:** تەرۆزی و ئارووی زۆر ناسک کە هێشتا گوڵەکەی پێوە مابێت.
**گوڵ ئاتەشی:** گوڵی سوور
**گوڵ:** کولیک.
**گوڵاو:** ئاوی گوڵ کەبۆنەکەی لەگەڵی دایە و خۆشە.
**گوڵخونچە:** خونچەی گوڵێک کەمێ دەمی کرابێتەوە، بارێکی گوڵە لەنێوان خونچە و گوڵە.
**گوڵدان** : ئینجانە ، هەیکەلێک کە رووەکی گوڵداری تێدا بچێندرێ.
**گوڵزار:** گوڵشەن، شوێنێک گوڵی زۆر لێ بێت.
**گوڵستان:** باخێک تایبەت بی بەگوڵ.
**گوڵکۆ:** هێشووە گوڵ.
**گوڵی پیازی:** ئەو ڕووەکانە کە بەشێکیان لەسەرزەوییە و بەشێکیشیان لە ناو زەویی گەشەدەکات و خوراکی کۆکراوەیان تێدایە بۆ زۆرکردنیش دەبن ، وەک پیاز و کۆرمە و گرۆو ڕایزۆم ، نموونەی ڕووەکی وەک نێرگز و شلێر و فریزیا و دالیا....
**گوڵی گیایی بەتەمەن:** ئەو ڕووەکە گوڵدارە گیاییانەن کە پتر لە دوو ساڵ دەژین بە تۆو بەسەوزە زۆربوون زیاد دەکرێن ، وەکوو ، داودی ، جەربرا ، جیرانیۆم ، مێخەک.
**گوڵی گیایی دوو وەرزە:**گوڵی دووساڵە،ڕووەکی گیایین تەمەنییان دووساڵە لە ساڵی یەکەم بەشە سەوزەکەیان گەشەدەکات،لەساڵی دووەم گوڵ دەگرن و تۆ دەدەن، وەک مێخەکی چینی ،گوڵە زەنگ.
**گوڵی گیایی هاوینە:** ئەو ڕووەکە گیاییە گوڵدارانەن لە بەهار دەچێندرێن و لەهاوین گوڵ دەکەن و لە پایز لەگەڵ هاتنی سەرما وشک دەبن. وەک نازناز و زینیا و شەستپەڕ.
**گوڵی وەرزی زستانە:** ئەو ڕووەکە گوڵدارە گیاییانەن، کە لە سەرەتای پایز دەچێندرێن و لەزستان گەشەدەکەن و لەبەهار گوڵ دەکەن و لەکۆتایی بەهار تۆ دەکەن و وشک دەبن. وەک هەمیشە بەهار و دەمەشێرو شەوبۆ.
**گوێرەکە:** گۆلک
**گوێرەمژ:** گوێرەما، گوێرەمە، تێبەردانی گۆلکی تازە لەدایکی بۆ ئەوەی شیری دابدا لە گوانی ، تا کابان بتوانێت بیدۆشی.

**گوێزوەشێن:** دارێکی درێژە گوێز و هەنجیری پێ دەوەشێندرێ تا بەربینەوە سەرزەوی.
**گوێزی باڕێزە:** ئەو گوێزەیە کە پرۆسەی پێگەیشتنی تەواو نەبووە و هەڵدەوەرێ.
**گوێزی پووچەڵ:** گوێزی بێناوک واتە بەتاڵ.
**گوێزی کوێر:** ئەو گوێزەی توێکڵەکەی ئەستوورە و کاکڵەکەی بە قووچەکی نایەتە دەرەوە.
**گوێزی لۆخڕ:** فەریکە گوێز
**گوێزی ئازا:** ئەو گوێزەی کاکڵەکەی بەجوانی و ئاسانی و قوچەکی دێتە دەرەوە.
**گۆپکە:** چرۆ، پۆقژە، چاو ، پۆخ ، پشکۆژ .
**گۆپکەی بەری:** ئەو گۆپکانەن سەرەتا دەبنە گوڵ و دوایی دەبنە بەر.
**گۆپکەی سەوزی:** ئەو گۆپکانەن لق یان گەڵا یان دابیرە دەردەکەن.
**گۆخڵ:** سەرکاری مەرەزە دەکات و کاری لەبەر هەڵبەستنەوەی گۆڵی مەرەزەیە و ئەگەر لەشوێنێک ئاو شکا چاکی دەکاتەوە.
**گۆردی:** مەڕی گوێ گەورە و پان.
**گۆزە:** کاسەی دروستکراوی لەقوڕی سووەوەکراو.
**گۆگرد:** کبریت، توخمێکی کیمیاییە بەسوودە بۆ گەشەی رووەک.
**گۆل:** دوکان بۆ چاندنی رووەک ، پارچە زەوییەکی چوارگۆشەی لێوار نزمە بۆ چاندنی مەرەزە بەکاردێت.
**گۆلک:** گوێرەکە ، بێچووی چێل تا تەمەنی شەش مانگی.
**گۆماو:** شوێنێکی بچووک ئاوی تێدا کۆببێتەوە
**گیا:** رووەکی سەوزی بچووک و ناسک .
**گیاخۆر:** ئەو زیندەوەرانەی تەنها گیا دەخۆن ، پێچەوانەی گۆشت خۆرە.
**گیانێرە:** بەو گیایانە دەگوترێت، کە پیردەبن ، ئاژەڵ بەزەحمەت دەیانخوات.
**گیراوە:** تێکەڵاوێکی چۆن یەکە لە دوو مادە یان زیاتر.
**گیرساوە:** تێکەڵاوێکە لە مادەی ڕەق و شل مادە ڕەقەکە بە گیرساوەیی بۆماوەیەك لەناو مادە شلەکە دەمێننەوە.
**گیسک** : کاری بزن، دوای ئەوەی تەمەنی دەگاتە یەک ساڵ ، نێر و مێی هەر پێی دەێن گیسکە مێ و گیسکە نێر.
**گیسک:** کار پاش ئەوەی تەمەنی دەبێتە سەرەوەی شەش مانگ ، ئەگەر نێربوو پێی دەڵێن گیسکە نێر، ئەگەر مێ بوو پێی دەڵێن گیسکە مێ.
**گیشە:** دانانی کۆمەڵێک مەرۆی جۆ لەسەر یەک بەو مەرجەی گولەکانیان رووی لە زەوی بێت. لەناو پەرێزێ.
**گیشەکەر:** بەو ئافرەتە دەگوترێت، کە سوارە و مەرۆی لەدوای سەپانان کۆ دەکاتەوە لەسەر یەکیان دادەنێت.

**گێشکە:** لە بێژینگدانی گەنم و جۆ تا لەخۆڵ پاک بکرێتەوە.
**گێرە:** سووراندنەوەی گاو وڵآغ بەناو قرشەی گەنم و جۆ لەناو جۆخین.
**گە:** نێوانەگرێی قەدی ڕووەک
**گەبەرگەبەر:**قان قان زەوی شین ببێت، پارچە پارچە زەوی شین ببێت.
**گەرا:** هێلکەی بچووکی مێروو .
**گەڕاو:** کانییەکی گەرم ، ئاوی بەگەرمی لێیێتە دەر و مادەی گۆگردی تێدابێت، کە بۆ نەخۆشی پێست باشە.
**گەردووەرد:**چاندنی زەوی لە دوای تەڕەکاڵ، چاندنێکی باشە ، زەوییەکە گیای نابێ و بڕشتی زۆر دەبێ.
**گەردی هەڵاڵە:** دەنکە هەڵاڵە ، حبة اللقاح.
**گەرمەپەرێز:** بەو زەویە دەگوترێ لەدوای دروێنەی گەنم و جۆ بە جاڕی دەمێنتەوە(بەیار).
**گەرمەژێ:** هەناسە بڕکەی ئاژەڵ لە تاو گەرما.
**گەزۆ:** لەسەر داری مازوو بڵاودەبێتەوە و کۆدەکرێتەوە و وەک شیرینی دەخورێت.
**گەزیزە:** گوڵێکی پیازی پایزەیە.
**گەڵا:** پەلکی رووەک ، بەڵگ،وەڵگ ، وەڵنگ ، پەڑە، بەنگ.
**گەڵاڕێزان:** خەزان، پەلک هەڵوەرین، مانگێکی ساڵژمێری کوردیە و یەکەم مانگی پایزە .
**گەلاوێژ:** قرشەی گەنم. دانانی گەنمی دووراوە بە قەد و دانەوە بە کۆمەڵ رووەو سەروو.
**گەلاوێژ:** ئەستێرەیەکە ، مانگێکی ناو ساڵژمێری کوردیە ، لە ٢١-٨ هەتا ٢٠-٩ بەردەوام دەبێ.
**گەڵایەپەل** : قەلەمی گەڵایی، زۆرکردنی ڕووەک بە هۆی گەڵاکەیەوە وەک لەمەتات و بیگۆنیا و کاڵانشوا دەبێت.
**گەماڵ** : گۆڵ، نێرەی سەگ و گورگ و ڕێوی و چەقەڵ.
**گەمیت:** خانەی نێرە یان مێیەی گیانەوەر.
**گەندە:** میوەی خراپ و بۆ گەن، کە بۆ خواردن نەشێت.
**گەندەخۆر:** ئاژەڵ کە میوە و گۆشتی بۆگەن و مردوو بخوات.
**گەندەخۆر:** ئەو مێروو و زیندەوەرانەی خۆراکی پیس و گەندە بخوات.
**گەنم بەسڵق:** جۆرە خواردنێکی کوردەوارییە.
**گەنمەشیرە:** گەنمە زۆردە، گەنمەشیلە، فەریکە گەنم
**گەنمەکوتاو:** گەنمەکوتراو، خواردنێکی کوردەوارییە گەنمی درشت پاش خاوێنکردنەوەی دەکوترێت بە تەڕی ، دوایی وشک دەکرێتەوە و دەکوڵێندرێت و بەجۆرەها شێوە دەخورێت.
**گەوڕ:** هۆری مەڕێ(هۆڵ) شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ لەزستان دا.

## ل

**لاپووتە:** وەک پیشەقانە بەس دەوی باریکە و دەسکێکی داری پێوەیە بۆ هەڵکەندنی کەنگر و کاردی بەکاردێت.
**لات:** دابڕینی ٧-٨ شەقاو(هەنگاو) بۆ جووتکردن و تۆکردن.
**لازۆکە** : ئەو پارچە ئاسنەی لەناو زەنگوڵەی دەلەرێتەوە و دەنگی دێت.
**لاسک:** هەڵگری گەڵا، ئەو بەشەی گەڵایە کە پانکەی گەڵا دەبەستێتەوە بە لقەکان ، بەناو پانکەی گەڵاشدا بڵاودەبێتەوە پێی دەڵێن دەماری گەڵا.
**لاقوزە:** بەو جۆرە گندۆرە(کاڵەکە) دەگوترێت، کە ڕوویەکی قۆپاوەتەوە بۆ ناوەوە.
**لاکۆ:** چنینەوەی قۆزاخەی پەمۆلەناو کێڵگە.
**لالەوەڕ:** ئەو ئاژەڵەی لە کاتی لەوەڕ لە میگەل دووردەکەوێتەوە.
**لامەمکە:** لامژە، لادایەن، ژنێک یان ئاژەڵێکی مێ، لەگەڵ شیردان بە بێچووی خۆی لامەمکەکی یان گوانەکی بداتە بێچووەکی دیکە.
**لانکە:** لانکەی تۆ: چاندنگەی تۆ، شوینی چاندنی تۆوی ڕووەک لەناو خانووی بچووکی ٢*٣م بەنایلۆن یان شووشە داپۆشراو.
**لانکەی تۆ:** چاندنگەی تۆو ، پاڵگە ، چاڵگە.
**لک:** لق، لقەداری درەخت.
**لم:** جۆرێکە لە خاکی چاندن دەنکۆڵەکانی وردن لە دەم ڕووبارەکان هەیە.
**لموز:** قەپۆز، دەم و لچی ئاژەڵ .
**لوا** : ئەو خورییەی یەکەمجار لەبەرخ دەبڕێتەوە.
**لوو:** گرێیەکە لەلقی دار پەیدادەبێت.
**loورەلوور:** دەنگی گورگ و سەگ لە شەوان.
**لووشکە:** لەقە هاوێشتنی وڵاغی گەورە و گوێ درێژ.
**لووشەلووش؛** لوشاندن، دەنگی گوێدرێژ لەکاتی برسی بوون.
**لۆچەبوون،** لۆچەکردن، پاتەکردن، دەمقاڕ، سپیککردن ، پاککردن، داماڵینی توێکڵە سەوزی گوێز
**لۆر:** جۆرە بەرهەمێکی شیرە لەنێوان ماست و پەنیرە.تەواو خەستە.
**لێبان:** ئەو مادە لینجەی لەکاتی زان (لەدایک بوون) بە بێچووەکەوە یە دایکەکە دەیخوات و بە زمان دەیلێسێتەوە.
**لیتە:** خاکی تێکەڵاوی لمی شێداری دەم ڕووبار
**لیچ:** بەو خاکە قورس و قوڕاوییە دەگوترێت لە ئەنجامی ئاو گەردیلەکانی خاکی تەواو یەکدی بگرن و لووس بێت.
**لیخن:** ئاوی لێڵ و پیس
**لێرەوار:** جەنگەڵستان ، دارستانی چڕوپڕ.
**لیس:** هێلانەی کۆتر

**لێلاڤ:** شڵێوە، بارینی بەفر و باران پێکەوە.
**لێڵاو:** ئاوی شێلوو.
**لەپ:** بەش ، پارچە.(وەک ڕووەکی یەک لەپ و دوولەپ)
**لەتکە:** لەپ، کەرت .
**لەغەم:** تونێل
**لەناوبەر:** بکوژ ، قڕکەر
**لەوچە:** دەم بەیەک دادانی ماکەر لەکاتێک نێرەکەری بەسەرەوە بێت.
**لەودە:** خانووێکی ئەندازەییە کای تێدا ئەنبار دەکرێت، سەری بەقوڕ دەگیرێت، تا لە زستان بدرێتە ئاژەڵ.
**لەوەڕ:** شوێنێک ڕووەکی زۆربێت و ئاژەڵی تێدا بلەوەڕێت، جا چ ڕووەکەکان سەوز بن ، یان ڕووەکی وشک ی دووراوەبن.
**لەوەڕگا:** پاوان ، جاڕ.

## م

**ما:** مێ وشیەکە ئاماژەیە بۆ مێی ئاژەڵ وەک مانگا ، ماکەر ، ماین، مالۆس(بەرازی مێیە)، ماچە ( ئێستری مێیە).
**ماچە:** ئێستری مێیە.
**ماتە:** هەڵووژەی پێنەگیشتوو.
**مارانگەست:** مارانگاز، کەسێک مار پێوقەی دابێت.
**مارزا:** بەو پیساییەی کار و بەرخی ساوا دەگوترێت کە لە ٢-٣ ڕۆژی یەکەمی دوای زان وەک پاشەڕۆ دەری دەدات، لەو کاتەی ژەکی دەخوات،ڕەنگی مەیلەو زەرد دەبێت، دوای ئەوەی شیری خوارد شێوە و ڕەنگی دەگۆڕێت ، پێی دەڵێن قشپل.
**مارماسی:** جۆرە ماسیەکە لەشێکی باریک و درێژی هەیە ، سمێڵدارە، گۆشتەکەی خۆش نییە.
**ماست:** شیری مەیووی ئاژەڵی شیردەری وەک مەڕ و بزن و مانگا. پاش کوڵان دەمەیێ و دوایی هەڵدەگیرێ و خەست دەبێت و دەخورێ.
**ماستاو:** جۆرە خواردنەوەیەکە لە ماست و ئاو پێک دێت.
**ماکاو:** ئەو شوێنەی لە جۆگەی گەورە کە ئاوی لێ بەردەدرێتە ناو زەوی.
**ماکەر:** مێیەی کەر.
**ماکەو: کەوی مێیە.**
**ماڵات:** ئاژەڵی وەک مەڕو بزن .
**مالکە:** بن هەنگڵی گەڵا.
**ماوەر:** ئامێری دروێنەی ڕووەکی گیایی وەک وێنجە و سێپەڕە.
**مالۆس:** بەرازی مێێ سێ ساڵە.

**ماین:** مێیەی ئەسپ
**ماین بەراز:** کەڵە ئەسپ کە ماینی لێ چا دەکەن.
**ماین بەز:** کەرێک کە ماینی لێ چا دەکەن ، واتە لەماین دەپەڕێ بۆ ئەوەی ئێستر ببێت.
**ماین:** مێیەی ئەسپ .
**متبوون:** ماوەی حەسانەوەی گەشەی رووەک لە زستان .
**مردار:** مردنی پەلەوەر و ئاژەڵ کە گۆشتیان دەخورێت، بەڵام مردنەکەیان لەخۆوە بێت و چەقووی بە مل دا نەهاتبێت.
**مردارخۆر:** ئاژەڵی گەندەخۆر ، ئاژەڵێک گۆشتی پەلەوەر و ئاژەڵی مردار بخواتن وەک سیسارکە کەچەڵ و سەگ و کەمتیار..
**مردە** :ئەو زێدە گۆشتەیە لە دوای خۆشکردن و غاراندنی پیستە پەیدادەبێ.
**مرقە مرقە:** مرقاندن، دەنگی بەران لە کاتی پەڕین.دەنگەکە لە کونی لووتی دەردێت.
**مریاح:** میرە، بەو بەرانە دەگوترێت لەکاتی تەمەنی بەرخی لەداکی دابڕدراوە و بەشیری گوێ درێژ بەخێوکرایە، زووش خەسێندراوە و هەر لەبچووکیەوە لەگەڵ گوێ درێژەکە بەتەنیا بەخێو دەکرێت، واتە پێکەوە ئالیکییان بۆ دادەندرێت، بەمەش هۆگری گوێ درێژەکە دەبێت و هەمیشە لەناو مێگەل لەگەڵ گوێ درێژەکە دەبێت، کەرەکە رۆژانە لەپێشەوەی مێگەل دەڕوات و بەرانەکەش لەگەڵ کەرەکە دەڕوات ، بەمەش مێگەلەکە لەدوای بەرانەکە دەڕۆن و تووشی لێک جوودابوونەوە و پەرتەوازی نابن.
**مرەبا:** خواردەمەنیەکە لە میوەی لەتکراو و شەکر پێک دێت دوای کوڵان خەستبوون ، دەخورێت.
**مزر:** تامی ترش ، مێ خۆش
**مژاد:** مادده.
**مژوەرد:** کێڵانی زەوی وەرد.
**مژۆك:** مژەر
**مژۆک:** لەسەر گوڵ و گەڵای ڕووەک دەژی ئاوگ یان شیلاویان دەمژی وەک پەپوولە و پەروانە.
**مس:** جۆرە بزن و گیسکی بناگوێ دوو ڕەنگ.
**مسک:** مسکی ئاسک ، کیسەیەکە بە ئەندازەی هێلکەی مریشک لە ژێر پێستی سک و نزیک ئەندامی نێرینەی ئاسکی خەتایی، دایە، لە کاتی دەردانی مادەیەکی وەک ڕۆنە و لینجە و زۆر بۆن خۆشە، کە وشک بۆوە سفت و سەخت دەبێت، رەنگی قاوەیی تێری مەیلە و ڕەشە، تامی کەمێک تاڵە و بۆنێکی تیژی هەیە، بۆ پیشەسازی بۆن بەکاردێت.
**مشاراو:** ئەو ئاوەی لەدوای بڕینەوەی مێو دەدرێتە مێو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ئاوەی لێی دەڕوات.
**مشتاغ:** مشتاخ ، ڕووبەرە زەوییەکی بچووکی سەر واڵا هەتاوی لێ بدات، خاوێن دەکرێ و بەقوڕ جوان سواخ دەدرێت و لووس دەکرێت و پەرژینی بە بەرزی ٥-١٠سم بۆ دەکرێت،کە قوڕەکە وشک دەبێتەوە ئنجا بەرهەمی وەک ترێیان لەناو دادەنا بۆ وشکبوونەوە تا ببێتە بە مێوژ یان گندۆرە تاببێتە بەلەچەک و هەنجیر و توو بۆ ئەوەی لە هاوین وشک بکرێنەوە و تا لە زستان بیخۆن.

**مشک**: گیاندارێکی شیردەری قرتێنەری بچووکی زیان بەخشە.
**مشەخۆر:** بەو ڕووەکانە دەگوترێ کە خۆیان خۆراک دابین ناکەن ، بەڵکوو بەهۆی تێراکردنی چزوو لەناو قەد و رووەک خۆراک لەڕووەکی خانەخوێ وەردەگرن.
**مشەخۆر**: ئەو ڕووەک و زیندەوەرانەی لەسەر ڕووەکێکی تر یان لەسەر زیندەوەرێکی تر دەژین و خۆراک لەخانەخوێ وەردەگرێت.
**مڵ**: تێکەڵاوێکە لە دوو مادە تیرەی وردیلەکانی گەورەن بە کاغەزی پاڵاوتن داناڕۆن.
**ملکەکردن**: شکانەوە و شاردنەوەی ملی ڕووەک بۆ ناو خاک یان داپۆشینی بەخۆڵ تا رەگی زۆربێت.
**موتربە:** کرداری دانانی گۆپکەی ڕووەکیە لەسەر ڕووەکێکی دیکە بەمەرجێ گۆپکەکە گەشەبکات و ببێتە لقێکی گەشەندوو، بەگۆپکەکە دەگوترێت سەرچینە، بە رووەکەکەی دیکە دەگوترێت بنچینە.
**موتربەی بە پەل**: موتربەی بەقەلەمە ، پێوەندکردن .
**موتربەی پارچەیی**: موتربەی پینەیی ، موتربەی گۆپکەیە لەشێوەی پارچەی چوارگۆشە.
**موتربەی قەڵغانی**: موتربەی پیتی T ی ئینگلیزی ، موتربەی بە گۆپکەیە لەشێوەی قەلغانی.
**موتربەی گۆپکە: موتربەی** بە بشکوژ ، موتربەی بە چرۆ .
**موتربەی لوولەکی**: موتربەی بازنەیی،موتربەی ئەلقەیی، موتربەی گۆپکەیە ، بەڵام گۆپکەکە لەگەڵ توێکڵەکە دەبەین توێکڵەکە لەشێوەی بازنەبێ.
**موو**:تووکی بزن و ئاسک .
**مووچە:** باخی نزیک ماڵان لە ٣ دۆنم کەمتر بێ.
**مووخۆر**: دەموکانە، بەرێکی دارمازووە ، بۆ لابردنی موو بەکاردێت.
**مووریچە**: مێرووڵەی بچووک.
**مووڕەگ:** ڕەگە موویەکان، وردەمووی ڕەگ.
**مۆڵاس:** شلەیەکی خەستە ڕێژەیەکی زۆری کاربۆهیدراتە و تامی شیرنە لەناو سەلکی چەوەندەر و قەدی قامیشی شەکر دەردەهێندرێ.
**میاو میاو**: دەنگی پشیلە.
**میراو**:بەو کەسە دەڵێن کە دابەشکرنی ئاوی کانیاو و جۆگەکانی بەدەستە.
مینەگ:بارەبەری یەدەگی کاروان، ئەو ئاژەڵە بارەبەرەی بە یەدەگ کاروان لەگەڵ خۆیان دەبرد ، هەرکاتێك وڵاغێك نەخۆش کەوێ یان بتوپێت،بارەکەی لەسەر پشتی ئاژەڵە یەدەگەکەی دادەنێن.
**مێرگوزار**: مێرغوزار، پانتاییەک چیمەن و سەوزایی و ئاوی لێ بێت.
**مێرووکوژ**: قڕکەری مێروو ، دەرمانی لەناوبەری مێروو.
**میزاوکردن** : سکچوونی مەڕو ماڵات لەسەرەتای بەهار کە گیای شلک و تەڕی خواردبێت.
**مێژگە**: مێشگە، بەو کاروبەرخانە دەگوترێت دایکیان نییە و نەماوە.
**مێژۆک**:بەو بێچووە ئاژەڵە(کار ، بەرخ)دەگوترێ کە تازە بوونە و شیری گوانی ئاژەڵێکی تر بخوات.
**مێش بڕینەوە**: دەرهێنان و کۆکردنەوەی هەنگوین لەناو شانەی هەنگ.

**مێشپەڕ**: کاتی ڕشانەوەی ترێ.
**مێشەسەگانە:** مێشێکی گەورەیە بەسەگ وەدەنووسێ و لێی دوورناکەوێتەوە.
**مێکوتە**: بێچووە بۆق لەناو ئاو دەژی و کلکی هەیە و شێوەی تەشیلەییە.
**مێگەل**: ڕانەمەڕ، کۆمەڵەیەکی زۆر لە ئاژەڵ کە پێکەوە بەخێو دەکرێن.
**مێلە گورگانە**: کلو کلدانە، وەک نێرکە کاردی وایە نێرکێکی وەک قەلەمی کل ی هەیە گەلایەکی لەناوەخن ڕەنگ مۆر دەورەی داوە .
**مێو**: درەختی ترێ.
**مێو**: شەمێ، مێوی سرووشتیە، تڵپەی هەنگوین.
**مێوژ**: ترێی وشککراو.
**مێوژۆکە**: لقی داری داردەموکانە.
**میوە:** بەری درەخت بەتەڕی
**میوەجات**: ڕووەکی بەرهەمهێنەری میوە ، جۆرەها میوە.
**میوەگەنان**: مانگی تەمووز کە ٣١ ڕۆژە
**مێوەگەنە:** کاتێکە ئەوپەڕی گەرمای هاوینە میوە تێدا پێ دەگات.
**مێیەی هەنگ** کەکاری دانانی گەراو و ڕییخستنی کاروو‌باری پوورەی هەنگە.
**مەحچەچە**: بەری وشکی خڕنووکە ، دەخورێت.
**مەڕ**: بەو ئاژەڵە شیردەر و گیاخۆرە دەگوترێت لە دوای تەمەنی دوو ساڵی .
**مەڕە:** جۆرە مێش هەنگوینێکی تەمبەڵە. کەم بەرهەمە.
**مەرەز**: جۆرە بزنێکە.
**مەرەز**: مووی نەرمی جۆری بزنی مەرەز کەدەکرێتە رانک و چۆغەی بوزو (کر)
**مەرەزە**: کێڵگە برنجی چێندراو.
**مەرەغان** : ئاسنێکی دەم تیژی کەوانەییە ، دەسکێکی دای درێژی هەیە بۆ دروێنە و پاکۆدان بەکاردێت.
**مەژگە**: گوێزێک ناوکەکەی بە وردکراوی دەربێت. ناوکە گوێزی وردکراو.
**مەشکە**: پێستی گۆلک و چێڵ ، کە خاوێنکرابێت و گڕوێدرابێت و وشککرابێتەوە ، ماستی تێدا بهەژێندرێ بۆ دۆو کەرە دروست کردن.
**مەشکەگاوس**: مەشکەی پێستی گاو چێڵ.
**مەعدەنووس**: رووەکێکی سەوزەواتیە بە تۆو دەچێندرێ وەک کەرەوز وایە.
**مەل**: پەلەوەر ، باڵندە ، باڵدار.
**مەلۆ**: مەرۆ، بریتیە لە چەند دەستەوارەیەکی (سواڵەیەکی) دووراوە لەگەنم و جۆ لەشوێنێک کۆبکرێتەوە.

**مەلەغان:** مەرەغان، تیغێکە وەکو دەمە داس و شمشێر ، دارێکی درێژی پێوەیە بۆ درەو کردن کزرە خستن بەکاردێت.
**مەنداو:** تێککردنی دوو جۆگە ئاو، بوون بەیەک.
**مەیتەر:** سایس، ئەو کەسەی خزمەتی ئەسپ و ماین دەکات.
**مەیرە:** خواردنێکە لە شیری مەڕومالات دروست دەکرێ ، لەنێوان پەنیر و لۆرە.
**مەیموون:** گیاندارێکی شیردەری زیرەکە، لەدوای مرۆڤ بەزیرەکترین گیاندار دادەندرێت.
**مەیین** : کاتی بریندار ی دوایی خوێن خەست دەبێ.

ن

**ناتوخمە زۆربوون:** سەوزەزۆربوون ، زۆربوونی ڕووەک بە هۆی بەشێك لە رووەک جگە لە تۆو
**ناخاو:** ئاوی ژێرزەوی ، ئاوی ناخی زەوی.
**نارنجی:** بەو ڕەنگە دەگوترێت کە لە بەری دار نارنج دەکات زەردێکی تیرو تاریک.
**نازاو:** ئاودانی رووەک لەسەرەتای ژیانی ، وای لێ دێت ئەگەر ئاوی لێببڕیت بێهێز دەبێت، چونکە بەناز ئاودراوە.
**ناسکەپەل:** قەلەمی ناسکی یەک ساڵە، واتە ئەو ڕووەکانەی بەلقی ناسک زۆردەکرێن وەک جیرانیۆم و مێخەک ، دەمەشێر.
**ناعوور:** نعور: چەرخەیەک بوو ئاوی لەناو بیری سەرواڵای گەورە پێ دەردەهێندرا.
**ناکامەزۆربوون:** زۆربوون بە بێ پیتاندنی هێلکەی مێروو، جۆرە زۆربوونێکە لە مێروو ڕوودەدات، گەرا دەبێتە کرم بێ ئەوەی پێتێندرابێت، وەک لە گەنگی نێرە.
ناکامەزۆربوون: گەشەکردنی گەراو گۆڕانی بۆ کۆرپەلە بە بێ پیتاندن.
**نالچە:** شوێنی خۆ مەڵاس دانی ڕاوچی بۆ نێچیرگرتن ، وەک غەر دەروس دەکرا
**نامۆ:** غەوارە،لایدە، مێشی غەوارە.
**ناوک بەردین:** ناوک ڕەق، ئەو ڕووەکانەی بەرگی تۆوەکانیان ڕەق و پتەوە.
**ناوک:** تۆی ئەو ڕووەکانەی بەرگێکی ڕەقیان هەیە وەک ناوکە قەیسی و ناوکە باوی و خورما و گوێز.....
**ناوەندەپەلک:** جاری دووەمی لێکردنەوەی گەڵای تووتن.
**نسار:** نزار: شوێنی سێبەر ، شوێنێک هەتاو نەیگرێتەوە.
**نڤیشک:** ڕۆنەکەرە.
**نم نمە:** باران بارین بەوردی و هێواشی.
**نماو:** ئەو ئاوەی لە نێوان توێکڵ و قەدی داردا هەیە.
**نهێرد:** زەوی بەردەڵانی
**نوێشکە:** کەرەرۆن ، کەرە شل بێ و توابێتەوە.

**نوێڵ:** لەهاز، پارچە پۆڵایەکی دووسەرییە، یەکێکیان چەماوەیە ، یەکێکییان تیژە ، بۆ بۆ لێکجیاکردنەوەی پەروازەکانی شانەی مێش هەنگوین.
**نۆبەن:** گوێرەکەی نێر ، کاتی ئەوە هاتبێت جووتی پێ بکرێت.
**نۆبەن:** نۆبەند: جوانەگای سێ ساڵە کە دەخرێتە بەر نیر و جووت.
**نۆپاڵو:** جاشکێک کە تازە باری لێ بار دەکرێ، کەرێک کە تەمەنی سێ ساڵە بێ.
**نۆراو:** نۆرەئاو: نۆرەی ئاو داشتن.
**نۆش:** نووش، هەنگووین ، هەر خواردنێك خۆش و سازگار و تام شیرین بێت.
**نۆماستانە:** بەو ماستە دەڵێن کە بۆیەکەمجار مەڕوماڵات لەدوای زان شیر بدات و بکرێتە ماست ، خاوەن ئاژەڵەکان بۆ ماوەی 3 رۆژ بەخۆڕایی دەیاندا بە دەر و جیران و ناسیاری ناو گوندەکەیان.
**نۆین:** توونێل ، نەفەق.
**نیان:** گورزەخانەی کە خۆراک لەگەڵاوە دەگوازێتەوە بۆ بەشەکانی تری رووەک.
**نێچیرگر:** ئەو مێرووانەی مێرووی تر ڕاودەکەن ، وەک فە . خا فە . خاۆکە شۆکە راو دەکات.
**نێر:** قەدی گیای پیربوو
**نێرك:** گوڵ هەڵگر، قەدێکە لەسەر رەگ و ناوەندی گەڵاکانی رووەکی پیازی دەردەچیت و گول هەڵدەگری .
**نێرگزەجاڕ:** جێگایەک گوڵی نێرگزی زۆر لێ ڕوابێت.
**نێرینەی ئاوێ:** قوڵترین جێگای رووبار.
**نێرەهەنگ:** کەڵەهەنگ
**نیوەتۆ:** تۆوکردنی زەوی گەنم و جۆ بەنیوەکاری.
**نەبان:** بەو ئاژەڵە دایکە دەگوترێ کە بۆ بێچووی خۆی ناوەستێ تا گوانی بمژێ .
**نەخچیر:** نێچیر ، ئەو گیانلەبەرەی کە بەدوای ڕاودا دەگەڕێت.
**نەخۆشییە درمەکان:** ئەو نەخۆشییانەن بە هۆکاری زیندەوەری ورد وەک بەکتریا و ڤایرۆس و کەڕوو... تووشی زیندەوەر دەبێت.
**نەخۆشییە نادرمەکان:** ئەو نەخۆشیانەن بە هۆکاری نازیندەیی وەک بارو دۆخی ژینگە تووشی زیندەوەر دەبێت.
**نەرمان:** نەرمەعەرد، زەوییەک خۆڵی نەرم و وردبێت.
**نەرمەغار:** غاردان بەنەرمی .
**نەزۆک :** بەو ئاژەڵە مێیە دەگوترێ کە بێچووی نابێ.
**نەگر:** تووش نەبوو، خانەخوێیەک هەرچەندە هێرشی زیندەوەرێک یان رووەکێکی دیکەی بۆ بێت ، بەڵام بەرگە بگرێت و تووشی زیان نەبێت.
**نەمام :** رووەکێك بە تۆ چێندرابێت و ساوابێت و توانای هەبێت هەلبکەندرێت و لەشوێنی دیکە بچێندرێت.

**نەمامگە:** ڕووبەرێک زەوی کشتوکاڵی تایبەتە بەچاندن و زۆرکردن و بەخێوکردن و پاراستنی ڕووەکە جۆراوجۆرەکان هەتا گەورەدەبێت و دەگوازرێتەوە شوێنی هەمیشەییان.

**نەهات:** ساڵێک یان وەرزێک باران بەپێی پێویست نەبارێت.

**نەورایی:** نزمایی، نەورگە، زەویەک لەچاو زەوییەکانی دەوروبەری نزمتربێت ، بۆیە ئاوی باران و ئاودێری زیاتر لێ دەمێنێتەوە.

**نەورۆز:** خاکەلێو، یەکەم مانگی کوردیە. سەری ساڵی تازەی کوردیە.

**نەونیهال:** نەونەمام ، نەمامی تازە پێگەیشتوو.

**نەوە:** وەچە ، کرداری دانانی گەرا هەتا مێرووەکە تەواو پێ دەگات.

**نەیستان:** شوێنێک قامیشەڵان بێت.

**ه**

**هات:** ساڵێک باران زۆربباریێ و بەروبووم زۆر بێت.

**هاروهاج:** شەڕانگێژ، مێش هەنگوینی شەڕانگێژ.

**هاڵە:** پەسیرە، بەرسیلە ، ترێی پێ نەگەیشتوو

**هاوێر:** لێکجوداکردنەوەی مەڕ و بەرخ لەیەک لەدوای شیرخواردن.

**هڕە:** بۆ لێخوڕین و دەرکردنی مەڕە.

**هۆ:** وشەیەکە جووتیار لەکاتی جووتکردن بەکاری دەهێنێ بۆ گەڕانەوەی ئاژەڵ لەسەر هێڵی جووت.

**هۆبە:** کۆمەڵە ڕەشماڵێک لەتەنیشت یەکتر هەڵیان دابێ.

**هۆدانەوە:** شوێنی تەواوبوونی هێڵی جووتکردن.

**هۆر:** هۆڵ : گەوڕ: شوێنی حەسانەوەی مەڕ و ماڵات بەسەری گیراوە .

**هۆش:** وشەیەکە بۆ ڕاوەستانی گوێ درێژە.

**هۆودانەوە:** وشەیەکە جووتیار لەکاتی کێڵانی زەوی بەکاری دەهێنێ، واتە شوێنی تەواوبوونی هێڵە جووتێک.

**هیشکاوز:** چاندنی گەنم و جۆ لە زەوییەک هێشتا بارانی ساڵ نەباری بێت.

**هیشکە:** ئاژەڵێک(چ مەڕ و بزن بێت یان چێڵ) نەزابێ و شیر بدات.

**هیشکەبار:** میوەی وشککراو، وەک گوێز و باوی قەیسی و میوژ و کشمیش و هەنجیر.

**هیشکەهەرقەن:** بەو زەوییە دەگوترێت هێشتا بارانی ئەوساڵەی لێ نەدایە و دەست بەکێڵانی دەکرێت.

**هێشوو،** وشی، بۆڵە ترێ ، گوڵی دانەوێڵە.

**هێلانە:** هێلین، ماڵی باڵندە، شوێنی باڵندە کە هێلکە ی لێ دادەنێتن و دوایی دەبێتە بێچوو.

**هەباشە:** ئەو مەکینەی دروینەکەر کە دانەوێلەی گەنم و جۆ لە کا جوودا دەکاتەوە.

**هەچە:** وشەیەکە بۆ فەرمان بە ڕۆیشتنی گوێ درێژ دەگوترێ.

**هەراش ئاوس:** ئاژەڵی ئاوس، نزیک کاتی زان بێت.

**هەرتroوکان:** بەسەگ دەگوترێت کە بە هێمنی پاڵکەوتبێت.

**هەرکەو:** ئاوێز، ئەو قوڵکە بەردەی ناوەڕاستەکەی چاڵ ببێت و ئاوی بارانی لێ کۆببێتەوە باڵندە و ئاژەڵی کێوی لێی بخۆنەوە.
**هەڕشتە:** ئاردی گەنمی ساوار کە بە ئامێری تایبەت باریک و لوولەیی دەکرێت، بەعەرەبی (شعرية).
**هەسان:** بەردێکی تایبەتی لووس بوو دەوی داسییان پێ تیژ دەکردەوە.
**هەشت گوڵ:** خشت گوڵ: گوڵ دانی گەنم بەتەواوی.
**هەڵاڵ:** هەرار، رووەکێکی گوڵداری خۆڕسکی بەهاریە ، رەنگی گوڵەکەی زەردە وەک تیشکی خۆرە.
**هەڵاڵە:** گەردەگوڵ،تۆزی نێرینەی گوڵ کەدەپرژێتە سەر مێینەی گوڵ پیتین پەیدادەبێت.
**هەڵبژاردن:** بەدەستخستن و زۆرکردنی ئەو گیانلەبەرانەی کەخاوەن سیفاتی گونجاو و پێویستن.
**هەڵپاچین:** بڕینی لقی دار درەخت.
**هەڵپەرداوتن:** هەڵپاچینی زۆر و چڕ.
**هەڵکورمان** : تۆپەڵبوون،گرمۆڵەبوونی هەنگوین.
**هەڵکەندن:** هەڵقەناندن،
**هەللاجی:** پەڕەچی ،جوودادکردنەوەی ڕیشاڵی پەمۆ لە تۆوەکان.
**هەڵۆ:** واشە، پەلەو، باڵندەیەکی نێچیرگری گۆشتخۆرە ، بۆ راوکردن بەکاردێت.
**هەنگبڕ:** کەسێک هەڵبستێ بە برینی شانەی هەنگ.
**هەنگداری:** هەنگ بەخێوکردن.
**هەنگوور:** ترێ.
**هەنگوین:** خواردەمەنییەکە خەستی مەیلەو شلە لەبەرهەمهێنانی مێش هەنگوینە، تام زۆر شیرینە.
**هەنگوینی ڕسکاو:** هەنگوینی پەیت کە ڕێژەی ئاوی کەم بێت.
**هەنگە بۆڵە:** جۆرە هەنگێکی گەورەیە بەرهەم نادات.
**هەنگە رەشکە:** جۆرە هەنگێکی وردی بەکارە.
**هەنگەبوار:** هەنگەبۆشایی، بۆشایی نێوان دوو ئەستوورکیشانەی هەگوین.
**هەنگەژاڵ:** شووێنێکە یان هەردێکە هەنگی زۆری لێ پەروەردەبێ.
**هەنگەڵان:** هەنگستان ،خانووچکەیەکە ، پلوورەی هەنگی تێدا دادەندرێت.
**هەنگەوان:** مێشەوان.
**هەواییە کووشە:** لەوەرزی بەهار و پایز ناوەندی لقێکی یەکساڵ بەدرێژی ٥سم توێکڵی لێ دەکرێتەوە و شووێنە کە بە بیتمۆسی تەڕ دادەپۆشرێت دوای ئەوەی نایلۆنی لێ دەپێچین تا رەگ بکات.
**هەوجاڕ:** هێش ، ئاموور، هێرەق
**هەوسار:** ئەو پەتەیە دەخرێتە ملی ئاژەڵی ئەسپو ئێستر چ بۆ بەستنەوە یان بۆ ڕاکێشان.
**هەوێز:** حەوشەمەڕ، شوێنێکی سەرواڵایە کەمەڕوماڵاتی تێدا ڕادەگیرێت، تێیدا دەحەسێتەوە.
**هەوێن:** هێوێن: جۆرە ماستێکی چەند رۆژ بەسەرداچووبوو ، دەکرا ناو شیر بۆ ئەوەی زوو ببێتە ماست.

## و

**وازاو**: بەو ئاوە زیادە دەگوترێت کەلەسەر لێواری حەوز و ئەستێڵ دا دەرواتە خواریّ.
**واژاو**: ئاودانە بەنەمامی رووەک (تووتن) کە تازە نێژرابیّ، بۆ جاری دووەم و سێیەم.
**وانگ**: بانگۆلە، حۆریەی مێرووی بچووک.
**ورچ**: هورج، گیاندارێکی شیردەری دڕندەی زەبەلاحە، لە چیاو ناوچە ساردەکان دەژی.
**وڕست**: ئاژەل (مەڕ و بزن)
**وروره**: هێلکەی بچووکی ناو هێلکەدانی پەلەور کە هێشتا توێکڵی نەگرتووە و بچووکە.
**وشکاوەرد**:کێڵانی یەکەم لەزەوی بەیار لە ناوەڕاستی زستان ، لە ناوەراستی بەهار کێڵان دەکرێتەوە (گاسنی دووەم) واتە وەرد دەکرێت، لەسەرەتای زستانی داهاتوومانگی گەڵاڕێزان تۆ دەچێنرێت و دەکێڵدرێت.
**وشکەبار**: مێوەی وشک، وەک گوێز و بادەم و مێوژ.
**وشکەڕنە**: رووتانەوەی پێستی ئاژەڵ لەموو بەبێ دەسکەنە(دەباغی)
**وشکەساڵی**: ساڵێک باران بەپێی پێویست نەباریّ.
**وشکەڵ**: لقی وشکی درەخت، میوەی وشک و پووچەڵ، وەک خورما و مێوژ.
**وشی**: هێشوو ، هێشووە تریّ ، وشیە تریّ.
**وشی**: گولەچن، بەو قلە گەنم و جۆیانە دەگوترێت کە سەپان لە بیری دەکات بیدوورتەوە .
**وشیکەر**: ئەفارە، بەو ئافرەت و مێرد منداڵانە دەگوترا کە لەناو پەرێزەکە لەدوای سەپان دەڕۆیشتن ئەو قلە گەنمانەی نەدووراونەتەوە ، هەریان دەقەناند یان دەیان بڕی و کۆیان دەکردەوە.
**وێڵاش**: پزدان.
**وەچ**:لق و پەل و پۆی درەخت ، زیاتر بۆ تووتن بەکاردێت.
**وەچکردن**: لێکردنەوەو بڕینی خونچەی گەڵاکانی تووتن و هێشتنەوەی تەنها ٤-٦ گەڵا.
**وەچە**: شیبوونی گەڵای تووتنە بۆ جاری دووەم لە پاش لێکردنەوەی هەموو گەڵاکان لە قەدی تووتنەکە. دووبارە گەڵا دەردەکاتەوە ، ئەوەش تەنها لە خاکی بەپیت ڕوودەدات.
**وەچە**: نەوە.
**وەحە**: دەنگێکە بۆ لێخوڕینی رەشەوڵاخ (مانگا و گا) بەکاردێت.
**وەرد**: زەوییەک دووجار کێڵدرابیّ، لە سەرەتای زستان و سەرەتای بەهار.
**وەرزی گەشە**: ماوەی گەشە ، ئەو ماوەیەیە کە رووەک دەچێندرێت و هەتا بەرهەم بەدەستەوە دەدات.
**وەرزێر**: سەپان
**وەڕین**: دەنگی سەگ ، حەپینی سەگ.
**وەرین**: هەڵوەرین، هەڵوەرینی گەڵاو بەری رووەک.
**وەشاندن**: تۆدان، بڵاوکردنەوەی تۆ بەناو زەوی بۆ مەبەستی چاندن. پەخشانکردنی تۆو لە زەوی بۆ مەبەستی چاندن.

## ی

**یاس**: ئاس، مۆرد، مورتک، ڕووەکێکی دەوەنی گەڵا هەمیشەسەوزە، گەڵاو گوڵی بۆندارن.
**یاسەمین**: رووەکێکی خۆ هەڵواسەری جوانیە گوڵی زەرد و سپی بۆن خۆش دەکات.
**یخ**: فەرمان دان بە وشتر بۆ پاڵکەوتن .
**یخە:** فەرمان دانە بە بزن بۆ ڕۆیشتن.
**یەخ بوون:** فەرمان دانە بە پاڵکەوتنی حوشتر.
**یەختە**: نێرەکەری خەسێنراو، وڵاغی خەسێندراو واتە هێلکەی گونی دەربهێندرێ، یان دەماری گونی بپسێندرێ.
**یەدەگ:** یەدەک، ئەسپێکی زیادەیە سوار لەگەڵ خۆی دەبردجار جار لە جیاتی ئەسپەکەی دیکە سواری دەبوو.
**یەرەق:** رەپ بوون ، هەڵسانی کێری نێرەکەر و ئەسپ.
**یەک ڕەویلکە**: کاتێ باران کەم دەباری گەنم پنج ناکات و هەر دەنکەی یەک لقی لێ دەردەچێت.
**یەک هێشە:** وەردێکە یەکجار کێڵدرابێ.
**یەکانە**: بەرازی نێر.
**یەکەناس**: گوێ درێژ یان ئەسپ و ماین ، تەنها بوار بە خاوەنەکەیان دەدەن سواری سەرپشی بێ یان باری لێ باربکات.

## داره بەرهەمدار و میوەجاتەکان

**بادام:** باوی، چەقاڵە ، چواڵە، باقی ، باهیڤ، دارێکی خۆڕسکی چیاکانی کوردستانە، ناوک بەردینییە، نزیکەی ٤-٨ م بەرزدەبێت،لقەکانی ساف و قاوەیی و مەیلەو سەوزە، گوڵەکەی تاکە، پەڕەی گوڵەکانی سووری مەیلەو پەمبەییە، یان سپییە، پایزان بەردەگری ، بەرەکەی لەناو توێکڵێکی ڕەقە و کەدەرهێندرا بەرەکە دەخورێ. بادامی شیرین و تاڵ هەیە.

**باوباب**: درەختێکی زلە، لەئەفەریقا هەیە قەدەکەی زۆر گەورەیە تیرەکەی١٠-٣٠م دەبێت،بەرزیەکەی تا ٤٠ م دەڕوات ، ناو قەدەکەی فشەڵ و بۆشي ئەفریقییەکان هەڵی دەکۆڵن ، دەیکەن بەکەندوو و بەروبوومی ڕۆژانەیان تێدا ئەمبار دەکەن، بەرێکی درێژ و شۆڕی هەیە کرۆکی تێدایە، لەئارد دەچێت کرۆکەکەی دەخورێت، تۆوەکەی چەورە و رۆنی زۆر تێدایە،

**بوندق: فوندق**، دارێکی بەبەرە ، باڵای کورتە ، بەرێک دەگرێت خڕە و توێکڵ ئەستوورە ، وەک چەرەسات دەخورێت.

**بەڕوو:** دارێکی خۆڕسکی گەڵاهەڵوەریوی چیاکانی کوردستانە ، بەرزە و بەتەمەنە ، بەسەدان ساڵ دەژی ، گەڵاکەی پان و خەت خەت و لێواری مشارییە، گوڵەکانی گەش و بۆن خۆشن ، لەمانگی ٦ و ٧ گوڵ دەکات و پایزان بەڕوو دەدات ، بەرهەمی بەڕووەکە مرۆڤ دەیخوات ، وەک ئالیک دەدرێتە ئاژەڵیش ئەوە جگە لە گەڵاکانی .

**بەلالووک:** بەرالووك،هەلاڵک، کێفیلە، ئارژنگ، دەوەنێکی سرووشتی گەڵاهەڵوەریوە، ٢-٣ م بەرزدەبێتەوە، تەمەنی تا ١٥٠ساڵ دەژی، لە پایزان بەرێکی بچووک دەگری ، وەک گێلاسە بەڵام بچووکە، بەقەد دەنکە نۆکێک دەبی ، ڕەنگی زەرد یان نارنجی یان سوور و ڕەش دەگرێت. پێی دەڵێن حەلگە.

**بەهێ:** بەی، درەختێکی گەورە نییە هەتا ٧ م بەرزدەبێتەوە، لە ناوچە سارد و چیاکانی کوردستان دەڕوێت،گەڵاکانی هێلکەیی و درێژکۆڵەیە، بەرەکەی نیمچە خڕ و بۆن خۆشە ، پایزان پێ دەگات و دەخورێت.

**پاپایە**: درەختێکی میوەجاتیە، لە ئەمەریکای باکور زۆر بڵاوە بەرێکی خڕ دەگرێت وەک کاڵەکی بچووک ، ڕەنگی بەرەکەی سەوز و زەردی هەیە تۆوەکانی ڕەشن، دەخورێت و خۆشاویشی هەیە.

**پرتەقاڵ**: دارێکی گەڵاهەمیشەسەوزە، بە شای میوەی زستانە دادەندرێ، بەرەکەی زەرد و خڕە و وەک میوە دەخورێ و ئاوەکەشی وەک خۆشاو دەخورێتەوە.

**پستە:** فستق ، درەختێکی بەرهەمداری بەتەمەنی گەڵاهەڵوەریوە، تا ٨ م بەرز دەبێتەوە،گوڵەکەی جووت ماڵەیە، بەرەکەی بەشێوەی هێشووە،هەر یەکەی یەک تۆی تێدایە،دەکرێ لەسەر دارەبەن موتربە بکرێت، لەمانگی ٩-١٢ بەردەدات.

**پۆمیلۆ**: شادۆک، درەختێکی مزرەمەنییە، بەرەکەی گەورەیە بەقەد کاڵەکێک گەورە دەبێت،توێکڵەکەی ئەستوورە. بەرەکەی دەخورێت.

**ترنج:** میوەیەکە لەخێزانی مزرەمەنییە وەک نارنج و لیمۆ و پرتەقاڵ..

**توو:** دارێکی گەڵاهەڵوەریوە، لە ناوچەی دەشت و چیاکانی کوردستان دەڕوێت، لە بەهار بەرەکەی پێ دەگات. قەدێکی پتەوی هەیە ١٥-٢٠ م بەرزدەبێتەوە، بەرێک دەگرێت دەخورێت و بە میوەیەکی خۆش دادەندرێت .

**تووڕک:**تووترک ،دەوەنێکی گەڵاهەڵوەریوە.بەرێکی وەک گاتوو دەگرێت و دەخورێت، تامی ترشە.

**تووی فەڕەنگی:** شلێک، فراولە، تووی سەر زەوی،میوەیەکی خۆشە ، بە توو دادەندرێت، هەمووتووەکانی دیکە داری گەورەن وەک تووی ئاسایی و شاتوو و گاتوو و تووە قەسپە، بەلام تووی فەڕەنگی لەسەر زەوی دەکشێت و رووەکێکی گیاییە.

**تەمەرهیندی:** درەختێکی ناوچەی هێڵی کەمەرەییە، تا ٢٥ م بەرزدەبێتەوە ، بەرێک دەگری وەک کەلووی پاقلەیە و دەخورێت.

**چواڵە:** بادەمەتاڵ، بادامە کێوی،درەختێکی سرووشتی گەڵاهەڵوەریوە، وەک بادەم وایە بەرەکەی تاڵ و وردترە.

**حەمەدەشینە:** شەفتالۆ: دارێکی میوەجاتییە لە ئەنجامی موتربەی هەڵووژەی زەرد و قەیسی دروست بووە، (لە پیرمام کەسێک بە ناوی حەمەدەشین ئەو دارەی بەرهەمهێنانەیە.)

**خورما:** درەختێکی میوەی گەڵا هەمیشە سەوزی ناوچەکانی هێڵی کەمەرەیی و نیمچە کەمەرەییە.لە ڕووەکە یەک لەپەکانە ، بە برالە و تۆ زۆر دەبێت.تەرزی زۆرە ، لە پێناوی بەرەکەی دەچێندرێت ، بەرەکەی لەشێوەی هێشووە، بەرێکی قاوەیی یان زەرد دەگرێت و شیرین و تام خۆشە.

**خۆخ:** هەشتالوو، لە ناوچە سارد و چیاکانی کوردستان دەڕوێت، بەرەکەی لەهاوین پێ دەگات و دەخورێت. لە گرنگترین تەرزەکانی سلڤەرکینگ، مای گراند.

**دارەبەن:** دارقەزوان، لە چیاکانی کوردستان خۆڕسک دەڕوێت،گەڵاهەڵوەریوە، بەرێک دەگرێت پێی دەڵێن قەزوان دەخورێت، لە کۆتایی مانگی نیسان هێشوو دەگرێت،لەکۆتایی مانگی ئایار دەبێتە فەریک و لە پایز بەرەکەی تەواو پێ دەگات. گەڵاکەی سێ پەلکییە ٣-٤ م بەرزدەبێتەوە. قەدەکەی بریندار دەکرێ و بنیشتە تاڵەی لێ کۆدەکرێتەوە بەهۆی کووچەڵەوە.

**دارەنان:** جاکیە، درەختێکی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، ئێستا لەناوجەکانی هێڵی کەمەرەییش زۆر دەڕوێندرێت، نزیکەی ١٧ م بەرزدەبێتەوە،گوڵی نێرە و مێیەی بەجیایە ، لەسەر گوڵە مێیەکە بەرێک دەگری تیرەکەی دەگاتە ١٥ سم ڕەنگی زەردی مەیلەو سەوزە،کرۆکێکی سپی هەیە، دەبرژێندرێت یان ڕاستەوخۆ وەک نان دەخورێت.

**زەیتون:** درەختێکی بەرداری زەیتییە، گەڵا هەمیشە سەوزە.لە بەهار گوڵ دەکات، لەسەرەتای پایز بەردەگرێت.

**سماق:**دارترش، دارێکی خۆڕسکی چیاکانی کوردستانە، لە حوزەیران و تەموز گوڵ دەکات ، بەپایزان بەرێکی هێشوویی دەگرێ کە دەنکی وردی تێدایە، زۆر ترشە.

**سنجوو:** سنجاد ، نەبەق، دارێکە گەڵاکەی وەک بی وایە ، بەرێکی شیرینی هەیە وەک خورما ، بەڵام تۆزێ بچووکترە ،بەرەکەی دەخورێت.

**سندی:** درەختێکی گەڵاهەمیشە سەوزە.
**سێو:** لەژینگەی چیاکانی کوردستان دەڕوێت و جۆرەها تەرزی هەیە کەبەرەکەیان ڕەنگ و شێوەی جودایە، بەری سوور و زەرد و سەوزی گەورە، بەری سەوزی ترش وشیرین بچووک، هاوین پێ دەگات، لە گرنگترین تەرزەکانی ، گۆڵدن ، تارکینگ ، ستارکینگ ، سۆری خۆخی ، زەرد، سپی ، سوور ، سوورو سپی.
**شووتی:** شفتی : زەبەش، ڕووەکێکی گیایی هاوینەیە ، میوەیە و بەرەکەی گەورەیە بە تۆ دەچێندرێ، لقی بەزەویدا ڕادەکشێ، گەڵای وەک کاڵەکە . لە تەرزەکانی س- ۆتەرمیلۆن ، زنجیر
**عوود:** درەختێکە زێدی ڕەسەنی هیندستان و چینە، گەڵاکانی یەک لە دوای یەک و سادەن ، گوڵەکانی تیکەڵن و لە کۆتایی لقەکانیەتی ، سووتاندنی داری ئەو درەختە بۆنێکی خۆش بەدەور و بەری دا بڵاودەکاتەوە، کە بە هۆی شیرەیەکی لینج و چەورە لەناو دارەکەیدایە،ڕەنگی دارەکەش قاوەییە.
**عەناب:** عوناب ، درەختێکی باڵا بەرزە تا ٦ مەتر ، قەدەکەی ڕاستە ، گەڵاکانی بچووکن ، ،بەرەکەی بەعەناب ناو دەبردرێت، سوورە و درێژکۆڵەیە وەکو خورما شیرینە و بەڵام بچوکترە. دەنکی بەقەد دەنکی زەیتوون دەبێت.
**قاوە**:درەختێکی ناوچەی هێلی کەمەرەییە، زیاد لە ١٠ م بەرزدەبێتەوە، بەڵام جووتیاران ناهێڵن زۆر بەرزبێتەوە، بۆ ئاسانی لێکردنەوەی بەرەکەی ، بەرەکەی بەشێوەی تۆوەکی خڕ و توێکڵ نیمچە ڕەقە ، ئەو بەرە دەهاڕدرێت و بەکوڵان بە هۆی ئاوەوە دەخورێتەوە.
**قەیسی:** زەردەلوو، قەیسی : شێلانە ، شەفتاڵو، مژمژە.لە ناوچە سارد و چیاکانی کوردستان دەڕوێت، بەرەکەی لەکۆتایی بەهار پێ دەگات. لە گرنگترین تەرزەکانی ، زاغانیا ، رۆیال ، بەیاع ، ئەبریکۆت.
**کاکاو**: درەختێکی مام ناوەندە ٨ م بەرزدەبێتەوە ،زێدی ڕەسەنی ئەمەریکای خوارووە،گەڵاکانی گەورەن ،لە دوای ٤ ساڵ بەر دەگرێت ، بەرەکەی پێویستی بە ٦ مانگە هەتا پێ دەگات،بەرێکی گەورە دەگرێت مادەی کاکاو لێ دەردەهێندرێت.
**کاڵەك:** گندۆرە، ڕووەکێکی میوەجاتی هاوینەیە ، قەدی سەوز و گیاییە ، بەدەوروپشتی خۆی بڵاودەبێتەوە، بەرەکەی بەسەر قەدی سەرزەوی دەگرێت لە سەرەتای بەهار دەچێندرێت و لەکۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین پێ دەگات ، تەرزی دێمی و ئاوی هەیە.
**کاکی:** خورماڵوو، درەختێکی باڵا مام ناوەندە گەڵاهەڵوەریوە، حەز بەناوچەی سارد دەکات ، بەرەکەی خڕە بەقەدەر تەماتەیەکی ئاسایی دەبێت لەشێوەشدا وەک تەماتەیە، بەس ڕەنگی لە پرتەقاڵ نزیکە ، درەختێکە تاک ماڵە، واتە درەختی نێر و مێی بەجوودایە.
**کرۆسک:**دارکەچک، هەرمێ کێویلە، دارێکی خۆڕسکی چیاکانی کوردستانە ، بەرێکی خۆش و شیرین دەگرێ کەمێک رەقە لەکۆتایی هاوین و سەرەتای پایز پێ دەگات.
**کشمیش:** تەرزێکە لەترێ، دەوەنییە ، لە چیا شێدارەکان دەڕوێت،بەرەکەی بچووکە و سوورەو ڕۆشنە ، تامێکی ترش و شیرینی هەیە، لە مانگی حوزەیران پێ دەگات.
**گاتوو: شاتوو، تووەسوورە،** لەتوو گەورەترە لەهاوین پێ دەگات.

**گریب فروت**: درەختێکی گەڵاهەمیشە سەوزە.سەر بە مزرەمەنییەکانە.
**گندۆرە**: کاڵەک ، ڕووەکێکی گیایی هاوینەیە ، میوەیەکە تەرزی دێمی و ئاوی هەیە.
**گوێز**: دارێکی خۆڕسکی ناوچە ساردو چیاکانی کوردستانە، لەدەو ئاو کانی دا دەڕوێ باڵای بەرزە ، لەپایز بەردەگرێت و بەرەکەی بەرگێکی ڕەقی هەیە دوای دەرهێنانی لەناو بەرگەکە بەرەکە دەخورێ و زۆر بە بەهایە. لە گرنگترین تەرزەکانی ، خۆماڵی ، عەجەمی .
**گوێزگەندم**: دارێکە بەرێکی بۆن خۆشی هەیە وەکوو بۆنی خۆخە.
**گوێزی هیندی**: درەختێکی ناوچەی هێڵی کەمەرەییە، بەرێک دەگری گەورەیە توێکڵەکەی ڕەقە، بەڕیشوو دەورەدراوە،ناوەکەی دوو تا سێ پیاڵە شیری تێدایە خۆشە و دەخورێ،کاکڵەکەشی سپیە و دەخورێ.
**گێلاس**: درەختێکی میوەجاتیە بەرەکەی خڕو بچووکە بەشێوەی هێشووە..
**گێوژ**: دارێکی خۆڕسکی چیاکانی کوردستانە، بەرەکەی زەردو نارنجییە و شیرین و مزرە و دەخورێ. ئەگەر دار گێوژ بەرەکەی سوور بوو پێی دەڵێن سۆریلەتی.
**لالەنگی: خۆش داکەنە**، درەختێکی گەڵاهەمیشە سەوزە.
**لیمۆ** : درەختێکی مزرەمەنی گەڵاهەمیشە سەوزە.
**مانگۆ**: درەختێکی میوەجاتییە لەناوچە کەمەرەییەکان زۆرە ، ئێستا لە عێراق و کوردستانیش پەیدابووە، بەرەکەی گەورەیە و تۆیەکەشی گەورەیە .
**مۆز**: درەختێکی میوەجاتی گەڵاهەمیشەسەوزی یەک لەپە ، لەناوچەی هێڵی کەمەرەیی زۆر هەیە، بەرەکەشی پێی دەگوترێ مۆز و دەخورێ.
**مێو**: دارترێ: لەگەڵ ژینگەی دەشت و چیاکانی کوردستان دەگونجێ، تەرزی زۆرە، تەرزی ڕەشمیری پێشتر لە کوردستان زۆربووە بەتایبەت لە هەولێر و سلێمانی. کە ڕەنگی بەرەکەی ڕەشە. تەرزی زارەک ، زآرەکە بیبەرک ، سادانی ڕەش ، سادانی سۆر ، سلۆپی ، رەسولی ، کەرکەران ، میرانی ، تەحلک ، موسابەگ ، مەرمەرک ، کەمالی ، دیسل حەنەز، تۆمسۆن ، سادانی سپی ،شێخ نورەدین سپی ، سیدلێس(کشمیش)چاوەگا، سلێمانی سپی ، سۆراو، پەسیرانی سۆر و سپی ، میلاقی، مەلاحەسەن ، سووسنایی، ئۆیلکا ، ڕەشمێو، ڕەشمیری وازە، تائیفی سۆر ، دۆشاوی ، سەرقولە ، بۆڵ مازو ،ئەحمەد کوێخا، زەردی زولێخا، سووری سنەیی، کاشاو ، مەغریبی، بێ دنک ، بیسۆلا ، هەفتبەر، پارلیت ، ترێی ڕەش، یاقوتی ، حەلوانی لوبنانی ، حیجازی سپی و سۆر ، بەری بەهاری ، عەسکەری ، پایزی ،
**نارنج**: کەبات، میوەیەکە لە خێزانی مزرەمەنییە ، وەک پرتەقاڵە بەڵام تامی ترش و تفتە، بۆ خۆشاو دەبێ. قەدەکەی دڕکاویە، بەهێزە بەرگری خاکی قورس و ئاودار دەکات، بۆیە زۆربەی مزرەمەنییەکانی لەسەر موتربەدەکرێت.
**هاڵەبەلالووك** : درەختێکە وەک هەڵووژەیە و زەرد ، بەرێکی سوور دەگرێت.

**هەرمێ:**درەختێکی میوەجاتی گەڵاهەڵوەریوە،لەخێزانی سێوەمەنیەکانە،بەرەکەشی پێی دەڵێن هەرمێ، لە گرنگترین تەرزەکانی ، خۆماڵی ، پیرس ، لاڤژە،

**هەنار** : درەختێکی گەڵاهەڵوەریوە،لەژینگەی دەشت و چیاکانی کوردستان دەڕوێت ، بەرەکەی پایز پێ دەگات و دەخورێت.لە گرنگترین تەرزەکانی ، نازەنین ، شارەبان ، غەزیری، ملیسی ،

**هەنجیر:** هەژیر، درەختێکی میوەجاتی گەڵاهەڵوەریوە، لە خێزانی لاستیکییەکانە ، کاتێ لاسکی گەڵاکان لەقەد دەکرێتەوە شیرێک دەردەدەن، بەرگەی سەرمای بەهێز ناگرێت، گەڵاکانی گەورە و زبرن و لێوارەکانی هەڵبڕدراون،بەرەکانی لەناوەڕاستی هاوین و کۆتاییەکەی پێ دەگات، بەڕێگای پەل و شیلە و کووشە و موتربە زۆر دەکرێت.لە گرنگترین تەرزەکانی ، فاکیسی ، هەنجیری ڕەش، هەنجیری سەوز، هەنجیری زەرد ، هەنجیری سوور، هەنجیری کێوی(هەنجیری چۆلەکە)، وەنەوشەیی، ئاکرێ ، شەرەبۆتی. شڵە (بەڵەک).

**ئالوبالوو:** هەڵووژە، هەرووچکە،هەڵووچکە، حەلووچکە ، ئاڵووچە، عەلووکە، درەختێکی ناوچە ساردو چیاکانە ، لە ناوک بەردینییەکانە، گەڵاهەڵوەریوە، بەرێک دەگرێت بەهاوین ، خڕە و لە تەماتە بچووکترە، ڕەنگی زەرد یان مۆر یان سوورێکی کاڵە،یان مەیلەو ڕەشە، وەک میوە دەخورێت.

**ئەڤۆکادۆ**: هەرمێی تیمساح ، درەختێکی ناوچەی هێڵی کەمەرەییە لە ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست زۆرە ، بەرێک دەگری لەشێوەی هەرمێیە بەرەکەی چەورە و دەخورێت ، تۆوێکی ڕەقی گەورەی هەیە ، بە هۆی تووە زۆر دەکرێت.

**ئەناناس:** ڕووەکێکی میوەجاتی بەتەمەنی کورتەباڵایە لە ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست زۆر دەڕوێت، کەمێک لەزەوی بەرز دەبێتەو، بەرەکەی لەناوەڕاست دەردەچێت و تامی مزر و شیرینە.

**یەنگی دونیا:** بەشمەلە، درەختێکی میوەی گەڵا هەمیشیسەوزە.لەهاوین بەردەگرێت ، ڕەنگی بەرەکەی زەردە.

## درەختە جوانەکان

**بالوک**: کاکوف ، بەهیۆکە ، تاوگی کوردی، دەوەنێکی جوانییە بەرزیەکەی هەتا ٥ م دەبێت، گەڵای وەکو گەڵای بەهێیە، گوڵێکی سپی بچووک دەگرێت، لەچیاکانی کوردستان هەیە.

**باوەشێنە:** واشنتۆنیا،دارێکی یەک لەپی هەمیشە سەوزی تەمەن درێژە،بە تۆو بە برالە زۆر دەبێت.

**بخورد:** درەختێکی بچووکی دڕکاوییە گەڵاکەی ئاوێتەییە، لەمانگی ئەیلوول گوڵ دەکات، بخورد بۆ خۆی لە کاتی قڵیشاندنی توێکڵی قەدەکەی مآدەیەکی کەتیرەیی شیلاوگی لێ دەردێت،بەشێوەی دڵۆپ دێتە دەرەوە، لە پێشدا ڕەنگەکەی سپییە و دوایی زەرد دەبێت، بۆنێکی عەتری خۆشی هەیە.

**بناو:** گوڵەگوارە، دەرەدار ، دارەڕەش، بەوز، درەختێکی بەرزە ٢٥ م بەرزدەبی، گەڵای وەک بادەمە ، هێشتا هی بناوی گەورەترە و لێواری گنج گرنجە.

**بناوەچ:** درەختێکی بەرز نییە ، گەڵای وەک ئەسپیندارە.

**بی:** دارێکی بەسێبەرە لە کێش دا سووکە، بێ بەرهەمە، گەڵاکانی درێژن ، لق و چڵی نەرم و کەمێك لاستیکین بۆیە دەچەمێنەوە و شۆڕدەبنەوە وەک کەزی ئافرەتان ، لەدەو ڕووبار و جۆگەی ئاوێ شین

دەبی ئاوخۆرەوەیە، بەشێوەیەکی خۆڕسک لە کوردستان هەیە ، تەرزی زۆرە وەک شۆڕەبی یان شەنگەبی کوولەکەبی و شابی ،قەفەز و قەتارە و خەلێفی هەنگی لێ دروست دەکرێت، سێبەرەکەشی لە هەموو سێبەری دارەکانی فێنکترە.

**بەگەم:** درەختێکە لە مەکسیک و هیندۆراس زۆرە ، عەرەب کردوویەتی بە بقم ، باڵای تا ١٢ م بەرزدەبێتەوە، لە دارەکەی رەنگی شین و مۆر و سوور و خۆڵەمێشی و رەش دەردەهێندرێت، بۆ رەنگکردنی ئاوریشم و خوری و لۆکەو کەتان .

**بەوز:** درەختێکی خۆڕسکی ناوچە کوێستانییەکانە، دوولەپە، دارێکی پتەوە ، لە ناوچەی شێدار و دەم ئاوەکان دەروێت.

**پەڵک**: درەختێکی باڵابەرزی قەد ئەستوورە، گەڵای لەگەڵای دارگوێز دەچێت.

**جنەهەنار**: گوڵەهەنار:هەناری کێوی، درەختێکی گەڵاهەڵوەریوە.

**چنار**: دارێکی جوانیی گەڵاهەڵوەریوە،جووتماڵەیە ، بە تۆو بە قەڵەم زۆر دەبێت،٣٠ م بەرز دەبێت،گەڵای لەشێوەی دڵە ، قەدی ڕاست و قیتە، لە دەو ڕووبار و جۆگە ئاوەکانی ناوچە فێنک و ساردەکان دەڕوێت، قەدەکەی بۆ دارتاشی بەکاردێت. سپیە چنار و ڕەشە چنار و سوورەچنار هەیە.

**خوێنی دووبرا**:ئەو درەختە لە کوردستان نییە بەڵکو لە دورگەی سۆکۆترای یەمەن زۆرە، ٣ م بەرزدەبێتەوە، گەڵای لەشێوەی شیرە، دیمەنی لە چەتر دەچێت.

**خەیارچەمەر**: خەڕوبی هیندی ،جۆرە درەختێکی گەرمیانییە ١٠-٢٠ م بەرزدەبێتەوە،بەرێکی کەلوویيە ، واتە وەک بەری پاقلەیە،تۆوەکەی لەشێوەی هێلکەیی قۆپاوە،ڕەنگی قاوەییە، ناوی تۆوەکەی خان خانە پەردەیەکی تێدایە لەناو ئاو دەسوێتەوە بۆ ڕەوانی دەدرێتە منداڵی ساوا.

**دار سیواک** : درەختێکی هەمیشە سەوزە ، ٦-٩م بەرزدەبێتەوە ، لقی زۆرە ، لق و قەدی لووسە سپی مەیلەو زەردە، لق و چڵەکانی بۆ ددان خاوێنکردنەوە بەکاردێت.

**دارتەسبێح:** ئەزدرەخت،دارچەتر، دار ژەهرەماسی، سویتینیای هیندی،درەختی ژەهرەماسی، درەختێکی جوانی گەڵاهەڵوەریوە.

**دارچین**: درەختێکی دوولەپی هەمیشە سەوزە، ڕەنگی گەڵاکەی تێر و بۆن خۆشە، گوڵێکی وردی زەرد دەگرێت، لەترێ دەچێت بەڵام ڕەنگی قاوەییە، توێکڵەکەی دادەماڵدرێ و ورد دەکرێت و تامێکی شیرینی هەیە و دەخورێت .

**دارکنێر**: کنێر، درەختێکە دوو جۆری هەیە ، بە دك و بێ دڕک ، گوڵێکی بچووکیش هەیە لە خێزانی پاقلەییە، بەهاران لەدەشت و دەر شین دەبن.

**دارمەڵحەم(دارمەرحەم):** درەختێکی خۆڕسکی ناوچە چیایە ساردەکانە ، لەتیرەی دارخۆخە ، بە گێلاسی تاڵیش دەناسریت، درەختێکی گەڵاهەڵوەریوە، زیاتر لە ١٠ م بەرزدەبێتەوە، بەرەکەی وەک قەزوانە ، دەهاڕدرێت بۆ جوانی پێست بەکاردێت ، لە کۆن ڕۆنەکەی بۆ چارەسەری سووتانی پێست بەکاردەهات.

**دارەڕەش**: دارەدار،داربناو، دۆشاوی گەڵاکەی بۆ مارانگەستی بەسوودە.

**دەمووکانە:** درەختیلەیەکی مشەخۆرە ، لەسەرقەدی دار بەڕوو و مازوو دەبیندرێ ،لەسەر سێو ومزرەمەنی و سنۆبەریش گەشەدەکات.بەرەکەی وەک قەزوانە ، گەڵاکانی ناسک و گۆشتەنین.
**سنۆبەر:** کاژ، دارێکی خۆڕسکی هەمیشە سەوزە، لەناوچە شاخاوی و ساردەکان گەشەی زۆرە ، زێتر لە ٣٥م بەرز دەبێتەوە،بەرێکی ڕەقی قۆزاخەیی دەگرێت،دواتر پەڕپەڕ دەبێت و لەناویدا تۆی هەڵگرتووە،دەیان جری هەیە لە کوردستان جۆری زاوێتە زۆر هەیە جگە لە حەلەبی و مەقدۆنی....
**سەروو:** دەرختێکی جوانی گەڵا هەمیشەسەوزە. چەن جۆری هەیە وەک شێوە ستوونی و شێوە ئاسۆیی. گەڵازیوی.
**سەندەنووس:** سەندەرووس، جۆرە دارێکە لە هیند زۆرە ، لەخۆشناوەتی هەیە تەزبێحی لی دروست دەکرێ.ڕەنگی دارەکە زەردە ، ڕۆنی لێ دەگیرێ.
**عەرعەر:** هەڤرسك ، سەرووی بچووک ، دارێکە لەسەروو نزیکە بەڵام لە باڵادا کورتترە،بەرێکی هەیە بەئەندازەی بستەی کێڵگەی دەبێت،لەڕووی پزیشکیەوە بەسوودە.
**کازوارینا:** درەختێکی جوانی بەرزە تا ٢٠م بەرزدەبێتەوە لقەکانی باریکە و گەڵای گۆردراوە بۆ چەند ددانێکی بچووک، بۆ بەرگری لە ڕەشەبا دەچێندرێت،حەز بە شێداری زۆر دەکات.
**کەووت:**کەوەت درەختێکی کوێستانییە دارەکەی بۆ دارتاشی دەبێت.
**گلادیشییا:** دارێکی سروشتی تەمەنداری گەڵاهەڵوەریوی دڕکاوییە، تەرزی زۆرە.
**لاس:**ڕەشەدار، درەختێکی خۆڕسکی گەڵاهەڵوەریوی کوێستانیە. لەدار سنجوو دەچێ و بە دڕکە. گەڵاکەی لە دار بی دەچێ ، بۆنی خۆشە و بەقەڵەم زۆردەکرێت. بەعەرەبی پێی دەڵێن السدر.
**مازوو:** دارێکی بەهێزە، قەدێکی پتەو و لقەکانی چڕوپڕن، تواناى هەیە تا ٢٠م بەرزبێتەوە، گەڵاکانی بەهێزن لەرووی پزیشکییەوە سوودی زۆرە.
**مازوو:** درەختێکی چیاییە، جۆرەها بەر دەگرێت،هەمووی سوود بەخشە،وەک مازوو و بەڕوو و گزگل و دەموکانە.....
**نارەوەن:** درەختێکی جوان و چەترییە گەڵاکانی ددانداره، قەدەکەی و دارەکەی زۆر پتەوە، لە ناوچە فێنکەکانی گۆی باکووری زەوی دەڕوێن.
**ئابنووس:** درەختێکی خۆڕسکە وەک دارگوێز گەورەیە.
**یوکالیپتۆس:** کافوور، قەڵەم تۆز، دەرختێکی هەمیشە سەوزی بە تەمەنە ، بۆ جوانی و باگێڕەوەیی دەچێندرێ ، باڵای زیاد لە٢٠ م بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی باریک و بۆن خۆشە، ڕەگەکەی زۆر بڵاو دەبێتەوە، ئینگلیز هێنایانە عێراق. تەپۆو مێشوولە لە خۆی دوور دەخاتەوە.
**ئەرزی لوبنانی:** درەختێکی جوانییە، بەوڵاتی لوبنان ناسراوە، ئێستا لەکوردستان ڕوێندراوە، بەتایبەت لە حاجی ئۆمەران،بەرزییەکەی تا ٤٠ م دەبێت،
**ئەرژن:** ئەرژنگ : ئارژنگ، دارێکی بێ بەرە وەک ئەرخەوان وایە . بەرێک دەگرێ وەک بادامە ، بەڵام تاڵە. (فەرهەنگی فە . خا)

**ئەسپیندار**:پەڵک ، شاتان، درەختێکی باگێڕەوەی دارێکی باڵابەرزی گەڵا هەڵوەریوە، بێ بەرە لەدەم رووبار جۆگای ئاو گەشەی باشە، قەدەکەی لووسە بۆ کاریتەی خانوو بەکاردێت.
**ئەسفندان**: کەوەن، کەوەت، داری ئەسفندان، درەختێکی سروشتی گەڵاهەڵوەریوی چیاکانی کوردستانە، دارجغارە، لە لقەکانی دروست دەکرێ.
**ئەقاقیا**: درەختێکی جوانییە گوڵی سپیین لە شێوەی هێشووە و بۆندارە.
**ئەکاسیا** : ڕۆبینیا، درەختێکی جوانیی گەڵاهەڵوەریوە، لەناوچەی ئەمەریکای باکوور زۆر ڕوواوە، بەرزی تا ٢٠ م دەچێت، گوڵێکی سپی بۆنخۆش دەگرێت، تەرزی زۆرە ، دارەکەی بۆ دارتاشی زۆر بەکاردێت.
**ئەلبیزیا**: درەختێکی جوا نی گەڵاهەڵوەریوە.

## دەوەنەکان

**پێ حوشتر**: دەوەنێکی گەڵا سەوزە، بەرگەی سەرما ناگرێت.گوڵی سپی و وەنەوشەییە، بە تۆو پەل زۆر دەکرێت.
**تاوگ**: تاوگی کوردی ، نبق، دەوەنێکی دڕکاویە ٢ م بەرز دەبێتەوە ، بەرێکی خڕ دەگری ، لە چیاکان لەشوێنە شێدارەکان خۆرسک شین دەبێت.
**توودڕک**: تووتڕك ، دڕدووک، دڕی، دەوەنێکی خۆ هەڵواسەری گەڵا هەڵوەریوە ، دڕکی نەرمی هەیە ، لە شووێنی شێدار دەڕوێت، بەرێک دەگری وەک شاتوو ترش و مزرە.
**دارگەز**: دەوەنێکی گەڵا هەمیشەسەوزە، لە لێواری ئاو و ناوچەی شێدار شێن دەبێ ،گەڵای وەک گەڵای سنۆبەرە ، گوڵی زۆر بچووک و رەنگ ئەرخەوانییە لەشێوەی هێشووە، گەڵاکەی بە تەڕی دەسووتێندرێ ، ئاوێکی کەفاو دەردەکات دەدرێت لەبیرۆ تا وشکی بکات.
**دڕکەزی**:خەزێمە، تەلووکە، دەوەنێکە بەقەد دار هەنار بەرز دەبێتەوە قەدەکەی دڕکی زۆرە و رەنگی مۆرە و گوڵی زەرد دەگری ، بۆ پەرژینی ماڵ و باخ بەکاردێت.
**دۆرەنتا**:ڕووەکێکی دەوەنیە ، گەڵا هەمیشە سەوزە ، بۆ لێواری باخچەکان وەک پەرژین بەکاردێت.
**دیدۆنیا** : ڕووەکێکی دەوەنیی گەڵا هەمیشە سەوزە ، بۆ پەرژینی باخچە بەکاردێت ، خێرا گەشە دەکات و شێوەی جوان لە نەخشکردن وەردەگریت.
**دەوەشێری دەوەنی**:دەوەنێکی جوانی گەڵا هەمیشە سەوزە، گەڵاکانی گەورەن گوڵی سپی دەگرن.
**ڕازقی**: دەوەنێکی جوانیە، گوڵێکی بۆن خۆش دەگرێت، گەڵای وەک بامیەیە.
**ڕۆبینیا**: دەوەنێکی گەڵاهەڵوەریوە،
**زریشک**: زریسک، زرشک، سرشک، زارچ، دەوەنێکی دڕکاوییە ، ٢،٥ م بەرزدەبێتەوە، گوڵی هێشووی زەردە، بەرێکی بچووکی سوور یان ڕەشی هەیە ، تامی ترشە،بەخاوی و بە کوڵاوی دەخورێت سوودی هەیە بۆ کۆمەڵێک نەخۆشی.
**ژاڵە**: رووڵک: کەرکوژ، ڕووەکێکی دەوەنییە ، خۆڕسک و ماڵی هەیە، بەتەمەنە گەڵاکانی ژەهراویین. قەدی لەسەرەتادا لاستیکییە،گەڵاکانی ڕمین، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگە.

**سایکس:** دەوەنێکی کورتە باڵای هەمیشە سەوزی بەتەمەنە ، گەڵای نەرم درێژە وەک پلاستیک وایە بە تۆو بە براله زۆردەکرێت.
**سمێڵ زل:** سمێڵدار، بەتۆو زۆردەکرێت، لە بەهار و پایز. گوڵی زەرد و سوور دەگرێت.
**سۆبلەتی:** دەوەنێکە لە قەد و گەڵا و بەرەکەی لە گێوژ دەچێت،بەڵام سوورترە، قەدەکەی دڕکاویە و بەرەکەی بچووکە و ناخورێت.
**شمشاد:** شمشار، دارتەشی، دەوەنێکی جوانییە لەکوردستان خۆڕسک لە چیاکان هەیە ، گەڵای کەوچکییە. هەمیشە سەوزە.بە قەلەم زۆر دەکرێن.
**شن:** دڕکی قودس، دەوەنێکی خۆڕسکی گەڵاهەڵوەریوی چیاکانی کوردستانە، لەدار کەوەت شێوەی نزیکە ، بەڵام گەڵاکانی بەلای ڕەنگی شین دان.
**شیلانە:** دەوەنێکی خۆرسکی بەتەمەنە، تا ٢ م بەرز دەبێتەوە،لەوەرزی بەهار چرۆ دەکات،گوڵێکی پەمبەیی دەگرێت، دوایی دەبێتە بەر سەرەتا رەنگی سوورە، دوایی بەرەو رەنگی ڕەش دەچێت، تامی شیرین و کەمێک مزرە.
**شەنگەگوڵ: هایبسکەس،** گوڵی جوانی ، دەوەنێکی هەمیشە سەوزە ، پۆپی زۆر لێ دەبێتەوە،قەدی ڕێکە ،گەڵاکانی هێلکەیین و لێواری مشارییە، لە سەرەتای بەهار تاکۆتایی هاوین گوڵ دەکات ، ڕەنگی گوڵەکانی سوور و سپی و پەمبەیی و پرتەقاڵین ، گوڵەکان وەک گوفکن تەواو ناکرێنەوە، بە تۆو پەلەقەد و موتربە زۆردەکرێت،
**شەواشینک :** دەوەنێکی خۆڕسکی چیاییە، بەرزیە ١-٢ م دەبێ ، لق و قەدەکانی لوولەیین ، گەڵای وردە ، گوڵێکی سپی یان پەمبەیی لە بەهاران دەگرێت ، لە پایز بەرێکی خڕ دەدات و دەخورێت. پێی دەڵێن بەدەمچە، وەک باوییەکی بچووکە و کەمێك تاڵە .
**فلچەی بوتڵ:** فلچەی شووشە دەوەنێکی هەمیشە سەوزی لق شۆڕە، بۆ جوانی دەچێندرێ. زۆربەی کاتەکانی ساڵ گوڵی سوور یان ئاڵ دەدات گوڵەکەی لەشێوەی فلچەی مەمەی شووشەی شیرە.
**قەرەقاج:** دارکەژۆک.بەخۆڕسک لە کوردستان شین دەبێ، بەرێک دەگرێ کەلووە وەک پاقلە وایە لە ناو ئەو کەلووە قۆزاخەیەکی تێدایە پێی دەڵێن کەژ نەرمە لە ئاوریشم سپیتر و نەرمترە ، دەڕێسرێ و دەکرا قوماش ، بەشیلە زۆر دەبێت شیلەکەی واتە خەڵفەکەی دەکرێتە قەفەز.
**کچەباڵوێز:** دەوەنێکی هەمیشە سەوزە ١-٢م بەرزدەبێتەوە،قەدی کورتە بەڵام لقی زۆرە ، گوڵی سپی یان شین دەکات ، بەڵام بچووکن ، جوانی ئەو ڕووەکە لە گوڵەکەی نییە ، بەڵکوو لە کەنابەکانییەتی، ، بە پەلەقەد یان براله زۆر دەکرێت.
**کفر** : تەڕوو، تەڕیی، ناولەپی مریەم ، دەوەنێکی سروشتی گەڵاهەڵوەریوە،قەدێکی لاوازی هەیە ، لەنزیك ئاو و خاکی لمی و چەوی دەڕوێن بەرزیان ٢-٣ م دەبێ، لەشێوەی یوکالیپتۆزە، بەرگەی پلەی گەرمای بەرز دەگرن، گوڵێکی هێشوویی رەنگ پەمەیی دەگری و تۆوەکانی ڕەنگیان ڕەشە.
**کنێر:** دارێکی کوێستانی بۆنخۆشە بۆنی وەک کنێرە ، لە رووکار بەدار چواڵە دەچێت.لقە ئەستوورەکانی دەکرێتە گۆچان.

**گوڵەباخ**:دەوەنێکە تەرزی زۆرە ، هەیە باڵای بچووکە ،و گەڵای بچووکە پێی دەڵێن بیبی ڕۆز، هەشە قەدی بەرزە و وەستاوە و گوڵی بۆنخۆشی ڕەنگاو ڕەنگ دەگریت ، هەشە بەقەد دیواردا هەڵدەشاخێت، گوڵی مام ناوەندە وەک پەرژینی جوانی بەکاردێت.
**گوڵەقاوە:** دەوەنێکی ئاساییە ، گەڵای باریکە لەشێوەی گەڵای دارهەنارە،گوڵ دەگریت لەشێوەی هێشوو، رەنگی پەمبەیی و وەنەوشەییە ، دەبێتە بەرێك لەشێوەی تۆی قاوەیە.
**گویتی**: دەوەنێکە لە چیاکانی کوێستان هەیە لەقەدەکەی کەتیرە دەردەهێندرێ.
**گۆیژ**: گێوژ،گویشک،سۆبلەتی، دەوەنێکی کوێستانی دڕکاوییە ، بەرێکی بچووک دەگرێ و خواردنی خۆشە.
**گەرچەک** : گەنەگەرچەک ، دەوەنێکی گەڵا هەمیشە سەوزە ، بەرێک دەگرێت وەک تۆی فاسۆلیا گەورەدەبێت، رەنگی تۆوەکە قاوەییەکی نەخشدارە، دوو تەرزی هەیە گەڵا سەوز و گەڵا سوور(جەرگی)
**گەز**:دەوەنێکە لقەکانی ورد و ناسکن ، گەڵای وردە، بەهار و هاوین گوڵی سپی دەگرێت.لقەکانی شیلەیەکی لێ دەگیرێت،پێی دەڵێن ،گەزئەنگەبین.
**مازووی فەڕەنگی**: سۆیا، دەوەنێکی جوانی پەرژینییە بە تۆو زۆر دەکرێت.
**مڕان**: دەوەنێکی خۆڕسکە هی ناوچە کوێستانییەکانە، لەدار قەزوان نزیکە.
**مووورتک:** مۆرد، ئاس ، یاس ، دەوەنێکی هەمیشە سەوزی جوانییە . زیاتر وەک پەرژین بەکاردێت.
**مێکووک:** بەلەک ، دەوەنێکی خۆڕسکە ، لەدەو ئاو و جۆگاکان شین دەبێ، لەخێزانی پاقلەییەکانە،قەدێکی باریکی هەیە لاسکی زۆرە، چوار وەرزە شینە و لەسەر رەگی خۆی دەڕوێتەوە، رەگەکەی درێژە و بەقووڵایی زەوییدا دەڕواتە خوارێ و شیرینە ، لەزۆر شیرنەمەنی و خۆشاو بەکاردێت.
**نارەوەند:** نارۆن،دەوەنێکی گەورە و بەهێزە بۆ جوانی دەچێندرێت، هەوا پاک دەکاتەوە، دوو جۆری هەیە ، گەڵاپان و گەڵاباریک،
**نەسرین**: دەوەنێکی خۆڕسکی جوانییە ، لە ناوچە چیایە کوێستانیەکان هەیە، بەرزی لە نێوان ١-٢م لەوەرزی بەهار گەشەی باشي گوڵێکی ڕەنگ پەمەیی دەگرێت ، لە کۆتایی بەهار بەرەکەی پێ دەگات، بەقەد زەیتوونێک دەبێت، لەسەرەتا ڕەنگی سوورە دوایی ڕەش دەبێت، بەرەکەی تامی خۆشە و دەخورێت .
**ئەرخەوان**: درەختی دڵداری، درەختێکی جوانی گەڵاهەڵوەریوە ، لەخێزانی پاقلەییەکانە، گەڵاکانی خڕن ، لەسەرەتای بەهار، یەکەمجار گوڵ دەکات گوڵەکانی سوور و پەمبەیین ، کەمێک شیرینن ، هەندێک کەس گوڵەکان دەخوات.

## گوڵە گیاییە جوانییەکان:

**بەزالیای بۆنخۆش:** پۆلکەی بۆنخۆش،ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بۆنخۆشەی زستانەیە.

**پونگ:** ڕووەکێکی گیایی تەمەنداری بۆنخۆشە، بۆن لەگەڵاکانی دەردەچێت.

**پۆپنەی کەڵەباب:** پۆپیتەی کەڵەباب ، پۆپنەی کەڵەشێر،سۆراو، ڕووەکێکی گوڵداری هاوینەیە.

**پەتۆنیا:** گوڵەبۆڕیە، ڕووەکێکی گیایی بەتەمەنی گوڵدارە ، ناتوانێ لەسەر قەدی خۆی بوەستێ.

**جیرانیۆم:** ساردۆنیا، جارۆنیا، تۆڵکەی فەڕەنسی، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنە . گەڵاکەی لەگەڵای تۆڵکە دەچێت بەس ئەستوورترە، گوڵی پەمبە و سپی و سووری هەیە.

**جەربرا:**جەربێرا، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنە قەدی دیاریکراویان نییە، گەڵای یەکسەر لەسەر ڕەگەوە دەردەچێت، نێرکێکی گوڵهەڵگر لەنێو گەڵاکان دەردەچێت و گوڵی پێوەیە .

چۆلەکەی بەهەشت: ڕووەکێکی گیایی پیازی جوانییە تەمەندارە، بەهاوین گوڵ دەکات، قەدی نییە، گەڵاکانی نزیکەی یەک مەتر بەرزدەبێتەوە،گەڵاکان بەکۆمەڵ لەسەلکە پیازەکە دەردێن ،قەبارەیان گەورەیە و شێوەی گەڵاکان هێلکەییەو گەورەن.گوڵەکەی لەسەر پەڕ دروست دەکات و ڕەنگی جۆراوجۆرە.بەس سوور و پرتەقاڵی زۆرتر بڵاوە.

**دالیا:** ڕووەکێکی ڕەگەگرۆیی هاوینییە ، قەدی لقدار و ناسکە و گەڵاکانی سەوزن و لێوار مشارین ، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگە ، بەڵام بێ بۆنن.

**داودی:** ڕووەکێکی گیایی بەتەمەنە، لەکۆتایی پایز و سەرەتای زستان گوڵ دەکات ، ڕەنگی گوڵەکەی جۆراو جۆرە زەرد و سپی قاوەیی ... و شێوەی گەورە و بچووکی هەیە، دەکرێنە چەپک.

**دندووکە مەل:** دەنووکە باڵندە، ڕووەکێکی گیایی زستانەیە ، لەپایز بە تۆو دەچێندرێت.

**دەمەشێر:** دەمەماسی، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری زستانەیە ، بە تۆو بە پەل زۆردەکرێن.

**ڕەیحان:**ڕووەکێکی گیایی هاوینەی بۆنخۆشە ، گەڵا و تۆوەکانی بۆندارن.

**زینیا:** ئەستەمبۆلی ، گوڵە قایمقام، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری هاوینەیە، گەڵاکەی لە شێوەی هێلکەیە و گوڵەکانی وەک تیشکی خۆرە و جۆرەها ڕەنگیان هەیە و بێ بۆنن.

**زەنبەق: تۆپووز**،ڕووەکێکی پیازی هاوینەیە.ڕەنگی گوڵەکەی سپییە بەدرێژایی هاوین گوڵدارە. گوڵەکەی یان سادەیە یان شەستپەڕە، بۆنیان خۆشە.

**سایکلامین:** گوڵە نایلۆن، گوڵێکی زستانەیە لەشوێنی سێبەردا پەروەردەدەکرێت،گەڵای سەوزێکی پەڵەدارە و لەشێوەی دڵ دایە، بەبەهار گوڵ دەکات.

**سونبل:** ڕووەکێکی گیایی گوڵدارە ٣٠-٥٠سم بەرزدەبیتەوە، گوڵەکانی ڕێزدەبن لەسەر کۆگوڵێکی درێژ ،گوڵەکانی جوان و بۆندارن ڕەنگیان جۆراوجۆرە.

**سووسن:** سەوسەن ، ئایرس، ڕووەکێکی گیایی پیازیی گوڵداری جوانیی زستانە ، لە کوردستان لە بەهاردا خۆڕسک شین دەبێ بۆنی کەمە یان نییە ڕەنگی وەنەوشەییە . لەماڵان بە پیازۆکە دەچێنرێ ، گوڵەکەی ڕەنگی جۆراو جۆری هەیە. لەچیاکانی کوردستان خۆڕسک شین دەبی.

**سەناریا** ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنە، لەپایز بە تۆو دەچێندرێت.
**سەنتۆریای زیوی:** سێناریا، گوڵەڕۆن.ڕووەکێکی گیایی تەمەنداره ، گەڵاکانی لەبەر هەتاو ڕەنگی زیویە، گەڵاکانی ژێرەوەی سەوزە، گوڵێکی زەرد دەگرێت، بۆ جوانی گەڵا زیوییەکان دەچێندرێت.
**شلێر**: هەڵاڵەبرم برم، رووەکێکی گیایی پیازیی چیایە کوێستانییەکانە، رەنگی گوڵەکانی زەرد و سوورە.
**شەستپەڕ:**جەعفەری، قەدیفە، گوڵێکی گیایی هاوینەیە گوڵی زرەد و پرتەقاڵی دەگرێت، بەتۆ دەچێندرێت.
**شەهلا**: گوڵەمۆز، کەڵەمۆز ، ڕووەکێکی گوڵداری ڕایزۆمی بەتەمەنە ، گەڵاکەی گەورەیە و لەشێوەی گوێی ڕەشەوڵاغە، گوڵی گەورەیە و بێ بۆنە رەنگیان زەرد و سوور و خاڵدارن.
**شەوبۆ:** ڕووەکێکی گیایی گوڵداری زستانەیە گەڵاکانی درێژن گوڵەکانی لەکاتی ئێوارە دەکرێنەوە تا بەیانی. بێ بۆن و بۆنداری هەیە.
**عەتری چا**: بۆنخۆشکە، ڕووەکێکی گیایی بۆندارە، گەڵاکانی بۆنێکی خۆشیان لێ دێت.
**فریزیا**: کۆڵۆنیا، ڕووەکێکی کۆرمەیی زستانەیە، گەڵاکەی لووسە و لە شیوەی شیر دایە کۆگوولەکەی شانەییە، چەند گوڵێک هەڵدەگرێت،هەمە ڕەنگن و بۆنێکی خۆشیان هەیە.
**زەعفەران:** کرۆکس، پیژۆک،پوشەک،جانەمێرگ،گولا حەسرەتی،ڕووەکێکی گیایی کورتە باڵایە ، بێ قەدی سەرزەوییە ، گەڵاکانی باریکن. تەرزی زۆرە، هەیە گوڵی سپییە ، ئەوە ئاساییە، بەڵام هەیە گوڵی وەنەوشەییە نێرەی گوڵەکەی زەردە ، زۆر گران بەهایە.
**کۆزمۆش**: ڕووەکێکی گیایی گوڵدارە رەنگی گوڵەکانی جۆراوجۆرە.
**کەلەمی جوانی** : ڕووەکێکی گیایی گوڵداری جوانییە ، جوانیەکەی لە گەڵاکانی دایە.
**گاگرۆ:** گوڵێکی بەهارییە ، لەکۆتایی زستان گوڵ دەکات گوڵەکانی سوورن ، پرتەقاڵیشی هەیە،پەڕی گوڵەکانی ناسکن ، بەرگەی ڕەشەبا و تەرزە ناگرێت.
**گلادیۆلاس:** ڕووەکێکی گیایی کۆرمەییە، لە هەموو وەرزێکی ساڵدا دەچێندرێن.
**گوڵاڵە**: گوڵە نیسان، رووەکێکی گیایی بەهاریە لەسەرەتای بەهار گوڵی سوور دەگرێت
**گوڵەزەنگ**: گوڵەزەنگوڵە، گوڵەپیاڵە، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری تەمەن دووساڵەیە.
**گوڵەقۆپچە:** گوڵەدوگمە ،ڕووەکێکی گیایی گوڵداری پایزیە ، بەتۆو زۆر دەکرێت.
**گوڵەکاغەز**:رووەکێکی گیایی گوڵدارە، بە تۆو زۆردەبێت، رەنگی گوڵەکەی پەمبەیی یان سپییە.
**گوڵەوێنە:** گوڵەپەپوولە، پانسە، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری زستانەیە ، گوڵەکەی لەشێوەی وێنەی پەپوولەیە ، جۆرەها ڕەنگن.
**گوڵەئاگر**: مەرجان ، سالڤیا: ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنە بەتۆو زۆردەکرێت، گوڵێکی سووری ئاگری دەگرێت.
**گەزانیا**: ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنە، بە پایز و بەهار دەچێندرێت، گوڵەکانی جۆراوجۆرن.

**لالەباس:** گوڵە ئێوارە، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری هاوینەیە ، ڕەنگی گوڵەکانی جۆراوجۆرە، بە ئێواران گوڵی دەکرێتەوە.
**لاتینیا:** گوڵە خەنجەر. رووەکێکی گیایی پاڵکەوتوو یان نیمچەوەستاوی زستانەیە، قەدەکەی گیایی و نەرمە، گەڵاکەی سادەیەو خڕە،گوڵی گەورەیە زەردو سوور و پرتەقاڵین.
**لیلیەم:** گوڵەجوانەمەرگ، ڕووەکێکی گیایی پیازی گوڵدارە، بەدرێژایی ساڵ توانای گوڵگرتنی هەیە. ڕەنگی گوڵەکانی سپی و زەرد و سوور و پرتەقاڵیە.
**مسکارا:** زەنگوڵەمۆرە، گێلا خەمۆرە، ئەو رووەکێکی پیازی سروشتییە لەسەرەتای بەهارلەچیاو دەشتەکانی کوردستان دەڕوێ ، لەچیای قەرەچوغ زۆرم دیوە و وێنەم گرتووە ،خۆی پیازێکی زستانەیە رەنگی شین و سپی هەیە هەر ٢٥-٣٠سم بەرز دەبێتەوە. بۆ ئارایشگای ئافرەتان بەکاردێ.
**مێخەك:** قەرنەفل ،قەنەفر، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەتەمەنی بۆنخۆشە.
**مێخەکی چینی:** شەنگی یوسف ، حوسنی یوسف، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری تەمەن دووساڵەیە.
**مێلاقە:**لالە، تیولب ، ڕەبەنۆک، بندۆرە، گوڵە شوانە ، گەڵواڵک رووەکێکی پیازیە لەچیاو بەرزاییەکانی کوردستان خۆڕسک شین دەبێ ، بەرزی ٢٠-٣٠سم دەبێ , بەهاران لەمانگی ئادار گوڵ دەکات , لەکوردستان زیاتر گوڵەکانی ڕەنگی سوورن بەڵام زەردی پرتەقاڵیشی هەیە.
**نازناز:** رووەکێکی گوڵداری جوانیە ، بەیانیان لەگەڵ هەڵاتنی خۆر گوڵ دەکات، دوای نیوەڕۆ دەپووکێتەوە، گوڵەکەی بێ بۆنە.
**نێرگز:** رووەکێکی پیازی گوڵداری زستانەیە ، گوڵەکەی جوان و زۆر بۆن خۆسە، لەکوردستان لەسەرەتای بەهار خۆڕسک شین دەبی.
**نیلۆفەر:** رووەکێکی گوڵداری جوانە رەنگی گوڵەکەوی سپی ، زەردە.
**نەستەرەن:** نەستەر، جۆرە رووەکێکی گوڵدارە رەنگی گوڵەکەی پیازی و زەرد و سوورە.
**نەسرین:** ڕووەکێکی دەوەنی گوڵداری جوانە ، قەدەکەی زۆر دڕکاویە.
**هێرۆ:** هەرمەڵە، هەڵمەڵە، رووەکێکی گوڵداری بەهاریە خۆڕسک وماڵی هەیە ، گوڵی جوانە بەس بێ بۆنە.بە تۆو زۆردەبێت.
**هەمیشەبەهار:** ئابروون ، چیچەک،رووەکێکی گیایی گوڵداری وەرزی زستانەیە، گوڵەکەی زەرد و پرتەقاڵییە، لە سەرەتای بەهار شین دەبێم تا کۆتاات نیسان هەر سەوزە دوایی وشک دەبی.
**وەنەوشە:**گوڵێکی بۆنخۆشەلەسەرەتای بەهار پەیدادەبێت ، رەنگی مۆرە. ،وەک سێوەڕەی گوڵێکی زەرد و سپی دەدات، لەشوێنی شێدار پەیدادەبێت.
**ئازالیا:** جۆرە رووەکێکی گوڵداری ڕەنگ سپی ، پیازی ، زەرد ، سوور ، ئەرخەوانییە.
**ئۆرکیدا:** ررووەکێکی گوڵداری گرانبەهایە.
**ئەستەر:** ڕووەکێکی بەتەمەنە لەزستان گوڵ دەکات گوڵی زیاتر وەنەوشەییە.
**ئەفسەنتین:** گوڵەڕۆن ،ڕووەکێکی گوڵدارە ڕەنگی گوڵەکەی زەردە، لاسکی کوڵکندارە.

**ئەمەریلەس:** رووەکێکی گیایی گوڵداری پیازیە ، گەڵاکەی درێژ و پانی شریتیین ، قەدی سەرزەوییان نییە، گوڵێک دەردەکات کە نێرکێک هەڵی گرتووە لەشێوەی زوڕنایە.

## ڕووەکەکانی بەر سێبەر

**بامبۆ:** گۆچانی موسا، ڕووەکێکی جوانیە حەز بە شێداری و ناوچەی سێبەر دەکات ، بۆ جوانی قەدەکەی دەچێندرێ و لوول دەخواتن، بەهۆی قەدەپەلەوە زۆر دەکرێت.
**بیگۆنیا:**ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە بۆ جوانی گەڵاکانی دەچێندرێت، حەز بەئاووهەوای شێدار و سێبەر دەکات ، بە قەدەپەل زۆر دەکرێت، تەرزی زۆرە.
**پێستی پڵنگ:** سانسڤیریا، ڕووەکێکی گیاییە گەڵای شریتییە ، بەهۆی گەڵا پەل و براله زۆردەبن.
**پیلیا:** ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە ، باڵای کورتە گەڵای سەوز و بریسکەدارەو نەخشی سپی تێدایە.
**دراسینا:**ڕووەکێکی گیایی جوانییە، گەڵاکانی قاوەیی و سوور و سەوزن ، بە لێک جوداکردنەوە زۆر دەکرێن.
**دفنباخیا:**ڕووەکێکی گیایی  بەرسێبەرە بۆ جوانی گەڵاکانی دەچێندرێت،گەڵاکانی گەورە و هێلکەیین نووک تیژن ، ڕەنگیان سەوز و سپی تێکەڵە ، بە براله زۆر دەکرێت.
**ڕۆبیان:** ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە، بەرزی ٣٠-٤٠ سم دەبێت، قەدەکەی باریکە و گوڵی سەی شۆڕ دەبێتەوەبۆ خوارەوە، ڕینگی گوڵەکانی گۆشتی و سپی و زەردباوە.
**فوجێر:** سەرخەس، ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە ، گەڵای وردن حەز بەناوچەی شێدار دەکەن.
**فیتۆنیا:** ڕووەکێکی جوانی بەرسێبەرە نزیکەی ٢٥ سم بەرزدەبێتەوە گەڵاکانی هێلکەیی سەوزی تۆخە ، چەند دەمارێکی سوور یان سپی تێدایە،حەز بە تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ ناکات.
**قەفەزەی سینگ** : مۆنیسترا، ڕووەکێکی گیایی بەرسێبەرە، ناتوانی لەسەر قەدی خۆی بوەستێ، گەڵاکانی گەورە و هەڵبڕاون، لەشێوەی پەراسووی مرۆڤ هەڵبڕاون، ڕەگی هەواییان هەیە، بەقەدە پەل و کوشەی هەوایی زۆردەکرێن.
**کالاسیا:** رووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرەهەیانە گوڵدارن هەشیانە بێ گوڵن گەڵایان درێژکۆڵەو هێلکەیین لە مارنتا دەچن.
**کاڵانشوا:**ڕووەکێکی ئاوگی گیاییە گەڵای سەوز و پانە ، بەهۆی قەدەپەل و گەڵاپەل زۆر دەکرێت، حەز بەناوچەی سێبەر و شێدار دەکات.
**کرۆتۆن** :ڕووەکێکی گیایی گەڵای ڕەنگاوڕەنگی جوانی هەیە ، بە براله زۆردەکرێت.
**کلادیۆم:** رووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە ، قەدی گرۆییە، گەڵای گەورەیە بۆ جوانی گەڵاکەی دەچێندرێت.
**کۆلیۆس:** ڕووەکێکی گیایی جوانییە بۆ جوانی گەڵاکەی دەچێندرێت.بەقەدەپەل زۆر دەکرێت.
**گوزمانیا:** ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە، لەبەر جوانی گوڵ و گەڵاکەی دەچێندرێت.

**گوێفیل** : کۆلۆکاسیا، ڕووەکێکی گیایی جوانییە ، گەڵای لەشێوەی گوێی فیلە و گەورەیە،بەهۆی براله و قەدەپەل زۆر دەکرێن.حەزی بەناوچەی سێبەر و شێدارە. .

**مارانتا:** ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە ، تەرزی زۆرە ،ڕەگی دەرەنەییە قەدی لوولەییە گەڵای درێژکۆڵەو هێلکەیین.

**مەتات:** فیکەس ،ڕووەکێکی گەورەی درەختییە ، قەدەکەی لەسەرەتا گیاییە ، دوایی دەبێتە دارکی ، گەوڵای گەورە و سەوز و بریقەدارن، بە قەدەپەل و کوشەی هەوایی زۆر دەکرێن.

**ئۆرکید:** ڕووەکێکی جوانی بەرسێبەرە، گەڵاکانی سەوز و درێژکۆڵەن گوڵی سپی یان وەنەوشەیی گەورە دەگرێت ، جۆری زۆرە.

**یۆکا:** رووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە و دەوەنیە باڵای تا ٣ م دەبێت، گەڵای درێژ و نووک تیژن .

**ئەرالیا:**گەڵای ئاوێتەییە لەشێوەی پەنجەی دەستە رەنگی گەڵاکان سەوزی تۆخە ، بنکەکانی پەڵەی سپی تێدایە.

**ئەسپراگس:**ڕووەکێکی گیایی گەڵاوردە ، چەند تەرزی هەیە وەک ئەسپراگسی نەرم و زبر و مۆتەیی. بۆ جوانی گەڵاکانی پەروەردەدەکرێت.

**ئەرۆکاریا:** درەختی جەژنی لەدایکبوون، رووەکێکی جوانیە بۆخۆی لە زێدی خۆی وەک درەختە بەرزدەبێتەوە،، بەڵام لەکەش و هەوای کوردستان وەک رووەکی بەرسێبەر و جوانی لەماڵەکان لەناو ئینجانە دەڕوێندرێت،قەدی ڕێک و وەستاوە، لقەکانی وەک سەروو پەرت و بڵاوە،گەڵای تیژەو سەوزە .

**ئەفلەندرا:** ڕووەکێکی گیایی جوانی بەرسێبەرە گەڵای سەوزی تۆخە دەماری زەردی بە پانی گەڵاکە لەسەرە،گوڵەکەی لەسەر پەلی لقێک دەردەچێتلەچوار لاوە گوڵی پێوەیە وەک قوچەک.ڕینگی زەردە.

**ئەکیمیا:** ڕووەکێکی جوانی بەرسێبەرە گەڵاکانی کورت و ڕەق و ئەرخەوانیە ڕەنگی گوڵەکەی شینە. ، گوڵەکەی لاسکێکی درێژی هەیە، ٥-٦ مانگ گوڵەکەی دەمێنێتەوە.

## ڕووەکی دڕکاوی:

**دڕکی مەسیح:** دڕکی ماران ،ڕووەکێکی گەڵاهەڵوەریوی قەد دڕکاوییە لە قەدەکەی شیراوێك دێتەدەرەوە ئەگەر برینداربکرێت، شیراوەکە ژەهراویە، بە قەدەپەل زۆر دەکرێت.

**ئەگاڤ:** ڕووەکێکی قەد کورتە گەڵای درێژ و باریک و نووک تیژە ، دووتەرزی هەیە ، گەڵاسەوز و گەڵازەرد، بەهۆی براله زۆردەکرێت.

**ئەلۆی ڤێرا :** ، ڕووەکێکی قەد کورتی گەڵا ئاوگییە ، دڕکی تیژ نییە و نەرمە، ئاوگەکەی بۆ پیشەسازی کرێم بۆ نەرمکردنەوەی پێست بەکاردێت.

**هەنجیری دڕکاوی:** دەوەنێکی ئاوگی دڕکاوی تەمەندارە، وەک پەرژینی بەرگریکار دەڕوێندرێت، لەناوەندی بەهار گوڵێکی زەرد دەکات و لە هاوین بەر دەگرێت.بەرەکەی ڕەنگێکی مۆری هەیە و دەخورێت.

## ڕووەکە خۆ هەڵواسەرەکان

**پێ پشیلە**: چەنگەپشیلە ، ڕنۆکە پشیلە: ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری بەتەمەنی گەلاهەڵوەریوە، بە جۆرێک لە گەڵا کە وەک جەنگی پ٠شیلەیە خۆیان توند بەدیوار دەنووسێنن. بۆ جوانی دەچێندرێن.
**پەنجەی خانم**: خانملی ، گوڵە هەنگوین، ڕووەکێکی خۆ هەڵواسەرە ، گەڵاکانی هەمیشە سەوزن ، گوڵێکی سپی ناو زەرد دەگرێت، شێوەی لە مێش هەنگوین دەچێت ، بۆنی خۆشە.
**دڕکەزی**: دەوەنێکی دڕکاوی خۆهەڵواسەرە، گەڵاکەی خڕە یان هێلکەییە،بەرەکەشی خڕە ، لەنێواب داربەڕوو دەڕوێت، لەدێهاتە شاخنشینەکانی کوردستان لەجیاتی پەرژینی حەوشەی خانوو دەڕوێندرێت. یان بۆ پەرژینی باخچە.
**دۆزەخی**:جەهەنەمی، دەوەنێکی قەد دڕکاویە و وەک پەرژین بەکاردێت ، رەنگی کەنابەکانی جۆراو جۆرن ، لەزۆربەی مانگە گەرمەکان گوڵ دەگرێت.
**گوڵەسەعات:** ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری خێرایە وتا ١٠ م بەرزدەبێتەوە، گەڵاکانی وەک دەست وایە، دەبنە پێنج بەشەوە،لووتکەیان تیژە، لەکوردستان نیمچە گەلاهەڵوەریوە،گوڵەکەی لە کاتژمێر دەچێت، ئەندامی نێرینە و مێینەی گوڵەکە وەک میلی سەعاتە،کۆپەڕەکانی سپیەو کاسەگەڵاکانی وەنەوشەیی بۆن خۆشە.
**لاولاو**: ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری هاوینەیە، گەڵاکانی سەوز و گەورە و لەشێوەی دڵن ، گوڵێک دەگری مۆرە یان شینە ، بۆ جوانی دەچێندرێن . بە تۆو دەچێندرێن.
**لیفکەی شامی**: کدوو لیفکە، ڕووەکێکی خۆهەڵواسەرە ، لە کوردستان دەچێندرێ، قەدەکەی ١-٥ م بەرز دەبێتەوە،لاسکی زۆرە و گەڵای گەورە و زبرە، گوڵەکی ڕەنگ زەرد دەگری، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر گوڵەکە دەکرێتەوە تا رۆژئاوا دوای گوڵەکە دادەخرێت، حەز بە کەش و هەوای گەرم دەکات، بەرێك دەگرێت، لیفکەییە و گەورەیە تیرەکەی ١٠١٢ سم دەبێت، درێژیەکەی ١٥ ــ ٣٠ سم دەبێت.
**هایدرا:** مالوێنچە:پەتی هەژاران، ڕووەکێکە بەهۆی ڕەگی هەواییەوە خۆی هەڵدەواسێت بە دەوروپشتی خۆی ، حەزی لەشوێنی سێبەر و شێدارە، گەڵای سەوزە یان زەرد و سەوزە، لەشێوەی دڵدایە. لەکوردستان لەدەم ئەشکەوت و تاڤگەکان بە سروشتی هەیە ، بەپەلە قەد و کووشەکردن زۆردەکرێت.
**مینا**: ڕووەکێکی خۆهەڵواسەری گوڵداری جوانە، بەتەمەن و گەڵاوەریوە، وەک پەرژینی بەرگریکار دەڕوێندرێت.گوڵەکەی لەشێوەی کۆگوڵ دایە، ڕەنگی پەمبەیی و زەرد و سپییە.
**مێوی جوانی :** لەشێوەی مێوی ئاساییە بەڵام گەڵای بچووک و بەری ترێکەی ورد و کەمە بۆ جوانی دەچێندرێت.بەهۆی تەرزەوە خۆیان هەڵدەواسن.
**یاسەمین:** دەوەنێکی جوانی گوڵداری بۆن خۆشە ، گوڵی زەرد و سپی هەیە ، خۆی ناتوانی بوەستێت دەبێ نزیک دیوار و پەرژین بێت تا خۆی پێ بگرێ.

## ڕووەکە خۆڕسک و بژارەکان

**بابونج: بەیبوون**، گوڵە حاجیلە، گوڵە فەقێیانە، ڕووەکێکی خۆڕسکی بچووکە ، گوڵێک دەگرێ پەڕەکانی سپین ناوی زەردە، گوڵەکانی دەکوڵێندرێ و وەکوو چا دەخورێتەوە بۆ سک ئێشە باشە.

**بارێزە:**پارێزە، بارەزا، بەرەزا،خەزەرۆک، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی ڕەش باوە، ناوچە چیایە شێدارەکانە لەقەد چیاو بەردی نزیک تاڤگە و کانیاوەکان شین دەبێت، بەرزی تا ٢٥ سم دەبێ و گەڵای وردە وەک تەڕەتوولەیە و ڕەنگی سەوزێکی تۆخە. تامی تفتە و کەمێك تیژە، بەتەڕی دەخورێت، قەدێکی بەهێز و فرە لاسکی هەیە، بۆ کاری پزیشکی بەکاردێت بۆ دابەزاندنی زیخ و بەردی گورچیلە. ساڵانە لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.

**بارێن:** جۆرە ڕووەکێکی گیاییە.

**برایم بۆگەنی:** هەرەبەنگ ،ڕووەکێکی خۆڕسکە لە پێ دەشتەکان شین دەبی ،هەتا مەترێك بەرزدەبێتەوە، گەڵاکانی باریک و ڕیشوەیین،گوڵێکی زەرد دەگری ، گەڵاو گوڵی بۆنی زۆر ناخۆشە، بەڵام وەک دەرمان سوودی بۆ کاری پزیشکی هەیە ، بە تایبەت بۆ گڕوویی پێستە و تیراوە و لاڕەشە هەیە.

**بڕەسۆرە:** گزگزە، ڕووەکێکی خۆڕسکی دەوەنیە،زیاتر لە یەک مەتر بەرز دەبێتەوە، لە ناو زوورگ و تەلانان شین دەبی ، ئاژەڵ وەک ئالیک دەیخوات زوو ئاگر دەگری و دادەگیرسێ . دەکرێتە گەسک ، لەناو لانکی منداڵانیش دادەندرێت،

**برا گەزە:** گەزگەزۆک : براگەزنە، زڕەگەزنە، زیزڕەگەزگەسک، ڕووەکێکی گیاییە و تا ٤٠ سم بەرز دەبێ ، گەڵاکانی دڕ و زبرن بۆ پێست هەستیارە.

**بزن ترێنە**: ڕووەکێکی پیازی خۆڕسکی بەهارییە،لە وەرد شین دەبێ ، لەکەوەر دەچێت،گوڵی مۆرە، سەلکی بەقەد پیازێکی بچووک دەبێت و هێندە تیژ و توندە کە بزن دەیخوات پێی دەتڕی.

**بزنگرە:** جۆرە ڕووەکێکی دڕکیکە لە کونجڕکە گەورەترە ، بە خوری و مووی مەر و بزن وەدەنووسێ.

**بزنەڕیشە:** ڕووەکێکی خۆڕسکە لە زەوی ڕەقان شین دەبی گەڵای وەک شویتە، باریک و درێژە ،لەهاوین گوڵێکی شین دەگری.

**بژبژۆکە**: ناوی گیایەکە گوڵی سوورە.

**بن بەردووگ:** ڕووەکێکی گیایی یەک لقی بەهاریە لە کوێستان دەڕوێ ، لاسکەکەی لە هێرۆ دەچێت،چەند گوڵێکی وردی سپی دەگرێ.

**بن بەردینی**: ڕووەکێکی گیایی کوێستانییە وەک ڕێواس خۆشە.

**بن گۆزروان:**ڕووەکێکی گیایی بەهاری گەڵا وردە وەک شویتە ، پێشی دەڵێن سیفەزەمینە.

**بن گۆل:** ڕووەکێک گیایی بەهاریە گەڵای وەک کەرەوزە ،بەڕەگەوە هەڵدەکەندرێ و دەدرێتە بە ڕەشەوڵاخ.

**بنۆک:**ڕووەکێکی گیایی دەشتییە،وەک توێسی وایە ورد دەکرێ ودەخرێتە سەربرینی ئاژەڵ.

**بنەگینی** : گیایەکی دڕکاوییە گوڵی سپی و بچووکە ، شیلەی گوڵی لای مێش هەنگوین بەسوودە ، زۆرێك لەدۆمبەڵان لەبن ئەو دڕکە دەڕوێلەناوچە زورگ و شاخاوییەکان ،شیلەی ڕەگی لەگەڵ وەک سیکۆتینی لێ دێ پێشتر وەک سیکۆتین بەکارییان هێناوە.

**بۆخاوە:** گیایەکی کێوی بۆن خۆشە، گوڵەکەی دەخرێتە ناو جل و بەرگ تا مۆرانە لێی نەدات.
**بۆژانە:** ڕووەکێکی گیایی گەڵا وردی لاسک درێژە گوڵێکی بۆری بچکۆڵە دەگرێ بۆنێکی توندی هەیە ، دەکرێتە ناو جل و بەرگ تا مۆرانە لە جل و بەرگ نەدات.
**بۆنخۆشکە:** گیایەکی بۆن خۆشە لەزەوی بەیار دەڕوێت، نیو مەترێک بەرز دەبێتەوە ، لاسکی درێژ و لق و پۆپی چڕە، گوڵەکەی لەشێوەی گوڵە بەیبوونە، شیرەیەکی لێ دەگیرێ زۆر تاڵەو ژەهراوییە..
**بێزا:** ڕووەکێکی گیایی گەڵاباریکە و بۆن و تامی خۆشە لە کوێستانەکانی کوردستان لەبەهاران شین دەبێت و لەگەڵ ژاژی تێکەڵ دەکرێ.
**بێژان:** ڕووەکێکی خۆڕسکی گیاییە ئاژەڵ دەیخوات، گەر قەد و گەڵاکەی بگوشرێت ئاوەکی لێ دەردێت ، بەسەر برینی مەڕ و ماڵات دادەکرا ، لەهەرشوێنێك بڕوێت مێش و مێشوولە لەو شوێنە دووردەکەونەوە.
**بەرخخنکێنە:** کەرخنکێنە ڕووەکیکی گیاییە لەبەهار خۆڕسک دەروێت، کە ئاژەل دەیخوات لەبەر زۆری قڵچغەکانی لەگەرووی دەمینێتەوە ئازاری پێ دەگەیەنیت.
**بەرکەمەر:** گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانیە، لەبەر بۆنخۆشیەکەی پیاوان لەبەر کەمەری خۆیان دەنێن.
**بەلەک:** مێکووک : ڕووەکێکی خۆڕسکە لەدەو جۆگە و ڕووبار و شوێنی شێدار شین دەبێ، بەرزی ١-٢م دەبێ ، گەڵای وەک هەنارە و ڕەگی زۆر بڵاوە و گوڵی شینن ،ڕەگەکەی بۆ کاری تەندروستی بەکاردێت، ئاوی ڕەگەکەی بۆ ڕەوانی و نەهێشتنی بەردی گورچیلە و برینی گەدە، بەکاردێت. بۆ پیشەسازی بیبسی و کۆکەکۆلاش بەکاردێت.
**بەنا:** مەنێ، مەندێ، ڕووەکێکی گیایی کوێستانییە لاسکی وەک کەنگرە ،گەڵای وەک کەرەوزە، بەسوورەکراوی لەلایەن مرۆڤەوە دەخورێت و دەشکرێتە کزرە وەک ئالیک دەدرێتە ئاژەڵ.
**بەنارۆمی** : گەوڵەزەر، گیامارانە، چاومار، چیوەمار، ڕووەکێکی گیاییە.
**بەندەکە:** بەندۆکە، مەندێ، گیایەکە وەکو کوزەڵە وایە ، لەدەم ئاو شین دەبێت و دەخورێت.
**بەیلەسان:** ڕووەکێکی گوڵداری سپییە.
**پاقلەمارانە:** پۆلەکە،ڕووەکێکی خۆڕسکی ناو دەغڵ و دانی گەنم و جۆیە ، وەک پاقلەیە بەس بچوکترە و خۆڕسک شین دەبێ، بەرەکەی دەخورێ.
**پشیلۆکە:** باویلکە، خاسی کێوی ، کاهووی کێوی، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی زستانەیە، ٣٠ سم بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی هەڵبڕاون، لەمانگی تەموز و ئاب گوڵێکی زەرد دەکات،بەرەکەی شێوەیەکی خڕی هەیە بە تووکێکی باریکی نەرم داپۆشراوەلەگەڵ با دەچێت بە ئاسماندا،پێی دەڵێن پشیلۆکە ، چونکە تووکی بەرەکەی خڕە و نەرم و درێژە وەک تووکی پشیلەی .بەو هۆیە بڵاو دەبێتەوە ، زیاتر لە دەو ئاو و کانیاودا شین دەبێت.
**پوزڵ:** جیجان ، پیزل، ڕووەکێکی خۆڕسکی تەمەندارە، تەرزی زۆرە، لەسەر پنجەکەی چەند قەدێکی باریک و لوولەیی تا ١٥٠ سم بەرز دەبێتەوە، لەکۆتایی قەدەکان گوڵ دروست دەکات،گوڵەکان وەک کۆمەڵە زەنگوڵێکە ڕەنگی قاوەییە.ئەو ڕووەکە بەڕایزۆم زیاد دەکات.

**پنۆت:** فریزکوژ ، شێرپەنجەی سوور، رووەکیکی بژاری هاوینەی تەمەنداره.
**پوونگ:** پوونگە، نەعنای کێوی، رووەکێکی بەتەمەنی گیایی بۆنداره، لەکۆتایی بەهار تا هاوینیش دەمێنێت، دەخورێت. بەزستان گەشەی دەوەستێ ، لە بەهارێ دەژیێتەوە.گوڵێکی مۆری بچووک دەکات.
**پێ کۆتره:** کاهووه کەرانە.
**پیتپیتۆکە:** گیایەکی خۆڕسکی وەرزی هاوینەیە لە پەڵپینە دەچێت، بەس ئەوه لەشوێنی ڕەقەڵانی لێوار جادە و دەروێت.
**پیفۆک:** پیشۆک ، پیژۆک، کیفۆک، تیفۆک ، ئاڵەکۆک،ڕووەکێکی گیایی پیازی خۆڕسکە، لەزوورگ و تەلانەکان سەرەتای بەهار شین دەبێت،گەڵاکانی ڕەنگ سەوز و باریکن و هێڵی سپی لەناو دایە ، بەرێکی بچووکی خڕی هەیە لەناو خاکدایە ، بەڕیشاڵێکی(پرزە)یەکی ڕەنگ خورمایی دەورەدراوە ناوەکەی سپییە، پاش لێکردنەوەی ئەو ڕیشاڵە توێکڵە، بەرە سپییەکە دەخورێت. گەر بمێنتەوه پایزێ گوڵێکی سپی دەکات ، پێی دەڵێن گوڵەپایزە، یان گوڵە جووتیاره.
**پێنج پەڕە:** چاوبزە. گوڵە وردیلە، رووەکێکی گیایی گوڵداری خۆڕسکی بەهارەیە، گوڵی پەمبەیی پێنج پەرە دەردەکات.
پەرشە: شەیلەم ، ڕووەکێکی خۆڕسکە، لەخێزانی گەڵاباریکەکانە، لەشێوەی جۆ و گەنمە ، لە کوردستان خۆڕسک شین دەبێت ، لە وڵاتان تەرزی هەیە دەیچێنن ، بۆ ئالیکی ئاژەڵ ، تەرزێکی پەرشەلەگەڵ گەنم دووڕیگ کراون بەناوی تریتیکاڵ لە ئەوڕپا و ئەمریکا دەیچێنن ، وەک بەرهەمێکی ئالیکی.
**پەرۆشە:** پەڵۆشە، پەرۆشە: گیایەکی گەڵاپانە و دەخورێت .
**پەڕەسپیلکە:** پەڕسپی، گیا زەنگوڵە ، قەلاس، گیالەرزانە، شۆفان.ڕووەکێکی گیایی گەڵاباریکی زستانەیە ، لەقەد و گەڵادا زۆر لە شێوەی گەنم و جۆ دەچێت، لەوڵاتان تەرزی بەرهەمداری هەیە وەک گەنم و جۆ دەچێندرێت ، بەڵام لە کوردستان خۆڕسک لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ وەک بژار دەڕوێت.
**پەڵپینە:** پرپێنە ، پرپرە، پەرپینە، پارپار، ڕووەکێکی گیایی هاوینەیە لەناوچەی شێدار و ئاوی دەڕوێت ، قەد و گەڵاکانی دەخورێت وەک سەوزە و لەگەڵ چێشتی نیسک بەترشیش دەکرێت.
**تالیشک:** تاریشک،چەقچەقە، تاڵك ،گیاکەوه، کاهووی کێوی، رووەکێکی خۆڕسکی بەهارییە و گەڵای وەک خاسە و بەکاهووی کێوی دەچێت، گەلاکەی باڵندە بەتایبەتی کەو زۆری دەخوات ، خواردنی گەڵاکەی بۆ مرۆڤیش باشە لەڕووی تەندروستییەوه.، ڕەگی تالیشک دەکرێتە قاوه و وەک قاوه دەخورێتەوه وتامێکی تاڵی هەیە، کاتی خۆی پێش دۆزینەوەی قاوەی ئەسیوپی قاوەی تاڵیشکی کوردی بەناوبانگ بووه.
**ترتره:** گیایەکی بژاره زیاتر لە ناو کێڵگەی پەمۆ شین دەبێت و پەمۆ وشک دەکات.
**ترشۆکە:** مزرۆکە: ترشۆک، گابلە، رووەکێکی خۆڕسکی زستانەیە ، گەڵای پان و لاسک سوور و ترشە و دەخورێ، بەتەمەنە و دوولەپە.حەز بەناوچەی شێدار دەکات.

**ترێی مارانە:** مێوە ڕەسە ، مێوەمارانە، مێوە کێویلە، ڕووەکێکی گیایی خۆهەڵواسەری پزیشکییە.
**توورۆکە: تڤرۆک**، ڕووەکێکی بەهارییەو گەڵای وەک توورەو نێرک و گەڵاکەی دەخورێت، تا مەترێک بەرز دەبێتەوە لە کۆتایی گوڵێکی زەرد دەگریت.
**تۆڵکە:** تۆڵەکە ، ڕووەکێکی خۆڕسکە بەهاران شین دەبێت ، قەد و گەڵاکانی بۆ خواردنی مرۆڤ دەشێت. لەدەشت و زەوی بە پیت و نەرم زۆرتر دەڕوێت.
**تۆڵەزڕی:** توولەزڕە، ڕەزەڵە،ڕەزڕەزۆک،ترێی ڕێوی، رووەکێکی گیایی بەهاریە ، قەدەکەی مەترێک بەرزدەبێتەوە، بەرەکەی لە شێوەی هێشووە ترێ ی ورد دەچێت، سووری مزری ورد دەگرێت،تامی وەک تەماتەیە و دەخورێت. رووەکێکی بژارە، چونکە گەڵاکانی مادەی سۆلانینی تێدایە و ژەهراویە بۆ ئاژەڵ و مرۆڤ.
**تەرخوون:** رووەکێکی دەوەنی بەتەمەنە بەرزیەکەی ٨٠-١٥٠ سم دەبێ ،حەزی لەکەش و هەوای خۆرەتاو و وشکە .گەڵاکانی لووس و باریک و سەوز و درێژە ، گوڵەکانی هێشوویە رەنگی زەردە .گەڵاو هێشووە گوڵیەکان و رەگی سوودی لێ وەردەگیرێ . گەڵاکانی کاتێ بەشێوەی ئاسایی دەخورێ بۆنی خۆشە و گەرمی بە زمان دەدات . لەلای سەوزەفرۆشان بە چەپک وەک کەرەوز و نەعنا دەفرۆشرێ .
**جاترە: زەعتەر**،هەزبێلە، مەرزنجۆش،رووەکێکی خۆڕسک و ماڵیە، گەڵاکانی ورد و بۆنخۆشن، گەڵاکانی دەکرێتە ناو شلەی کفتە و نۆکاو، ئارەقی بۆ زۆر نەخۆشی بەسوودە. جاترەی کێویش هەیە.
**جغجغک:**گیامانگا، قیچک،(فول العرب) رووەکێکی خۆڕسکی زستانەیە قەدی راست بەرزدەبێتەوەلەکۆتایی لق و پۆپ دەردەکات، گوڵ دەگرێت، گوڵەکانی پەمبەییە، بەرەکەی لە شێوەی کەلووە، هەر کەلوێک چەند دانە تۆوی تێدایە، ئاژەڵ ئەو رووەکە وەک ئالیک دەخوات.
**جلە:** گیایەکە وەک قەوزە سەر ئاو دەکەوێ دەیتەنێتەوە .
**جۆبرنجۆک:** جۆویلکە ، جۆی کێوی، جۆ دەرزیلە، لە خێزانی گەنمییەکانە ، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی زستانەیە لە خێزانی گەڵاباریکەکانە، لەبەهار شین و گەش دەبێت.
**چاوبازە:** قەلۆغان، کەلغان، رووەکێکە لە بەهار گەشەدەکات و لەکۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین بەرێک دەگرێ ، دڕکاوییە.
**چاوەگا:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکە گوڵێکی زەرد دەگرێت ، لەشێوەی گوڵەبەڕۆژەیە بەڵام بچووکە.
**چای شەیتان:** قەوزەی بەردین ، قەوزەیە و لەدەوری بەردی نسار و شوێنە شێدارەکان هەن ، گەر بێ ئاو بوو زوو وشک دەبن ، لەگەڵ هەر باران بارینێک بەکاتێکی کەم دووبارە زیندوو دەبێتەوە.
**چنوور:** رووەکێکی خۆڕسکی کوێستانیە بۆنخۆش گەڵای وەک شوێتە.
**چۆغان:** چۆڤان: ئەسپۆک، رووەکێکە خۆڕسکە لە چیا شین دەبی ، لە کۆتایی پایز وشک دەبێت،ساڵانە لەسە پنچکی خۆی شین دەبێتەوە، قەدی باریک و لقی زۆرە، گەڵاکانی وردن بە ڕێز لەسەر قەد بڵاودەبێتەوە، گوڵی بچووکە و دوو ڕەنگە سپی و زەرد بە تێکەڵاوی. کەف دەکات بۆ قاپ و قاچاغ شووشتن بەکار دەهات.

**چەودەر**:جۆداس: قەللاس: قومام ، چەودان ، پەرشە، گیاداسی،جهۆک، رووەکێکی خۆڕسکە لەخێزانی گەڵاباریکە، لەقەد و باڵاو گەڵادا وەک جۆیە بەلام گوڵەکەی تۆی زۆر بچوکە و برژانگی زۆر تیژە .
**چەورۆکە:** رووەکێکی سروشتیە لەبەهاران شین دەبێت گەڵاکانی تۆزێ چەوریان پێوە دیارە و بۆنێکی تایبەتی خۆشی لێ دێت ، گەڵاکان یان رەنگی سەوزی زەردباوە یان یان رەنگیان قاوەی و وەنەوشەیی تێکەڵە . پێشتر لەپێش دەرگای ژووری ماڵ یان لەژووری ماڵ دادەندرا تابۆنی دەما.
**حوشترالووك:** وشترخۆر،دڕکەژاڵ ، کۆلەوار، رووەکێکی خۆڕسکی بەتەمەنی پاقلەییە ، دڕکدارە لە پێدەشتەکان زۆر شین دەبی.قەدێکی باریکی هەیە گەڵاکانی گۆڕاون بۆ دڕک، گوڵێکی پەمبەیی تۆخ دەگرێت،تا ٣٠-٤٠سم بەرز دەبێتەوە، لەکۆتایی بەهاران لەسەر پنچکی خۆی شین دەبێتەوە تا کۆتایی پایز سەوزە و لەزستان وشک دەبێت و قەد و گەڵاکانی بەوشکی زوو دەسووتێت، حوشتر بەوشکی و سەوزی دەیخوات، لەناوچە دەشت و بیابانە گەرمەکان زۆرتر دەڕوێت.
**خاڵۆزە**:خارۆزە، مالۆسە،کالۆسە، گیاباریکە ، گیایەکی باریکە خۆی لە وێنجە و ڕووەکی تر دەئاڵێنێ.
**خاو:** گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە ، زۆر نەرمە بە کەرەوز دەچێ،کە مەشکە بۆگەن دەبوو ئەو گیایەیان تێ دەکرد ، بۆگەنییەکەی لادەبرد و نەدەما.
**خڕنووك:**پەیکوڵ، رووەکێکی دەوەنی خۆڕسکە ،بەتەمەنە دڕکاوییە ، بەرێک دەگرێ لەشێوەی فاسولیا بەڵام زۆر گەورەترە ، دەخورێ ، بەرەکەی کە وشک دەبێتەوە، پێی دەڵێن مەحچەچە.
**خوژیلک:** گیایەکی گەڵاسەوزی شیردارە، شیرەکەی پێست دەسووتێنێ.
**خوژە:** گیا ئەسریلک، گیا سرێش، گیا چریش، ڕووەکێکی کوێستانییە ، گەڵاکانی باریک و سێ کوز و کلۆر ،بنەکەی دەردەهێندرێو ئەکوترێ ئەبێتە چریش. (شوان)
**خەربەند:** غەربەنگ، گیایەکی بەرزە، تۆوێکی وردی هەیە، لە سروشتی خەشخاشي، مادەی بێ هۆشکەری تێدایە.
**خەردەلە:** شێلمۆک،خەندەلەک، ڕووەکێکی خۆڕسکە لەخێزانی خاچییەکانە.لە شێوەدا وەک توورە، بەڵام سەلکی نیە.قەدی ٨٠-١٠٠سم بەرزدەبێتەوە، گەڵای خوارەوەی گەورەن هی سەرووی بچووکن،رەنگی گوڵەکەی زەردە.
**خەرکۆڵ:** گیای قاو ، کەرتەشی ، ڕووەکێکی سروشتی دڕکدارە ، بەرێکی خڕ دەگری.
**خەزێمە** : گوڵێکی سروشتیە لە کۆتایی مانگی شوبات تا دوای نەورۆز دەمێنێ ،بەرزی ٣٠ سم دەبێ گەڵاکانی وردو ناسکن گوڵی بچوکەو رەنگیان پرتەقاڵی تێرە بە کۆمەڵ لە پێدەشت و گرد و تەلانەکانی کوردستان شین دەبێت بۆنێکی هەیە.
**خەشخاش:** ڕووەکێکی خۆڕسکی گیایی گوڵدارە ، لەگوڵەکەی شیرەک دەردەهێندرێت، بۆ تریاک بەکاردەهێندرێت.
**خەڵتانە:** بەرددانک، خەلیلە، ڕووەکێکی گیاییە زیاد لە ١٠٠سم بەرزدەبێتەوە لەلای سەرەوەی دەسکەپووشێک دەگرێ بەقەدەر قامکێک دەبێت لاسکی ناسکە کەوشك کراوە ددانی پێ دەئاژننەوە.

**داتۆرە:** گوڵە بۆقی ،گیابۆگەنە، گیاگۆپاڵ، پیندڵ ، تاتۆڵە، دەوەنێکی بەتەمەنە ، ژەهراوییە ، بە هاوین گوڵی سپی وەک زوڕنا دەکات.
**داڕوجان:** برابرنج، رووەکێکی بژارە لەناو برنج شین دەبێ ، تۆوەکەی خڕ و ڕەشە.
**دانەقەتێ:** یووکێکی گیایی خۆڕسکی بەهارەیە لەزورگ و شوێنی بەردەڵانی خۆڵ نەرم شین دەبن هەر ٤٠ -٥٠سم بەرزدەبنەوە. باڵندەی قەتێ بەرەکەی دەخوات کە تۆوی ورد دەگرێت، دۆمبەڵانیش لەنزیک دانە قەتێ پەیدادەبێت.
**دڕکە زەردە:** گزیلکە سەرە، رووەکێکی دڕکاوی گیاییە لەبەهار گەشەدەکات . لە خێزانی ئەستەرەکانە، گوڵێکی زەرد دەکات.
**دڕکە سپیلکە:**ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهاریە لەهاوین وشک دەبێت گوڵی دڕکاوی مەیلەو سپین.
**دۆبەسەرە: قوناگرە**، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهاریە، لە خێزانی خاچییەکانە، سەری گوڵەکانی سپین وەک دۆی کەفاویین.
**دۆمبەڵان: دۆمەڵان** ، جۆرێکە لەکەڕوو بەشێوەی خۆڕسک لەسەرەتای بەهارلە ناوچە زورگ و لماوییەکان، لەژێر زەوی دەڕوێت، شێوەی خڕە و رەنگی قاوەییە کاڵە ، دەخورێت بەسوودە چونکە پرۆتینی زۆرە ، هەرچەندە خۆڕسک شین دەبێت ، لەگەڵ ئەوەش لەزۆر وڵات دەچێندرێت.
**ڕازیانە** : یانسۆن، ڕووەکیکی گیایی بۆندارە گەڵای وەک شویتە ، قەد و گەڵاو رەگی بۆ کاری پزیشکی بەکاردێت..
**ڕکێشە:** ڕیکێشە ، کێلانە،ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهاریە ، گەڵای درێژکۆڵەیە ، گوڵێکی بچووک دەگری. گەڵاکانی بۆ سارێژبوونی برین بەکاردێت.
**ڕۆنیاس:** رووەکێکی خۆڕسکی کوێستانیە ،تەمەن درێژ و خۆهەڵواسەرە،قەدی چوارگۆشەو زبرن ، هەتا ١٥٠سم هەڵدەکشێت،زیاتر لەو ناوچانە زۆر دەڕوێت،کەئاوین و پلەی گەرمای تێدا نزمە، لە ڕەگەکەی رەنگی سووری تۆخ بەرهەم دێت ، بەنی پێ سووردەکریت.
**ڕێواس** : ڕووەکێکی خۆڕسکی کوێستانی گەڵاپانی بە تەمەنە، لە بەهار لە چیا کوێستانییەکان گەشەی دەردەکەوێت، ، نێرکێک دەردەچێت لەناوەندی گەڵاکان ئەو نێرکە پاک دەکرێتەوە و دەخورێت ، تامی مزر و خۆشە.
**ڕەزڵە:** تەماتەمارانە، توورەزەرە.
**ڕەیحانە:** رەحان ، ڕێحانە، زوڵفە، رووەکێکە لەسەرەتای بەهار گەشە دەکات ، گوڵ و گەڵای بۆن خۆشن.تەرزێکی هەیە پێی دەڵێن ڕەشەڕەیحان،چونکە گەڵاکانی سەوز نین بەڵکوو مەیلەو ڕەشن. کێوی و ماڵی هەیە.
**ڕەیحانەکوڵکنە:** کوڵکنە،گیابڕک وژان ، تەشەنەکە،پەشمینە ، چای کوێستانە، لە مانگی جۆزەردان لە چیا کوێستانییەکان شین دەبێت و بە تەڕی و بە وشککراوی بەشێوەی چایە دەخورێتەوە.
**زخۆك:** ڕووەکی چاوی کەڵەشێر، ڕووەکێکە بە بژار ئەژمار دەکرێت بۆ ئەسپ ژەهراوییە.

**زیرە:** ڕووەکێکی خۆڕسکە ، گەڵای خڕە و گوڵەکەی لە چەتر دەچێت،تۆوەکەی زەردە یان سپییەو درێژکۆڵەیە، لە کوردستان دەچێندرێ بەرێژەی کەم ، دوو جۆری هەیە ، زیرەی ڕەش و زیرەی چەور، ۳۰-۵۰سم باڵادەکات، گەڵاکانی لەشویت دەچێت،

**زیوان:** تاڵەکە، مروور، ڕووەکێکی خۆڕسکی گەڵاپانە، زیاتر لە پێ دەشتەکان دەڕوێت لەناو کێڵگەی گەنم شین دەبێ ، تۆوەکەی تێکەڵ بەگەنم بێت لەکاتی نانکردن نانی بێهێز و تاڵ دەبێت.

**زەرەند:** گوژاڵک ، ڕووەکێکی بەتەمەنی خشۆکە،قەدەکەی هەتا ۲ م بەدەوری خۆیدا بڵاودەبێتەوە، گەڵاکانی هێلکەیی و سێگۆشەییە و بەش بەشە، لە هاوین و پایز گوڵی سپی و زەرد دەکات ، بەرێك دەگرێت وەک کاڵەکی بچووکە بەڵام زۆر تاڵە و پڕ لە تۆوە.

**زەل:** کەڕەپوو، گیامەترەق. جەگەن ، قەرەم، حەسیر، پێبەست، گیا ڕەشە، ڕووەکێکی خۆڕسکی بە تەمەنە، ئاویی و دەم ئاوییە، لەشێوەی قامیشە بەس زۆر باریکترە ، هەتا ۱۵۰سم بەرزدەبێتەوە.

**ساوشینە:** گیا حوسێنە، ڕووەکێکی گیایی سەرەتای بەهارییە، کە ئەو گیایە لەدەشتی هەولێر پەیدادەبێ، کابان بزن و مەڕی دەدۆشی ، یەک لای دەدۆشی ، لایەکەی دیکەی بۆ کار و بەرخ بەجێ دەهێڵێ.

**سڵقۆکە:** ڕووەکێکی گیایی زستانەیە ، خۆڕسک شین دەبێت، بە هۆی تۆوە زۆر دەبێت، گەڵاکانی سەوزن ، ٤٠-٥٠سم بەرز دەبێتەوە، گوڵەکانی هێشوویین و تۆوەکانی وردن.

**سمڵە:** سمڵ ، سۆتکە ڕوووەکێکی گیایی بژارە، زۆرتر لەناو کێڵگەی توتن و ناو چیمەن **سلێرک:** جۆرە گیایەکی بەهاریە ، لەچیاکانی کوردستان شین دەبی ، وەکو کاردیە، لەگەل هێلکە لێ دەنرێت و بەساواریش دەخورێت.

**گوڵە نەورۆز:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بچووکی بەهارییە، گوڵێکی ڕەنگ زەرد دەگرێت.

**هەپۆک:** ڕووەکێکی گولدارە و هەر ۱۰ سم بەرز دەبێتەوە ، لەبەهار لەچیای قەرەچوغ شین دەبێ و گەڵاکانی وەک زارگەزەوین وگوڵی وەنەوشەیین لەشێوەی هێشوون و شۆڕبوونەتەوە، بەرەکەی وەک ترێیە و دەخورێ تامی خۆشە.

**سوارەدڕە:** دەمارە تووتن، ڕووەکێکی خۆڕسکە لەبەهاران شین دەبێ نیو مەترێک بەرزدەبێتەوە،گەڵاو لقی زۆرە، گوڵی رەنگ زەرد یان سپی گچکە دەگری

**سوپەند:** سیپەند، ئیسپەند، گیایەکی وردە گوڵی سپی ورد دەگرن، تۆوەکەی ورد و ڕەشە.

**سووڕناتک** : زەڕنیقە ، ڕووەکێکی دەوەنی گەڵاوردی بەهاری خۆڕسکە حەز لە زەوی نەرم و شێدار دەکەن ، زیاتر لە زەوی بەیار و شۆ شین دەبن ، لە بنکەکەی لقی زۆر دەردەکات ٤٠ سم بەرزدەبێتەوە ، لەناوەڕاسی بەهار گوڵی زەردی بچووک لە مانگی ٦-٨ دەگرێت، لەپایز جارێکی تر گوڵ دەگرێتەوە ، گوڵ و گەڵاو لقەکانی بۆ دەرمانی پزیشکی بەکاردێن. قەد و گەڵاکانی دەکرێتە گەسک،گەڵاکانی لەناو ئاو دەکوڵێندرێ و بەنی تێدا دادەنێن بۆ ڕەنگ بوونی بە سوور، ئەگەر ماڵات بیخوات ، گڕوو دەبێ و گوانیشی بریندار دەبێت.ڕەنگی قەد و گەڵاکانی سوورێکی خەنەییە، ، لەسەرەتای تەمەنی ناسک و

سوێره ، مەڕوماڵات دەیخۆن ، بەڵام خراپە چونکە سەر و چاو و گوانی مەڕ هەموو دەکاتە برین ، ئاژەڵەکەش لە حەژمەتان دەوی لەناو برینەکە دەناو دەیخورێنن و گەورەتری دەکەن. ، برینەکانی شیری وشک دەکات، خاوەن مەڕ بەخوێ و کەرە و تەنی تیماری دەکات بەڵام بەزەحمەت چاک دەبێتەجار هەبووە گوانیشی نابووت دەبوو، ئەوسالی شیری نەدەبوو، شوانی باش مەڕوماڵاتی لەکاتی تازە شینبوونی سوڕناتک ناباتە ناو وەرد و شۆیان و دووری دەخاتەوە، هەروەها سوڕناتک بۆ سووتان بەکاردەهێنرێ .

**سۆتکە** : سمڵ، فیزفیزۆک، رووەکێکی گیایی بژارە و هاوینەیە لەشوینی لماویو ئاودار شین دەبێ. بەتایبەتی لەناو چیمەن.

**سۆراو**: پۆپیتەی کەڵەشێر ، پۆپیتەی کەڵەباب،ڕووەکێکی گیایی گوڵداری جوانییە گوڵەکەی لەشێوەی پۆپیتەی کەڵ:ەشێرە.

**سێ بسکۆڵە**: سێ بسکۆکە،گێلاخ، گێزبەلۆک، ڕووەکێکی پیازی خۆڕسکە لە دوای بارانێکی باش لە بەهاران شین دەبێ، وەک ئەسپێنگە، سێ گەڵا دەکات، گەڵای وەک گەڵای قوڕادەیە ، بەڵام کەمێك پانترە، گوڵی مۆر یان سپی دەگری ، دەخورێ ، بەساواری دەخورا.

**سێپەڕۆکە**:دەستاڕۆک.

**سێوەرە**: نەفەل

**سیرمۆکە**: گیایەکی چیایی بەهاری خۆڕسکە، بۆن ناخۆشە، گەڵای وەکوو گەڵای کەوەرە، باریک و درێژە، مانگا و مەڕ و بزن بیخۆن، بۆنی شیر و ماستەکەیان ناخۆش دەبێت .

**شاپر: شاتڕە**،رووەکێکی خۆڕسکە لە ناو کێڵگەی گەنم و جۆ و زەوی بەیار شین دەبێ ، زیانی زۆر بە کێڵگە دەگەیەنێ ،بەوەی رووبەری فراوان بە زووترین کات دادەگرێ ، دەبێتە رکابەری بەروبوومەکە.

**ترشۆکە:** رووەکێکی بەتەمەنی باڵا کورتە ١٠-٤٠ سم بەرزدەبێ لەدەو جۆگاو خاکی شێدار شین دەبێت ،گەڵاکانی پان و سەوز و ترشن ، ناو ناو گەڵاکە بۆشە و ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە و ئاوەکەی دەخورێتەوەو تامی ترشێتی دەدات , لە مانگی شوبات تا نیسان گوڵ دەکات گولی سوورەو وەك پۆپیتەی کەڵەباب تۆوی تێدایە لەوەرزی بەهار لەچیاو بەرزاییەکان خۆڕسک دەڕوێ و گەڵاو قەدە ناسکەکانی دەخورێت.بەسوودە بۆ لەش.

**شاتڕە** : گیا برینە، ڕووەکێکی خۆڕسکی گیاییە لەسەرەتای بەهار شین دەبێ ، گەڵاکەی وەک شویت وایە ، ئاوەکەی دەگیرێتەوە و دەخورێتەوە بۆ ئارامکردنەوەی دەروون و بیرۆ باشە گوڵێکی وەنەوشەیی دەگرێت.

**شلێر:** هەڵاڵە برم برم، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری پیازی جوانییە ، بنەکەی وەک سەلکە پیازە، گوڵی زەرد و سوور دەگری.

**شنگ** : شن ، سپۆن، ڕیشەبزن،هەڵەکۆک،ڕووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە، دووساڵەیە و تەرزی بەتەمەنیشی هەیە، گوڵدارە و گوڵی زەردە، بنەکەی واتە ڕەگەکەی وەک گێزەرە. دەخورێت و شیردارە.
**شوکەران:** شوکران ، دووڕەست ، زڕگێژنۆک، مارەکوژە ، هەلاهەل ، گێژنۆکەمارانە. گاکوژە ،گیاژەهرک،ڕووەکێکی گیایی دووساڵەیە، گەڵاکەی بەشێوەی پەلکۆکەی هێلکەیی درێژکۆڵەیە ، بۆ بەکارهێنانی ناوەکی بەشێوەی هێمنکەرەوە بەکاردێت..
**شیرکتک**:شیرکوتک: خوژیلک ، شیری مەڕێ، شیرە شێتە، شیرۆکە ،ڕووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە لەمانگی ئادار شین دەبێ قەدەکەی ئەگەر بقرتێ ، مادەکی وەک شیری لێ دەردێ ، بۆ لەناوبردنی بیرۆ باشە ، هەروەها بۆ ڕەوانیش باشە. ڕەنگی گوڵوکوی زەردە.
**شیلمشاق:** ڕووەکێکی بەهاری پیازییە گەڵای وەک قوڕادەیە و پانترە، دەخورێت . گوڵێکی زەرد دەکات شەش کۆپەڕەی پێوەیە.
**شینەشاترە**:گوڵە سەرکلاو، گیا چاوانە، کیسی شوان ، ڕووەکێکی دوو لەپی خۆڕسکی زستانەیە لەبەهار گەشەدەکات،، حەز بە ناوچەی فێنک فێنک و شێدار دەکات.
**شەرواڵ بەکۆڵ** : شیرخوشیلک ، ڕووەکێکی گیاییە ، هەر کەسێ بیخوات تووشی سکچوونێکی بەهێز دەبێت.
**شەکرۆکە** : سەرکە تەشی، گیاددانکە ، قرژەکە، خڕخوڕ، ڕووەکێکی بژارە لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ و وەرد شیندەبیت. گوڵێکی مۆر دەگرێت ، بەرەکەی خڕە و دەخورێت.
**شەلغەم:** ڕووەکێکە لە خێزانی سلق و چەوەندەورە ، بەکوڵای دەخورێ.
**عەرعەر**: گوڵەئاگرین ، گیایەکی یەک ساڵەی خۆڕسکە لەرۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی پاوە زۆر شین دەبێت.
**عەمرۆکە:** ڕووەکێکی خۆڕسکی گیایی بەهارییە، ناخورێ
**عەنبەر**: گیایەکی بۆنخۆشە.
**غەردارە:** غەردالە: جۆرە ڕووەکێکی خۆڕسکە لەچیاکان شین دەبێ، گەڵاکەی وەک توور و خەرتەلەیە بەڵام پانترە، نێرکەکەی واتە قارچکەکەی دەخورێت. کرمی ناو ریخۆڵە لەناو دەبات..
غەرەبەنگ:ڕووەکێکی گیایی بەهارەیە ، گەڵاکانی کولکنن ، سێ چوار گوڵ بەیەکەوە دەردەچن ، پێنج کۆپەڕەی هەیە لەشێوەی گۆزەیە ناو قوڵە ناوەندی گوڵەکە شینە، بەڵام ئەوانی تر سپی هێڵداری وردی نەخشێندراوە.
**فریز:** چیمەن ، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی ڕایزۆمیە ، بۆ سەوزکردنی ڕووبەری زەوی بەکاردێت، هی خۆڕسکەکەی وەک بژار دادەندرێت، بەڵام تەرزی خۆماڵی سەوز و نەرمی هەیە ڕووبەری باخچەی پێ سەوزپۆش دەکرێت.
**قاپشینکە:** کلکی دووپشک ، ڕووەکێکی خۆڕسکی هاوینییە، بەرگەی وشکی و گەرمی و تینوێتی دەگرێت، لەناو وەرد و شۆیان شین دەبێ.گەڵاکانی کەمێک پانن .

**قارچک:** کوارگ ، کەڕوێکە لەسەرەتای بەهاران لەزورگ و دەشتە لماوییەکان پەیدادەبێت ، شێوەی خڕو هێلکەییە،ڕەنگی قاوەیی و خاکیە، دەخورێت و پڕیەتی لە پڕۆتین.
**قاڕووش:** کاڕووش، رووەکێکی خۆڕسکە لەنزیک ئاو و ناوچەی شێدار شین دەبی،.
**قامیش:** قەمیش، نەی، رووەکێکی خۆڕسکە لەخێزانی گەڵاباریکە ، ٣-٤ م بەرزدەبێتەوە، بەتەمەنە لە دەم جۆگاو گۆماو و زۆنگاو رووباردا دەڕوێت.
**قنجیلە:(**گیابرژێوە) لەبەهار شین دەبێت ، گەڵای وەک تەڕەتوولەیە ، دەخورێت.
**قوڕادە:** کنیواڵ ،سیرۆکە، کەوەری کێوی، رووەکێکی گیاییە لەخێزانی زەنبەقییە ، لەبەهار دەست بەگەشەدەکات ، لە نیسان گوڵی سپی یان پەمبەیی دەکات، مێش هەنگوین زۆر بە تاسەوە شیلەی گوڵەکەی دەمژێت و ئەو هەنگوینەی هی گوڵی قوڕادە بێت پڕ بەهایە، سەلکی قوڕادە لەژێر زەوییە و قەدێکی کورتی هەیە و ٦-٧ گەڵا دەردەکات، پیازو قەد و گەڵاکانی دەخورێت.
قونجڕکە: کونجڕکە، سێ سوو.
**قێزبەلە:** کێزبەلە ، هێزبەلە، ڕووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە ، قەدی لەژێر زەویە دوو گەڵای کەمێک پان و درێژەی هەیە ، قەدەکەی لەژێر زەویە ، لەشێوەی گرۆیە ، توێکڵەکی پێوەیە سپی دەکرێ دەخورێت.
**قەپ قەپۆك:** شەقشەقە، گونە پشیلە، رووەکێکی خۆڕسکە، دڕکاوییە ، بەژنی بچووکە ، بەرێکی وەک دەبدەبە دەگری ناوی بۆشە و رەنگی بەرەکەی پەمبەیە.
**خڕنووک:** ڕووەکێکی پاقلەیی تەمەندارە ، گەڵاکانی دڕکدارە و قەدی پتەوە و بەرێکی لەشێوەی گورچیلە دەگرێ، لەهاوین مانگی ٧-٩ بەردەگرێ، بەبەرەکەش دەگوترێ خڕنووک و دەخورێ بەڵام تفتە ، گەر بەرەکە وشک بێ ئەویش دەخورێ و پێی دەڵین مەحچەچە. ساڵانە لەشوێنی خۆی دەڕوێتەوە..
**قەلۆغان:** چاوبازە، کەلغان: کەربەشی، ڕووەکێکی خۆڕسکەی زستانەیە ، سەر بەخێزانی ئاوێتەییە ، لە بەهار دەست بەگەشە دەکات لەکۆتایی بەهار هەتا ٢ م بەرزدەبێتەوە ، گەڵاو قەدی دڕکاویین ، لەسەرەتای شین بوونی قەدەکەی سپی دەکرێ و دەخورێت. گەڵاکانی شێوەی دڵیان هەیە، کۆتایی گەڵاکانی نووک تیژە وەک ڕم، گوڵی سپی و پەمبەیی دەگرێت، بەرێکی خڕی ڕەنگ مۆر دەگری.
**قەیتەران:**کەزبەرە، رووەکێکی گیاییە ، حەز بەشوێنی سێبەر و ئاودار دەکات بەهاوین گەشەی زۆرە.
**کاردی** : کاردوو، هاز، چەمەڕەژیلە، مێڵەگورگانە، مێڵ و کڵدان، مێڵە خوانە، ڕووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە ، لەسەرەتای بەهار لەدەشت و زورگ و چیاکان شین دەبێت ، زۆرێك لەتەرزەکانی پاش کوڵانی گەڵاکانی دەخورێن. بنکی گرۆییە و قەدی لەژێر زەوییە ، گەڵاکانی بێ کوڵان ناخورێن هێندە تیژن ، زمان و قوڕگ دەسووتێنن لەگەرمان. تەرزی زۆرە هەندێک تەرزی دەخورێن بەکوڵاوی هەندێکیشی بەکوڵاویش ناخورێت، ئەو کاردووانەی دەخورێت، کاردووە دووپەلک ، کاردووە ڕیشووە، ، ئەوانەی ناخورێن ، کاردووە ڕیخنە ، کاردووە سمێڵە (کاردووە قوڕە) ، کاردووە کلە. کاردوو لە

پایزدا نێرکێك دەردەکات پێی دەڵێن نێرکە کاردوو یان مێڵەگورگانە، وەک پێستێکی ئەستوورە ڕەنگی ناوەوەی مۆرە و نێرکێکی لەناوەڕات ل؛یَ دەردەچێت وەک کلچووکە.

**کاڕووش:** قاڕووش، هەلی ترک، گیای سوودانی، رووەکێکی گیایی گەڵاباریکی هاوینەیە، ڕەگی زۆر بڵاو دەبێتەو، لەناو دێراوی تووتن زۆر شین دەبی.

**کالۆسە: ترتڕە ، گیازریزانە** ، گیا خنکێنە ، ، گیاکەل، گیا باریکە.

**کرتی:** گیا گێسک، کتر، ڕووەکێکی خۆڕسکە لەخێزانی گەڵاباریکەکانە، گەڵای باریک و درێژە،ئاژەڵ دەیخوات بەتایبەتی ڕەشەوڵاغ.

**کلکەڕیوی:** کلکەپشیلە: رووەکێکە لەوەرزی بەهارگەشەدەکات، زیان بەکێڵگە دەگەیەنێت.

**کنێر:** گوڵە کنێر (کنێرۆکە)گوڵێکی خۆڕسکە لە پێ دەشتەکان و چیاکانیش لەسەرەتای بەهار دەڕویَ ، لەخێزانی پاقلەییە و گەڵاکانی پان و بازنەیین و سیَ گەڵا بەیەکەوەن وەک وێنجە و سێپەڕەن ، گوڵەکانی زەردن و بۆنێکی خۆشی تایبەتیان هەیە.

**کوارگ:** قارچک، کەڕووە لە بەهار گەشەدەکات و زیاد لە ٥٠٠٠ تەرزی هەیە، لەکوردستان ٤ تەرزی زۆر بڵاوە و دوو تەرزی دەخورێت، لەکۆتایی زستان و سەرەتای بەهار لەناوچە شێدار و خاکە بەپیتەکان پەیدادەبێت،لەقەدێکی کورت و کڵاوێکی پڕ لەدەزووپێک دێت، سەوزەپلاستیدی تێدا نییە ، ئەو تەرزانەی دەخورێن دەوڵەمەندن بە پرۆتین.

**کوزەڵە:** بێزەرو، ڕیشاڵوو، تەڕەتوولەی ئاوی، کووزەکووز، کیز، توزک، رووەکێکی گیایی خۆڕسکە لە دەو ئاو و جۆگا و کانی بەهاران شین دەبیَ تا هاوین دەمێنێتەوە، توند و تیژە ، گەڵای وەک هی کەرەوزە،قەدی ئەستوور و ناسکەو پڕ ئاوە، دەخورێت، بۆنەمانی لمی گورچیلە بەسوودە.

**کوڵیکەزەردە:**ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهارەیە ، لە خێزانی خەرتەلەیە.

**کونجڕکە:** پێکوڵە ، رووەکێکی دوولەپی دوو ساڵەیە.حەزی بە زەوی لمی و دێمەکاریە،لە مانگی ئادار تا ئەیلول لەگەشە دایە، گەڵاو قەدی بەسەر زەوی بڵاودەبنەوە، گوڵێکی زەردی بچووک دەگرێت.دوایی دەبێتە بەر بەرەکەی دڕکدارە و زیان بە جووتیار دەگەیەنێت.

**کەبەر:** شەفەڵە ، مارانگەز،مارگر، تەڵەمار، مارگیرە، ڕووەکێکی بەتەمەنە بەدەوری خۆی بڵاو دەبێتەوە قەدەکەی دڕکاوییە ، بەرێک دەگری پێی دەڵێن شەفەڵە، دەخورێت.

**کەپەنک بەشان:** قەرەم ،رووەکێکی گیایی وەرزی زستانەیە.

**کەربەشە:** چاوبازە، شەکرۆکە، کەرتەشی، جۆرە ڕووەکێکی بژارە لە ناو کێڵگەی گەنم شین دەبێت.

**کەرتەشی:** شەکرۆکە ، کەرکوڵ، رووەکێکی خۆڕسکی بەهارەیە قەدێکی وەستاوی درکاوی هەیە، تۆپێکی خڕی دڕکاوی شین دەگرێت.

کەرتەوڵ: ڕووەکێکی گیایی قەد ئەستووری کلۆرە ، تا ٢ م بەرزدەبێتەوە .

**کەرخنکێنە:** گڕگویَ، ڕووەکێکە لەخێزانی گەڵاباریکە بەهار گەشەدەکات.

**کەڕەپوو:** گیامەترەق.رووەکێکی خۆڕسکە لەخێزانی گەڵاباریکە.لەنزیک دەو ئاوەکان شین دەبێت.

**کەکرە:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکە گەڵاکەی تاڵە ، مرۆڤ تووشی سکچوون دەکات،گوڵێکی ڕەنگ پەمبە دەگرێت.
**کەنگر** : کنگر ، کنر، ئەرتیچۆك ،ڕووەکێکی خۆڕسکە و بەهاران لە زورگ و چیاکان شین دەبێت ، گەڵای دڕکاویەو قەدی دەخورێت، تۆوەکەی پێی دەڵێن دەندەرۆشک (سی سی) وەک چەرەزات دەخورێت و زۆر بە بەهایە.
**کەنیرە:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکە، گەڵای بە وێنجە دەچێت، قەدی ئەستوورترەو کلۆرە،گوڵی زەرد دەکات، بە سەوزی ماڵات بە کەمی دەیخوات، بەڵام کە وشک بوو وەک ئالیکی زستان دەیخوات.
**کەوڵە شینە:** گۆرمزە، زمانەگا، رووەکێکی خۆڕسکی دوولەپەی زستانەیە.
**گادانە:** گلێنە، هرطمان، رووەکێکی پاقلەییە بۆ ئالیکی ئاژەڵ دەشێت.
**گڕاڵك:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکە پنج دەکات،ماڵات نایخوات.
**گژنیژ:** کەزبەرە، تاوڵێ، شەموژەک،بەروبوومێکی سەوزەواتیە، لەناوچەی سێبەر و شێدار دەژی، لەگەل پڵاو ساوار و برنج دەخورێ. شێوەی لە کەرەوز دەچێت، کێوی و ماڵی هەیە.
**گلێخە:** گەپڵە.کەتیرە. گێلاخە،رووەکێکی خۆڕسکی پیازی بەهارەیە ، لە هەندێ شوێن دەخورێت ، لە هەولێر ناخورێت، مەرو ماڵەت گەڵاکەی کەسەوزە بیخۆن شیریان تاڵ دەبێت.
**گلێرە:** گلێنە ڕەشە، گلێنە، رووەکێکی خۆڕسکی زستانەیە، قەدەکەی راست بەرزدەبێتەوە، قەدەکەی تووکاوییە، گوڵی سپییە، بەرەکەی کەلوولییە، رووەکێکی ئالیکییە و ئاژەڵ دەیخوات.
**گورگە:** گیاکەڵە، گیاکوژە، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی مشەخۆرە ، دەبێتە بژار لەناو کێڵگەی
**گوفکەسوورە:** نەفەلی سوور، ڕووەکێکی گیایی گەڵا بچووکە ، گوڵێکی پەمبەیی یان سوور دەگرێت.
**گوڵاڵە سوورە:** گوڵە نیسان، کوڵیکە نیسان، رووەکێکی گوڵداری جوانە لەمانگی نیسان گوڵ دەکات. .
**گوڵە بێژان:** گوڵە بۆژان ، ڕوونە ، بەرکەمەر، ڕووەکێکی گیایی گوڵدارە ، لەسەرەتای بەهار تا کۆتایی هاوین لە ناوچە کوێستان و فێنکەکان دەمێنێتەوە،گوڵی سپی و زەردە.
**گوڵە بەفرین:** ئەستێرەی شین، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری بەهارەی ناوچە کوێشتانییەکانە ، گوڵێکی شەش کۆپەڕە، ڕەنگی سپی شینباوە ،هێڵی شینی تۆخ بەناو هەر پەڕە گوڵێک دادەڕوات.
**گوڵە نەرمیلێ:** لەشێوەی گوڵە کۆجیلەیە ، لە چیا کوێستانییەکان شین دەبێت، ڕەنگی گوڵەکە وەنەوشەییە،لە پێنج پەڕ پێک دێت.
**گوڵە نەورۆز:** ئەدۆنیس ، چاوەکەڵەشیر، گوڵێکی سپییە ، یان پەمبەییە پیازی زستانەیە، لە خێزانی گوڵە گەزیزەیە، سەرەتای مانگی ئادار لەپێ دەشت و زوورگ و چیاکان دەروێ لەکوردستان بەرزییەکەی هەر ٥-١٠سم دەبێ ، گەڵاکانی درێژ و لووسە وەک گەڵای تیولب وایە ، گوڵی سپی و زەردی هەیە بەس سپییەکەی زۆر دەڕوێ و شەش گەڵای کۆپەڕەیی هەیە.
**گوڵەجووتیارە:**ڕووەکێکی گیایی پیازیی گوڵدارە بێ گەڵایە ، لە پایز دەردەچێت، گوڵێکی سپێ گەورە ناو زەردی بچووک دەگرێت.

**گوڵەخەیار:** گوڵێکی خۆڕسکی پێ دەشتەکانە ڕەنگی شینە و گوڵەکانی وردن و دەخورێن ، رەگەکەشی لەشێوەی پەتاتەی بچووکە و باریکە و دەخورێت.سوودی پزیشکی هەیە.تامی خەیار دەدات.
**گوڵەکۆجیلە:** کۆجیلەبەرزە، ڕووەکێکی گیایی گوڵداری ناوچە کوێستانەکانە، لە مانگی گوڵانەوە سەردەردەهێنێ .
**گوڵۆکە:** گورۆکە، ڕووەکێکی خۆڕسکە ڕەگەکەی گرۆییە واتە وەک پەتاتەیە ، ئەو گرۆیە لەژێر زەوی دەردەهێنراو وشک دەکراوە و دەهاڕدرا، وەک تایت جلییان پێ دەشووشت.
**گونەپارە:** رووەکێکی خۆڕسکی بەهارەیە گەڵاکەی وەک باینجانە، تۆیەکەی کە وشک بوو پێی دەڵێن چەورۆکە ، مێش و مەگەز لێی دووردەکەونەوە ، کاتی خۆی ئەو ڕووەکە یان تۆوەکەیان لەنو توورەکە ی بچووک دەکرد و لەژووری ماڵ هەڵیان دەواسی تامێش و مەگەز
**گونەپشیلە:** تەقتەقۆکە ، گوڵەمیزڵدان، رووەکیکی درکاوییە بەرێک دەگری وەک باڵۆنە ناوی هەوای تێدایە رەنگی پەمبەییە.
**گونەسەگ:** زەرەنگ ، مارسکە، کوڵندۆک، رووەکێکی خۆڕسکی تەمەندارە، قەدەکەی قیت و ڕاستە تا ٢٠٠سم بەرز دەبێتەوە، بێ لقە، گەڵای لەشێوەی دڵە و لەسەر قەد دروست دەبن، گوڵی لوولەییە و رەنگ وەنەوشەییە و بەرێک دەگری وەک کودیە ، چەند دانە تۆوی بتێدایە.
**گولە:**گوڵەک ، سرێش،سرێشک، چرێش، ڕووەکێکی پیازیی خۆڕسکە ، لە زوورگەکان زۆر دەڕوێت. بەهاران مانگی ئادار دەڕوێ بەشێوەیەکی فراوان ، وەک لیلیومە لەخێزانی زەنبەقە.
**گوێ بەرخە:** گێ بەلە ، گونەپارە، گادەمە ، بالووک برە، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی هاوینەی ناو چیاکانە لە پایز باش دەڕوێت، گەڵاکانی سەوز و ئەستوور و پانن، لە شێوەی هێلکەیین هەردوو ڕووی گەڵاکە بەڕیشاڵی شێوە خوری سپی داپۆشراون لە پایز گوڵێکی ڕەنگ پەمبە دەگرێت.
**گوێزبەلە:** ،گیایەکی گەڵا پانە و دەخورێ.
**گۆرمزە: گۆزروان،** کەوڵەشینە ، زمانەگا، ڕووەکێکی خۆڕسکی گیایی بەهارییە گەڵا و قەدی دڕکاوین ، گوڵی وەنەوشەیی دەگرێت ، وەک تۆڵکە دەکوڵێنرێت و هێلکەی تێدەکرێت و دەخورێت. ساڵانە لەسەر ڕەگەکەی شین دەبێتەوە.
**گۆگەم:** گادمە ، گاودم، گوڵەزەردە،ژەهرەماسی، رووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە ، تاڵە ،گەڵاکانی لە گەڵای نیسک و نۆک دەچێت،بەڵام باریکترە،گەڵاکانی لە ناو جلک دادەندرا تا مۆرانە لێی نەدات، رووەکێکە زیاتر لەزەوی بەیار شین دەبێت، ، گوڵێکی زەرد دەگرێت، رەگەکەی گرۆییە و خڕ و ئەستوورە و بۆ سووتان دەبێت.
**گیا پیرەسکە:** دەرزیلۆکە، گیاچەلێ، قلەوە، گیژینگ
**گیا پیزەڵ:** گیایەکی خۆڕسکە لەدەو کانی جۆگە و شوێنی شیدار شین دەبێت، قەدی درێژە و گەڵای نییە ، لە کۆتایی قەدەکە تۆ دەگرێت، قەدەکەی نەرم و ڕیشاڵین بەرگەی چەمانەوە دەگرێت، بۆیە بەرچنەی لێ دروست دەکرێت.

**گیا ترشۆکە** : گیا ترشکە، ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهاریە ، گەڵاکانی دەخورێت تامێکی ترشی نایابییان هەیە.
**گیا تورژە:**ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهاریە ، گەڵای لەشێوەی گەڵای تاڵیشک و خەرتەلەیە، گوڵێکی زەرد دەگرێت.
**گیا ڕەنگ:**ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی ناوجە کوێستانیەکانە، گەڵای درێژکۆڵەیە بەرێکی هێشوویی دەگرێت ، پڕیەتی لە تۆوی دەنک ورد، بۆ ڕە۳نگکردنی قوماشی کر بەکار دێت مەرەزی رەنگ ڕەش و سپی دەکاتە قاوەییەکی کاڵ.
**گیابەرانە:** ڕووەکێکی خۆڕسکە لە زڕەبیزا دەچێت، قەدی پتەوەو دەکرێتە چیغ.
**گیابەند:** بەرزەڵنگ، رووەکێکی بەتەمەنی کوێستانیە ، گەڵاکانی تووکن و نەرمە ، ١٠-٣٠سم باڵایەتی ، گەڵاکانی توورت و ناسکە ، گوڵێکی وردی زەرد دەردەکات، لەناوچەی کوێستانەکان هەیە.
**گیابەنگ:** خەرەبەنگ . گیایەکی بچووکە، تۆوەکی وردی هەیە پێشتر لەگەڵ تووتن تێکەڵیان دەکرد، پێ سەرمەست دەبوون.
**گیاخاوە:** وەک گیابەندە گوڵەکەی لەنێوان سپی و زەردە و بۆنی خۆشە.
**گیاخنکێنە:**کاڵۆسە، زریزانە ، تڕتڕە، رووەکێکیهاوینەی مشەخۆرە، قەدی باریکە خۆ لەڕووەکی خانەخوێی وەک وێنجە دەئاڵێنێ.
**گیاچا:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکە گەڵای پانەو بچووکە، وەک گیا کوڵکنەیە،گەڵاکەی بەوشکی دەکرێتە ناو ئاوی کوڵاو وەک چای دەخورێتەوە.
**گیادەرزیلە:** دەندووکە مەل ، سەعاتۆکە : دەندووکە حاجی لەقلەق:رووەکێکی گیایی خۆڕسکی بەهارییە بەر دەگریت وەک دەرزییە .
**گیاڕکێشە:** ژانکێش، ڕووەکێکی خۆڕسکەگەڵای باریک و درێژە ، قەدی لەگەڵ زەوییە ، گەڵای زۆر و چڕە، گەڵاکانی بە تەڕی دەخرێتە سەر برین ، برین سارێژ دەکات، بۆیە پێی دەڵێن گیا گیاڕکێشە، واتە کێم و زوخاوی برین ڕادەکێشی.
**گیازەنگوڵە:** شۆفان ، قەلاس، رووەکێکە لەخێزانی گەڵاباریکە لەبەهار گەشەدەکات.
**گیاکەوە:** تاڵیشک، رووەکێکی خۆڕسکی بەهارەیە، کەو زۆری دەخوات.
**گیاکوڵکنە:** ڕووەکێکی گیایی خۆڕسکی کورتەباڵایە، وەک گیا چایە وایە.
**گیاگێزەرە:** چەپۆڵە، خەلیلە وردە، رووەکێکی خۆڕسکی دووساڵەیە، بەزستان و بەهار گەشەی دەکات.
**گیاگەنمە :** لەخێزانی گەڵاباریکە بەهاران خۆڕسک شین دەبێ ، بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکەڵکە.
**گیالانکە:** گیایەکی خۆڕسکە لە نزیک ئاو و شوێنی نسار و شێدار شین دەبێت، گەڵای باریکە و گوڵیشی لەسە سەرەلقن بە درێژی و باریکی ، بۆنی خۆش و نەرمە، پێشتر لەناو لانکەیان دەنا، ئنجا دۆشەکەڵە یان نیوەدەرەکی بچووکیان بەسەردادەدا، تاژێری مناڵەکە نەرم بێت.
**گیامامزە:** لەبەهاران شین دەبێت ، لەکاتی دروێنەی گەنم و جۆ گوڵ دەکات گوڵەکەی وەنەوشەییە و بۆنی خۆشە لەناو شیوی کفتە دەکرێت ، ساڵانە لەسەر ڕەگی خۆی دەڕووێتەوە.

**گیانەرمۆکە:** ڕووەکێکی گیاییە لقەکانی وەکو کلکە ڕێویە٤٠-٥٠سم بەرزدەبێتەوە،گوڵی تۆپە و سپییە.
**گیاهەش:** گیاخم، وەسمە، ڕووەکێکی خۆڕسکی دووساڵەیە، ساڵی یەکەم گەڵا دەردەکات، ساڵی دووەم قەد و لق دەردەکات و گوڵ دەکات،گوڵی لەشێوەی هێشووە و رەنگ زەردە، لەگەڵاکانی رەنگی شینی نیلی واتە خم (هەش)دەردەهێندرێت.
**گێلاخە:** رووەکێکی خۆڕسکی بەهارەیە ، وەکوو کەوەرە ، سووردەکرێتەوە و دەخورێ.
**گەزگەزۆک:** براگەزە، گیاگەزە، گەزگەزک،گەزنە، ئاڵووشە ، رووەکێکی گیایی بەهارییە گوڵێکی سپی دەگرێت، گەر بە پێست بکەوێ خوروشت پەیدا دەکات.
**گەزیزە:** ڕووەکێکی گیایی گوڵداری پیازی بەهارییە، گەڵابەریکە و ڕەنگی گوڵەکانی مۆرە.
**گەنمۆکە:** ڕووەکێکی گیایی زستانەیە لەناوکێڵگەی گەنم و جۆو بەیاردا شین دەبێت.
**لاولاوەی خۆڕسک:** رووەکێکی خۆڕسکی خشۆکە بەبەهاران لەپێ دەشت و زوورگ و چیاکان دەڕوێ ، بەهۆی تۆو زۆر دەبێ ، قەدەکەی باریکە تا ٣ م بەسەر زەویدا دەکشێ ، گەڵاکانی شێوەی دڵیان هەیە کۆتاییەکەی نووکی تیژە وەک ڕمە ، ، گوڵێ سپی و پەمبەیی دەردەکات ، بێ بۆنە ، تۆوی لەناو کەبسول دایە ٢-٣ دەنکی تێدایە و رەنگی رەشي ، هەر رووەکێک لە ٢٠٠-٦٠٠ دەنکی تۆو بکات . تۆوەکانی توانی زیندوێتیان هەیە تاکوو ٢٠ ساڵ ، بەرگەی وشکی و بێئاوی دەگری
**لفکە:** لفکەی شامی، رووەکێکی خۆهەڵواسەرە بەرێک دەگرێ وەک باینجان ناوەکەی ریشاڵێکی تێدایە وەک لفکە بۆ شووشتنی کەل وپەل بەکاردێت.
**لغور: گورۆکە** ،ڕووەکێکی خۆڕسکە لەچیای قەرەچوغ هەیە ، نازانم لەچیاکانی تر چۆن هەیە و بە چ ناوێکە، باڵای ١٥-٢٠ سم دەبێ، گوڵێکی زەرد یان شینی بچووکی بێ بۆن دەگرێ،لەبەهاران بەتۆپەڵ گوڵ دەگرێ، قەدی ژێر زەوی هەیە کەپێی دەڵێن گرۆ، لەپەتاتەی ئاسایی گەورەترە، قەد و گەڵایان وشک دەکردەوە و دەیانکوتا لەسەرەندیان دەدا واتە دەیانبێژت ، وەک تایتی بەکارییان دەینا بۆ جل شوشتن. کەفی دەکرد و ئاوە کەفاوەکەی جۆبڕکەی لەناو دەبرد.
**مالوێنچە:** رووەکی هایدرا، رووەکی ئەستێرەی دەریا ، لاولاوە، رووەکی کندڕی هەژاران.
**مارگیر:** کەبەر، ڕووەکێکی خۆڕسکی هەڵکشاوە بەدەوری خۆی، قەدەکەی دڕکاویە بەرێک دەگری وەک شووتییە بەڵام بچووکە بەقەدەر دەنکە قەسپێکە شیرینە و دەخورێ
**مرۆر:** تاڵەکە ، زیوان ، بژارێکە لەناو گەنم دا شین دەبێت، ڕەش و درێژکارە نان ڕەش و تاڵ دەکات و رەنگی دەگۆڕێت.
**مسکارە:** رووەکێکی گیایی پیازی سروشتییە ، لەسەرەتای بەهار لەچیاو دەشتەکانی کوردستان دەڕوێ ، ،خۆی پیازێکی زستانەیە رەنگی گوڵەکەی شین و سپی هەیە هەر ٢٥-٣٠سم بەرز دەبێتەوە.
**مێژوەردە** : ڕووەکێکی گیایی گوڵدارە.
**مێکووك:** بەلەك ، دەوەنێکە لەدەو ئاو دەژی . ڕەگەکەی ئاوی لێ دەردەهێندرێ بۆ گورچیلە باشە.
**نانەشوانە:** نانەشانە، گەڵاپەژم ، گیواوە، گیا شەونم، رۆزماری، رووەکیکی هەمیشە سەوزی بەتەمەنی بۆندارە .

**نووسەکە:** نووسەنەك،مەڕواڵە، هەرتەشەکێوی، ڕووەکێکی گیایی بژارە ، بەرێکی تووکن دەگرێ ، بەجل و بەرگ وەدەنووسێ.
**نۆکەشوانە:** نۆکی کێوی.لەناوچە فێنکەکان شین دەبێت.
**نینۆر:** ڕووەکێکی گیایی چیاییە، بۆنخۆشە.
**نەفەل:** کنێرە، ڕووەکێکی گیایی بۆنخۆشە .
**نەی:** زەل.
**هاز:** کاردوو، کاردی ، ڕووەکێکی خۆڕسکی بچووکی گەڵاپانەلەبەهاران سەوزدەبێ،ئاڵووشاویە، بەڵام گەر بکوڵێندرێ و ترشی پێدابکرێت و خۆش دەبێت.
**هەپۆک:** ڕووەکێکی خۆڕسکی بەهاریە ،گەڵاکانی وەک زارگەزەوین ، گوڵەکەی شینە و لەشێوەی هێشووەوە، بەرەکەی وەک ترێیە و دەخورێت و تامی شیرینە، لە مانگی جۆزەردان پێ دەگات.
**هەرزنۆکە:** هەرزنی کێوی و خۆڕسک.
**هەرێز:** بژارێکی زیانبەخشە لەهاوین لەناو دێراو و کێڵگەی ئاودار شین دەبێ، وەک چیمەنە .
**هەزبێلە:** جاترە، ڕووەکێکی خۆڕسک و ماڵی بۆن خۆشە دەکرێتە ناو چێشت بۆ بۆن خۆشکردن.
**هەڵپاچکە:**هەڵەپاچکە،ڕووەکێکی خۆرسکی بەهارەیە لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ شین دەبێت ، بەرزی باڵای ٦٠-٨٠ سم دەبێت ، کۆمەڵێ گوڵی وەنەوشەیی یان قاوەیی مارۆنی دەگرێت.
**ئادارۆک:** ڕووەکێکی گیایی گوڵدارە لەسەرەتای بەهار پەیدادەبێت ،گەڵاکانی گڕنی گڕنییە. ڕەنگی گوڵەکانی سپی و وەنەوشەییە.
**ئاڵەکۆک:** پامچاڵ، ڕووەکێکی گیای بەهاریە ٢٠سم بەرز دەبێتەوە، لە پەنا ڕنووی بەفر سەردەدێنێ ، لەشنگ دەچێ بەس گەڵای پانتر و تووکنترە، گوڵی زەردە ، ڕەگی نزیك زەوییە، ڕەگە گرۆی خڕی هەیە دەخورێ.
**ئەسپۆن:** چۆغان،چەوغان، بەلۆچە ، تۆسیلە، کەفکەفۆک ، ڕووەکێکی لق و پۆپ باریکە قەدی ئەستوورە، بنەکەی (ڕەگی) دەکوترێ ، ئەگەر ئاوی پێ دابکەی وەک تایت و سابوون کەف دەکات، پێشتر هیربار و جلی پێ دەشۆردرا. ناوی سابوون لە ئەسپۆنی هاتووە. ئاژەڵ وماڵات نایخوات. بەڵام مەڕ دەیخوات ،لەدەشتی هەولێر پێی دەڵێن چۆغان.
**ئەسپەندەر:** ڕووەکێکی گیاییە لە دەشت شین دەبێ گەڵای خڕو بچووکە ، قەدی کەمێک ئەستوورە ، بەرێکی خڕ دەگرێ بەقەدەر نۆکێک دەبێت، ناوی پڕ لە تۆوی ڕەشە، بۆ پووچکردنەوەی چاو و زار بەکاردێنن.
**ئەسرێلک** : ڕووەکێکی گیاییە گوڵی جوانە ڕەگەکەی ئەستوورە، دەکوترێ و شیلاوەکەی وەک کەتیرە بەکاردێت.
**ئەنجەرە**:گەزەنە، ئاڵۆشە، ڕووەکێکی گیاییە لاسکەکەی دەخورێت.

**ئەندرێشە:** سێپچکە، کوراڵە، پیچک، پێچووکە، رووەکێکی زستانەی ناوچە کوێستانییەکانە. لە زەوی شێدار و نماو شین دەبێت. لە ئەسپینک و ئالەکۆڵ و کەوەر نزیکە وەک سەوزە دەخورێت و بە چێشتیش دەنرێت.

## بەروبوومە کێڵگەییەکان

**بستەی کێڵگە:** عەلی بابا ، بەروبوومێکی کێڵگەی هاوینەیە لە خێزانی پاقلەییەکانە، بەرەکەی لەژێر زەوییە و دەخورێت.

برنج: بەروبوومێکی دانەوێڵەیی هاوینەیە ، تەرزی زۆرە ، دەکرێتە چێشت وەک پلاو.

**پاقلە:** بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەیە لەخێزانی پاقلەییەکانە ، بەرەکەی لەشێوەی کەڵووە و ٤-٥ دەنکی تێدایە .

**پاقلەی سۆیا:** بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەیە. لە خێزانی پاقلەییەکانە، لە تۆوەکەی رۆن دەردەهێندرێت و جگە لەوەی بۆ ئالیکی ئاژەڵیش دەبێت دەکرێتە ئالیک.

**پۆلکە:** گلێرە، ڕووەکێکی پاقلەییە وەکوو کزن و گاگۆز وایە.بەهاریە، گەڵای بچووکە، هەندێکییان خۆرسک شین دەبن، بەرەکەی لەناو کەلوودایە ، لەهەموو ڕووەکە پاقلەییەکانی تر تۆ لەناو کەلووی دایە، تۆوەکانی بەکوڵاوی دەخورێن.

**تنباك:**تووتنی نێرگەلە.بەروبوومێکی هاوینەی پیشەسازییە.

**تووتن:** تۆماکۆ، ڕووەکێکی بەروبوومی پیشەسازیی هاوینەیە، گەڵاکانی گەورەن وشک دەکرێنەوە ورد دەکرێت و دەکرێتە جگەرە و دەکێشرێت.

**جوت:** بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی ڕیشاڵییە.زیاتر لەناوچە گەرم و شێدارەکان دەچێندرێت ، ڕیشاڵ لە قەدەکەی دەردەهێندرێت.

**جۆ** : جەە ، جەو بەرووبوومێکی کێڵگەیی زستانەیە ، دوو شێوەی هەیە، دوو ڕێزی ڕەش و جۆی شەشپەڕ کە سپییە، تۆوەکە و قەدو گەڵاکەی بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت .

**چەوەندەر:** بەروبوومێکی کێڵگەیی دووساڵەیە ، ڕەگەکەی لەژێر زەوی دەبێتە سەلک ، ، رەنگە سپیەکەی شەکری لێ دەردەهێندرێ، رەنگە سوورەکەی دەکرێتە تورشیات و چێشتی شلە.

**سیاوڵە:** ڕەشکە، بەروبوومێکە لە پێناوی تۆوەکەی دەچێندرێت ، تۆوەکەی ، لەگەڵ نانە و کێک تێکەڵ دەکرێت و دەخورێت.

**سێپەڕە: شەوەرە** ، **سێوەرە**، ڕووەکیکی ئالیکی گیاییە ، لە خێزانی پاقلەییە، لە پایز دەچێندرێ، لەکۆتایی بەهار دەدوورێتەوە. ئاژەل بەسەوزی و وشکی دەیخوات.

**سەلجەم :** بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی ڕۆنیە. لەکوردستان ناچێندرێت.

**شادان:** گوشی هیندی ، کەناب، ڕووەکێکی گیایی ساڵانەیە، بۆنێکی تیژی سڕکەری هەیە،زیاد لە مەترێک بەرزدەبێتەوە،گەڵای لە شێوەی لەپی دەست دایە،لێواری گەڵاکەی ددانداره،ئەو ڕووەکە بۆ ڕیشاڵەکەی دەڕوێندرێت،قەدەکەی دەخوسێندرێت و ڕیشاڵی لێ دەردەهێندرێت بۆ پەت و چارۆکەی کەشتی لێ دروست دەکرێت.

**شملی:** شەمبەلیک، ڕووەکێکی زستانەیە لە بەهار گەشەدەکات و گوڵ دەگرێت، بەرەکەی لە شێوەی کەلووی باریکە دەنکی تۆوەکەی تێدایە،سوودی  بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە.
**قامیشی شەکر: نەی شەکر**، بەروبوومێکی کێڵگەیی دووساڵەی شەکریە.
**کاخلێ:** کاکلێ ، گەندەزەعفەران ، ستری زەرک، ستری دوانک، دڕکەچەورە، زەردو، دەرمان کولێرە، بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی ڕۆنی گوڵدارە، لە گوڵەکەی رەنگ دروست دەکرێ.
**کزن:** گلێنە، ڕووەکێکە لەخێزانی پاقلەیی ناتوانێت قەدەکەی بەبەرزی ڕابگریت ، بەدەوری خۆی بڵاودەبێتەوە، بەرێکی بچووکی خڕ دەگرێت.
**کونجی:** بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەی ڕۆنیە.
**کەتان:** زەگەرەک ، بەزەرەک، بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی ڕیشاڵیی و چەوریە، لە تۆوەکەی چەوری دەردەهێندرێ و لەقەدەکەی ڕیشال.
**گاگۆز:** خلێرە، ڕووەکێکی گیایی ئالیکییە، لەخێزانی پاقلەییە. خۆڕسک لە کوردستان شین دەبێ، دەشکرێ بەتۆو بچێندرێ ، بۆ ئالیکی ئاژەڵ،
**گاڵ:** شەیلەم، پەرشە، بەروبووەمێکی کێڵگەییە لەشێوەی گەنمە.
**گوش:** شادان ،خەرەبەنگ، کەنابی هیندی،بەروبوومێکی گیایی ڕیشاڵییە ، تۆوەکەی بە برژاندن دەخورێ، قەدەکەی لەناو ئاو دەخووسێندرێ، ریشالی لی دەردەهێندرێ، دەڕێسرێ و دەکرێتە گوریس و دەوار و حەسیر و چیغ هۆناندنەوە.
**گوڵەبەڕۆژە:** بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەی ڕۆنیە.
**گەرچەك:** گەنەگەرچەك ،کرنوو، بەروبوومێکە وەک درەختە ، لەتۆوەکەی چەوری دەردەهێندرێ ، بۆ کاری پزیشکی بەکاردێت.
**گەنم** : بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی دانەوێڵەییە،١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا لەکوردستان ماڵیکراوە و چێندراوە وەک لە گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە، کوردستان بە زێدی گەنم دادەندرێت، گەنم ، تەرزی زۆرە ، دەنکی درشت و وردی هەیە ، باشترین دانەوێڵەیە بۆ ئارد.
**گەنمەشامی** : بەروبوومێکی هاوینەیە تەرزی زۆرە وەک گەنمەشامی زەرد و سپی و شەکری.
**گەنمەشامی زەرد:** گوڵە پێغەمبەرە ،گوڵە کەعبە، دەرە، بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەی دانەوێڵەییە
**گەنمەشامی سپی:** بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەی دانەوێڵەییە.
**لۆکە:پەمۆ** بەروبوومێکی کێڵگەیی هاوینەی ڕیشاڵیە.
**ماش:** ڕووەکێکی گیایی زستانەیە، لەخێزانی پاقلەییە ، تۆوەکەی بۆ خۆراکی مرۆڤ دەشێت.ڕەنگی شینێکی باو یان ڕەشە.
**نۆک:** بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی دانەوێڵەییە.
**نیسک:** بەروبوومێکی کێڵگەیی زستانەی دانەوێڵەییە.
**هەرزن:**گاڕس، گەڵدۆ، بەروبوومێکی کێڵگەیە هاوینان دەچێندرێ تۆوەکەی دەدرێتە باڵندە.
**وێنجە:** شەوەر، بەروبوومێکی ئالیکی پاقلەیی بەتەمەنە.

# بەروبوومە سەوزەواتەکانی کوردستان

**ئاروو:** بەروبوومێکی سەوزەواتیە ، لەسەرەتای بەهار بە تۆو دەچێندرێ، دوایی دەکرێتە نەمام و نەمامەکان لەشوێنی هەمیشەیی دەچێندرێن ، بە خاوی دەخورێ ، لە گرنگترین تەرزەکانی خۆماڵی،ئۆهیو ، بێت ئەلفا ، جیمینی ، سترایت، فلینە .

**بامیە:** رووەکێکی سەوزەواتی هاوینەیە، لەخێزانی تۆڵەکەییە، باڵای لە مەترێک زیاترە، گەڵای گەورە و گڕنیە، گوڵێکی سپی دەگری ، بەرێك دەگری دەکرێتە چێشت بۆ شلە.

**باینجان:** باجانە ڕەش، ڕووەکێکی سەوزەواتی هاوینەیە و بەرز و قیت دەبێ بەرێکی گەورەی مۆر یان ڕەش دەگرێ دەکرێتە چێشت بۆ شلە، لە سەرەتای بەهار بە تۆو دەچێندرێ، دەکرێتە نەمام و نەمامەکان لەزەوی دێراو یان هێل دەچێندرێن، لەناوەڕاستی هاوین پێ دەگات ،لەگرنگترین تەرزەکانی خۆماڵی ، موسڵی ، بلاك بیوتی ، بۆنیکا ، وارکاکۆ ، سۆماکار.

**برۆکلی:** بەروبوومێکی سەوزەی زستانەیە،ژمارەیەک پەپکە گوڵی سەوز بەرهەم دەهێنێت،ئەو پەپکە سەوزە گوڵیانە دەخورێت.لەە دوای دوو مانگ لە چاندن پێ دەگات.

**بیبەر:** دەلووجە، رووەکێکی سەوزەواتی هاوینەیە، تەرزی زۆرە بیبەری شیرین هەیانە سەوزن و هەشە رەنگی سوور و زەردە و بیبەری تیژ واتە توونیش هەیە بچووکە .

**پاقلە:** بەروبوومێکی سەوزەواتی بەهاریە،واتە لەبەهار دەچێندرێت و تاکۆتایی بەهاریش بەرهەم دەدات، بەرەکەی کە تۆوەکەیە بەکوڵاوی دەخورێت.

**پیاز:** سەوزەیەکی هاوینی و زستانەیە، قەد و گەڵاکانی دەخورێت. لە بەهار و پایز دەچێندرێت ، لە گرنگترین تەرزەکانی پیازی خۆماڵی ، دۆڵمە ، سوور ، سپی، سەوز.

**پەتاتە:** بەروبوومێکی گیاییە نیو مەتر بەرزدەبێتەوە، لەخێزانی باینجانییەکانە ، بەرەکەی گرۆییە و لە ژێر زەویدایە بە قەدی ژێر زەوی ناسراوە، رێژەی هەرە زۆری گرۆی پەتاتە نیشاستەتە ، بە گرۆ دەچێندرێت ، دوو جۆری هەیە پەتاتەی ئاسایی کە لەکوردستان زۆر باوە، لەگەڵ پەتاتەی شیرین.

**توور:** تڵپ، ترپ ، بەروبوومێکی سەوزەی زستانەیە، گەڵای پان و گەورەیە هەم سەلکەکەی کە لە ژێرزەویە، هەم گەڵاکەی دەخورێت. تووری سەلک سوور و پەمبە و ڕەش و سپی هەیە.

**تەرخون:** گیایەکی گەڵا وردە ، بە تۆ دەچێندرێ، لەگەڵ ماست تێکەڵ دەکرێ و دەخورێ.

**تەرۆزی:** چەمیلە. ئەنجور، ڕووەکێکی بەهاری و هاوینییە ، خشۆکە بەسەر زەویدا ، بەرەکەی درێژ و باریکە ، ڕووی کەمێ تووکنە، بەکاڵی دەخورێت، دوو تەرزی هەیە ، تەرزی دێمی پێی دەڵێن تەرۆزی ، تەرزی ئاوی گەورەتر دەبێ پێی دەڵێن شارۆخ، هەر لەتەرزی ئاوی زۆر گەورەتر دەبیت، پێی دەڵێن کالیار.

**تەڕەتووڵە:** تەڕەتیزە، سەوزەیەکی زستانەیە.باڵاکورتە ، بە تۆو دەچێندرێت.

**تەماتە:** باجانە سۆر، سەوزەیەکی هاوینەیە بە کاڵی و بە کوڵاوی دەخورێت.لە گرنگترین تەرزەکانی ، بەرسیم ، تۆمسن ، خۆماڵی ، کویل ، ماری مۆنت ،

**جاترە:** بەروبوومێکی سەوزەواتیە ، بۆنخۆشە، ماڵی و کێوی هەیە.

**چەوەندەر:** ڕووەکێکی گیایی تەمەن دوو ساڵەیە ، لەژێر زەوی ڕەگی دەبێتە سەلک و سوودی چەوەندەر لە سەلکەکەیە، دوو جۆرە چەوەندەر هەیە یەکیان سپییە و شەکری لێ دەردەهێندرێت، ئەوی دیکە ئاساییە و دەخورێت و ترشیاتی لێ دروست دەکرێت.
**دەلوبیبەر**: بیبەری توون(تیژ) ، رووەکێکە بەتۆ دەچێندرێ و بەرێکی توون و تیژی هەیە، باریک و درێژە، ڕەنگی سەوز و سوورە، لەناو چێشت دەکرێ.
**سپێناغ**:ئەسپیناخ، ڕووەکێکی گیایی گەڵاییە ، بەسەوزەیەکی زستانە دادەندرێ، گەڵاکانی بەکوڵاوی بۆ خواردن دەشێت. دەوڵەمەندە لەتوخمی ئاسن و مەنگەنیز و پۆتاسیۆم و فۆسفۆر.
**سلق:** سەوزەیەکی زستانە وهاوینەیە گەڵاکانی دەکرێتە چێشتی دۆڵمە و بەکوڵاویش دەخورێت. **سیر**: بەروبوومێکی سەوزەواتی زستانەیە، بەشی ژێر خاکەکەی وەک پیازە دەخورێت، گەڵاکانیشی بەکەڵکی خواردن دێت، بەسوودە بۆ مرۆڤ ، بەلام بۆنەکەی مرۆڤ هەراسان دەکات. بە تۆ و بەسەلک دەچێندرێ .
**سێوی ژێرزەوی**: سێوی بن عەردی،دێزبەلۆک، خەنجەلیسک ، سێڤسێڤۆک، سەوزەیەکی تەمەندارە، لەوەرزی بەهار دەڕوێت تاسەرەتای هاوین، بەرەکەی لەژێر زەوییە و دەخورێت.
**شمڵی** : ڕووەکێکی گیایی ناو ماڵانە بۆنی خۆشە وەک زیرەیە دەکرێتە ناو نان و دەخورێت.
**شوێت:** شبیت،سەوزەیەکی هاوینەیە قەد و گەڵاکەی بەسەوزی دەخورێت.بۆنی خۆشە و دەکرێتە ناو چێشتیش.
**شێلم** : شەڵغەم، ڕووەکێکی بەروبوومی سەوزەی زستانەیە ، ڕەگەکەی هەڵئاوساوە و بە بەر دەناسرێت و دەخورێت.
**فاسولیا**: ڕووەکێکی گیاییە تۆوەکەی بەسەوزی یان بەوشکی لەلایەن مرۆڤەوە بۆ خواردن بەکاردێت.
**قەڕنابیت: بەروبوومێکی** سەوزەی زستانەیە، گوڵی پەپکەیی سپی دەگرێت و ئەو گوڵە دەکرێتە چێشت و دەخورێت.
**کاهوو**: خاس، بەروبوومێکی سەوزەی زستانەیە، گەڵاکانی بە خاوی دەخورێت.
**کوولەکە:** کودی،کولند، کوندر، بەروبوومێکی سەوزەواتیە ، بەکوڵاوی دەکرێتە شلە وەک چێشت دەخورێت، بەگشتی دوو جۆری هەیە کودی باریک و کودی گەورەی زەرد (ئێسک)لە گرنگترین تەرزی کودی باریک، ئەسکەندەرانی ، زاهیتی، مەلا ئەحمەد ، گرنگترین تەرزی کودی گەورەی زەرد ، مەلاوی ملی دەبڕن ئاوی لەناوێ دادەنێن و وشکی دەکەنەوە ، دانەوێڵەی تێ دەکەن.تەرزی خۆماڵی (لۆکاڵ)زەردی سی بیوت، زەردی سیم موسکا،زەردی خڕ،
**کەرەوز**: رووەکێکی گیایی سەوزەواتیە ، زستان و هاوینەیە، وەک سەوزە دەخورێت، لەناو چێشتیش دەکرێت.
**کەلەم:** سەوزەیەکی زستانەیە ، قەدێکی هەڵئاوساوی هەیە لەسەر زەوی دەردەکەوێت ، ئەو بەشە قەدەی سەرزەوی دەخورێت بە هۆی کردنە چێشت یان زەڵاتە.
**کەوەر** :سەوزەیەکی زستانە و هاوینەیە گەڵاکانی بەسەوزی دەخورێت.

**گژنیژ:** کەزبەرە، سەوزەیەکی هاوینییە دەخورێت.
**گێزەر:** یارکۆک، رووەکێکی سەوزەواتی زستانی خۆشە، رەگەکەی لەژێر خاکە و وەک توورێکی باریکە و رەنگ زەردە و گۆشتەنیە و دەخورێ.
**لەهانە:** بەروبوومێکی سەوزەی زستانەیە کۆمەڵێک گەڵای پێچراو لەسەر یەک بەرهەم دێنێ، ئەو گەڵایانە دەخورێت چ بۆ تورشیات یان چێشت .
**لۆبیا:** ڕووەکێکی گیایی هاوینەیە ، تۆوەکەی لەلایەن مرۆڤەوە بەسەوزی و بە وشکی بۆ خواردن بەکاردێت.
**ئەسپیناخ** : سپێناخ: رووەکێکی سەوزەواتییە ، وەک سلْقە بەڵام گەڵای بچووکتر و باریکترە ، دەکرێتە چێشت.

## ڕووەکە گیایی و بەهاراتییەکان:

**ترنجۆک:** ڕووەکێکی گەڵا توکنە ، وەک گەڵای گوڵەباخە، بۆنی وەک بۆنی نارنجە دەکرێتە شۆربا و بۆ نەخۆشی پێست زۆر بەسوودە.
**چا:** رووەکێکی دەوەنی هەمیشە سەوزی باڵابەرزە،لەخاکی شێداری ناوچە کەمەرەییەکان باشتر گەشە دەکات،بەتۆو یان بەقەڵەم زۆردەکرێت.
**خەشخاش:** تلیاك، ڕووەکێکی گیایی تەمەن یەک ساڵەیەتا مەتر و نیوێک بەرزدەبێتەوە، بەرەکەی کە پێ دەگات ، دەقلیشێندرێت و شیراوگێکی لێ دەردەهێندرێت و کەسانێک دەیکێش تا پێ بێ هۆش بن.
**خەنە:** دەوەنێکە هەندێکیان تەمەن یەک ساڵەن هەشیانە تەمەن درێژن ، رەگی مێخەکیە ، قەدی راست و لقدارە، گەڵاکانی سەوزە و دوای قاوەیی دەبێت،گەڵا قاوەییەکە وشک دەکریتەوە و دوایی ورد دەکرێت و دەهاڕدرێت،بەهۆی ئاوەوە وەک هەویری لێ دەکرێت ، ژنان دەیگرنەوە لەسەر و پرچ و ناولەپی دەستییان دەدەن.
**رازیانە:** یانسۆن، رووەکێکی گیای سەوزە، تا ١٠٠سم بەرزدەبێتەوە گەڵاکانی ورد و نەرمن ، دەخورێت ،گەڵاکانی بۆندارن، رەگ و قەدیشی بۆ دەرمانی پزیشکی بەکاردێت.
**ڕەشکە:** سیاوڵە،رووەکێکی گیاییماڵیە، تۆوەکەی وردو رەنگی ڕەشە، بۆنی خۆشە ،دەکرێتە ناو نان .
**زیرە:** بەری گیایەکی سەوزی وردی بۆن خۆشە بەسەر پلاو برنج دادەکرێت.
**زەردەچەوە:** ڕووەکێکی گیایی سەلکداری بەتەمەنە ، لە بنەماڵەی زەنجەبیلییەکانە ڕەگەکەی بە وشکی دەکوترێ و دەکرێتە هاڕدراوە و وەک بەهارات بەکاردێت بۆ تێکەڵکردنی لەگەڵ چێشتی برنج و ساوار .
**زەنجەفیل:** زەنجەبیل، ڕووەکێکە قەدەکەی گرۆییە وەک پەتاتە بەڵام ڕەقترە لە ژێر زەوی گەشە دەکات، سپی و وشک دەکرێت ، وەک بەهارات یان بە چێشت دەخورێت زۆر توون و تیژە.
**زەعفەران:** ڕووەکێکی گیایی پیازییە، لەسەرەتای پایز تا سەرەتای زستان گوڵ دەکات کە گوڵەکەی پشکووت ، ئەندامی مێینەی دەردەهێندرێت و لەگەڵ چێشتی برنج بەکاردێت.

**زریشک:** ڕووەکێکە تەمەنی لە دوو ساڵە زیاترە ، لە خێزانی زەنبەقییەکانە، لەدارستان شوێنە شێدارەکان دەژی،بەرێکی شێوە هێشووی وردی هەیە دەخورێت، بەس پاش پێگەیشتنی تەواو.
**شادانە:** گوشی هیندی ، کەناب ، ڕووەکێکی گیایی یەک ساڵەیە، بۆنێکی تیژی سڕکەری هەیە، تۆوەکەی دەدرێتە باڵندەی جوانی،قەدەکانی دەخووسێندرێت ، ڕیشاڵێکی لێ دەردەهێندرێت بۆ دروستکردنی پەت و چارۆگەی کەشتی بەکاردێت. ڕۆنێکی پەرشەوەبوو لە بەشەکانی دەردەهێندرێت و مرۆڤ پێ بێهۆش دەکات.
**شملی:** ڕووەکێکی ساڵانەیە ٢٠-٦٠ سم بەرزدەبێتەوە ، گوڵێکی زەردی بچووک دەگرێت و تۆوەکەی لەشێوەی گورچیلەیە و بچووکە، لەکۆنەوە لەگەڵ ڕەشکە بەسەر نانی خواردن دادەکرا.
**هێل:** ڕووەکێکی گیایی بۆن خۆشە ، تۆوەکانی لە چای خواردنەوە و خواردنی دیکە بەکاردێت.
تلیاک: خەشخاش،ڕووەکێکی گیایی ساڵانەیە، ١٠٠-١٥٠سم بەرزدەبێتەوە،گەڵای گەورەیە گوڵی شینی مەیلەو سپی بەرەکەی شێوەی خڕی هەیە،تۆوی وردە، ئەو ڕووەکە لەپێناوی بەرەکەی دەچێندرێت، درز لەبەرەکەی دەکرێت، شیراوگەیەکی لێ دێتە دەر و دوایی بەسەر بەرەکە دەمەیێت،کەمێک ڕەش دەبێت و وەک ئەفیون مادەی بێ هۆشکەر بەکاردەهێندرێت، چاندنی لەلایەن جووتیارەوە یاساخە.

## نەخۆشییەکانی ڕووەک:

**بن وشکە:** نەخۆشییەکە ئەدات لە بڕکی گندۆرە و شفتی و تەرۆزی و ئاروو بنی وشک دەکات و گەڵای زەردەکات و دەیمرێنێت.
**بنۆکەسپی:** دۆکەی گەندموو، نەخۆشییەکی کەڕووییە ، تووشی کۆمەڵێ ڕووەک دەبێت وەک ترێ و توون و گەنمەشامی و شووتی و کوولەکە و کاهوو و پیاز. لەسەر ڕووی سەرەوەی گەڵا پەڵەی قاوەیی زەردباو بەدەردەکەوێت.
**تاج ئاوسان** : نەخۆشییەکی بەکتیرییە توشی زەیتوون و بادام و قەیسی .... هتد دەبێت.
**تۆرە پەڵەی جۆ**: نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی جۆ دەبێت.
**تەڕەگەنیین**: نەخۆشیەکی بەکترییاییە تووشی سەوزەی داکراو دەبێت.
**جەوی دەرکردن**: کەتیرەدەرکردن، نەخۆشییەکی بەکترییاییە، تووشی ڕووەکی مزرەمەنی وەک قەیسی و خۆخ دەبێت بەهۆی جۆرێك لە کەڕووەوە.
**چەکەرەمردن**: مردنی ڕووەک بەساوایی بەهۆی بۆگەنبوونی ڕەگەکەی.
**درەنگە سۆتەکە**: نەخۆشییەکی کەڕووییە لەهەندێ ڕووەک دەدات وەک تەماتە.
**دۆکە:** نەخۆشییەکی کەڕووییە لە گەڵای کۆمەڵێ ڕووەک دەدات وەک سێو و خۆخ و مێو و گوڵەباخ و تەماتە و بیبەر و ......بەشێوەی توێژێکی سپی دەردەکەوێت.
**ڕێڕێبوونی جۆ** : نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی جۆ دەبێت.
**ژەنگ**: نەخۆشیەکی کەڕووییە، لەگەڵای ڕووەکی وەک گەنم و جۆ دەدات دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵەی قاوەیی و دوایی ڕەش دوایی گەڵاکە وشک دەبێت.
**سندان:** دەردێکە لە زۆر میوە دەدات وەک شووتی و گندۆرە و تەرۆزی...

**سۆتەکەی برنج** : سۆتەکەی مەرەزە، مل گەنینی برنج ،نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی برنج دەبێت.
**سیسبوون:**نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی زۆرێک لە ڕووەکە سەوزەواتەکان دەبێت. سیسبوونیش زۆری هەیە وەک سیسبوونی فیوزارمی ، سکلۆرۆشی.
**کورتەبنە:** نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە تووشی گەنم و جۆ و برنج دەبێت
**کوێروو:** خەڵووزە، کوورک، نەخۆشییەکی کەڕووییە تووشی کۆمەڵێ دانەوێڵە دەبێت وەک گەنم و گەنمەشامی زەرد و سپی ، پیاز.
**گرێیە بەکتیری:** نەخۆشییەکی بەکتیریاییە زیاتر تووشی زیتوون دەبێ.
**گڕە:** شەرا، نەخۆشیەکە بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و بای گەرم  لە شینایی و بیستان دەدات.
**گەری**: نەخۆشییەکی کەڕووییە تووشی سیو و هەرمێ دەبێت.
**گەڵاکونبوون** : نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی زۆرێک لە ڕووەکە میوەجاتەکان دەبێت، وەک خۆخ و قەیسی و باوی.
**گەلالۆچبوون**: نەخۆشییەکی کەڕووییە، تووشی گەڵای کۆمەڵێ ڕووەکی میوەجات دەبێت، وەک خۆخ و باوی و هەڵووژە.گەڵاکانیان باریک و لۆچ لۆچ دەکات.
**گەنینی خۆڵەمێشی:** گرێ و تەنیشتە لق و گەڵاکانی ڕووەک بۆگەن دەبن بە هۆی بەکتریاوە.
**لاڕەشەی تووتن**: نەخۆشییەکی کەڕووییە تووشی تووتن دەبێت.
**لەزە سۆتەکە**: نەخۆشییەکە بە هۆی کەڕووە ناتەواوەکان تووشی تەماتە و پەتاتە دەبێت.
**مۆزایک:** نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە تووشی گەڵا و قەد و بەری کۆمەڵێک ڕووەک دەبێت وەک مۆزایکی تەماتە و تووتن و ئاروو و پەتاتە شووتی پاقلە و فاسوولیاو سێو و
**ئاگرۆکە** : جۆرە نەخۆشییەکە لە سەوزەوات دەدات وەک تەماتە.
**ئاگرەسۆتەکە:** جۆرە نەخۆشیەکی بەکترییاییە لە بەری ڕووەکی وەک سێو و هەرمێ دەدات و دەیسووتێنێت و لە لقی بریندااریش دەدات هەروەها گوڵی ڕووەکەکە ڕەش هەڵدەگەڕێنێت و  دەیسووتێت ، ئەوەش لەئەنجامی پلەی گەرمای سەرووی ٤٠س و شێداری زۆر پەیدادەبێت.

## ناوی مێرووەکان

**بالیفۆکە:** تەتەڵە میرانە ، توتکە شوانە ، کرمەشوانە، مەڕێ خوای، مێرووەکی ژەهراوییە لەسەرەتای بەهار بەدەردەکەوێت ،دوایی دەبێتە پەۆولە ودەمرێ.
**پڕەوشکە**: جۆرە کرمێکە لە ژێ زەوی لە رەگی تووتن دەدات و لەناوی دەبات.
**بێوکە**: قالۆچەی خاپرا، قالۆچەی پێست، جۆرە مێرووەکی وردە، لە لباد دەدات و کونی دەکات.زیان بە جل و بەرگی هەڵگیراوی ماڵیش دەدات، لەسەر پەنیر و خوری و بەروبوومی ئاژەڵی داکراویش دەژی.
**پشکەبەقوونە**: تەیارۆکە، مێرووەکی باڵدار تەنکە لەشێوەی فڕۆکەیە.

**پند:** له پۆلی جالجالۆکەیین ، سێ جۆرییان هەیە هەندێکییان لەسەر خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵ دەژیین ، هەندێکیشییان ئاوگی رووەک دەمژن و زیانی پێ دەگەیەنن. هەندێکیش زیان بە خۆراک و دانەوێڵەی داکراو دەگەیەنن.
**پێشکە سپی:** مێشوولەی سپی، لە هۆزی باڵ لەیەکچووەکانە،ئاوگی رووەک دەمژێت و وشکی دەکات.
**پێشکە:** مێشوولە : مێرووەکی باڵداری بچووکە خوێنی مرۆڤ دەمژێت .
**پیکبڕە:** قەف بڕە، کرمێکە لەسەرەتای بەهار لە قەفی گەنم دەدات بەسەوزی ، لاسکەکەی دەکرتێنێ.
**پەپوولە:** پەروانە، بەلبەلیتانک.
**پەلەپیزەی تەماتە:** تووتە ئەبسلووتە، مێرووێکی بچووکە زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و زیانی زۆر بە تەماتە دەگەیەنێت.
**تەپۆ:** جۆرێکە لە مێشوولە لەقەبارەدا گەورەیە.
**تەتەڵەمیرانە:**بالیفۆکە کرمێکی ڕەنگاو ڕەنگی تووکنی بەهاریە ، بەکۆمەڵ دەژین،دوو ڕێز پێی هەیە.
**تەشیلۆکە:**سەرکەتەشی ، تەیارۆکە، چکڵە بەکنگە،پووشکە بەسکە، لەخێزانی باڵ تەشیلەییە. مێرووەکی باڵدارە ، لەسەر گۆماو و ڕووەکەکان دەژی.
**جاڵجاڵۆکە:** پس پسەکەڵە. داپیرۆچکە ، تەونۆکە ،مێرووەکە لەسەر گەڵای ڕووەک و قوژبنی دیوار و خانوو تەونێک دروست دەکات بۆ نێچیرگرتن. گەڵاکان وشک دەکات.
**جۆبڕکە:** مڵە ، ڕەگ بڕکە ، مێرووەکی قرتێنەری باڵ ڕاستە، لەژێر زەوی دەژی و توونێل لێ دەدات، ڕەگی ڕووەک دەقرتێنێت..
**چەکەرەخۆرەی گەنم:** لە هۆزی باڵ کاڵانییەکانە، گەڵای رووەک دەخوات.
**خاڵخاڵۆکە:** داپیرۆچکە، مێرووەکی سوودبەخشە، شۆکە دەخوات، دەفڕێت، ڕەنگی باڵەکانی سوورێکی جەرگیە و خاڵدارە. مێرووەکە سەرباڵەکانی سوورە و خاڵی رەش رەشی تێدایە ، میرووی لە خۆ بچووکتر دەخوات وەک شۆکە ، فە . خا فە . خاۆکە سوودی بۆ رووەک هەیە لە زیانی شۆکە دەیپارێزی، منداڵ دەڵێن خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە.
**خاڵۆزە:** خارۆزە: مێرووەکی بچووکە لە هۆزی باڵ کاڵانییەکانە، مێرووێکە لەشێوەی قالۆنچەی نیوە خڕە، گەڵاو گوڵ و بەر دەخوات زیاتر زیان بە بڕکی گندۆرە و تەرۆزی و پیاز د و درەختی وەک ئەسپیندار دەگەیەنێت.
**داپیرۆچکە:** بێوەژنەڕەشە: جۆرێکە لە جاڵجاڵۆکە، مێرووەکی بچووکی ڕەشە ، تەون دەکات بۆ گرتنی نێچیرەکانی.
**دووکلکە:** دەرزی پیرێژن ، جۆرە مێرووەکە زیان بە رووەک دەگەیەنێت.مێرووی شۆکەش دەخوات.
**زلەمڕە:** کرمە گەورەی مێوی هەنگ .
**زێروو:** مێرووێکە لەناو کانی و جۆگەی ئاوێ دەژی و خوێنی مرۆڤ دەمژێت و لەکاتی ئاو خواردنەوە دەچێتە ناو قوڕگی مرۆڤەوەو زیانی پێ دەگات.

**زیکزیکە:** سیکادا،مێرووەکی باڵدارە ، لە هۆزی باڵ لەیەکچووەکانە،ڕەنگیان سەوزێکی کاڵە یان زەردە، زیان بە مێو و درەخت دەگەیەنێت، لەماڵ لەسەر ڕووەکەکان دەژیین . بەتایبەتی لەسەر گەڵای مێو و درەختی تر دەژییێت. دەنگێکی زۆر بێزارکەرییان هەیە.

**زەردەواڵە:** زەنگەسوورە، زەنگەسۆرە، ستانگ، مێرووەکی مەیلەو سووری کۆمەڵایەتییە ، هیچ سوودی دیاریکراوی بۆ مرۆڤ نییە ، زیان بەمێشهەنگوین دەدات و بەپێستی مرۆڤ وەبدات هەڵی دەئاوسێنێ.

**زەرگەتە:** زەردەزیزە،مێرووەکی باڵدارە لەشێوەی زەردەواڵەیە ، بەڵام بچووکتر و باریکترە ، بەکۆمەڵ دەژین چزووی ژەهراویە.لەناو گڵ و لە دەرزی دیوار بە قوڕ ماڵ دروست دەکەن

**زەروو:** کرمێکە لەناو ئاوی کانی هەیە خوێنی پێستە دەمژێ ، ئاویش پاک دەکاتەوە.

**سرپس**:لەهۆزی باڵ ڕیشاڵییە،زیان بە گەڵای رووەک دەگەیەنێت و شیلەی دەمژێت وسیسی دەکات.

**سمە:** مێرووی کونکەر، وەک قەدسمە کەمێرووەکە لە قەدی گەنمەشامی دەدات.

**سن:** کیسەڵە، لە هۆزی باڵ نیوەییەکانە، مێرووێکەبەقەد مێشەکی گەورە دەبێت، زیان بە گوڵی گەنم و جۆ دەگەیەنێت لە کاتی پەیدابوونی شیر لە دەنکدا، ناهێڵێت ببێتە ئارد.

**سنی ئارداوی**:لە هۆزی باڵ لە یەکچووەکانە، رەنگی قاوەییە،ئاوگی ڕووەوک دەمژن .

**سوونگ**:سۆنگ ، سووسە، مێرووەکی زیانبەخشە، وەک شوونگی وێنجە و گەنم . (سوسةالحنطة)

**سوونگی وێنجە:** لە هۆزی باڵ کاڵانییەکانە، مێرووەکی رەنگ خۆڵەمێشی کوڵکنە، بێ پێیە ، گەڵا کون دەکات و دەیخوات.لە گەنم و برنج و دانەوێڵە بەگشتی دەدات.

**سیسرکە:** مێرووەکی ناو ماڵانە پیس و بێزارکەرە.

**سەگ مەگەز:** مێشە سەگانە ، مێشێکە گەورەترە لە هی ماڵان بە سەگ وەدەنووسێ لێی نابێتەوە.

**سەوزەکرم**: لاڤاکما، مێرووەکی رەنگ بۆر ، بە بەهار و پایز گەڵا دەخوات.

**شۆکە:** گەزۆ، شەکرە، مێرووەکی بچووکە، ڕەنگ و شێوەی جودایە، باڵدار و بێ باڵی هەیە.ئاوگی گەڵای ڕووەک دەمژێت، دەبێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆس.

**شۆکەخۆر:** شێرەشۆکە، مێرووەکی کەمێك گەورەیە شۆکە دەخوات.

**شێرەکوللـە** : کولەیەکی گەورەی باڵ ڕاستەو ناتوانێت بفڕێت، لەشی درێژە، پێیەکانی پێشەوەی زۆر گەورەن.

**شێرەمێرووله:** گورگۆکە، فسەگورگ، فسۆک (پیرێژنۆکە) مێرووەکی نێچیرگرە ، لەسەر زەوی نەرمانی سەر ڕێگای مێرووەکان چاڵ لێ دەدات و خۆی لێ دەشارێتەوە، هەرمێرووەک بکەوێتە ناوچاڵەکە لەلایەن پیرێژنۆکە دەبتە نێچیر و دەخورێت .

**قازی بازاڕ:** مێرووەکە لەخێزانی قالۆنچەکانە، رەنگی زیویە و بن باڵەکانی ڕەنگاوڕەنگن، لەسەر پاشماوەی ڕووەک دەژییت لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ بەدەردەکەوێت.

**قالۆنچە**: قالۆچە، گووخلێنکە، لە هۆزی باڵ کالانییەکانە، مێرووەکی قرتێنەرە، رەنگی ڕەشەو زیان بە ڕووەک دەگەیەنێت، مێرووەکی پیسخۆر و ڕووەک قرتێنەرە.
**قەدسمە**: مێرووی زیان بەخشن ، قەد و لقی ڕووەک کون دەکەن ، لە جۆرەها دارو درەخت دەدەن.
**کرمی زەوی**: گڵ خۆرکە، کرمێکی مەیلەو سووری ئەلقەدارە، لەناو خاکدا دەژی، بەسوودە بۆ هەڵگێڕانەوەی خاک و شیکردنەوەی گەلاکان.
**کرمی کاڵەک**: مێشی کاڵەک
**کرمی گەڵای پەمۆ**: برۆدینیا، لە هۆزی باڵ پوولەکەییە، زیان بەگەڵاو گوڵی بەروبوومەکێڵگەییەکان دەگەیەنێت.
**کرمی مێخەکی شووتی**: کرمی بزمار، بەری شووتی کون دەکات دوایی شوێنەکە ڕەق دەبێت
**کرمی ئاوریشم**: کرمی ئارمووش، مێرووەکی بەسوودە مادەی ئاوریشم دەردەدات، ئەو کرمە لیکاو دەردەکات لەدەوری خۆی تاهەرچوار لای خۆی دادەخات و خۆی دەمرێ ، ئەوکرمە دەکوڵێندرێ و دەبتە ڕیشاڵ و دەڕێسرێ قوماشی ئاوریشمی لێ دروست دەکرێت.
**کرمە مارانە** :نیماتۆدا، بە گیانلەبەر دەژمێردرێ ، شیوەی دەزوولەیی هەیە ، زیان بەڕەگی ڕووەک ، بەتایبەتی درەختەکان دەگەیەنێت .
**کرمەفاق**: کرمی کێڵگەی گەنم
**کرمەلیقە**: بەزاقە ڕووتە، کرمەلینجە، گیانەوەرێکی کرمییە لەشوێنی شیدار لەکاتی بەهار زۆرتر بەدەردەکەوێت ، بەری گوڵ و رووەک دەخوات .
**کرۆشە**: جۆرە کرمێکە زیاتر لەگەنم و جۆ دەدات ، بەتایبەت لەسالانی کەم بارانی، یەکەمجار لەرەگی دەدات ، دوایی سەردەکەوێت بەسەر قەدەکان و وشکییان دەکات.
**کوللە**: کلۆ ، مێرووەکی قرتێنەری لە هۆزی باڵ ڕاستەکانە ، هەموو جۆرە گیا و گەڵای رووەک و درەختێک دەخوات. جۆری زۆرە.
**کولەحاجی**: ماینە پێغەمبەر، مێرووی کولەیە بەڵام پەلەکانی پێشەوەی زۆر درێژن.
**کووزبڕکە**: وەک دووپشکە بەڵام ڕەنگی زەرد و لەشی ڕوونە، زیان بەمرۆڤ ناگەیەنێت، بەڵام ڕەگی ڕووەک دەخوات.
**کێچ**: گیانەوەرێکی بێ بڕبڕەدارە و بێ باڵە ،جۆری زۆرە و لەسەر خانەخوێ دەژیێت،بە هۆی ئەو لموزەی لەپێشەوەی دەمی هەیە پێست بریندار دەکات و خوێن دەمژێت.
**گورچە**: ماسیلە ، پشت ماسی، ماسیلکە، زیقزیقۆک، مێرووەکی بچووکی زەردە لەناو زێراب و گەرماو دەبیندرێ.
**گوڵەئەستێرە**:مێرووەکە لە پلەی قالۆچە، دەفڕێت، بەشەو ڕووناکی دەدات، لە ئەنجامی ئۆکساندنی مادەی لۆسیفیرین.

**گێرکە:** جۆرێکە لە مێرووولە لەقەبارە بچووکن و ڕەنگ زەردن و لەماڵان دەژیین،بەکۆمەڵ دەژیین لەسەر شیرناتی (کاربۆهیدرات وەک شەکرو سلیلۆز) دەژین ، هی ماڵان بچووکە ، هی کێڵگەکان گەورەترن.
**لوولپێچ:** ئاژەڵێکی نابڕبڕەدارە، لەشوێنی شێدار دەژییێت، لەشێکی سەدەفی هەیە کە لە کاربۆناتی کالسیۆم پێکهاتووە، ڕەگی ڕووەکی گیایی دەخوات.
**مارەزیو**: هەزارپێ، پربە، زێور ، کشە، گیانەوەرێکی خشۆکە و پێی زۆرە و کلکی وەک مقەسە.
**ماینەپێغەمبەرە:** ماینی حەسەن و حوسێن، مێرووێکە لە کولە گەورەترە، ڕەنگی سەوزە سەری گەورەیە و قاچی درێژە.
**مووخۆرکە**: خۆرک، لە هۆزی باڵ کالانییە ، رەنگی رەشێکی قاوەییە، زیان بەوکەل و پەلانە دەگەیەنێت، کە لە دار و خوری و پێستە دروستکراون.
**مۆرانە**: مێرووێکی باڵ یەکسانە و بچووکە و نەرمە،خۆی لە تیشکی خۆر دووردەخاتەوە . بەکۆمەڵ لەسەر داری وشک و قەد و ڕەگی رووەک و پێخەفی ناو ماڵ و شتوومەکی لە خوری دروستکراودەژیین .
**مێرووستان:** مێروولە: لەکۆمەڵەی باڵ پەردەییەکانە ، بەشێوەی کۆمەڵ دەژیین.
**مێش:** مێرووێکی زیانبەخشی باڵدارە ، لەسەر پیسایی و شتی ڕزیو دەنیشێت.زۆر جۆری هەیە ، مێشی ماڵان ، مێشە سەگانە ، مێشی کەر و گا، مێشی شێر> مێشی ژێرزەوی.
**مێشوولە:** پێشکە، مێرووەکە لە کۆمەڵەی دوو باڵەکانە، دەمی بۆ خوێن مژین بەکاردێنێ و زیانبەخشە..
**هێلکەشەیتانۆکە**: (ڕوون دز)(گوێچکەماسی) گیانەوەرێکی نەرمۆڵەی سەدەفداری رووەک خۆرە ، لەناو باغ و باخچەکان زۆرە لەکاتی شێداری زیاتر بەدەردەکەون.
**هەڵپەزۆک:** بازدەر، مێرووێکە پازپازۆکێ دەکات لەسەر گەڵاکان.
**هەنگ:** مێرووەکە لە کۆمەڵەی باڵ پەردەییەکانە، چزوودارە، لەناو شانە بە کۆمەڵ دەژیین ، بەکۆمەڵ دەژیین ، سوودبەخشن، ماڵی و کێوی هەیە، هەیە کێوییەکانی لەناو درزی دار و شاخ دا شانە دادەنێن ، ماڵییەکانیان بەخێوکەری هەنگ پوورەی بۆ دروست دەکات، شیلەی گوڵ و دەنکە هەڵاڵە کۆدەکەنەوە ، هەنگوین و مۆم بەرهەم دەهێنن.
**هەنگخۆر**: ڕەنگاڵە.باڵندەیەکە هەنگ دەخوات.
**ئالەکوڵ**: گاگڵێنە کرمێکی ژەهراوییە بە گیاوە دەنووسێت ئاژەڵ بیخوات پێی دەمرێ.
**ئەسپێ**: مێرووەکی خوێنمژە لەسەر لەش و پرچی مرۆڤ و تووکی پەلەوەر دەژی .
**ئەکارین:** بەرهەنگ ، پندێکە زیان بە مێش هەنگوین دەگەیەنێت.

## بالّندەکان :

**باران برە:** لەپڕەسێلکە گەورەترە ، ڕەنگی ڕەشێکی بۆرە یان کاڵە ، لە دیوی دەرەوەی دیواری خانووی بەرز لەناو ئاوەدانی هێلانە دەکەن ،ئێواران پێش ڕۆژئاوابوون زۆر لە ئاسماندا باڵەفڕەی دەکەن، لەناوەڕاستی بەهار پەیدادەبن ، دەڵێن کە ئەو باڵندەیە هات باران ناباریٚ ، بۆیە ناوەکەشی لەوەوە هاتووە.

**باز:** باڵندەیەکی بەهێز و دەندووک قولابیە بۆ ڕاوشکار بەکاردەهێندریٚ. شێوەی جوان و خێرافڕە،مێیەی لە نێرە گەورەترە،لەدەشت و کێوان دەژی ، هێلانەی لە لێڕەواران سازدەکات ، جاری وا هەیە کۆنە هێلانان ئاوەدان دەکاتەوە.باڵندە و ئاژەڵی لەخۆی گەورەتر ڕاو دەکات. باڵیان پان و کلک و ملیان کورتە، لەسەر دار و ڕەوەزان هێلانە دەکەن.

**باشووکە:** جۆرێکە لە هەڵۆ و باز ، هێندەی کۆتر دەبێ، چاوی زۆر تیژە. ڕەنگی ڕەش و سپیە ، زۆر خێرا دەفڕێت، دەندووکی وەک قولاب چەماوەتەوە، کۆتر و چۆلەکە و باڵندەی وەک قەتێ و سوێسکە و کەو دەخوات، باشووکەی لاق درێژ و لاق کورت هەیە.

**بوغازە:** کەمێك لە سۆفەقیتەی گەورەترە و لەهەمان کەش و هەوا دەژی.گۆشتیان دەخوریٚ.

**بولبول :** غوزار: هوزار، باڵندەیەکی مەیلەو ڕەشی بچووکی دەنگ خۆشە، نێرە و مێیەی لە ڕەنگ لێک نزیکن.لەدەرەوەی ئاوەدانی دەژین.

**بولبولی خورما** : لەبولبولی ئاسایی گەورەترە، نێرە و مێیەی یەک ڕەنگن (ڕەشە)لە ناو باغی خورما درەختە مزرەمەنییەکان هێلانە دەکەن ، خورما خۆرن.بەتاک و کۆمەڵ دەژیین. تەمەنی ژیانیان هەتا ٢٠ ساڵ دەڕوات ، مێیە ٤ هێلکە دەکات، دوای ٢٥ ڕۆژ دەترووکێن ، بێچوو دوای دوو ساڵ ئنجا جووت دەبن

**بووتیمار:** باڵندەیەکی گەورە و ماسی خۆرە، دەندووک و ملی درێژە و کلکی کورتە،پەڕەکانی سەوز و سپی وە شینە،لەکەنار ڕووبارەکان دەژی، ئاو کەم دەخواتەوە.

**بەرگایلکە:** باڵندەیەکی بچووکە لە کاتی کێڵان لە دوای گاجووت دەڕوات و کرم دەخوات. کلکی دەلەقێنی.

**پاساری** : سواندووکە، چۆلەکەی ناو ماڵان لە ژێر سواندووکەی خانووان هێلانە دەکەن.

**پۆڕ:** ماریا، مریشکی دەشتێ، زێوەکەو، لە قەبارەدا لە سوێسکە گەورەترە ، ڕەنگیان بۆر و ڕەشە و کەمەک زەردیشی تێدایە ، لاقی سوورە، نێرە و مێیە بە جووتە دەگەڕێن ،  زۆر خۆی حەشاردەدات، لەسەر زەوی لەناو گیاوگۆڵ هێلانە دەکات. گۆشت و هێلکەی دەخورێت .

**پەپوسلێمانە: پۆپیتە سلێمانە**:باڵندەیەکی جوانی ڕەنگاو ڕەنگە ،کڵاوێکی لەسەرە ، سەر و ملی قاوەییە ، کلک و باڵی بەڵەکە کاکۆڵی قاوەیی کاڵە، سەری کاکۆڵی ڕەشە، دەندووکی باریک و درێژ و خوارە، نێر و مێی یەک ڕەنگە، لە کوختی بچووکترە ، لەدەشت و دەر دەژی، گۆشتی ناخوریت، بە باڵندەیەکی پیرۆز و گوناح ناسراوە. لە کونی دیوار و داران دا هێلانە دەکات، هاوینان لەکوردستان زۆر بلاوترن .

**پەپوولە:** مێرووەکی باڵ پوولەکەیی جوانە. قۆناغێکی ژیانی مێرووەکانە.
**پەرەسێلکە:** حاجی ڕەشک، دوومقەسک، پلیرسیرک ، پلیرسیری، باڵندەیەکی باریکە ملی قووڵەباڵی درێژ و نووک تیژە کلکییان دوو لکە ،دندووکیان کورتە ، پێیان بێهێزە،بە کۆمەڵ دەژین ،ئەو جۆرەی لە کوردستانە ، باڵندەیەکی بچووکی بێ وەیە، سەرباڵەکانی ڕەشە و بن سکی سپییە ، نێرە و مێیەیان یەک ڕەنگە، لەژێر رەوەز و کەلێن و قوژبنی بن میچی خانوو بەقوڕ هێلانە دەکەن، لە هەوادا مێش و مەگەز دەخۆن.
**تاوس:** پەلەوەرێکە لە مریشک گەورەترە و لە عەلەشیش بچووکترە، تووکی لەش و باڵەکانی ڕەنگاو ڕەنگێکی جوانن ، کلکیان درێژە و کاتێ خۆنمایش دەکەن کلکییان وەک شێوەی نیمچە بازنەیەک دەکەن. بە جوانترین باڵندە دادەندرێن، قاچیان ڕەشە تا ٢٥ ساڵ دەژی، لە بەهاردا نێر بەسەر مێ دا دادەفسی، مێیە دوای تەمەنی سێ ساڵی هێلکە دەکات ، ساڵێ ١٢ هێلکە دەکات ، مەرج نیە هەموو مانگێ هێلکەک بکات،
**توڕلی :** لە کۆتر گەورەترە و رەنگی بۆرە و ملی درێژە و لاقی گەورەن ، لەناو دەغڵ و وەردان دەژیین ، گۆشتیان دەخورێت.کاتێ دەخوێنێ وەک بڵێی دەڵێ توڕلی توڕلی.
تووتی: بەبەغا، باڵندەیەکە بە ئەندازەی کۆتر دەبێت بیری زۆر تیژە و قسەی گوێ لێ بێت دەتوانی قسەکەی لە مێشکی هەڵگرێت و بیڵێتەوە،بە قاچەکانی شت بۆ دەمی دەبات تا بیخوات.
**تیترواسک:** زیقاوڵە، باڵندەیەکە بەقەد کۆترێک دەبێ خۆی سپییە و سەرباڵی ڕەشە،لە شوێنی بەرد و زیخەڵان هێلانە دەکات،هەر زیقە زیقیەتی بۆیە پێی دەڵێن زیقاوڵە.
**تەڕلان:** باڵندەیەکی گۆشتخۆرە لە هۆزی بازەکانە.
**جوڕە:** لە سۆفە قیتە گەورەترە و لەش و لاری باریکترە و ڕەنگ بۆرە، لەدەو جۆگەی ئاو دەژی.
**جوقە**: باڵندەیەکی بچووکی ڕەنگ بۆرە لە چۆلەکە بچووکترە.
**جۆخۆرکە**: چۆلەکە زەردە.
**چرگ:** پەلەوەرێکە ، لە شێوەی عەلەشیشە. ڕەنگی بۆرە و خاڵی تێدایە، تواناى فڕینی هەیە، لەناوچەی وشکاوی دەبینرێن ، کە زەوییەکی سەوزبێ ، مل و لاقییان درێژە،باڵییان گەورەیە ، دندووکیان ئەستوور و پانە ، حەز بە ئاوەدانی ناکەن ، لە فڕیندا تەپن ، نێرە و مێیەیان لە ڕەنگ جودایە ،لەناو دەغڵ و دانی گەنم زۆر دەبینرێن ، سیقەتۆرەیان نییە ، ورگییان هەیە، لەزەوی ڕووتەن هێلانە دەکەن مێیەکەی دوو هێلکە دەکات، بەهاران جووت دەبن ،نێرەکەی وەک عەلەشیشی نێرە خۆی گڤ دەکاتەوە و بەدەوری خۆی دا دەخولێتەوە. نێرەی لە مێیەی گەورەترە، نێرەکەی خەتی سپی لەبەر سینگیەتی ، مێیەکەی نیەتی. لەوەرزی بەهاران لەکوردستان پەیدا دەبێ، لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ هێلانە دەکات، گۆشت و هێلکەی دەخورێ ، هێلکەی بە قەد هێلکەی عەلەشیش دەبێ.
**چۆلەکە:** کێشکە،سڤانک، باڵندەی بچووکە لەناو ئاوەدانی دەژین ، نێرە و مێیەی لەڕەنگ جوودایی هەیە ، نێرەیان گەورەترە لە مێیە و خەتی ڕەش بەسەر سینگ و ملی دا هەیە مێیەکەی بۆرە و خەتی نییە. گۆشتییان دەخورێ. ٢-٣ هێلکە دەکەن.

**چین وماچین**: مریشکی کینیا ، مریشکی حەبەشە. جۆرێکە لە مریشک ڕەنگی پەڵەی رەش و سپیی تێدایە.
چەرخ: باڵندەیەکە وەک شاهۆیە ، بەڵام قاچی ئەستوورەو حەز بە ناوچەی کوێشتان دەکات.
**حاجی لەق لەق**: باڵندەیەکی گەورەیە و لاقی درێژەو دەندووکیشی درێکە سپییە و سەرباڵی ڕەشە،لەناو ئاوەدانی لەشوێنی بەرز هێلانە دەکات، مار و ماسی و بۆق دەخوات، لەکاتی بەهار پەیدادەبێت و ٢-٣ هێلکە دەکات ، باڵندەیەکی بێ وەیە و مرۆڤ بە باڵندەیەکی خۆشەویست و پیرۆز تەماشای دەکەن و ئازاری نادەن. بەحاجی لەقلەقی ڕەنگ ڕەش دەگوترێ حللێر.
**حوشترمرغ**: بەعەرەبی پێی دەڵێن (نەعامە)، پەلەوەرێکەو لەشێوەی عەلەشیشە، لەلایەک بە حوشتر دەچێت و لەلایەک بەباڵندە، بەڵام لە قەبارەدا زۆر گەورەیە، بڵندییەکەی تا ٣ م دەبێت و کێشی هەتا ١٠٠کگم دەروات، باڵەکانی بچووکە، ناتوانێت بفڕێت، شاپەڕی نییە و بە خێرایی دەڕوات،مێیەکانیان بە درێژایی تەمەنییان ٢٠ هێلکەیەک دەکەن ، هەر هێلکەیەکی بە قەد ٢٥ هێلکەی مریشک دەبێت، ڕووەکخۆرە و خۆی گۆشت و هێلکەی دەخورێت، کێوی و ماڵی هەیە.
**خەرتەل**:داڵاش،داراش،داڵاکەرخۆرە، باڵندەیەکە لەخێزانی هەڵۆکانە، لەقەبارەدا گەورەیە، بەڵام لە داڵ بچووکترە، بەکۆمەڵ دەژیین ، لەسەر شاخە بەرزەکان هێلانە دەکەن ، گۆشتی کەلاکی مردوو دەخوات. گۆشتی ناخورێت.
**داڵ**: سیسارکە کەچەڵ،کەرگەس ، کەرخۆر،لاشەخۆر باڵندەیەکی گەورە و زەبەلاحە، گۆشتخۆرە و گۆشتیشی ناخورێ. سەری باریکی بێ پەڕی هەیە ،دەندووکی چەماوە و بەهێزە و مل و سەری ڕووتە کەچەڵە ، باڵەکانی پان و گەورەن لە ناوچەی شاخەکان لەڕەوەزی بڵند هێلانە دەکات ، کەلاک و لاشەی مردوو دەخوات، لەسەر گوفەک و زبڵخانەی شاران دەژی.
**دارکونکەر**: دارسمە:ئەو باڵندەیە لەسەر دار دەژی و دندووکی درێژ و بەهێزە، زمانییان درێژە و لاق و کلکییان بەهێزە، سەرسووری ، بەرسنگ زەردی باڵ ڕەش و سپییە ،نێرە و مێیەیان یەک ڕەنگە، بەقەد ڕیشۆڵەیەک دەبی ، زیاتر نێرەکانیان دار کون دەکەن و هێلانەی تێدا دەکەن، مێش و مەگەز و میوە و تۆوی میوە و شیلەی درەخت دەخۆن، جۆرییان زۆرە.
**ڕیشۆڵە**: ڕەشوێڵە: باڵندەیەکی کۆچەرییە ، لە پایزان و زستانان دێتە کوردستان، ڕەنگی ڕەشە خاڵی سپی سپی تێدایە ، دەندووک درێژە ، لە چۆلەکە تەواو گەورەترە، گۆشتی دەخورێ. لەدەشت و دەر دەژی ، پایزان کاتی جووتکردن زۆر بەدواوەی تراکتۆر و زەوی کێڵاوی تۆ پێوەکراو دەبن.گەنم و جۆو کرمی زەوی و مێرووی ناو زەوی کێڵدراو دەخوات، بە کۆمەڵ دەگەڕێن.
**ڕەنگاڵە**: کەندەسمە، کول کولی ، مێش خۆر، هەنگەچینە، باڵندەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە ، لە کۆتر بچوکترە و لە پۆپیتە سلێمانە گەورەترە، لەناو قەد کەنداڵان هێلانە دەکات، مێش هەنگوین دەخوات و زیانی زۆر بەشانەیەی هەنگ دەگەیەنێت. هێلانە لەقەد پاڵی چیاکان دەکات.
**زڕەکەو**: جۆرێکە لە سوێسکە ، وەک کەوە، بە کۆمەڵ لە ناو گژوگیا دەژیین.

**سووێسکە**:سووسکە، زرەکەو، کاسەکەو، مارەکەو، تەیهوو، باڵندەیەکی جوانیە لەخێزانی پۆڕ و کەوە، لەقەبارەدا وەکو کۆترە و لە شێوەو رەنگی وەکو کەوە و کەمێك بۆرترە، لە زەوی شێدار و نزیک جۆم و جۆگەی ئاو دەژین،لەبەهار هێلکە دەکەن ١٨ تا ٢٤ هێلکە دەکەن، لەسەر زەوی هێلکە دادەنێن، لەکۆتایی بەهار بێچووەکانیان پەیدادەبن ، بێچووەکان کە لە ناو هێلکە هاتنە دەرەوە بەخێرایی جولە دەکەن ، خۆراک بۆ خۆیان پەیدادەکەن، لەناوچە زورگ و شاخاوییەکان دەژیین گۆشتیان دەخورێ .
**سۆفەقیتە:** کلاوکووڕە، شوان هەڵخەڵەتێنە، سۆفیلکە، لە چۆلەکە گەورەترە، ڕەنگی بۆرە ، پۆپیتەی هەیە ، لە نزیک ماڵان دەژی ، کاتی دروێنەی جۆ هێلانە لەناو تەبارەی گەنم و جۆ لەسەر زەوی دادەنێت.گۆشتیان دەخورێت.
**سۆنە:** جۆرە باڵندەیەکی کێوی ئاوییە وەک مراوییە بەڵام بچوکترە ، ڕەنگی بۆرە.بە پۆل دەگەڕێن ، لەدەو ئاو و جۆمان دەژیین ، لەناو گیاوگۆڵان هێلانە دەکەن.
**شالوور**: باڵندەیەکی دەنگ خۆشە،دوور لە ئاوەدانی دەژیین ، حەز بەشوێنی ڕووتەن دەکەن،هەتا هەست بە مەترسی نەکەن نافڕن.هاوینان زۆرن ، لەشوێنی زەوی ڕووت هێلانە دەکەن ، دووهێلکە دادەنێن.
**شاهۆ**:شینەشاهۆ، باڵندەیەکی گەورەیە بەقەد حاجی لەقلەق دەبێت، باڵی سپییە بەس قاچ و دەنووکی ڕەشە، گۆشتی دەخورێت.
**شاهین**: شەهێن: باڵندەیەکە لە باز گەورەترە ،پەڕەکانی زەردە و پشتی خۆڵەمێشییە و ژێر مل و سکی قاوەییە ، گۆشت خۆرە. زۆر ئازایە.مێیەکانییان لە نێرەکان گەورەترن ، لەسەر ڕەوەز و زەوی هێلانە دەکەن، بەتەنیا دەژیین ، نێچیر بەلاق هەڵدەگرن و بە دەندووک ملی دەپەڕێنن.
**شمقاڕ:** باڵندەیەکە لە خێزانی هەڵۆکانە، لەشی باریک و باڵی درێژە ، نێرەکانییان لە مێیەکانییان بچووکترن ، هێلانە لەناو سەوزایی یان قامیشەڵان دەکەن ، گۆشتخۆرە.
**شوان خەڵەتێنە**: باڵندەیەکی مام ناوەندە مێروو و گیانەوەری بچووک دەخوات ، زیاتر بەشەوان دەردەکەوی ،چاوییان گەورەیە ، لاقیان کورت و بچووکە،باڵییان گەورە و کلک درێژن ،بەبێ دەنگ دەفڕن.
**شەمشەمەکوێرە**: باڵندەیەکی شیردەرە، بەشەوان لە ئاسمان دەفڕی، تووکی بەلەشەوە نییە و دەندووکی نییە، بەڵام ددانی لەناو دەمدا هەیە، دوو گوێچکەی بەرچاوی هەیە، بێچووی دەبێت و مەمکی هەیە و شیریان پێ دەدات، لەناو ئەشکەوت و لەکونەشاخان و لەناو ئاوەدانیش دەژی، مێش و مەگەز لە ئاسمان دەخوات.
**عاینەمەل**: توومخۆرە، غەزایی، باڵنەیەکە لەشێوە و رەنگ لە ڕەنگاڵە دەچێت. (مەردۆخی)
عەلەشیس: قەلەموون
**فیرنەگولە**: باڵندەیەکی ڕەنگ بۆری بچووکی خرپنە لە چۆلەکە بچووکترە ، نێرە و مێیەی وەک یەکن ، کلکی کورتە و زۆر بە جوولەن ، دەنگی خۆشە .مێش و مەگەز دەخوات .

**قاز:** باڵندەیەکی گەورەیە ، گۆشتی دەخورێ، حەزی لەشووێنی دەم ئاوە، رەنگی زیاترسپیە، قاچ و دەنووکی سوورێکی کاڵە.
**قاژقاژە:** جۆرێکە لە قەلەڕەشکە ،کلکی درێژە و رەنگی بەڵەکە ،پەڵە پەڵەی لە لەش دایە، کەدەخوێنێ هەر دەڵێ قغ. بە لەنجە دەڕوات و گۆشتی دەخورێت.
**قورینگ:** قولینگ، جۆرە باڵندەیەکە لەشێوەی قازە، لەشێوەدا گەورەیە، لە نزیک ئاو دەژی لەکاتی خوێندن دەڵێ قور قور. لاق و مل و باڵیان درێژە لە هی حاجی لەق لەق دەچێ. ،نێرە و مێیەیان لێک دەچن ، لەسەر زەوی هێلانە دەکەن ، لەدەو ئاو و چۆم و زۆنگاوان دەژیی، بە زستان زۆرن ، دوو جۆری هەیە شینە قولینگ و قڕقڕ.زۆر سرک و بە پارێزە، کاتێ دەفڕن بە نیزام دەفڕن یەکیان لە پێشەوە ئەوانی دیکە لەدوایەوە بەڕێز دەفڕن.
**قولتە:** هۆزار، باڵندەیەکی بچووکە لە دارکونکەرە بچووکترە، لە ناو شاخ هێلانە دەکات بە ئاسمانەوە دەنگی دێت، هێلانەی زۆر بە پتەوی دروست دەکات لە قوڕ و تاڵەبنێشت ، لەکاتی خوێندن کلکییان زۆر بادەدەن ، ٤-٥ هێلکە دادەنێنبە ١٢-١٨ رۆژان هێلکەکان دەترووکێن ،بێچووەکان تاماوەیەکی زۆر لەگەڵ دایک و باوکییان دەمێننەوە.
**قومری:** باڵندەیەکە لەشێوەی کۆترە بەڵام بچووکترە، سەر باڵی شینە ، خاڵی رەشی وەک ملوانکە لەملی هەیە.حەزی لە ناوچەی شێدارە، گەر ژینگەی گونجاو بێت تا ١٠ ساڵ دەژی.نێر و مێی بەوەفان بۆ یەک.
**قەتێ:** کوڕکوڕە، کەڕاوەڵە ، تڕەوەژە: باڵندەیەکی کێوی گەرمیانییە ، بچووکە هەندی کۆترێک دەبێت، رەنگی زەردەو خاڵ و هێڵی ڕەشی تێدایە، لەناو تەبارەی گەنم و جۆ و وەردان هێلانە لەسەر زەوی دەکات ٢-٣ هێلکە دەکات ، گۆشت و هێلکەی دەخورێت.
**قەلەباسکە:** قەلەباچکە، قەرەباچکە، قشقەڕە، باڵندەیەکە لە کۆتر گەورەترە کلکی ڕەش ودرێژە بە قونە دەڕوات گۆشتی ناخورێ. لەچەم و رووبار دەژی ، میوە و ڕووەک و مێروو دەخوات.گەڵای دارچنار دەخاتە ناو هێلانە.
**قەلەڕەشکە:** باڵندەیەکی قەبارە مام ناوەندە،پەڕوباڵی ڕەشە،بە باڵندەیەکی زیرەک دەناسرێ،لە ڕەوەز و ناو زەوی زاران دەژی ، هێلانە لەکونەدیوار و سەرزەوی دەکات، بە کۆمەڵ دەژیین.
**کڵاوکوڕە:** باڵندەیەکە لە کۆتر بچووکترە.
**کوندەپەپۆ:** بایەقووش، جوغد، باڵندەیەکی ڕەنگ بۆرە و لە کۆتر گەورەترە، لەخێزانی هەڵۆکانە، چاوی زۆر گەورە و جوانە، لەدەرەوەی ئاوەدانی دەژی ، لە کەلاوە و چۆلی دەژی مێرووو چۆلەکە و مشک و جورج دەخوات، بە باڵندەیەکی شووم ناسراوە. دوو چاوی جوان و زەقی هەیە،هێلانە لەسەر درەخت و لەناو شاخی بەرز دروست دەکات، مێیە ٢-٧ هێلکە دەکات و لەسەر کڕ دەکەوێت.
**کووختی:** کووکووختی، لە کۆتر بچووکترە، رەنگی رەساسییەکی شین کاڵە .هێڵێکی ڕەش بەسەر پشتی ملیان داهاتیە باڵندەیەکی وریا نییە ئێستا لەناو ماڵان دەژیین، گیا و دانەوێڵە دەخۆن ، هێلانە لەشوێنی

بەرز دادەنێن و دووهێلکە دەکەن، بە ١٣-١٤ رۆژان هێلکەکان دەترووکێن، دوای سێ هەفتە بێچووەکان دەتوانن بفرن.

**کۆتر: کەبووتەر،** باڵندەیەکی بچووکی بێ زیانە ، جۆرەها رەنگی هەیە ، لەناو ماڵان دەژیین ، نێر و مێ کە جووت بوون تا پێکەوە لە ژیان بن هەر بەجووتە دەمێنن ، نێر و مێ هێلانە دادەنێن، مێیە دوو هێلکە دەکات و بە ١٨ رۆژ هەڵی دەهێنێ ، نێرە و مێیە بە نۆرە لەسەر هێلکە و بێچووەکان کڕ دەکەون.ماڵی و کێوی هەیە.

**کۆترەباریکە:** کووکووختی ، بیبیسوو،کۆترەبنجیلە، تویلک، تڤیلک، باڵندەیەکە ، لە کۆتری ماڵان بچووکترە، ماڵیەکان لەسەر گلۆپی شەمعەی ناو ماڵان و سەعاتی کارەبا و دار و درەخت هێلانە دەکات، باڵندەیەکی وریا نییە. بەڕوو:دارێکی سروشتی گەڵاهەڵوەریوە ، بەرەکەشی پێی دەڵێن بەروو

**کۆترەکێوی:** جۆرە کۆترێکە شینە سەرباڵ هێڵدارە ، هێڵی ڕەش و سپی بەسەر باڵایدا هەیە، سەری کلکی ڕەشە، لەکۆتری ماڵانە گەورەترە. لەدەشت و دەر بەکۆمەڵ دەژیین، گۆشتیان دەخورێت، هێلانە لەقەد کەنداڵ و ناو ڕەوەزی شاخی تەمۆخ دەکات و دووهێلکە دەکات و بە ١٨ رۆژ هێلکەکان دەترووکێن و بێچووەکانیان دوو هەفتەی زیاتر دەوێت تا فێرە باڵەفڕە دەبن، هەیانە تێکەڵ بە کۆتری ماڵان دەبن .

**کۆلارە:** داڵ، باڵندەیەکی بەهێزە لەخێزانی هەڵۆکانە، لەناوچە گەرمەکان دەژی ، ، باڵیان درێژە بە نەرمی دەفڕن ، لەسەر دار هێلانە دەکەن کەلاکی ئاژەڵ دەخۆن . جووجکە و مریشک و کۆتر دەرفێنێ و دەیان خوات، نێرە و مێیەیان کە جووت بوون لەگەڵ یەک تامردن پێکەوە دەمێنن، هێلانە لەسەر درەختی گەورە دادەنێن.مێیەی کۆلارە ٢-٤ هێلکە دادەنێت و بە ٢٠ ڕۆژ هێلکەی دەترووکێت و بێچووەکانی زوو فێرە باڵەفڕە دەبن.

**کەڕەواڵە:** باڵندەیەکە لە بەهار دەردەکەوێت،گۆشتەکەی خۆشە لە تامی گۆشتی کەو نزیکە.

**کەناری:** باڵندەیەکی جوانییە و دەنگ خۆشە ، ٥-٦ ساڵ دەژی ، لە بەهار و پایز هێلکە دەکات ، ٢-٦ هێلکە دەکات ،دوای ١٤ ڕۆژ دەترووکێن ، دوای ١٤ رۆژی دیکە بێچووەکان بەخۆیان دان دەخۆن ، تۆی کەتان و شادان و گەڵای سپیناخ و کەرەوز و خاس دەخۆن.

**کەو:** قەپقەپۆك، باڵندەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشییە گۆشتی خۆشە و دەخورێ.لاق و دندووک و چڕنووکی سوورە،بە جووت یان بە کۆمەڵ دەگەڕێن و دەژیین،لەزستان زیاتر بەدەردەکەون، دەنگیان خۆشە بۆ خوێندن،بەهار و هاوینان زۆرتر دەخوێنن پێی دەڵێن قاسپەی کەو، ئێواران دێنە سەر ئاو و کانیاوان .جۆری زۆرە وەک خاسە کەو و زڕەکەو، گۆشی دەخورێ و بە لەزەتە. لەسەرەتای تەمەنی بەبێچووەکە دەگوترێت، بێچووە کەو یان فەرخە کەو، کە تەمەنی دەگاتە ساڵێک دەڵێن باڕەکەو ، کەدەبتە دووساڵ پێێ دەڵێن شاباڕ، کەدەبتە سێ ساڵ پێی دەڵێن خرتەکەو ، کەدەبتە چوارساڵ پێی دەڵێن سەرەکەو، دەبتە پێنج ساڵ پێی دەڵێن پیرە کەو ، بەنێرەکەشی دەگوترێ نێرەکەو ، بە مێیەکەی دەگوترێ ماکەو.

**کەودەری**: باڵندەیەکی گەورەیە ، زیاتر لە کێوە بەرزە ساردەکان دەژیین،پەڕ و باڵی بۆرە پڕە لە خەتی قاوەیی و سپی ، باڵندەیەکی ترسنۆک و وڕە، جووت جووت دەگەڕێن ، لەکاتی هەبوونی مەترسی زۆر دەفڕن،

**کەومار**: پەلەوەرێکە لەشێوەی کەوە بەس سەری بە مار دەچێ.کەو لێی دەترسن.

گۆرەویلە: باڵندەیەکە بە قەد چۆلەکەیەک دەبێت، گۆشتی دەخورێت.

**ماسیگرە:**باڵندەیەکی ئاوییە و ڕەنگی ڕەش و سپیە ماسی بچووک دەخوات.

**مراوی**: سۆنە، ، پەلەوەرێکی ماڵی و کێوییە، لە ناو ئاو بەتایبەت ئاویی قوڕاودا بەکۆمەڵ زیاتر دەژین. گۆشتییان دەخورێت ، کێویەکەی زیاتر لە ناو ئاوە و بچوکترە، هێلکە دەکات و گۆشت و هێلکەی دەخورێت. نێرەکەی سەرسەوزە و مێیەکەی بۆرە. زۆر بەهێزن بۆ فڕین، لەناو گیاو سەوزایی هێلانە دەکەن.

**مریشك**: مامر، مرغ

**مریشکە ڕەشە**: لەشێوەی مریشکی خۆمانەی ماڵانە ، بەڵام لەقەبارەدا بچووکترە، قاچی درێژە و توانای فڕینی هەیە.

**مینا**: باڵندەیەکی جوانی دەنگ خۆشە لە ماڵان لەناو قەفەز بەخێو دەکرێن ، ڕەنگی ڕەشێکی بۆرە بەرچاو و دەندووک و لاقی زەردە ، لاقی ڕووتە ، نزیکەی ٢٠ ساڵ دەژی ، بە پێنج دەنگ دەخوێنێ ، ٢-٣ هێلکە دەکات ، دوای ١٧ رۆژ هێلکەکان دەترووکێن ، خواردنیان کرم و سەموونی تەڕکراو و میوەیە.

**هوما**: سوورەداڵ، باڵندەیەکی کێوی گەورەی ڕاوکەرە، ، پەڕەکانی سەرپشتی خۆڵەمێشی مەیلەو مەیلەو سپییە، سنگی زەردو مەیلەو خەنەییە، لەسەر سەری چەند پەڕێکی بڵند لەهەردوولای بەرزبۆتەوە، خواردنی تەنها ئێسقانە ، وردی دەکات و دەیخوات.

**هەڵۆ**: باڵندەیەکی گۆشتخۆری چاو تیژی دڕندەیە لە لوتکە و شاخە بڵندەکان دەژی ، باڵندە و ئاژەڵی بچووک دەخوات.

**هەوێردە:کولەفڕە، کەڕاواڵە**، باڵندەیەکی بچووکی ڕەنگ بۆرە ، سەرپشتی هێڵی قاوەیی و کاڵ و ڕەشە،مێیەکەی بەرسینگی خاڵ خاڵە،زیاتر لە ناو شینایی و دەغل و دان دەژی ، لەکاتی کورک بوون کەم دەفڕی زیاتر خۆی حەشاردەدات. لە پۆلی مریشکە ،بەڵام لە مریشک بچووکترە، رۆژانە هێلکە دەکات ، مێیەی نزیکەی ١٢ هێلکە دادەنێت لەسەر زەوی ، تەنها نێرەکە لەسەر هێلکە کڕ دەکەوێت، دوای ١٢ رۆژ هێلکە دەترووکێت و دوای دوو هەفتە بێچووەکان دەتوانن بفڕن. گۆشت و هێلکەی هەوێردە دەخورێت.

**وەردەک**: جۆرە باڵندەیەکن لە مراوی دەچن ، لەنزیک ئاو و رووبارەکان دەژیین ، بەکۆمەڵ دەگەڕێن ، بە تووکی نەرمی خۆیان هێلانە دەکەن ، بێچوویيان هەر لە هێلکە هاتە دەرەوە دەتوانێ مەلە بکات.

**ئەسپەشێرە**: باڵندەیەکە هێندەی کۆترە باریکە دەبێ ، خوێندن و دەنگی بە حیللەی ئەسپ دەچێت.

## ئاژەڵەکان :

**باسکە باسک:** جۆرە سەگێکی دوو ڕەگە باوکی سەگە و دایکی تانجییە.

**بزن:** گیاندارێکی دووسمی شیرداری کاوێژکارە، دوو قۆچی بەهێزی هەیە، لە خێزانی مەڕە، سوود لە گۆشت و خوریەکەی و پێستەکەی وەردەگیرێ.هەیانە ماڵی و هەشیانە کێوی ، بە هی کێوییەکەی دەگوترێ، بزنە کێوی.

**بزنمژك** : بزنمژەک:مارمژۆک، بزن مشک، بزن مژ، گیانەوەرێکە لەشێوەی مارەمێلکەیەکی گەورەیە، بەقەد کەروێشکێک دەبێت، لووت و کلکی درێژە ،ناوقەدی باریکە ، گوانی بزن دەمژێت.

**بۆق:** قورباقە.، گیانەوەرێکی بچووکی  بڕبڕەداری وشکەئاوییە، لەناو ئاو گەرا دادەنێت و بێچووەکانییان پێیان دەگوترێ مێکوتە وەک پەنجەماسییە، دەنگێکی زیقی ناخۆشی هەیە، بە گیانەوەرێکی قێزلێبووەوە ناسراوە.

**بەراز:** خوگ، گیانەوەرێکی شیردەرە و کێوی و ماڵی هەیە دووسمە، کلک کوڵ و مل ئەستوورە، بە نێرەکەی دەڵێن یەکانە و شفرەی بە لمووزی وەیە ، بە مێیەکەی دەڵێن مالۆس شفرەی پێوە نییە، بەسکێك ٤-٥ بێچووی دەبێ ، لە کێڵگەی کشتوکاڵ دەدات ، زۆر حەزی لە خواردنی بەهێ و سەلکی کاردووە. هەرزەوییەک سەلکی کاردوو(پیازە خووگانە) ی تێدابێت ، بە شفرەکەی دەیکێڵێت، یان بەسمی تا دەری نەهێنێ و نەیخوات ناڕوات. گۆشتی لای پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلام و جوولەکە ناخورێت، بەڵام ئاینی مەسیحی و بوزی و هیندۆسی کەسانی تر دەیخۆن .

**بەران:** نێرەی مەڕ. کە تەمەنی گەیشتبێتە چوارساڵ. زۆربەیان شاخییان هەیە ، بۆناو مێگەلە مەڕێک بەرانێک دوو بەران پێویستە بۆ جووت بوون لەگەڵ مەڕەکان.

**بەور:** گیاندارێکی کێوی شیردەری دڕندەیە لەخێزانی پڵینگە و بەڵام بچووکترەو گەرمیانییە.

**پشیلە:**کتک: گوربە: گیاندارێکی شیردەرە، جۆری ماڵی و کێوی هەیە.پشیلە ساڵێ دووجار ئاوس دەبێت، یەکیان لەکۆتایی زستان لەڕەشەمە دوای ٥٠ ڕۆژ دەزێت.

**پڵینگ:**گیانەوەرێکی دڕندەیە ، شیردەرە،لەگەڵ مار دۆستە.زۆر ئازایە.

**تاژی:** لە ڕەگەزی سەگە، بەڵام باریک و درێژ و ناوقەدیشی باریکە نا حەوێنێ، بەڵام بۆ ڕاوی کەروێشک زۆر بەکاردێت.

**تیمساح:** جلە، گیاندارێکی خشۆکە لە ناو ئاو دەژی ، لموزی درێژە ، بە هۆی ددان و کلکە بەهێزەکەی نێچیر دەگرێت و دەخوات.

**جوانە ماین:** ماینی تەمەن ساڵێک تا ساڵ و نیو.

**جوانەگا:** بەو گایە دەگوترێت کە تەمەنی ساڵێک تا ساڵ و نیوێک دەبێ.

**جورج:**گیانەوەرێکی شیردەرە، بەروبوومی ئاژەڵی و رووەکی دەخوات و نەخۆشیش دەگوازێتەوە، جۆری زۆرە، هەیە لەناو ماڵان دەژی ، هەشە لە کێڵگەکان دەژیت.

**چێڵ:** مانگا، ئاژەڵێکی شیردەرە،لەگوندەکان بەخێو دەکرێن.

**چەقەڵ:** توورگ، ئاژەڵێکی شیردەری کێویە و زۆر لە ڕێوی دەچیت، بەڵام گەورەترو گوێی درێژترە وەک ڕێوی زۆر فێڵبازە، مریشک و پەلەوەر دەخوات و ئاو کەم دەخواتەوە.

**حوشتر** : وشتر، ئاژەڵێکی گەورەی شیردەری بیابانییە و بەرگەی وشکاتی و تینوێتی زۆر دەگرێت ، لەقەبارەدا زۆر گەورەیە، ڕووەکخۆرە، گۆشتی دەخورێت. بە دانیشتنەوە باری لێ باردەکرێت، هەیانە دوو کۆپارەی هەیە، زۆربەیان یەک کۆپارەی هەیە.

**حەربا:** گیانەوەرێکی خشۆکە ، وەک مارمیلۆک وایە ، لە بەر هەتاو خۆی دەگۆڕێ بۆ رەنگی جۆراو جۆر.

**دووپشك: كەژدووم ، كەجدووم** ،گیاندرێکی لەلقی پێ جومگەییەکانە لە پۆلی جاڵجاڵۆکەیە، لەکۆتایی کلکی چزوویەکی تیژی هەیە بەو چزووە بە مرۆڤ و گیانەوە وەدەدات و ژەهری هەیە.

**دۆلفین:** جۆرێکە لە نەهەنگ بەڵام بچووکە، لەناو ئاو دەژی ، زۆر زیرەکە ، لەناو ئاو حەزی لە هەڵبەز و دابەزە و حەزی بە هاوڕێتی مرۆڤە.

**دەڵەك:** گیانەورێکە لەشێوەی پشیلەیە و زۆر دڕندەیە، ڕێوی لێی دەترسێت و زۆر حەزی لە گۆشتی کۆترە.

**ڕێوی**: ڕیوی، ئاژەڵێکی شیردەرە و لەخێزانی سەگ و گورگە، گۆشتخۆر ڕووەکخۆرە (بەری ڕووەک)دەخوات، کێویە و فێڵبازن. بینینی زۆر بەهێزە و زۆر تیژ ڕەویشە، ، بە کۆمەڵ دەژین ، بەشەو بۆ ڕاوکردن دەردەچێت، گۆشتی مریشک و پەلەوەر زۆرتر دەخوات، لە مانگەکانی شوبات و ئادار جووت دەبێت، دوای ٥٣ ڕۆژ مێیەکەی دەزێ و ٣-٧ بێچووی دەبێت.

**ژووشک** : ژووژک: خارپوش، گیانەوەرێکی کێویی بچووکی شیردەرە، لە ڕوخسار لە جورج دەچیت، هەموو لەشی تیغێکی درکاوی پێوەیە لەکاتی خۆپاراستن لە دوژمن خۆی لوول دەدات و وەک تۆپێکی دڕکاوی لێ دێت، گۆشتی دەخورێ ، دەڵێن بۆ هەندێ نەخۆشی باشە وەک باداری.لەسەر مار و مێروو و ئاژەڵی بچووک دەژییت،لەدەشت کون لێ دەدات یان لە ئەشکەفت دەژی ، لەناو کونی گیانەوەری دیکەش دەژی.بەشەوان دەگەڕێت.

**سمۆرە**: قاقوم، گیانەورێکی تووکنی کێوی دارستانی کلک درێژە، لەسەر درەختی گوێز زۆر دەژی، شێوەی لە پشیلە دەکات بەڵام بچووکترە، زیان بە گوێز و بادەم میوەی درەختەکان دەگەیەنێت ، بەوەی کۆیان دەکاتەوە و دەیانخوات.

**سیخور:** ئاژەڵێکی کێوییە و لەچیاو زوورگەکان دەژی ، شێوەی بچووکە بەڵام لە کەروێشک گەورەترە ،لەشی تیغێکی تیژی پێوەیە لەکاتی شەڕ لەگەل دوژمنی بۆ خۆپاراستن و دوورخستنەوەی دوژمنەکە ئەو تیغانە دەهاوێژێ . گۆشتی دەخورێ.

**سەگ:** گیانەوەرێکی ماڵی چوار پێیە، بۆ پاسەوانی ماڵ و مێگەلە مەڕ بەخێودەکرێت، زۆر بەوەفایە بۆ خاوەنەکەی.

**سەمەندەر**: سەمەندوور، سەمەندول، سەلەماندەر، بووکەکانیلە، تاوسۆک، خەجخەجۆک، گیانەوەرێکی وشک و ئاوییە لەشێوەی مارمێلکە و شەوگەردە، کلکی هەیە باڵای ٢٥ سم دەبێت، پێستەکەی تاریک رەنگە و خاڵ خاڵی زەردی تێدایە، لەشوێنی تاریک و شێدار و ئەشکەوت بەتایبەت لەنزیک کانی دەژی مێروو و گیانەوەری بچووک دەخوات.
**شێر**: گیانەوەرێکی زۆر ئازاو بوێرە ، نێرە و مێیەیان لێک جودادەکرێنەوە، نێر و مێ لەگەڵ بێچووەکانیان دەژیین، شێر نێچیر بەخۆی نەیگرێت ، نایخوات، کەنێچیریشی گرت یەکەمجار خوێنەکەی دەخوات ئینجا گۆشتەکەی.
**شەوگەرد**: جۆرە مارمێلکەکە بەشەو دەگەڕێ ، پێش وەدەدات.
**فیل**: ئاژەڵێکی گەورەیە و گیا خۆرە.
**فیلەگێژە**: فیلەگێچە،ئاژەڵێکە لە ئاسک گەورەترە ، وەک سەگ دەوەڕێ و گۆشتیشی دەخورێ.
**قرژاڵ**: گیاندارێکی ئاوییە بە دوو سەر دەڕوات،لە زۆر وڵات دەخورێت.
**قومقمۆکە**: وەک مارمیلۆقە ، بەس گەورەترە.
**کیسەڵ**: گیاندارێکی خشۆکی شیردەرە، پەلاکانی کورت و لاوازن، لەناو ئاو و وشکایی دەژی.توێکڵێکی ڕەق لەسەر پشتیەتی بۆ خۆپاراستن لە دوژمن.
**کەر**: گوێ درێژ
**کەروێشک**: کێرووشک، رووەکخۆرە ،ئاژەڵێکی شیردەری بچووکە و هەیانە ماڵین و هەشیانە کێوین،گیاخۆرن ، گۆشتیان لای موسڵمانی سونە دەخورێ، لای پێڕەوانی شیعە ناخورێت، ساڵێ چەند جار دەزێت، هەرجارەکیش ٥-٧ بێچوویان دەبێ.
**کەرەکێوی**: **گوور**، **گۆر** ئاژەڵێکی کێویە و لە گوێدرێژی ماڵان گەورەتر و بەهێزترە ، هێڵی ڕەش و سپی بە لەشی داهاتووە.
**کەرکەدەن**:کەرگەدەنگ، ئاژەڵێکی دڕندەی زۆر گەورەیە لە گا گەورەترە یەک شاخی درێژی هەیە کە دژی دوژمنەکانی بەکاری دێنێ ،سمیشی هەیە.
**کەمتیار**: ئەفتیار، ئاژەڵێکی کێویی شێردەری دڕندەیە ، شێوەی لە سەگ نزیکە بەڵام گەورەترە ، کلکی کورتە و بچووکە و سەری خڕە ، هەندێک گۆشتی دەخۆن و هەندێکیش پێیان خراپە، بەکۆمەڵ دەژین ، کەلاکی مردارەوەبوو دەخۆن. مێیەکانیان ٥- ٦ بێچووی دەبێ.
**کەنغەر**: گیاندارێکی شیردەری توورەکەدارە،رووەکخۆرە، گیاندارێکی پازدەرە.لە ئوسترالیا دەژی.
**گا**: ڕەشەوڵاغێکی سمداری کاوێژکەری نێرە لەتەمەنی سێ ساڵی و بەرەو سەر، نێری مانگا (نێری چێڵ)
**گاکێوی**: گەوەزن، لەشێکی گەورەی هەیە جووتە شاخی زۆر زلی هەیە .
**گامێش**: ئاژەڵێکە لە خێزانی مانگایە ، بەڵام زیاتر حەز بە ژیانی نزیک ئاو دەکات ، شیری زۆرەو گۆشتی دەخورێتر.
**گوربە** : پشیلەی کێوی، پشیلەی نێر.

**گورگ:** گیانەوەرێکی شیردەری گۆشتخۆری دڕندەیە.بەکۆمەڵ دەژین، مێیەکانییان شەڕانگێزترە لە نێرەکانیان بەتایبەت لەکاتی هەبوونی بێچوودا، لە مانگی شوبات و ئادار دەست بەجووتبوون دەکەن ، دوای ٦٣ رۆژ مێیە دەزێت و ٣-٨ بێچووی دەبێت، گورگ هەستی بۆنی بەهێزە، لە دووری ٢ کم هەست بە بوونی مرۆڤ دەکات، گۆشتی مەڕوماڵات دەخوات.
**گۆڕهەڵکەنە:** مشکی بیابان: گیاندارێکی قرتێنەرە ، لە هۆزی مشکە دەستی کورتە و قاچی درێژە.
**گۆریلا:** غۆرێلا: جۆرە مەیموونێکی گەورەیە لە هەموو گیانەوەرێک زیاتر لە مرۆڤ نزیکە، کلکی نییە، لەرۆژئاوای ئەفریقیا دەژی.
**گوێچکەماسی:** لەپکە ، جۆرە گیانەوەرێکی سەدەفییە،لە کۆمەڵەی بێ بڕبڕەکانە، لە ئاوی سوێر دەژیت، واتە لەزەریاکان، خۆی قەوزە و خۆراکێک دەخوات، بەخۆشی دەبێتە خۆرەر بۆ گیانەوەران.بەتایبەتی باڵندە و مرۆڤ.
**لامە:** گیاندارێکی شیردەرە لەحوشتر دەچێت، بەڵام بچووکترە، بۆ بارهەڵگرتن بەکاردێت، لەخوارووی ئەمەریکا زۆرە.
**مار:** گیانەوەرێکی درێژو لوولەیی و خشۆکە،سامناکە ، پێوەدانی لیکەکەی ژەهرە، هێلکە دەکات. جۆری زۆرە.
**مارماسی:** جۆرێکە لەماسی لاشەی وەک مار درێژە و بەڵام لەشێوەی ماسیە .
**مارمیلۆق:** مارمێلکە، گیاندارێکی خشۆکی کلک درێژە.
**مارەزیو:** هەزارپێ.
**ماسیگرە:** پەلەوەرێکی ڕەنگ سپیە لە دەو ئاو و سەر رووبارەکان دەژیت بە دەندووکە باریکەکەی ماسی دەگرێت و دەخوات.
**ماسی:** ماهی، گیاندارێکی بڕبڕەدارە لە ناو ئاو دەژی، هێلکە دەکات.لەقەبارەدا جیاوازن ، گۆشتیان دەخورێت.
**مشک:** گیانەوەرێکی شیردەرە ، جۆری زۆرە لەناو ماڵ و لە کێڵگە دەژی.
**مشکی خورما:** ئاژەڵێکە وەک سمۆرە وایە بەڵام تووکن نییە، لەسەر دارخورما زیاتر دەژی و خورما دەخوات.
**مەیموون:** ئەرنەبووت، گیانەوەرێکی ناو دارستانە ، زیرەکە و لەشێوەدا لە موو گیانەوەرەکانی دیکە لەمرۆڤ نزیکە. بە کۆمەڵ لە دارستان دەژین، گۆشتیان ناخورێت.
**مەڕ:** پەز ، گووسفەند، گیاندارێکی مێینەی خوریدارە،کە تەمەنی گەیشتە ٤ ساڵ ، ئەوکات پێی دەڵێن مەڕ .
**نەهەنگ:** حووت، گیاندارێکی گەورەی شیردەرە ، لەناو ئاوی دەریا دەژی.
**هایدرا:** گیاندارێکی ئاوییە، شێوەی لوولەیی ڕەنگ سەوزە.
**ورچ:** گیانەوەرێکی کێویە و شیردەر و گەورەیە ، دەتوانێت لەسەر دوو قاچی بووەستێت، حەز بەتەنیایی دەکات و گوێز و هەنگوین و ماسی دەخوات.

**ئاسك: مامز،ئاهوو**، ئاژەلیكی شیردەرە لەخێزانی بزنە ، گیاخۆرە و گۆشتی دەخورێ و زۆر پەسندە، زیاتر لەپێدەشتەكان دەژین بەڕەوە دەژین ، هەمیشە دەبنە نێچیری گورگ و ئاژەلە درندەكانی تر

**ئێستر**: هێستر: گیاندارێكی چوار پەلی یەک سمەی بەهێزە ، لە ئەنجامی زاوزێی نێرەكەر و ماین پەیدادەبێ ، نازێ، بۆ بار و سواربوون بەكاردێت،

**ئەسپ:** نێرەی ماینە گیاندارێكی گەورەی شیردەری سمدارە. لە مێژە ماڵی كراوە ، لەنێوان ٢٥-٣٠ ساڵ دەژییت.

## نەخۆشییەكانی ئاژەڵ و پەلەوەر:

**باغە:** نەخۆشیەكە لە پەل و پۆی ئاژەڵی بارەبەر دەدات و برینی لێ پەیدا دەبێت كاسەی سمی درێژ دەكات و لە پەل و پۆی دەخات.

**باگونە:** نەخۆشیەكە دەیدات لە گونی ئاژەڵ هەڵی دەئاوسێنێ.

**باڵەشۆڕكە:** پل پسیان، نەخۆشییەكە تووشی مریشک و پەلەوەر دەبی و باڵی شۆڕدەبێتەوە.

**باوەڵی: باوێتی**، نەخۆشییەكە وەک باداریيە، تووشی مەڕ و بزن و بێچووەكانیان دەبێت، گێژی دەكات و لەنگەری نامێنێ.ناتوانێ بەباشی هەنگاو بنێت، لە پەل و پۆی دەخات..

**بەدانكەوتن:** نەخۆشییەكە لەمەڕوماڵات دەدات بەهۆی ئەوەی دانی زۆر دەخوات ، لە پەل و پۆ دەكەوێت.

**بەلەباقە**: نەخۆشییەكە تووشی بزن دەبێت، لەبارەی دەخات و پێوەی دەناڵێنێ،هەتا دەمرێت.

**پزو**: نەخۆشیەكە وەک هەلامەتە دەیدا لە مەڕ و بزن .

**پسكە**: نەخۆشییەكە لە مەڕو ماڵات دەدات، وەک هەلامەت وایە، ئاو لەلووتیان ناوەستێ.

**پۆپەڕەشە:** نەخۆشیەكە تووشی مریشک و كەڵەباب دەبی و پۆپیتەیان ڕەش دەكات و دەبێتە هۆی مردنییان.

**تریفە**: جۆرە نەخۆشیەكە تووشی ئاژەڵ دەبێ، لە ئەنجامی گەرمای زۆر و تێنوێتی ، ریخۆڵەیان ڕەش دەبێ و دەمرن.

**تەبەق**: شەلكە، پزوو، پزگ ، پزە، نەخۆشیەكە وەک هەلامەت دەیدا لە ئاژەڵ ، ئەگەر مەڕ و بزن و مانگا بیگرن ، پێی دەڵێن پزو، بۆ سەگ پێی دەڵێن سەگەناز ، بۆ ڕەشەوڵاغ پێی دەڵێن تەبەق. لەژێرسمی دەدات و برینداری دەكات. هەر چوارپەلی گێردەبێت. واتە شەل دەبێت.

**تەرک كەتن:** هەڵئاوسان و جومگە لە جێ چوون.بە شێلان و چەوركردن چاک دەبێت.

**دانكە :** ئاولە ،دەم و چاوی پەلەوەرو مەڕو ماڵات دەكاتە گرێ و سووری دەكات و بریندار دەبێت، گەر زوو چارە نەكرێت ئاژەڵ و پەلەوەرەكە دەكوژێت ، بەهۆی ڤایرۆسەوە ئاژەڵ تووشی دەبێت...

**ڕەشەتا:** خەڵووزەتا،نەخۆشییەكی بەكتریایی درمە تووشی ئاژەڵ دەبێت.

**زەردوویی:** زەردوو، زەرتك ،نەخۆشییەكە لە چاوی ئاژەڵ دەدات و پێستی چاوی ئاژەڵ زەردەكات.شلەی زەرداو لەناو خوێن و شانە و ئەندامەكانی ئاژەڵ بڵاودەبێتەوە ، پێستی زەرد دەبێت.

**سڵەوەجا:** نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدات قوڕگی وێک دێتەوە کێم و زوخاو دەکات و ناتوانێت کاوێژ بکات.
**سەگبایی:** باداری سەگ،نەخۆشییەکە بە هۆی سەرماوە لەسەگ دەدات و هەر دوو پەلی دواوەی پەک دەخات،پاشیڵی دەکەوێنێ لەسەر هەردوو لاقی پێشەوەی دەڕوات و پاشیڵی بەدوای خۆی ڕادەکێشێ.
**شقاقی:** شوقاقی، جۆرە نەخۆشییەکە لە ئەسپ و ئێستر و گوێ درێژ دەدات و هەر چوارپەلی دەقەڵەشێنێ و لە ڕۆیشتنی دەخات.
**شەلکە :** نەخۆشیەکە لە ئاژەڵی دووسم دەدات وەک مەڕ و بزن و مانگا شەلی دەکات.
**فیڕکە:** نەخۆشیەکە تووشی ئاژەڵ دەبێ و دەفیڕێنێ و کوشندەیە.
**کام:** جۆرە نەخۆشیەکە تووشی چارەوێ (وڵاغەبەرزە ) دەبێ ، ددانی جۆی پێ ناخورێ، پێویستە بن ددانی بریندار بکرێ خوێنی لێ بێت تا چاک بێتەوە.
**کڵاوڕەش:** نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدات و جەرگ و سییەکانی ڕەش هەڵدەگەڕێنێت.
**کەرسمە:** بریتییە لەدەرکەوتنی ڕەگێک لەناو لووتی ئاژەڵی یەکسم بەجۆرێك ڕێگای هەناسەدانی زەحمەت دەکات، بە چەقۆی گەرم دەیبڕن ، چاک دەبێتەوە. زیاتر تووشی ئێستر دەبێت.
**گانگریین:** لاڕەشە، نەخۆشییەکە بەهۆی هێرشی بەکتریای گەندەخۆرەوە بۆ سەر شانە داخوراوەکانی ئاژەڵ پەیدادەبێت.
**گاوەناز:** نەخۆشییەکە لە وڵآغ دەدات، دومەڵ لە ژێر قوڕگی دێت.
**گێژی:** جۆرە نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدات و گێژ و وڕی دەکات.
**گەڕاوێری:** نەخۆشییەکە تووشی مەڕ دەبێت و چەناگەی ئەستوور دەبێت.
**گێ ڕەپە** : نەخۆشییەکە تووشی گوێ درێژ دەبێ بنا گێی ئەستوور دەبێ .
**گەڕی:** گڕوویی: گڕکە، جۆرە نەخۆشییەکی پێستییە ، لە ئاژەڵ دەدات ،ئاژەڵەکە گەڕ دەبێ و قان قان لەشی مووی پێوە نامێنێ.پێستەکەی هەمیشە دەخورێ و لینجاوی لێ دێتە دەرەوە.
**لاڕەشە:** نەخۆشییەکە لەمەڕ و ماڵات دەدات ، لایەکی گۆشتەکەی بەکەڵک خواردن نایەت و ڕەش دەبێت.
**لەرزەك:** نەخۆشییەکی کوشندەیە ئاژەڵ تووشی لەرزین دەکات.
**موورێزە:** نەخۆشی ڕێوی ، گەڕی ڕێوی.
**مەقاو:** نەخۆشی هەڵامەتە لە ئاژەڵی بارەبەر دەدات.
**هاری:** دەردەسەگ، نەخۆشییەکە بە هۆی ڤایرۆسی هاری تووشی سەگ دەبێت.
**ئاوپەڕ:** نەخۆشیەکە تووشی ئاژەڵ دەبێت بەهۆی خواردنەوەی ئاوی سارد و سەهۆڵاو لە زستان دا.
**ئاوەشی:** نەخۆشییەکە لە گوانی مەڕ و بزن پەیدادەبی گوانی رەق دەبێ و نادۆشرێ.
**ئوفە:** نەخۆشییەکە لە ئەژنۆی مەڕ و بزن دەدات ، بەوەی ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە.
**ئیفلیج:** شەپڕە.

## سەرچاوەکان:


١- فەرهەنگی کشت وکاڵ،بەرگی یەکەم،مەعروف قەرەداغی مەردۆخی ، ١٩٧٢چاپخانەی دارالسلام
٢- فەرهەنگی کشت وکاڵ ، بەرگی یەکەم ، مەعروف قەرەداغی مەردۆخی ، ١٩٧٣ چاپخانەی دارالسلام.
٣- قاموسی زمانی کوردی ، بەرگی یەکەم، ء ، عبدالرحمن حمدامین زەبیحی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،- بەغدا، ١٩٧٧,٨ .
٤- هەنبانە بۆرینە ، هەژار، فەرهەنگی کوردی – فارسی ، تەهران ١٣٦٩ ی هەتاوی.
٥- فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوەی کۆمەڵێ مامۆستا، بڵاوکردنەوەی کۆڕی زانیاری کوردستان ، دەزگای ئاراس، ساڵی٢٠٠٧
٦- فەرهەنگی خاڵ ، دانانی شێخ محەمەدی خاڵ، دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٥.
٧- قامووسی زبانی کوردی، عەبدورەحمانی زەبیحی ، ئینتیشاراتیسەلاحەدینی ئەیوبی ، ١٣٦٧ هەتاوی
٨- فەرهەنگی کوردی فەرهەنگی هەرمان ، بەرگی یەکەم ، دانانی عەلی نانەوازادە. کوردستان – هەولێر ٢٠٠٥
٩- فەرهەنگی کوردی فەرهەنگی هەرمان ، بەرگی دووەم ، دانانی عەلی نانەوازادە. کوردستان – هەولێر ٢٠٠٥
١٠- فەرهەنگۆکی سیار، کوردی- کوردی ، ئاسۆ کەریم،چاپخانەی ئازادی ، ساڵی ٢٠٢١
١١- خەرمان ، فەرهەنگی کوردی- عەرەبی ، حەمەسالح فەرهادی ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ١٩٩٧
١٢- چەپکێک لە زاراوەگەلی کشتوکاڵ ، حەمەسالح فەرهادی، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٧
١٣- فەرهەنگی دەنگارە، محمد جمال احمد تووتمەیی ، ساڵی ٢٠١٤
١٤- فەرهەنگی ڕێژگە ، ئەمین گەردیگلانی، چاپخانەی دۆک سالی ٢٠٠٩
١٥- فەرهەنگی کەلەپوور، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوە و دانان و ساغ کردنەوەی ، عەبدوڵا حەسەن قادر، محەمەد مەردان ، ڕێبوار حەمە تۆفیق ، ئارارات ئەحمەد ، هەردەوێڵ کاکەیی ، ، سلێمانی ، ٢٠١٥
١٦-فەرهەنگی باڵندە، ئەحمەد بەحری، چاپخانەی هەولێر ، ٢٠٠١.
١٧- فەرهەنگی زارەکی موکریان ، سەلاح پایانیانی ،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕەهەند، ساڵی ١٣٨٥. چاپی یەکەم .
١٨-فەرهەنگی زێوەر،ئامادەکردنی مەحمود زێوەر ، فەرهەنگی کوردی عەرەبی ، سلێمانی ٢٠٠٤٢١- فەرهەنگی وێنەداری گیانداران،کەمال جەلال غەریب ، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٢
١٩- فەرهەنگی هیزار، مەسعود خالد گولی ، فەرهەنگی کوردی –کوردی ، دهۆک ، چاپخانەی هاوار ساڵی ٢٠١١

٢٠-فەرهەنگی شوان، شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن ، فەرهەنگی کوردی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٧
٢١-فەرهەنگی ئەناهیتا لە ئینتەرنێت سوودم لێ وەرگرتووە.
٢٢-فەرهەنگی ڕەش، عەزیزی مەلای ڕەش،پیتی ئەلف ، کوردی کوردی،چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ساڵی ٢٠٢٢.
٢٣-کەڵەفەرهەنگی ڕووەکە ئابوورییەکان،کەمال جەلال غەریب،دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠١٢.
٢٣-فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی ، سالم ، کوردی- د. محەمەد نووری عارف. دەزگای ئاراس، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٩.
٢٤-مشتاخ، نورالدین ئەنوەر بۆتانی ، لە بڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای کوردی ، هەولێر ٢٠١٨.
٢٥- ئەحمەد سالح عەلی ، گوڵ و گوڵاڵەی کوردستان ، لیستێکە .
٢٦- هێمن موکریانی ، ناڵەی جودایی ، چاپی یەکەم ، سالی ١٣٩٦ ی هەتاوی
٢٧- عەباس نادر، سەدرەدین خۆشناو، نەمامگە و باخچە و ڕووەکەکانی جوانی، وەرزی یەکەم ، چاپی یەکەم ٢٠١١
٢٨-دەردونەخۆشییەکانی ڕووەک،بەرگی یەکەم ،سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر،چاپخانەی کشتوکاڵ – هەولێر – ٢٠٠٣
٢٩-دەردە کشتوکاڵییەکان و بنەماکانی چارەسەرکردنیان.، سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، هەولێر ، ٢٠٠٠
٣٠-جۆرەکانی میوە و سەوزە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. حکومة اقلیم کوردستان العراق، وزارة زراعة. ساڵی ٢٠٠٨ ، مطبعة وزارة ألزراعة.
٣١-ڕووەکە سروشتییەکانی ڕانیە.خەلیل عەلی چاپخانەی کارۆ- سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٢١.
٣٢-گێتی زیندەوەر ، عەلائەدین سجادي ، چاپخانەی ئاراس ، ساڵی ٢٠٠٠ بەرگی یەکەم و دووەم.
٣٣-نەمامگە و باخچە و ڕووەکەکانی جوانی.وەرزی یەکەم و دووەم بۆ پۆلی ١٢ی بەرهەمی ڕووەکی لە ئامادەیی کشتوکاڵ ، ئامادەکردنی سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، عەباس نادر قادر. چاپی یەکەم ، چاپخانەی کایلار، ساڵی ٢٠١١.
٣٤-بەروبوومی پیشەسازی و پاوان، بۆ پۆلی ١٢ی بەرهەمی ڕووەکی لە ئامادەیی کشتوکاڵ، ئامادەکردنی ، د. سامی محمدامین ، کاوە محمد طاهر ، عەباس نادر قادر. چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١١.
٣٥- کەندووێک لە زانیاری دەربارەی دەشتییەکانی هەولێر،عەباس نادر قادر،چاپخانەی چاپخانە ،ساڵی ٢٠٢٢
٣٦-پەروەردەو زانست، گۆڤاری پەروەردەیی زانستی ، ژ٤ تایبەت بەزاراوە، چاپخانەی شەفیق ساڵی ١٩٧٢.